# رووناکبیری

## گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە

هەواڵنامەی کتێب

٢

دەستەی نووسەران
ئەنوەر قادر محەمەد- سەرنووسەر
رەشاد میران
فازیل جاف
فازیل کەریم ئەحمەد

لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵی هونەری کوردی لە سوید

هەواڵنامەی کتێب

ژمارەی پۆستگیرۆ :

Postgiro - nr: 491 61 70 - 6

ناونیشانی گۆڤارەکە:

Adress: Kurdiska Konst Föreningen
BOX 4027
163 04 SPÅNGA

# قەڵاچوالان و شوێنەوارەکانی

عەبدولڕەقیب یوسف

قەڵاچوالان دەوری سەد ساڵێک مەڵبەندی میرنشینی بابان بووە، تا لە ١١٩٩ی کۆچیدا (١٧٨٤-١٧٨٥ی زایین) ئیبراهیم پاشای ئەحمەد پاشا شاری سلێمانیی ئاواکردەوەو کردی بە مەڵبەندی میرنشین و ، شاری قەڵاچوالان ڕووخێندرا، چونکە خەڵکەکە دارو دەرگا و پەنجەرەی خانووەکانیان بۆ تەواوکردنی خانووە نوێکانیان برد بۆ سلێمانی، تەنانەت کەرەسەی مزگەوتەکەشیان برد، ئەوەتا چووارچێوەی دەرگای جێی نوێژی مزگەوتی شێخ ئەمینی خاڵ کە تا ئێستا ماوە هی مزگەوتەکەی ئەم بنەماڵەیە بوو لە قەڵاچوالان.

ئەوی ڕاستی بێ، من تا ١٩٩١/٩/١٧ نەچووبووم بۆ بینینی شوێنەوارەکانی شاری قەڵاچوالان و، نەمدەزانی شارێکی وا گەورە و گرنگ و پڕ شوێنەوارە. تەنانەت خۆم بەگوناهبار دەزانم کە چۆن دە ساڵێک لەمەوبەر سەرم لێ نەدا، چونکە ئەوسا کۆمەڵێک شوێنەواری بەساخی مابوونەوە و ڕژێمی بەعسی تەخت و وێرانی نەکردبوون. بۆچی هەموو نووسەرانی سلێمانی و بەتایبەت بابانەکان هاوبەشی ئەم گوناحەم نەبن.

قەڵاچوالان لە باکووری (سلێمانی)دایەو (٢٥کلم)ێک لێیەوە دوورەو لەسەر قەراغی چەمی قەڵاچوالانە. جێی ڕاستەقینەی شارە کۆنەکە تەخت و نزمە و لەنێو گردەکاندایە. بەشی سەرەکی شارەکە دەکەوێتە بەری باکووری چەمەکە، خانووەکانی میرانی بابان‌و فەرماندە و شوێنە عەسکەرییەکان وان لە بەری باشووری چەمەوە. گەڕەکی (گردی شێخ حەسەن) لە باشووری چەمەکەدایە لەو جێیەدا کە ڕوو لە باشووری خۆرئاوا پێچ دەکاتەوە. لەنێوان ئەم بەشە و بەشی باکووردا پرد هەبووە، ئێستایش پردی نوێ بۆ هاتوچۆ کراوە. باسکە شاخێک (گردی شێخ حەسەن) لە باشوورەوە تا سەر چەم و سەرەتای پردەکە لەلای باشوورەوە درێژ دەبێتەوەو گەڕەکی گردی شێخ حەسەن و بەشی بابانی دەکات بە دوو بەشەوە. شارەکە لە ڕووی تۆپۆگرافییەوە لە سێ بەشی

هەواڵنامەی کتێب

---

تێبینی: نیوەی ئەم وتارە لە گۆڤاری (ڕێبین)دا بڵاوبۆتەوە.

پێک هاتبوو.

گەڕەکی (تەکیەی دەروێشان) بە جێیەکی تەختی بەرزەوەیە و لە قەراغی خۆراوای چەمدایە. (گەڕەکی گومەزان) لە باکووری گەڕەکی (تەکیەی دەروێشان) داو، لە خووار گەڕەکی (سەرقەڵا) وەیە، کە لەسەر قەراغی خۆراوای چەمەو لەبەردەم ڕێگای گشتی و باسکی گردی ئەشکەوتاندایە. گەڕەکی سەرقەڵا لەپشت گەڕەکی گومەزانەوەیەو، وا لە پشت ڕێگای گشتی و باکووری خۆراوای گردی ئەشکەوتان و (کانیی سەروو)، بەشی سەرەکیی شاری لێوە دیارنییە. گردێکی سرووشتی وا لەوێ، لە گردی شوێنەواری دەچێ و پێی دەڵێن (سەرقەڵا). (گەڕەکی دەرگەزێن) لەپاڵ (گردی گێلاسان)دا یە، کە بەری خۆرهەڵاتی بەشی سەرەکیی شار بوو.

دوور نییە گەڕەکی دەرگەزێنی باشووری خانەقای مەولانا لە سلێمانی بەناوی ئەم دەرگەزێنەی قەڵاچوالانەوە ناونرابێ و، کاتی خۆی دەرگەزێنییەکانی قەڵاچوالان لە کاتی ئاواکردنەوەی سلێمانیدا ئەم گەڕەکەیان لەوێ بۆ خۆیان ئاواکردبێتەوە.

دەتوانم بڵێم جێگەی شاری قەڵاچوالانی سەدەی حەڤدەیەم لە فراوانیدا هێندەی جێگەی شاری سلێمانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم و بگرە زیاتریش بەرین بووە. بەڵام لەمەڕ تۆپۆگرافیی جێگەی بەقەدەر سلێمانی نەبووە بەسەریەکەوە.

(گەڕەکی قزڵجییەکان) لە بەشی خۆرهەڵات لە خووار گردی (بەردە قسڵان) ە وەیە، لەسەر قەراغی باکووری چەمەو باسکە شاخێک لە نێوان گەڕەکی دەرگەزێندا- واتە بەشی سەرەکیی شار- دا دێتە خوارەوە، وای کردووە هەردوو بەشەکە لێک دیار نەبن، بەڵام گەڕەکی بابانەکانی لێوە دیارە، چەمەکە دەکەوێتە نێوان هەردووکیانەوە. بازارەکەی شاری قەڵاچوالان لە بەشی سەرەکیی شاردایە و وا لەنێوان پردی گەورە و خوارووی گردیی گێلاسان و گردی ئەشکەوتاندا و، بەسەر ئەو تەختانەوەیە کە شارە سەرەکییەکەی لێ بووە، گەڕەکی «گردی شێخ حەسەن» بازارێکی هەبووە.

زۆربەی زۆری جێگاکانی شاری قەڵاچوالان لە لایەن خەڵکەوە کراونەتە کێڵگەی کشتوکاڵ، بناخەی خانووەکانیش زۆریان نەماون. ئەم ساڵانەی دوایی قەڵاچوالان وێران کرا، کە لە پشت پردەکەوەیە و پتر لای باکووری خۆراوای گرتووە. گەڕەکی قزڵجییەکان تا ڕژێم وێرانی کرد گوند بوو.

## پردەکانی قەڵاچوالان

شارەکە سێ پردی هەبووە، شوێنەواری یەکێکیانم بینی، کە وا لە نێوان باسکی دەستەچەپی شارە سەرەکییەکەو گەڕەکی بابانەکاندا. دووەمیان لای پردە نوێکەوەیە و سێیەمیان لەخوارترەوەیە لە نێوان گەڕەکی

هەواڵنامەی کتێب

گردی شێخ حەسەن و تەکیەی دەروێشاندایە.

پردی گەورە ئەوەی ناوەڕاستیانە و لەنێوان بەشی سەرەکیی شار و گەڕەکی شێخ حەسەندایە و لەسەر ڕێگای گشتی ئەوسا بنیادنراوە. واتە ڕێگای قەڵاچوالان و ناوچەکانی باشووری، وەک سلێمانیی ئێستاو قەرەداغ. ئەم پردە لە هەشت دنگ پێکهاتووە. دنگەکان لە بەردو قسڵن، لە شێوەی بەلەمدا دروستکراون و لووتە باریکەکەیان ڕووی لە تەوژمی ئاوی چەمەکەیە تا تەوژمەکەی لەسەر کەم بێ.

مام عەبدوڵڵا فەرەجی ئەحمەدی مەلا عەبدوڵڵا کە پیرەمێردێکی خەڵکی قەڵاچوالانەو تەمەنی لە حەفتا ساڵ پترە، یەکەم سەرچاوەی ئەم زانیارییانەیە و جێگا کۆنەکانی یەک بەیەک پیشان دام. گوتی: «دنگەکان بەرز بوون، بەڵام کە حکوومەت لە دەوری ١٩٤٠دا ئەم پردە ئاسنینە نوێیەی لەسەر کۆنەکە درووست کرد، کەمێکی لە دنگەیەک ڕووخاند تا نزمبێتەوە و پردە تازەکەی بەسەردا ڕەتببێ. هەریەکە لەم دنگانە لەسەر سێ پایە درووستکراون لە شێوەی سێپادا، بەڵام ئێستا دیارنین، چونکە چەو و لم و قوڕ دەوریانداون و تێیاندا نوقمبوون. هەرسێ پایەی هەر دنگێک بە زنجیری زۆر ئەستوور شەتەک درابوون. تا قایم و مەحکەمبن. بە منداڵی کە مەلەمانەکرد دەستمان لە زنجیرەکان دەدا.

لە نێوان هەر دوو (کەڵەپرد) یکدا (واتە دوو دنگێکدا) داری زل زل (حەماڵ) لەمسەر تا ئەوسەر دانرابوون. واتە پردە دار بووە لەسەر دنگی بەرد و قسڵ. لە هەردوو تەنیشتی پردەکەدا دیواری گەورەی بە بەردو قسڵ کراوی وەک شووورای شارەکان هەبووە، بۆ ئەوەی نەهێڵێ ئاوی چەمەکە لە کاتی زۆربووندا گلی هەردوو تەنیشتەکە لابیات و چەمەکە لەوێوە فراوان ببێ و ئاو بچێتە پشت هەردوو دنگی ئەمسەر و ئەوسەرە. ئەم دیوارەی لای دنگی باکوور ئێستا ماوەتەوە و دەوری پەنجا مەترێک یا پترە. ئەوەی ڕاستیبێ ئەوە یەکەمین پردە دیبیتم بەم شێوە ئەندازەییە درووستکرابێ.

جێی باسە (سلێمان پاشای کەبیر) هێندێک موڵکی کردبووە وەقفی ئەم پردە تا لە کاتی پێویستدا بۆ دەستپێداهێنان و ئاواکردنەوەی بەکاربهێندرێت، وەک لە وەقفنامەی سلێمان پاشادا هاتووە کە پاشتر ئاماژەی بۆ دەکەین.

## مزگەوتی گەورە

شوێنەواری مزگەوتی گەورە (جامع)یش باش دیارە، کە وا لە خۆرهەڵاتی پردی گەورەوە، بەسەر تەختایی خووار گەڕەکی دەرگەزێن و خووار ڕێگای گشتییەوەیە. لە کانیی دەرگەزێنەوە ئاوی بۆ دەهات. مام عەبدوڵڵا دەڵێت: دارەکانی و دەرگا و

پەنجەرەکانیشی بۆ ئاواکردنەوەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی براون لە کاتی بنیادنانی سلێمانیدا. مزگەوتێکی تریش لە خووار گردی ئەشکەوتاندایە بە تەختاییەوەیەوە، وا لە خوراوای بازاڕی سەرەکیی شارەوە. ئەم مزگەوتەیان هەرمابووەوە و مزگەوتی دێی قەڵاچوالان بوو تا ڕژێم لەگەڵ دێیەکەدا رووخاندی. دوو حەوزی ئاوی هەبووە، یەکێکیان کۆنە و ئەوی تریان بە چیمەنتۆ کرابوو. ئاوی مزگەوتەکە لە کانیی سەرووەوە دەهات.

مام عەبدوڵڵا جێگای پێنج مزگەوتی کۆنی قەڵاچوالان پێ دەزانی.

## خانووی سلێمان پاشا

خەڵک پێی دەڵێن ماڵی پاشا. لە گەڕەکی بابانەکانە (گەڕەکی ماڵی پاشا) و لە باشووری چەمەکەدایە بەرامبەر باسکی خۆرەڵاتی شارە سەرەکییەکە. ئێستاکە جێی خانووەکە دەکرێتە گەنم. ئەگەر لەمەوبوا کێڵانی قەدەغەبکرێت و بپشکندرێت شوێنەواری بناغەکانی دەردەکەون. رووبەری خانووەکە (٤٢×٨٢) هەنگاوە بەبێ حەوشەکەی. جێگەکەی تەخت یا مەیلەو تەختە. لە چەمەکەوە جۆگەی ئاوی بۆ هاتووە. شوێنەواری جۆگەی بە بەرزیی پتر لە یەک مەتر و پانیی یەک مەتر لە تەنشتی دەستەچەپییەوە دیارە و بە بەرد هەڵچندراوە.

بەپێی هەڵکەوتی خاکەکە، لەوە دەچێ جۆگەکە زۆر لە دوورەوە هاتبێ، شوێنەوارەکەی کوێربووەتەوە. بەقەد شاخەکەی بەرانبەر چەم و لەنێوان خانووی پاشا و گردەکە تا لێواری چەمەکە کۆمەڵێک خانوو هەن، یەکێکیان جێگەکەی بازنەیی‌یە و بۆ ئەوە چووم حەمام بێ. ڕۆژی ١٩٩١/١١/٦ کاک حاجی ڕەشید محەمەد ساڵح چوارتایی، بێ ئەوەی لێی بپرسم، گوتی: لەو بەشەی شاری قەڵاچوالاندا حەمام هەبووە. جێگەی خانوویەکی گرنگ لەسەر قەراغی چەمەکەیە ڕەنگی قەڵا یا جێگەیەکی عەسکەریی گرنگ بووبێ بۆ بەرگری کردن لەم بەشە بایەخدارەی شار. ئەم خانووانەی باسمانکردن هی بابانەکان و سەربازەکانیان و پیاوە گەورەکانیان بوون. کانیاوێک بە گردەکەوە هەیە.

مام عەبدوڵڵا فەرەج دەڵێت: حەمامەکەی خانووی پاشا گومەزی بووە، تا ساڵی ١٩٦٤ مابوو و نەڕووخابوو. ئەو دارتووەیش کە لە حەوشی خانووەکەدا بوو لە بەشی باشووری خۆرەڵاتیدا و، دەروێش (واتە فەقێ ئیبراهیم) پێیا هەڵگەڕاوە بۆ نێو خانووەکە و سلێمان پاشای کوشتووە، قەدەکەیم بە سووتاوی دیوە. جێ خانووەکە ئێستاکە موڵکی ئەوە و خوی لە بابانەکانی قەڵاچوالانە.

هەواڵنامەی کتێب

# کوشتنی سلێمان پاشا

کۆمەڵێک سەرچاوە باسی کوژرانی سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشای بابانی لە ذي الحجەی ساڵی ۱۱۷۸ی کۆچیدا (٦ی مایس تا ١٩ی حوزەیرانی ١٧٦٥ی زایین)داکردووە. لەوانە: (دوحة الوزراء)ی شێخ ڕەسوولی کەرکووکی (ل١٤٦، موسی کاظم لە تورکییەوە کردوویە بە عەرەبی) کە دەڵێت فەقێ ئیبراهیم بە خانوەکەدا هەڵگەڕا و کوشتی، (تأريخ: السليمانية وانحائها)ی محەمەد ئەمین زەکی (ل۸۰، مامۆستا جمیل ڕۆژبەیانی کردوویە بە عەرەبی)، زانای کورد عەبدوڵڵا بێتووشی کە ئەو ڕۆژانە لە کوردستان بووە لەسەر پشتی کتێبی (البهجة المرضية)ی سیوطي کە بە دەسخەتی خۆیەتی نووسیویەتی: فەقێ ئیبراهیم خەڵکی کۆیسنجەق بوو. لە باسەکەماندا (مەلا عومەری ڕەنجووریی شان بەگی) (بڕوانە: گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە ١٠٧، ١٩٨٥) و لە لیستەی (والیهای کردستان)ەکەی ڕەنجووریشدا مێژووی کوشتنەکەی تۆمارکراوە.

مەلا محەمەد بڵباسیی سەرگەتی لە ١٢٩٠ی کۆچیدا (١٨٧٣-١٨٧٤ی زایین) چەندین زانیاری لە بارەی بنەماڵەکەیەوە خستووەتە سەر زانیاری پێشتر و کۆنتر لەم بارەوە و، وان لەسەر چەند لاپەڕەیەکی نێو دەستنووسێکی قورئان کە ئێستا ژمارەکەی (١٦٤٢٥)ە و لە نامەخانەی مۆزەخانەی عێراقدایە لە بەغدا. لە نێو ئەم زانیارییانەدا باسی ئەوەی کردووە کە چۆن فەقێ ئیبراهیم کوڕی مەلا عەلی کوڕی سەید عومەری کوڕی وەسیمە لەگەڵ عائیشەی پووریدا کە تەمەنی (٧٦) ساڵ و لە دەرباری سلێمان پاشای باباندا خزمەتکار بووە، پێشتر پیلانی کوشتنی سلێمان پاشا دادەنێن و شەوێکیان دەرگا لە فەقێ ئیبراهیم دەکاتەوە و، ئەویش بە خەنجەر لە سلێمان پاشا دەدات کە لە شیرین خەودا بووە. فەقێ ئیبراهیم لە بنەماڵەی مەلایانی سەرگەت بووە. لەسەر هۆی کوشتنەکە نووسیویە: سلێمانی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، پاش کوشتنی (دڵاوەر)ی والیی کەرکووک لە (١١٠٢ی کۆچیدا)، ئیتر نەیتوانی لە دارەشمانە بژی و میرنشینەکەیی هێنایە (قلعه چهارلا) (واتە قەڵاچوالان) و هاتە ناوچەی شارباژێر، داوای لە سەیید عومەر ئاغا کرد خانوەکەی خۆیی بداتێ، ئەویش ڕازی نەبوو، ئەوە بوو پیاوەکانی لە شەودا سەیید عومەر و سێ کوڕییان کوشت. عەلی کوڕی سەیید عومەر ئەم بەسەرهاتە بۆ کوڕەکانی کە یەکێکیان فەقێ ئیبراهیم بوو دەگێڕێتەوە. ئەویش سلێمان پاشا(کە لە نەوەکانی سلێمان بەبەی دامەزرێنەری میرنشینی بابانە) لە تۆڵەی باپیر و مامەکانیدا دەکوژێ و ڕادەکات بۆ

(بانە). کە ئاشکرا دەبێ (عائشە) دەکوژن. مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ئەم زانیارییانەی لە فارسییەوە کردووە بە کوردی و لە کتێبەکەیدا (بنەماڵەی زانیاران، ١٩٨٤، ل٣٥٨-٣٧٩)دا چاپیکردووە. بەڵام بڕێک هەڵە و کەموکورتیی تێدایە و ناوی فەقێ ئیبراهیمی نەهێناوە و، دەڵێت گوایە عائیشە سلێمان پاشای کوشتووە. مەحموود ئەحمەدی نووسەریش ئەم زانیارییانەی (یادداشت) کردوون و بە عەرەبی لە ژمارە ٣١ی ساڵی ١٩٨٥ی گۆڤاری «کاروان»دا بڵاوی کردۆتەوە، بەڵام چەند گوزارەیەکی لێ فڕێ داون و چەندانێکیشی لە لایەن خۆیەوە تێهەڵکێشکردوون و هێندێک وشەیشی گۆڕیون. بەکورتی پتر لە چل هەڵەی تێخستوون. هەتا پەنجەی بۆ کتێبی (بنەماڵەی زانیاران)یش ڕانەکێشاوە تا چاوبەست لە خوێنەرانی بکات لەوەدا کە ئەو یادداشتەکەی دۆزیوەتەوە. پێش بڵاوکردنەوەی پێم گوت دەبێ ئاماژەی ئەوانە بکەی هەروەها داوام لە بەڕێز کاک جەمال موفتی کرد ئەو نووسینەی سەر قورئانەکەم بۆ فۆتۆکۆپی بکات، بەڵام هەر هێندێکی کرد. جا ئەگەر ڕۆژێک هەموویم فۆتۆکۆپی کرد، ئەوسا دەقەکە بڵاودەکەمەوە و هەڵەکان دەستنیشاندەکەم. تەنانەت چەند هەڵەیەک لە ئەسڵی یادداشتەکەیشدا هەن، کە دەرکیان پێ نەکردوون. هیوام وایە باشتر سەرنج و بیروڕاکانم پێش چاو بخەم.

سلێمان پاشا لە میرە هەرە بەدەسەڵاتەکانی بابان بووە و، مێژوونووسان بە میرێکی ڕەوشت باش لە قەڵەمیان داوە. زۆر حەزی لە ئاشتی کردووە و، دوو قوتابخانەی لە کەرکووکی مەڵبەندی ویلایەتی شارەزوور کردۆتەوە، وەک لە وەقفنامەکەیدا هاتووە پاش سەلیم پاشای بەکر بەگ لە ١١٦٤ی کۆچیدا (١٧٦٠-١٧٦١ی زایین) بووە بە میری بابان و، تا ناوچەی هەولێر و حەریریشی لە ژێر دەستدا بووە. لە ١١٧٦ی کۆچیدا (١٧٦٢-١٧٦٣ی زایین) هێزەکەی گەیشتە دێی نارین لای چیای حەمرینەوە و، تۆپەکانی لەسەر گردی (مەشکل طوقان) دامەزراندو، مەفرەزەکانی دەگەیشتنە ناوچەی «خاڵص» یش. لە حەمرین شەڕی لەگەڵ هێزەکانی (عەلی پاشا)ی والی عوسمانیدا کرد. بەڵام لەشکرەکەی کە نزیکەی (١٤٠٠٠) چەکدار بوو لە چاو هێزی عوسمانیدا یەکجار کەم بوو، بۆیە لە شەڕە گەورەکەی نێوان (کفری) و دێی (ئیمام)* شکاو، سلێمان پاشایش چووە کرماشان و بوو بە حوکمداری (سنە). کە (عومەر پاشا) بوو بە والی بەغدا، لەگەڵ سلێمان پاشا پێکهات و ، بووەوە بە میری بابان و تا (بەدرە) و (جەسسان) خرایە ژێر دەستی،

* ڕەنگە ئەمە دووانزە ئیمام بێ، چونکە گوندێکی وا تا ئێستەش لەو ناوچەیە هەیە. «ڕووناکبیری»

هەواڵنامەی کتێب

وەک لە (دوحة الوزراء، ل١٤٦) و (تاریخی مەردوخ، ل ١٣١-١٣٢)دا هاتووە. عەبدولرەحمان سویدیش چامەیەکی شیعری لەسەر شەڕی سلێمان پاشا هەیە، لەنێو دیوانەکەیدا (حدیقة الزوراء) کە بە دەستخەتی خۆیەتی و دانەیەکی لە نامە خانەی تەکیەی شێخ عەبدولقادری گەیلانییە لە بەغدا، نمرەکەی (١٣٥٥)ە. ئەم شیعرە کە ٣٩ دێڕە لەبەر ئەو دەستخەتە نووسیومانەتەوە. سویدی دوا نیوە دێڕی شیعرەکەی کردووە بە مێژووی شەڕەکە کە ئەمەیە:

«وسیف علي للخوارج بازل» کە دەکاتە ١١٧٦ی کۆچی.

سویدی ئەو چامەیەی لە ستایشی عەلی پاشادا گوتووە، کە لەم شەڕەدا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. تێیدا هاتووە:

وظّن (ســـــليمان الكبير) بأنه

يجادل خوّاض الوغى ويناضل

وسار الى دار السلام بجحفلٍ

تهاب لقاه في المجال الجحافل

ئەوەیشی تێدا باسکردووە کە تۆپەکانی سلێمان پاشای بابانی (نارین)ی سەر چیای حەمرین گرمە و ناڵەیان دێت:

فجاء الى (نارين) يرعد طوبه

وفرق في (حمرين) جمعاً يقاتل

وصار على تلك الضياع مغاره

فهاجت بهاتيك البقاع البلابل

لە دێرە شیعرێکی سویدیدا ئەوە ساغ دەبێتەوە، کە فەرماندەیەکی سلێمان پاشا ناوی (ئەلیاس)ە و دیل کراوە و، بە زنجیر دەستی یان دەست و قاچیان بەستووەتەوە. سویدی داوا لە عەلی پاشا دەکات لێی خۆش ببێ:

و ولّى سليمان كسيراً ولم يكن

لينجو وان آوته بكر ووائل

وقد قرن اليأس المبرح بالفتى

بـ(الياس) لمّا قيدته السلاسل

حَنانيْك عفواً قد قدرت ومن يكن

كمثلك يعفو قادراً وهو كامل

## گۆڕی دەروێش

مام عەبدوڵڵا فەرەج گۆڕی فەقێ ئیبراهیمی پیشان دام لە قەڵاچوالان کە (دەروێشی قاتڵی سلێمان پاشا)ی پێ دەڵێن، چونکە ئەم ڕووداوە گەورە بووە و پشتاوپشت لە بیری خەڵکدا ماوەتەوە. گۆڕەکە لە خۆرهەڵاتی خانووی سلێمان پاشاوەیە. لەسەر قەراغی چەمەکە و نزیکەی (٦٠) مەترێک لە چەمەکە دوورە. کە ئاوی چەمەکە زۆر دەبێ دەگاتە چەند مەترێکی نزیکی گۆڕەکە. گۆڕەکە و گردی باشووری (١٥٠) مەترێک لێک دوورن. دەوری (١٥) گۆڕێک لەوێ هەبووە، لەم ساڵانەدا شۆفڵ لەو ناوە ئیشی

کردووە، هەموویانی تێکداوە، گۆڕەکەی دەروێش نەبێ کە بۆ تف و لەعنەت لێ کردن هێڵراوەتەوە. ئەم زەوییەی کە گۆڕەکەی تێدایە لە ئەسڵدا هي مام عەبدوڵڵایە. دەڵێت: کە سلێمان پاشا بریندارببووە، دەروێش گیراوەو هێناویانە بۆ قەڵاچوالان. بە فەرمانی ئەو کوژراوە و گوتوویە لەو جێگەیە بینێژن. بە قسەی ئەو لە دێوی سلێمانی گیراوە، بەڵام بەپێی یادداشتی بنەماڵەی سەرگەت فەقێ ئیبراهیم ڕای کردووە بۆ (بانە) و، دەبێ لەوێ گیرابێ.

ڕۆژی ۱۹۸۰/۱/۲۰ چووم بۆ سەردانی بەڕێز تەهابابان کە لە نەخۆشخانەی سلێمانی کەوتبوو. کاک عوسمان عەبدوڵڵا ئەحمەد قادری برینپێچم بینی کە دەستی شیعری هەیە و بڕێک شتی کەلەپووری کوردیی کۆکردووەتەوە، گوتی: (حاجی فەتاحی لەیلێ) کە خەڵکی چوارتا بووە و زۆر بە تەمەن بووە بۆی گێڕامەوە: هاتنی (خێڵی میرە) کە ناسراون بە (میرە بانەیی) لە بانەوە بۆ چوارتا لەبەر ئەوە بووە، کە فەقێ ئیبراهیم لە ماڵی میرە لە بانە لە لایەن هێندێک بابانی دانیشتووی بانەوە گیراوە و، ڕەوانەی قەڵاچوالان کراوە و، میرەیشیان دەرکردووە بۆ قەڵاچوالان و موڵکەکانیشیان زەوت کردووە. (وا دیارە سلێمان پاشا لە میرە خۆش بووە) ماوەیەک لە قەڵاچوالان ماوەتەوە و پاشتر (قادری یووسفی نازێ)ی چوارتایی کە پیاوێکی بەدەسەڵات بووە، (عایشە شێتە)ی کچی میرەی مارەکردووە و میرەی پاراستووە. کە حاجی قادر بە ساڵدا چووە لەسەر موڵک ناکۆکببووە لەگەڵ شێخەکاندا، بۆیە دەربەدەر بووە بۆ شام و لە گەڕەکی (صالحیة) لەوێ نیشتەجێ بووە ،، ئێستا نەوەی هەن، کاک عوسمان عەبدوڵڵا ساڵی ۱۹۷۳ چووەتە لایان، چونکە نەنکی لە نەوەی حاجی قادر بووە. بەڵام من دەڵێم دوورنییە یوسفی نازێ خۆی بووبێتە زاوای میرەبانەیی نەک قادری کوڕی.

## گومەزی بابانەکان

چووار گۆڕم لە نێو خانوویەکدا بینی کە حکوومەت ڕووخاندوویەتی و بناخەکەی دیارە. وا لەسەر قەراغی خۆراوای چەم و لە خوار ڕێگای گشتی و خوار باسکی باکووری خۆراوای شار (گردی ئەشکەوتان) و لە نێزیک کانیی سەرووەوە. بۆ ئەوە چووم گۆڕی بابانەکان بن، چونکە کورتە نووسینێکی (عەبدولعەزیز یامولکی)م هاتەوە بیر کە لە گۆڤاری (ژین)ی تورکی و کوردیی ساڵانی ۱۹۱۸-۱۹۱۹ لە ئەستەمبووڵ دەردەچوو ـ بڵاوکراوەتەوە. کە مام عەبدوڵڵام بینی لەو گۆڕانە وردەببووەوە، گوتی: ئەمانە هی بابانەکانن، یەکێکیان هی سلێمان پاشایە کە دەروێش کوشتی. بەوە دڵخۆش بووم، ئیتر بە درێژی باسی کرد کە ئەمە گومەزێکی

هەواڵنامەی کتێب

لاکێشەیی بوو، ڕووبەرەکەی (٦.٥م × ٤.٥م) بوو. گومەزەکە دەکەوێتە تەنیشتی خانوویکی بچووک کە جێی دانیشتنی مامۆستا (مودەریس)بووە. هەردووکیشیان لە تەنیشت مزگەوتێکەوە بوون بەناوی (مزگەوتی گومەزان)ەوە، بەڵام دیواریان بە دیواری مزگەوتەوە نەنووسابوو. هەرچی مزگەوتەکە بوو بەلای خۆراواوە بوو و هێندەی حەوشەیەک لە نێوانیاندا بووە و وێران کراوە. ئەم گومەزە موغەیری (ئاگردان) لە دیواری باکووریدا هەبووە و خەڵک دەهاتن قورئانیان لەسەر ئەم گۆڕانە دەخوێند. ئەم چووار گۆڕە هی ئەمانەن: لە لای باکوورەوە گۆڕی نووری پاشایە، پاشان گۆڕی مستەفا پاشا و دووەکەیتر هی دوو کەسن بە ناوی سلێمان پاشاوە کە یەکێکیان سلێمان پاشای شەهیدە، بەڵام نازانین کامیان هی ئەوە. هەروەها گوتی: کێلیان مابوو، نووسینیشیان لەسەر بوو، بەڵام حکوومەت دیوارەکانی گومەز و مزگەوت و جێگەی مامۆستایشی هەموو تەختکرد. دوورنییە سەربازەکان بۆ سەنگەر دروستکردن کێلەکانیان بردبێ و شوێنی گومەز و جێگای مودەریس تەپۆڵکەیەکی بچووکە.

عەبدولعەزیز یامولکی لە ١٩١٦دا لەگەڵ (عەبدوڵڵا ناجی)دا چووەتە قەڵاچوالان و، ئەم گۆڕانە و شوێنەکانی تری قەڵاچوالانی دیون، گوتوویە: بەداخەوە دەبوو نەوەکانی بابانەکان ئەم جێگایانە بکەن بە موڵکی خۆیان و ئەو مێژووە زیندوو بکەنەوە. یامولکی لە (ژین، ژمارە ١٨)دا بەم شێوەیەی خوارەوە نووسینی سەر هەر دوو کێلی سلێمان پاشای نووسیوەتەوە و گوتوویە مێژووەکەی ناخوێندرێتەوە.

نووسینی کێلی پشت سەری:

هو الحي الباقي

هذه المشهد الشهيد[1] السعيد ومرقد المأجور بالآخرة السيد يد الوالي العالي الباذل الحمد ولمصالح الأنام باني الحسنات الحد الآثار عليه في هذا الامر بالخروج ... مروى ... وهو سليمان پاشا أبن المرحوم خالدپاشا غفرالله ..»

نووسینی کێلی بەرپێی:

والیء عصر وسلیمان زمان
آنکه کردستم أز دهر بروفت
وآنکه تا چرخ بکامش گردید
کام خویش أز همه أعدا بکرفت
آشکارا زچه بشغل دنیا
بود مشغول وایکن بنهفت
اهتمامش همه دین دینداری بود
نه بکام دل خود خورد نه خفت
بود در عدل درین عالم طاق
با کفش تیغ سیاست هم چفت[2]
چند سالی که بدین قانون زیست
یافت تشریف شهادت را مفت

هەواڵنامەی کتێب

مفیدی(٣) هم مشـــتی با خنجر

کوهر جسـم کرامیـش بســـفت

هتد ... چنان

ڕەنگە ئەو سلێمان پاشایەی تر کە گۆڕەکەی لە نێو گومەزدا بووە (سلێمان بەبە – بابا سلێمانی دامەزرێنەری میرنشینی بابان بێ کە ساڵی ١١١٥ی کۆچی (١٧٠٣–١٧٠٤ی زایین) یا لەو نزیکانەدا کۆچی دوایی کردووە و، لە ١١٠١ی کۆچیدا هێرشی بەرەو کەرکووک بردووە لەگەڵ میر حەسەن و (دلاوەر) کوژراوە، نەک (١١٠٢)ی کۆچی وەک نەظمی زادە لە (گلشن خلفا ل٢٩٦)دا باسی کردووە. ئەمەیش ئەگەر سلێمان بەبە لە (ئەدەرنە) کۆچی دوایی نەکردبێ بەپێی گێڕانەوەیەک.

سەبارەت بە گۆڕی نووری پاشایش تا ئێستا نەمانبیستووەو لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەماندیوە نووری پاشایەک یا نووری بەگێک لە نێو بابانەکانی قەڵاچوالان هەبووبێ. مستەفا پاشایش هەر لەوە بەتر.

پێم وایە مام عەبدوڵڵا بەهەڵەداچووە، پێ دەچێ یەکێکیان گۆڕی (نەسا خانمی کچی مستەفا خان) بێ کە کێلەکەی ئێستاکە لەلای منە: چونکە ڕۆژی ٨٩/١٠/٢٢ کاک مستەفا غەفوور محەمەد ئەمین کە لە دائیرەی کشتوکاڵی سلێمانی بوو پێی گوتم کێلی ئەم ژنە لە نێو تەزگەی (شێخ محەمەد وەسیم)دایە. گۆڕی شێخ محەمەد وەسیمیش لە نێو هۆدەیەکدا بوو لە جێگەی مودەڕیس لەتەنیشت هەرچووار گۆڕەکەدا چەند مەترێک لێیەوە دوورە. ئەو کاتەی کاک مستەفا دیویە حکوومەت وێرانی کردبوو، بۆیە وای زانیوە کێلی (نەسا خانم) لە نێو تەزگەکەی محەمەد وەسیمدایە. کاک عەبدوڕڕەحمان قادر دەرویش ئەم کێلەی لە قەڵاچوالانەوە هێنا بۆ سلێمانی و، ڕۆژی ١٩٩٠/١/١٩ منو برایانی دڵسۆز ئاری قادری برای و کاک سەرکەوتی کوڕی برادەری شەهیدمو سەلامی مەلا سابیر ئەم کێلەمان گواستەوە بۆ ماڵی ئێمە، زۆر سوپاسیان دەکەم. کێلەکە بەردێکی قاوەیییە، پێوانەکەی(١٠٧×٥٨سم)ە، سەرەکەی کەمێک شکاوە و بنەکەشی کەمێکی لێ شکاوە. نووسینەکەی سەری بە خەتی (ثلث)ە و، هەر چووار دەوری بە نەخشێکی گیایی نەخشکراوە. ئەمە نووسینەکەیەتی:

«... قبرۀ المرحومة والمبرورة نسا خانم بنت علیجاه مصطفی خان حرم محترم عالیجاه معلّی جایگاه محمد پاشا توفیت في وقت صبح یوم الاحد ٢١ شهر جمادي الأول سنة الف ومائة وتسعین». جا کە خەڵکەکە ناوی (نسا خانم)یان بۆ نەخوێندراوەتەوە و ناوی مستەفا خان دیار بووە، ئیتر وایان زانیوە گۆڕەکە هیی مستەفا خانە، وەک کاک ئاری لە پێشدا بە منی گوت هیی محەمەد پاشایە.

نووسینی مانگ و ساڵەکەی (١١٩٠ی کۆچی) واتە لە ١٨ی حوزیرانەوە تا ١٧ی تەمووزی ١٧٧٦ی زایین ئەوە دەردەخات کە ئەسا خانم ژنی محەمەد پاشای برای سلێمان پاشایە. لەوانەیە خەڵکی کوردستانی ئێران بێ. ناوەکەی ئەو گومانەی لەلا پەیدا کردم. لە ئاوارەبوونەکەی بەهاری ئەمساڵدا لە کوردستانی ئێران پرسیم، گوتیان ناوی (ئسا) ئێستایش لێرە بۆ ژنان بەکاردێت، گومانم لە ناوی (مستەفا خان)یشە، چونکە وشەی (خان) لە کوردستانی ئێراندا و وشەی (بەگ)یش لە کوردستانی کۆن ژێردەستی عوسمانی بەگشتی بەکاردێن.

ئسا خانم شەش ساڵ بەر لە محەمەد پاشای مێردی کۆچی کردووە، شەڕ و شۆڕی محەمەد پاشا و ئەحمەد پاشای برای لە سەرچاوەکانی مێژوودا باسکراون.

## گۆڕی شێخ محەمەد وەسیم

مام عەبدوڵڵا گوتی: گۆڕی شێخ محەمەد وەسیم لە نێو هۆدەی مودەڕیسدا بوو لە نزیک دیواری خۆراوای، بەڵام ئێستاکە پاش ڕووخاندنی گۆڕەکە دیار نییە، بە ئاسانی دەدۆزرێتەوە. شایانی باسە (الشیخ محمد وسیم الکبیر) وەک لە بڕێک سەرچاوەدا ناوی هاتووە، کوڕی شێخ ئەحمەدی شێخ مستەفای شەمسەددینی مەردۆخیی تەختەییە و، زانایەکی بەناو بانگ و مامۆستای دەرس‌دادەری سلێمان پاشا بووە لە قەڵاچوالان. لەلای باوکی و لای یەحیای کوڕی فەخری ئەفەندیی مووسڵ و شێخ محەمەدی خامووریی موفتیی بەغدا و سەیید ئەحمەدی میصریی خوێندوویەتی. مانگی شەووالی (١١٧١ی کۆچی) (١٧٥٦ی زایین) بە نەخۆشیی تاعوون کۆچی دوایی کردووە. ڕەنگە پاش ئەو ساڵە بووبێ، چونکە ناو و مۆری لەسەر وەسیەتنامەی سلێمان پاشا هاتوون کە مێژووەکەی ١١٧٤ی کۆچییە، لە دانراوەکانی (سنن الصلاة) بووە[٤].

پێویستە گۆڕەکەی دەربخرێتەوە و بەرز بکرێتەوە و هەروەها هەر چووار گۆڕی دیکەش بەرز بکرێنەوە.

## هێندێک جێگای قەڵاچوالان و دەوروبەری

گێلاسان: ئەم گردە لە باکووری خۆرەڵاتیدایە و، گەڕەکی دەرگەزێن وا بە دامێنییەوە. کانیاو و بڕێک ئەشکەوتی زۆری پێوەن. هاوینان میری بابان ماڵی بردۆتە سەر ئەم شانە و، ئەمە هەر ئەو شوێنەیە کە عەبدولعەزیز یاموڵکی لە (ژین)ی ژمارە (١٥)دا دەڵێت شوێنەواری قەڵایەک و شتی وای لەسەرە بەڵام مام عەبدوڵڵا بە منی وت جێگای ماڵی هاوینەی پاشای بابان لەسەر

هەواڵنامەی کتێب

شاخەکە ماوەتەوە.

کانیی گێلاسان: لە نزیک لووتکەی شاخی گێلاسانە بەلای خۆراواوە.

گردی ئەشکەوتان: بەرامبەر گردی گێلاسانە بەلای خۆراواوە. بەرانبەر مزگەوتی دێی قەلاچوالانە ، ئەشکەوتی زۆری پێوەیە، زۆربەیان بچووکن وەک هی گردی گێلاسان.

شیوی گێلاسان: لەپشت بەشی سەرەکیی شارە. عەبدولعەزیز یامولکی لە (ژین)ی ژمارە (١٥)دا دەڵێت: ناوی ئەم بەشەی شار گەڕەکی ئالای چاویشییە. (شیوەکە لەنێوان گردی گێلاسان و گردی ئەشکەوتانە) و دەڵێ لە سلیمانی گەڕەکێک بە هەمان ناوەوە هەیە بەلام، کە لە بەڕێز عەلیی سالحی ڕەشەم پرسی کە بەتەمەنە وتی تەنیا بیستوومە (قول ئاغاسی) هەبوو ناوی چەند کۆلانێک بوو لە دەوری مزگەوتی (بن تەبەق) لە سەروو سەراوە.

بەردە قسلان: ئەم گردە لەپشت گەڕەکی قزلجییەکانەوەیە، ئێستا پێی دەڵێن (دێی سامان).

گردی کەلەئەحمەد: دەکەوێتە بەری باشووری چەم، لەپشت گردی باشوور و باشووری خۆرهەڵاتی خانووی پاشاوە.

شیوی جوڕ جوڕ: لە باشوور و باشووری خۆراوای گردی شێخ حەسەنە.

قەدەغەی میری: ئەو شاخەیە کە وا لە تەنیشتی شیوی جوڕ جوڕ بە لای باشوورەوەیە.

باغی پاشا: ئێستا تەختانێکە لە نێوان چەم و گردی قەبران و پردی ئێستای چەمی قەڵاچوالاندا کە ڕێی گشتی سلیمانی - چوارتا لەسەر ئەم پردەیە یانی دەکەوێتە سەر قەراغی باکووری چەم.

قەڵاچوالان: ئەو گردەیە کە وا لە باشووری پردی نوێی ڕێگای گشتی، لە کاتی فراوان کردنی ڕێگاکەدا شوێنەواری کۆنی لە دامێن دەرکەوت، ناوی ئەویش قەڵاچوالانە.

گردی قەبران: قووچترین لووتکەیە لە خۆراوای شاری قەڵاچوالان. لە خۆراوای گەڕەکی تەکیەی دەروێشان و گەڕەکی گۆمەزانەوەیە. هەروەها لە هەنداوی باخی پاشاوە لە باکووری خۆرهەڵاتی پردی ئێستاوەیە، گۆڕستانی قەڵاچوالان بەم گردەوەیە تا سەر لووتکەی و دامەنیشی دوورنییە گۆڕی ئاغاکانی قەڵاچوالان لە کاتی بابانەکاندا لەسەر ئەم گردە بوون. بەڵام سەربازانی عێراق هەموو گۆڕەکانی سەر لووتکەکەیان تێکداوە و، سەنگەریان لەوێ دروستکردووە. عەبدولعەزیز یامولکی لە هەمان ژمارەی (ژین) دا دەڵێت : "گۆڕی ئاغاکان لەسەر گردەکەیە، وەک گۆڕی محەمەد ئاغای جەعفەر ئاغا لە بنەماڵەی خەندان و کەسانی تری ئەم بنەماڵەیە. لەسەر گۆڕەکەی مێژووی ١١١٨ای کۆچی

هەواڵنامەی کتێب

هەیە، مام عەبدوڵلا فەرەج دەڵێت: گردەکانی دەوری قەڵاچوالان هەموو گۆڕیان بەسەرەوەیە. دیارە شەهیدانی شەڕە زۆرەکانی بابانەکانە.

شەریف پاشایش لەو بنەماڵەی خەندانە کە لەگەڵ بابانەکاندا هاتووەتە سلێمانی و، دایکی عەبدولعەزیزیش هەر لەوانەو، باسێکی فراوانی لەسەر ئەم بنەماڵەی خەندانە نووسیوە و برای پارێزەر کاک کەمال بەگی مەجید بەگ دانەیەکی داوەمێ و دەڵێت بلاوتەکراوەتەوە.

ئەگەر مەبەستی یاموڵکی ئەم گردی قەبرانە نەبێ، دەبێ ئەو شوێنەی نیزیکی گومەزی سلێمان پاشا بێ، چونکە لای باشووری گۆڕی لێ هەبوو، هێندێکی ماوە. زۆر گەڕام بەم گۆڕستانە گەورەیەدا، تەنیا نووسینێکم لەسەر گۆڕێک بینی کە نووسرابوو (محمد ابن خالد).

دەشتێ (دەشتی قەبران): وا لە نێوان گردی قەبران و گەڕەکی گومەزان، واتە خۆراوای شاری قەڵاچوالان.

تەکیەی دەروێشان: تەکیەیەک بوو لەسەر قەراغی چەم، کەمێک لەخوار گومەزی سلێمان پاشاوە بوو.

کانیی سەروو: بە باسکی خۆراوای شارەوەیەو، لەپشت گومەزی سلێمان پاشا و لە هنداوی ڕێگای گشتی و بەگردی ئەشکەوتانەوەیە. بەشێکی ئاوەکە بە گونج دەگاتە مزگەوتی گومەزان.

کانیی دڵشاد: بە تەنیشتی دەستە ڕاستی شیوی گێلاسانەوەیە.

ئەشکەوتی شێخ مەحموود: دەکەوێتە سەر گوێ چەم و سەرووی پردی گەورەی کۆن و خووار گردی شێخ حەسەن. ئەشکەوتەکە ڕەوەزەو، شێخ مەحموودی ئەمر لەبەر فڕۆکەکانی ئینگلیز چووتە ناوی، ئەوەی شایانی باسە لە قەمچووغە و لە پشت دێی بەردەشانی ژێر ئاسۆس لە هەریەکیان ئەشکەوتێک بە ناوی ئەشکەوتی شێخ مەحموودەوە هەیە، چونکە شێخی ئەمر لە کاتی شۆڕشدا چووەتە نێویان.

## پەراوێزەکان

١- پاراستەکەی (للشهيد)، یان (هذا مشهد الشهيد)ە.

٢- چفت هاتووە، دوورنییە ڕاستەکەی (جفت) بێ، وەک چۆن (خنجر) بە (خنچر) نووسراوە. پێ دەچێ هەڵە کەوتبێتە نووسینی هەردوو کێلەکانەوە، بەڵام خۆی لە (ژین)دا چۆن هاتووە، وای دەنووسینەوە. گۆڤاری (ژین) یش بەئۆفسێت وەک خۆی لەلایەن سەیدای زانا و بەرکەتی محەمەد ئەمین بۆز ئەرسەلانەوە لە سوید بلاوکراوەتەوە. دەقەکەی بە پیتی عەرەبی و بەگۆڕینی

هەواڵنامەی کتێب

بۆ تورکی و بە لێکۆڵینەوەوە لە پێنج بەرگدا چاپی کردووە.

٣-مێژوو نووسی گەورە محەمەد ئەمین زەکی لە (تأريخ السليمانية وانحائها، ل-٨)دا تەنیا ئەم دێڕە شیعرەی لە نووسینی کێلەکان ناوبردووەو لە دەفتەری (حسین ناظم)ی وەرگرتووە و بەم شێوەیە:

مفسدی نیمه شبی یاخنجر (مفسدی) راستە نەک (مفیدی) وەک لە (ژین)دا هاتووە.

بەڵام (بسقت) راستە نەک (بسمید) وەک بە قافیەکەیدا دەردەکەوێ.

٤-بڕوانە ئەم سەرچاوانە لەسەر شێخ محەمەد وەسیم:

شیخ محمد الخال، الشیخ معروف النودهی، ل١٨، ٦٤. مامۆستا خاڵ ناو و مۆری لەسەر وەقفنامەی سلێمان پاشا دیوە لەلای عەزمی بەگی بابان. مەلا محەمەدی قزڵجی، التعريف بمساجد السليمانية، ل ٢٤. بەشێک لە دەقی وەقفنامەکە لەم سەرچاوەیەدا هەیە کە دەڵێت: سلێمان پاشا بڕێک باغ و ئاش و خان و زەوی و جۆگە ئاوی لە ناوچەکانی شارەزوور و کۆیە و هەولێرو کەرکوک و مەریوان لەسەر قوتابخانەکانی قەڵاچوالان و مامۆستاکانی و مزگەوتەکانی و پردەکانی قەڵاچوالان و شارەزوور و ئەو بێ دایک و باوکانەی کە لە قەڵاچوالان دەخوێنن و قوتابخانە و قوتابی و مامۆستای قوتابخانەی گوڵعەنبەر (خورماڵ) و قوتابخانە و مامۆستا و قوتابییەکانی قوتابخانەکانی کۆیە و قوتابخانەی هەولێر و هەردوو قوتابخانەی سلێمان پاشا خۆی لە کەرکووک و هێندێک لایەنی تریشی کردوون بە وەقف و، مێژووی وەقفنامەکە ١١٧٤ی کۆچییە (١٧٦٠-١٧٦١ی زایین) و لە الشیخ معروف النودهیشدا دیسان هەندێک لە دەقەکەی هەیە.

هەروەها تەماشای شەجەرەی مەریوخییەکان بکە لە تەئریخی مەریوخدا.

مەلا عبدالکریمی مودەریس: علماؤنا في خدمة العلم والدین، ل٥٠٦-٥٠٧، کە تێیدا هاتووە شێخ محەمەد وەسیم لە شەووالی ١١٧١ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە. بەڵام ئەگەر مێژووی وەقفنامەکە ساڵی ١١٧٤ ک بێ دەبێ محمد وسیم ئەوکاتە زیندووبووبێ ئەگیناچۆن مۆری کردوە.

هەواڵنامەی کتێب

# دابەشبوونی ئیداریی کوردستان

عەبدووڵلا غەفوور

کوردستان دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاوە لە نێوان هێڵەکانی ٣٠-٤٠ی پان و ٣٥-٢٠ درێژی ڕۆژهەڵاتدا- لە باکوورەوە لەگەڵ ئازەربایجان، ئەرمینیا و تورکیادا هاوسنوورە؛ لە باشوورەوە - لەتەک ئێران، عیراق و کەنداو؛ لە ڕۆژهەڵاتەوە - ئازەربایجانی ئێرانی و فارس؛ لە ڕۆژئاواشەوە هاوسنووری عیراق وسووریا و کەنداوی ئەسکەندەروونەیە - درێژایی کوردستان، لە باکوورەوە بۆ باشوور، نزیکەی ١٢٠٠ کیلۆمەترە و پانابییەکەشی، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، دەوروبەری ٥٥٠ کیلۆمەترە. ڕووبەری کوردستان بەگشتی، بەڕای من، ٥٣٤ کیلۆمەترچووارگۆشەییە (کچگ)، ژمارەی دانیشتوانیشی ساڵی ١٩٩٠ گەیشتە ٢٤.١٤٣٠٠٠ کەس. کەواتە، لەرووی ژمارەی دانیشتوانەوە، یەکسەر دوای تورکیا (٤٣.٧٤٤٠٠٠) وئێران (٤٣.٢٦٤٠٠٠) دێت وپێش عیراق (١٤.٥٣٣٠٠٠) و سووریا (١١.٥١٥٠٠٠) کەوتووە(١).

لەم وتارەدا دەمانەوێ لە دابەشبوونی ئیداریی کوردستان هەر لە کۆنەوە تا ئیمڕۆ بکۆڵینەوە؛ چونکە، ئەمە لایەنێکی هەرە گرنگی جیوگرافیایی ئەم وڵاتەیە هەروەها ڕوونکردنەوە و دەستنیشانکردنی ڕووبەر دەبێتە بنچینەیەکی لەبار بۆ لێدوانێکی تێرو تەسەل لە گشت لایەنەکانی ژیانی دانیشتوانەکەی.

ئەم ڕووبەرەی ئیمڕۆ بە کوردستان دەناسرێ، لە مێژوودا ناوی جۆراو جۆری لێ نراوە. بۆ نموونە، لە سەدەی حەوتەمی پێش زایینیدا بە «کوردوچیخ» ناویراوە و بەشێک بووە لە ئیمپراتۆرییەتی ئەرمینیا کە لە یازدە ناوچە پێکهاتبوو: کۆردوک، کۆردوکی سەروو، کۆردوکی ناوەڕاست، کۆردوکی خواروو، ئەیتواناک، ئەگپارسی، مۆتۆگانک، بۆرسیرانک، قەرە تونیس، چاهۆک و ئەلپاکی بچووک»(٢).

لە ماوەی ١٩ سەدەدا (حەوتەمی پێش زایین - دوازدەی زایینی) نووسەران کوردستانیان بەناوی جۆراوجۆر تۆمارکردووە، وەکو - کوهستان (هەرێمی چیا)(٣)، جەزیرە، دیاریەکر وهتد.

هەواڵنامەی کتێب

پەیدابوونی زاراوەی کوردستان و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی ڕەسمی، بۆ یەکەمجار لە مێژوودا لە سەردەمی دوا سوڵتانی سەلجوقی (سنجەر)، لە ١١١٧ـ ١١٥٧ زاییندا بووە.

سنجەر لەدوا ساڵانی ژیانیدا بەشەئیدارییەکانی «ویلایەت» ڕۆژئاوای ـ واتە هەرێمی کوهستانی، لە بەشێکی ئیداریی تازەدا کۆکردەوە و ناوی نا «ئیالەتی کوردستان». ئەم بەشە ئیدارییە تازەیەش پێکهاتبوو لە: هەمەدان، دینەوەر، کرماشان، شارەزوور، شەنگار وقەڵای «بەهار» یش کرا بە پایتەختی(٤). ئەمەش وا دەگەیێنێ کە ئیمڕۆکە ٨٣٥ ساڵە زاراوەی کوردستان بەکار دێت.

مێژووی بەکارهێنانی زاراوەی کوردستان، وەکو زاراوەیەکی ئیداری، دیارنییە. تەنانەت سەرچاوەکانیش، هی سەدەکانی ناوەڕاستو دواتریش، بەوردی ڕۆژگاری سەرەتای بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە ڕوون ناکەنەوە.

کوردستان، وەکو زاراوەیەکی ئیداری، بۆ یەکەمین جار لە کتێبەکەی مارکۆ پۆلۆ (١٢٥٤–١٣٢٤)دا بەکارهاتووە. بەپێی ئەم سەرچاوەیە، کوردستان دووەم ئیالەتی دەوڵەتی فارس بووە(٥).

کەچی، بەداخەوە، بەڕاشکاوی باسی بەشەکانی ئەم ئیالەتەی نەکردووە، بەڵام، ڕەنگە، بتوانین بڵێین کە زاراوەی کوردستان، لە ڕۆژگاری مارکۆپۆلۆدا، بەشێکی زۆر بچووکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی ئیمڕۆکەی گرتۆتەوە. دوای مارکۆ پۆلۆ بە ٤٣ ساڵ نووسەری بەناوبانگی فارس، حەمدوڵڵای مستەوفی قەزوینی (٧٥٠ـ٦٨٠ك) بەدرێژی، لە کتێبەکەیدا «نوزهەتئەلقلوب»، باسی بەشەکانی کوردستان، یان ڕاستتر ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئیمڕۆی کردووە. ئەوساکە، واتە لە دەوروبەری ١٣٤٠دا، ئەم ویلایەتە لەم شانزە ناوچەیە پێکهاتبوو: ئالانی، ئەلشتەر، بەهار، خەفتیان، دەربەندی تاج خاتوون، دەربەندی زەنگی، دزبیل، دینەوەر، سوڵتانئابادی، چەمچەماڵ، شارەزوور، کرمانشاه، کرند و خوشان، کەنگور، مایدەشت، هەرسین و ستام(٦). ئەم نووسەرەش، هەروەکو ئەوەی پێشوو، مەبەستی ئەوبەشەی کوردستان بووە، کە سەر بە دەوڵەتی فارس بووە، ئەگینا دەبوایە ویلایەتی دیاربەکری سەر بە دەوڵەتی عوسمانیشی لەگەڵ خستبا، چونکە ئەمەش بەشێکی جیانەکراوەی کوردستانی گەورەیە. لێرەدا دەبێ ئەو هەڵەیە ڕاست بکرێتەوە، کە لە گشت سەرچاوەکاندا، جگە لە کتێبەکەی دکتۆر جەمال ڕەشید «دراسات کردیة في بلاد سوبارتو»، کراوە، گوایە مستەوفیی قەزوینی یەکەم کەسە زاراوەی کوردستانی بەکارهێنابێ. کەچی ڕاستییەکەی، وەکو ئاماژەم بۆ کردووە، مارکۆ پۆلۆ ٤٣ ساڵ بەر

لە ئەو ناوی کوردستانی بەکارهێناوە و هەر ئەو زاراوەیەش تاکو ئیمرۆ بەشێوەی ڕەسمی بۆ ئەو بەشەی کوردستانی ئێران بەکاردێت کە مەڵبەندەکەی شاری سنە (سەنەندج یان سەنەندژ)ە.

هەروەها، لە سەدەی حەڤدەیەمیشدا بۆ ماوەیەک بەشێکی کوردستانی گەورەی ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی بەشێوەی ڕەسمی بەئیالەتی کوردستان ناوبراوە. ئەوەی جێگەی داخە، سەرچاوەکانی بەر دەستم ساڵی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە دیاری ناکەن. بەڵام بۆم ڕوونە کە ئەم ئیالەتە لە ساڵی ١٨٤٩ (١٢٦٦ک)دا بریتی بووە لەم پێنج لیوایە: موش، وان، هەکاری، جەزیرە، دیاربەکر[٧]. هەر زووش، ڕەنگە هەر ئەو ساڵە، ئیالەتەکە لەناوچووەو جارێکی تریش دووبارە نەبۆتەوە.

بەشێکی تری کوردستان ساڵی ١٩٧٠ ناوی ناوچەی ئوتۆنۆمیی کوردستانی لێ نرا، کە لە ڕووی ئیدارییەوە تەنیا سێ پارێزگا: دهۆک، هەولێر و سلێمانی دەگرتەوە[٩]. ئاشکرایە کە ئەم ناوچەیە هەموو بەشەکانی کوردستانی باشووری نەگرتبووەخۆ، چونکە ڕژێمی عیراق گەلێ ناوچەی گرنگی لێ جیاکردبووە، بەڵکو ئەم ناوچە ئوتۆنۆمییە تەنها ٤٦٪ی ڕووبەری کوردستانی باشوور (یان کوردستانی عیراق)ی گرتبووە.

کوردستان، وەکو ناوچەیەکی جیۆگرافی، بەسەر چەند بەشی ئیداری جۆراوجۆردا دابەش‌دەبێ. بەشە ئیدارییە هەرە گەورەکانی «سەر ناوچە»ن ئەمانیش بەسەر چەند بەشی ئیداریی بچووکتردا دابەش دەبن بە ناوی «ناوچە» و ئەمانیش، هەروەها، هەرێکە و چەند «بەر ناوچە» یەک دەگرنە خۆ کە هەرێکەیان لە کۆمەڵە گوندو لادێیەک پێکهاتووە.

بەڕای من، کوردستان، لە هەشتاکاندا، لەم بەشە ئیدارییانە پێکهاتبوو کە ژمارەیان بەگشتی ٨١٦ بوو. لەمانە ٣٠ سەر ناوچە (ئیل، ئوستانە، موحافەزە (پارێزگا)، ٢١٦ ناوچە (ئیلچە، شەهرستان، قەزا، مەنتیقە)، ٥٧٠ بەرناوچە (بوجاغ، بەخش، ناحیە) و چەند هەزار گوندێک ــ بڕوانە خشتەی[١].

## خشتەی ١

# بەشەئیدارییەکانی کوردستان

### «لە هەشتاکاندا»

| سەرناوچە | پانتایی کچک | دانیشتوان | ژمارەی ناوچە | ژمارەی بەر ناوچە | ژمارەی گوند | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ |
| سامسور | ٧٦١٤ | ٣٦٧٥٩٥ | ٦ | ٢٣ | ٣٤٦ | ١٩٨٠ |
| ئاگری | ١١٣٧٦ | ٣٦٨٠٠٩ | ٧ | ١٥ | ٥٥٨ | ١٩٨٠ |
| بینگۆل | ٨١٢٥ | ٢٢٨٧٠٢ | ٤ | ١٧ | ٣١٦ | ١٩٨٠ |
| بیدلیس | ٦٧٠٧ | ٢٥٧٩٠٨ | ٥ | ١٩ | ٢٧٣ | ١٩٨٠ |
| دیاربەکر | ١٥٣٥٥ | ٧٧٨١٥٠ | ١١ | ٢٤ | ٦٩٣ | ١٩٨٠ |
| ئەلازیغ | ٩١٥٣ | ٤٤٠٨٠٨ | ٧ | ٢٣ | ٥٨٩ | ١٩٨٠ |
| ئەرزنجان | ١١٩٠٣ | ٢٨٢٠٢٢ | ٦ | ٢٥ | ٥٦٧ | ١٩٨٠ |
| ئەرزەرووم | ١٥٧٩٢ | ٥٧٧٣٢٥ | ٧ | ٢١ | ٦٣٧ | ١٩٨٠ |
| عەنتیب | ٧٦٤٢ | ٨٠٨٦٩٧ | ٦ | ١٥ | ٦٠٠ | ١٩٨٠ |
| هەکاری | ٩٥٢١ | ١٥٥٤٦٣ | ٥ | ١٢ | ١٤٣ | ١٩٨٠ |
| مەلاتییە | ١٢٣١٣ | ٦٠٦٩٩٦ | ٨ | ٢٤ | ٥٢٠ | ١٩٨٠ |
| مارش | ٩٨٤٢ | ٥٥٦٥٢٠ | ٣ | ١٠ | ٣٤٨ | ١٩٨٠ |
| ماردین | ١٢٧٦٠ | ٥٦٤٩٦٧ | ١١ | ٢٣ | ٧٢٠ | ١٩٨٠ |
| مووش | ٨١٩٦ | ٣٠٢٤٠٦ | ٣ | ١٥ | ٣٧٢ | ١٩٨٠ |
| سیرت | ١١٠٠٣ | ٤٤٥٤٨٣ | ١٠ | ٢٧ | ٤٩٩ | ١٩٨٠ |
| دەرسیم | ٧٧٧٤ | ١٥٧٩٧٤ | ٧ | ٢٨ | ٤٢٥ | ١٩٨٠ |
| ئورفە | ١٨٥٨٤ | ٦٠٢٧٣٦ | ٨ | ٢٩ | ٦٩٢ | ١٩٨٠ |
| وان | ١٩٠٦٩ | ٤٦٨٦٤٦ | ٧ | ٢٢ | ٥٧٠ | ١٩٨٠ |
| لەئەدمنە | ١٧٢٦ | ١٥٤١٣٤ | ٢ | ٧ | ٩١ | ١٩٨٠ |
| لەحەتیە | ١٣٧٣ | ١٢٢٠٢٤ | ٢ | ٥ | ٤٩ | ١٩٨٠ |
| لەقارس | ٧٢٨٢ | ٢٤٠٥٥٨ | ٥ | ١٠ | ٢٧٨ | ١٩٨٠ |
| لەسیواس | ٢٧٨٢ | ٤١٤٢٠ | ١ | ٥ | ١١١ | ١٩٨٠ |

هەواڵنامەی کتێب

# بەردەوامیی خشتەی (١)

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئازربایجان غەربی | ٣٧٥٩٩ | ١٩٧١٦٧٧ | ٩ | ١٩ | ٣٢.٦ | ١٩٨٦ |
| کرماشان | ٢٣٦٢٢ | ١٤٦٢٩٦٥ | ٨ | ١٧ | ... | ١٩٨٦ |
| کوردستان | ٢٧٨٥٨ | ١.٧٨٤١٥ | ٦ | ١٦ | ٢.٢٢ | ١٩٨٦ |
| چەهارموحال و بەختیاری | ١٤٨٢. | ٦٣١١٧٩ | ٤ | ٩ | ٨٩٥ | ١٩٨٦ |
| لوڕستان | ٢٨٥٦. | ١٣٦٧.٢٩ | ٣ | ١٦ | ٣٣٦٢ | ١٩٨٦ |
| ئیلام | ١٩.٨٦ | ٢٨٢.٩١ | ٥ | ١٣ | ٩٨٥ | ١٩٨٦ |
| کوهگیلوویویر ئەحمەد | ١٣٦٩٩ | ٤١١٨٢٨ | ٣ | ٨ | ٢٤٦٦ | ١٩٨٦ |
| لە خوزستان | ٣٦١٩٢ | ١٤١٣٢٩٨ | ٧ | ١. | ... | ١٩٨٦ |
| لە فارس | ١٢١٥١ | ٩١٢٦٣٣ | ٢ | ٣ | ... | ١٩٨٦ |
| لە بوشهر | ٥٣٣٩ | ٨٩١٧١ | ١ | ٢ | ... | ١٩٨٦ |
| ئەینەوا | ١٦٢٢٢ | ... | ٧ | ٦ | ... | ١٩٨٧ |
| کەرکووک | ٩٦٧٩ | ٦.١٢١٩ | ٣ | ٤ | ... | ١٩٨٧ |
| دهۆک | ٦٥٥٣ | ٢٩٣٣.٤ | ٤ | ٤ | ... | ١٩٨٧ |
| هەولێر | ١٥.٧٤ | ٧٧.٤٣٩ | ٤ | ٩ | ... | ١٩٨٧ |
| سلێمانی | ١٧.٢٣ | ٩٥١٧٢٣ | ٨ | ٨ | ... | ١٩٨٧ |
| لەدیالە | ١٣.٣٤ | ... | ٤ | ٦ | ... | ١٩٨٧ |
| لەواسیت | ٣٦٥. | ... | ١ | ١ | ... | ١٩٨٧ |
| لەسەلاحەدین | ٢٣١٦ | ... | ١ | ٢ | ... | ١٩٨٧ |
| لەحەسەکە | ٨٦٥١ | ٢٨.٧٣١ | ٣ | ٧ | ٦٢٤ | ١٩٧. |
| لەحەلەب | ٤٧٨. | ١٩٦٢٤. | ٢ | ١. | ٦٤٧ | ١٩٧. |
| لەرەقە | ١٨٣٣ | ١٥٨٢٥ | × | ١ | ٤٨ | ١٩٧. |

(...) ژمارەکان لەبەر دەستنین

(×) نییە


بەشە ئیدارییەکانی خشتەی سەرەوە کەوتوونەتە ناو سنووری ئەو چەند دەوڵەتەوە، کە کوردستانیان داگیرکردووە، بەم شێوەیەی لە خشتەی خوارەوەدا هاتووە.

## پانتایی و ژمارەی دانیشتوانی هەرێمەکانی کوردستان *

| هەرێم | پانتایی کچگ | دانیشتوان | بەشەکانی ئیداری | | | گوند | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | سەر ناوچە | ناوچە | بەر ناوچە | | |
| باکوور | ٢١٥٨٩٢ | ٨٥٢٨٨١٧ | ١٨ | ١٣١ | ٣٩٩ | ٩٣٩٧ | ١٩٨٠ |
| باشوور | ٨٣٥٥١ | ... | ٥ | ٣٢ | ٤٠ | ... | ١٩٨٩ |
| ڕۆژهەلات | ٢١٨٩٢٦ | ٩٢٠٠٢٨٦ | ٧ | ٤٥ | ١١٣ | ... | ١٩٨٦ |
| ڕۆژئاوا | ١٥٢٦٤ | ٤٩٢٧٩٦ | × | ٥ | ١٨ | ٢٦٣٨ | ١٩٧٠ |
| تێکرایی | ٥٣٣٦٣٣ | ... | ٣٠ | ٢١٦ | ٥٧٠ | ... | ... |

هەواڵنامەی کتێب

* کاکڵەی خشتەی پێشووە.




هەواڵنامەی کتێب

لەتکردنی کوردستان ، بەو شێوەیەی لە خشتەی سەرەوەدا داتووە، ئەنجامی کۆمەڵە ڕووداوێکی سیاسی و جەنگییە کە سەرەتاکەی بۆ ساڵی ١٥١٤ دەگەڕێتەوە، کاتێک دەوڵەتی عوسمانی لە شەڕی چالدێراندا ئێرانی سەفەوی بەزاند و بەشی هەرە گەورەی کوردستانی بەرکەوت. دواتریش دەوڵەتەئیمپریالیستەکان خاک و ڕووبەرەکانی سەر بە دەوڵەتی عوسمانیان، دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، دابەشکردووە و کوردستان، جگە لەو دوو بەشەی لەناو سنوورەکانی ئێران و تورکیادا مانەوە، دوو بەشی تریشی لێ جیاکرایەوە و خرانە سەر دوو دەوڵەتی تازە دروستکراوی دەستی دەوڵەتانی ئیمپریالیزم - عێراق و سوریا*.

## سەرچاوەکان


١ - نووسەر لەم سەرچاوەیەی وەگرتووە
Demographic Year book 1989 N.V. 1990 p.p. 165-173.

٢ - مۆیس خۆرین، جوگرافیای ئەرمینیا لە چەرخی (٧)ی پێش زایین، ئامادەکردنی بۆ چاپ، پیاتکونۆف، سانپیتەربۆرگ، ١٨٧٧، ل٤٢. (بەزمانی ڕووسی).

٣ - ناوە ئەسڵییەکەی کۆهستانە لەسەر شێوەی کوردستان و ئەفغانستان، عەرەب زمانەکان کردوویانە بە عەرەبی و بۆتە (اقلیم الجبال) ئێمەی کوردیش عەرەبییەکەمان کردووتەوە کوردی و بووە بە هەرێمی چیا، من لێرە بە باشم زانی ناو ئەسڵییەکەی بەکاربهێنم.

4 - Le Strange Guy, the Lands of the Eastern Caliphate, Cambridge, 1905 p. 192

عەرەبییەکەی:

کی.لسترانج،ترجمة بشیر فرنسیس عوّاد، بلدان الخلافة الشرقیة، الطبعة الثانیة، بیروت ١٩٨٥، ص٢٢٦.

٥ - «کتێبی مارکو پۆلۆ»، میناییڤ لە تێکستی فەرەنسیی کۆنەوە کردوویەتی بە ڕووسی، مۆسکۆ، ١٩٥٥، ل٦٥ (بە زمانی ڕووسی).

٦ - غديدالله بیات (دکتر)، کلیات جغرافیای طبیعی و تاریخی ایران، تهران، ١٣٦٧، ص ٤٨٢، (بە زمانی فارسی).

٧ - حمداللّه مستوفی، باهتمام و تصحیح: گای لیسترانج، نزهة القلوب، تهران، ١٣٦٢، ص١٠٧-١٠٩ (بە زمانی فارسی).


* شایانی باسە، لە خشتەکاندا هەندێ لەو جێگایانەی خاکی کوردستان نین، نووسەر «لە» یەکێ لە پێشەوە داناون و ناوی شار و جێگای تری کوردستانیشی بێ «لە» نووسیووە. (ڕووناکبیری).

هەواڵنامەی کتێب

٨ - سالنامه سنه ١٢٦٦ هجری، طبخانه عامر وه باصلمشادر، ص٦٢ - ٩١ (به زمانی تورکیی عوسمانی).

٩ - الجهاز المركزي للأحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٨٩، بغداد ١٩٨٩، ص٤.

١٠ - نووسه له ژمارەیەکی یەکجار زۆرەوە دایناوە و حسابیکردووە، هەندێکیان ئەمانەی خوارەوەن:

(*) Genel Nüfus Sayim, idari bölünü 12. 10. 1980 Ankara 1981.

لاپەڕەکانی ئیلەکانی کوردستان (بە زمانی تورکی).

(*) TurkeY Yearbook 1983, Ankara 1983 s.39.

مرکزآمار ایران، سرشماری عمومی نفوس و مسکن مهرماه ١٣٦٥، نتایج نهائی، کشور ٨، تهران ١٣٦٨، ص١٠-١٢.

حبیب الله زنجانی ـ فریدون رحمانی (تهیه و تدوین)، راهنمای جمعیت شهرهای ایران، ١٣٣٥-١٣٧٠.، ١٥-١٦٣.

اطلس ایران و جهان سیاسی، طبیعی، چاپ هشتم، تهران، ١٣٦٩، ص٤-٥.

الجهاز المركزي للاحصاء، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٨٩، بغداد، ١٩٨٩ ص٧-٢٣.

المكتب المركزي للاحصاء، دليل الترميز الجغرافي وفق التقسيمات الادارية، في الجمهورية العربية السورية، ١٩٨٠، دمشق، ١٩٨٠، چەندەها لاپەڕەیە.

عەبدوللاّغەفوور و ئاریستیڤا.ت.ف.، باری ئێتنۆدیموگرافیی باشووری کوردستان، گۆڤاری «ڕاسی ئی نەرۆدی» (رەگەز و میللەتان)، ژمارە ١٩، مۆسکۆ ١٩٨٩، ل١١٦-١٢٣ (بە زمانی ڕووسی).

عەبدوللاّ غەفوور، خاسیەت و گیروگرفتەکانی ئاوەدانیی شار و گوندەکانی عیراق، نامەی دکتۆرا دەستنووس، مۆسکۆ، ١٩٨٠، ١١٦-١١٨ (بە زمانی ڕووسی).

# هۆی درووستنەبوونی دەوڵەتێکی سەرانسەری

# لە کوردستاندا

فازیل کەریم ئەحمەد

بە درێژایی مێژوو لە کوردستاندا دەوڵەتێکی ناوەندیی یەکگرتووی(1) سەرانسەری درووست نەبووە، کە ئەو خاکەی گرتبێتە خۆی کە کوردی لەسەر ژیاوە و دەژی. دەوڵەتۆکە و میرنشینێکی زۆر هەبوون کە لە بەشێکی کوردستان فەرمانڕەواییانکردووە و دەسەڵاتی خۆیان پاراستووە. ئەم قەوارە سیاسییە بچووک بچووکانە، لەژێر کارتێکردنی هیچ گووشارێکی دەرەکی نزیک نەکەوتوونەتەوە و پەیمانی دۆستایەتییان لەگەڵ یەکتردا نەبەستووە، مەگەر لەژێر ئاڵای یەکێک لەو دەوڵەتە مەرکەزییە زلانەدا کە خاکیان بە کوردستانەوە هەبووە. زۆر جار میرنشینێک لەیەک کاتدا پەلاماری دوو میرنشینی کوردی داوە، سەرەڕای شەڕ و شۆڕی ناوخۆی میرو ئاغاکانی میرنیشینەکە.

کوردان ناوەندێکی ئایینی ـ کولتووری بەهێزیشیان نەبووە، کە لە بن ئاڵاکەیدا هێزە سیاسییە جیاجیاکان کۆکاتەوە و شوناسنامەیەکی کوردانەیان پێ ببەخشێ و خاڵی یەکانگر پێکبهێنێ و هەمیشە وزە و توانا و هێز بە گیانی هەڵسانەوە و ڕاپەڕین بدات. هەر بۆ نموونە لە پۆلۆنیادا کڵێسەی کاتۆلیکی دەوری سەنترالیکی ئایینی ـ کولتووری گێڕاوە بۆ کۆکردنەوە و یەکخستنی هێزە سیاسییە جیاجیاکان و وەدەست هێنانی سەربەخۆیی و ئازادی. لە وڵاتی تیبت ئایینی بوودایی دەورێکی گرنگی گێڕاوە و دەگێڕی بۆ یەکگرتنی تیبتیەکان و شوناسنامەی نەتەوایەتییان دەپارێزێ. شیعەگەریش لە ئێراندا بنەمایەکی سەرەکی پاراستنی دەوڵەتی ئێران بووە و بۆتە بەشێکی گرنگی کولتووری ئەم وڵاتە.

بێگومان زۆر دەسەڵاتداری کورد، هەوڵیان داوە، بەزەبروزەنگ و شەڕ و شۆڕ سنووری دەسەڵاتیان فراوانترکەن و ناوچەی تریشی بخەنەسەر.

هەر وەکو چۆن مەلیکەکانی دەوڵەتی دۆستکی (٩٩٠ ـ ١٠٩٦) لەڕێگەی هێرش و

هەزارنامەی کتێب

پەلاماری سوپاییەوە ویستوویانە میرنشینی کوردی تر قووتبدەن(٢). پاشا کۆرەی سۆرانیش لە سەردەمی دەسەلاتیدا (١٨١٤ - ١٨٣٦) بەهەمان شێوە ویستوویەتی میرنشینی تر لەنێوبەرێ و ناوچەی دەسەلاتی خۆی فراوانترکاتەوە. لە نێوبردنی ئیمارەتی بادینان و شەڕوشۆڕی دژی بابان و بۆتان دەتوانن ببنە بەڵگە بۆ روونکردنەوەی مەبەستەکانی ئەو(٣).

هۆی چییە، کە ئەم جۆرە هەوڵدانە سەرئەنجامەکەی بە تێکشکان و ژێرکەوتن کۆتایی پێ هاتووە، یا دەسەلاتی هەر میرنشینێک سنوورێکی دیاریکراوی تایبەتی نەبەزاندووە؟ ئەو بەر هەڵستە دەرەکی و ناوەکییانە چی بوون، کە دەسەلاتی میرەکوردەکان نەیدەتوانی بەسەریاندا زاڵ بێت؟

سەرنەکەوتنی ئەو هەوڵ و تەقەلا زۆر و زەبەندانە بەدرێژایی مێژوو، وای لە زۆر کورد کردووە ئەمە بە چارەنووسێکی تەلیسماوی بزانن، کە هیچ چارەسەری نەبێ. پیرو قەدیمان گوتوویانە :"کورد کورتە و هیچیش بە هیچ ناکات". لاوان و رووناکبیرانیش سەریان بەدەست ئەم جەنجاڵییەوە سووڕماوە و هەرچی سەر دەهێنن و دەبەن وەلام و روونکردنەوەی دڵنیاکەریان چنگ ناکەوێ. وەچە بە وەچە، ئەم مەتەڵە هەڵنەهێنراوەیان پشتاو پشت و دەست بەدەست گەیاندووە تاگەیشتۆتە رۆژی ئەمرۆ. شەرەفخانی بدلیسی (١٥٤٣ - ١٦٠٦) یەکەمین کەسە کە بە نووسین ئەم رازەی دەربڕیوە و هۆی یەکنەگرتن و گیانی جیاوازیخوازی نێو کوردانی گێڕاوەتەوە بۆ نەحلەتێکی ئاینی کە پێغەمبەر لە کوردی کردووە و تووکی یەکنەگرتنی لێ کردوون(٤). رووناکبیرانی ئەمرۆ بە هیچ شێوەیەک قسەکانی شەرەفخان ناسەلمێنن و هەوڵدەدەن بەگوێرەی تێگەیشتن و بیرو بۆچوونی خۆیان، لە چوارچێوەی زانستی و تیۆریدا ئەم گرێکوێرەیە بکەنەوە(٥). بەشێکیان هۆی جوگرافی وەکو دووربوونی کوردستان لە دەریاوە بە خاڵێکی بنەڕەتی دادەنێن و بەشێکیان جێ و شوێنی جیۆ سیاسی وەکو ولاتێک کەوتبێتە نێوان چەند هێزێکی ئیسلامی - رۆژهەلاتیی زلەوە (دەوڵەتی عەباسی، عوسمانی، سەفەوی .. هتد) کە دەورێکی چارەنووسازیان لە ژیانی ناوچەکەدا هەبووە. بەشێکی تریان هۆی کۆمەلایەتی بە بنچینەیی دەزانن و بالادەستێتی زاڵبوونی ژیانی کۆچەرایەتی و خێلەکیتی وەکو فاکتۆرێک سەیر دەکەن، کە پێویستی بوونی دەوڵەت وەلاوەدەنێ. کەندال لەم بارەوە دەڵێ:

«سەرەڕای هۆیە زاتییەکان (مەبەستی میرەکان و کارتێکردنی ئاینی .. هتد) دەبێ لە نێو ستركتوور- strukturی کۆمەلایەتی

- ئابووری بۆ هۆکان بگەڕێین، کە بوونەتە سۆنگەی ڕێگەگرتن لە گەشەکردنی هۆشی نەتەوایەتی، کە مەرجێکی سەرەتایییە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوایەتی».

هەر پاش ئەم دێڕانە دەنووسێ:

«دیارە گیانی عەشیرەتگەری Triblismus ڕێگری سەرەکی دروستبوونی هۆشی نەتەوایەتی بووە»(٦).

مامۆستا مەسعوود محەمەد چەمکێکی نوێ بۆ ڕوونکردنەوەی دروستنەبوونی دەوڵەتێکی ناوەندی - سەرانسەری لە کوردستاندا دۆزیوەتەوە: «لەبەرڕۆیشتنی ئابووری - نزیف أقتصادی بە سەروکاری ئەم کێشەیە دادەنێ.»

ئەم خوێن لەبەرچوونە ئابوورییەشی بەم چەشنە لێکداوەتەوە :«سەرنج بۆم دەردەخا، لە تۆشەوە دیارە، بەدرێژایی چەند هەزار ساڵێک کوردستان کەوتۆتە نێوان سێ هێزی زلەوە : فەرمانڕەوایی ئێران و دەسەڵاتی بابل و ئاشوور و ، بۆ ماوەیێک لەگەڵ ئەواندا ئینجا بەدوای ئەواندا دەسەڵاتی ڕوومەکان. ئەم سێ ناوچە زلەی دەسەڵات کە کوردستانیان گرتۆتە نێوان خۆیانەوە، هەر یەکەیان بەرووبووم و داهاتی کەرتێک لە کوردستانی گەورەیان بۆ خۆیان ڕاکێشاوە و مەودایان نەداوە ئەو داهاتە لە کوردستان بمێنێتەوە و ببێ بە ماکی بنیادنانی دەسەڵات و حوکمڕانی. هەروەک ئاوڕێژی شاخەکانی کوردستان هەندێکی بۆ ڕۆژئاوا بەرەو ئەنەدۆڵ، هەندێکیش دەڕوا بەرەو دەشتی بابل و ئاشوور، هەروەها زۆربەی بەرهەمی ئابووری کوردستان بە درێژایی مێژوو ڕژاوەتە ئێران و ئەنەدۆڵ و بابل و هیچی ئەوتۆی لە خاکی کوردستاندا بەجێنەماوە. سێ مقناتیسی گەورە پیت و داهاتی کوردستانی بۆ خۆی کێشاوە، تائێستاش هەر دەیکێشێ. لە کوردستان سەرمایە پێک نەهات»(٧).

هەر دوا بەدوای ئەم بۆچوونە مامۆستا مەسعوود دەنووسێ :

«قەناعەتی من ئەوەیە ئەگەر یەک لەو سێ وڵاتە دراوسێ بەهێزەی کورد چۆڵ با، بابڵێم دەریا یا بیابان یا شاخاوییەکی ئەوتۆ با دەستی نەدابا بۆ تێدا حەوانەوەی حکومەتێکی گەورە، کورد لە دەمێکەوە دەگەیشت بە مافی نەتەوایەتیی خۆی. من لەو باوەڕەدام، دەمێکە لەنێوان کوردا ئەوەندە هۆش و گۆش و خوێندەواری و هەستی نەتەوایەتییە هەیە ئەگەر لانی ئابووری یارمەتی دابا حکومەتی چەسپاو و دائیمی لە سەرانسەری کوردستاندا پێک بێنێ، لانی ئابووری لێ دەرکە، لە هەموو ڕوێکی دیکەی لیاقەتی حکومەت دانانەوە بەراوردی کورد بکەی لەگەڵ یەمەن و حەبەشە کورد پێشکەوتوتر بوە .»(٨).

ماجید عەبدولڕەزا پەنای بردۆتە بەر

هەواڵنامەی کتێب

«شێوەی بەرهەمهێنانی ئاسیایی»[٩] بۆ ڕوونکردنەوەی هۆی درووستنەبوونی دەوڵەتێکی سەرانسەری لە کوردستاندا:

«أن لهذه الظاهرة علاقة وثيقة بطبيعة أرض كردستان الجبلية المنيعة وموقعها الجغرافي وبظروف الري وسقي المزروعات فيها مما ترك أثره الملموس على مجرى تطور المجتمع الكردي أقتصادياً وسياسياً فاذا كانت ظروف الري سبباً أساسياً لظهور الدول المركزية في وادي الرافدين في العهد العبودي حيث كانت الدول وحدها القادرة على أنشاء مشاريع الري الكبرى فأن الزراعة في كردستان أعتمدت منذ أقدم العصور على الأمطار للمزروعات الشتوية وعلى عشرات الالوف من عيون المياه والأنهار الصغيرة في المزروعات الصيفية. وكان بأمكان كل قرية أو جماعة صغيرة (أو عائلة واحدة) أن تمارس الزراعة دون الأعتماد على وجود الدولة التى تنشئ مشاريع للري الكبرى»[١٠].

ئەم بیروڕایە و دەیان سەرنج و تێبینی تریش سەبارەت درووستنەبوونی دەوڵەتی ناوەندی و سەرانسەری- کە لێرەدا ناتوانرێ ئاماژە بۆ هەر هەموویان بکرێ- زۆر گرنگ و بە بایەخن بۆ لێکدانەوەی کێشەکە، بەڵام داخەکەم پەنجە ناخەنە سەر کرۆکی کێشەکە. هەریەکە لەم هۆیانە مامۆستایان کەندال و مەسعوود محەمەد ماجید عەبدولڕەزا ڕەچاویان کردووە، کۆسپی گەورەن یان کۆسپی گەورەیان بۆ درووستبوونی دەوڵەت هێناوەتە کایەوە، بەبێ ئەوەی کۆسپەکان بە ڕیز یەک لە دوای یەک دانێن و هەر هەموویان بۆ هۆی جوگرافی بگێڕنەوە. بێگومان ئەم خاڵە سەرەکییە، کارتێکردنی فاکتۆرە دەرەکییە زیانبەخشەکانی خەستتر کردۆتەوە[١١]. بەداخەوە تاکو ئێستا ڕەنگدانەوەی فاکتۆری جوگرافی لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بە وردی و قووڵی شینەکراوەتەوە. بەکارهێنانی ئەو چوارچێوە تیۆرییەی کارل ڤیتفۆگل Karl Wittfogel کە ناوی «دیسپۆتی ڕۆژهەڵاتی» Orientalische Despoti [١٢] بەسەردا بڕیوە و ڕاستییەکەی پەرەپێدان و قووڵکردنەوەی هەندێ سەرنج و تێبینی مارکس و ئێنگلزە، کە بە چەمکی «شێوەی بەرهەمهێنانی ئاسیایی» ناودەبرێت. لێکدانەوەکەی کارل ڤیتفۆگل و سەرنج و تێبینییەکانی مارکس و ئێنگلز پتر ئەو وڵاتانە دەگرنەوە کە دەشتی پان و بەرینیان هەیە و ڕووباری مەزنیان پێدا تێدەپەڕێ و ئاووهەوایەکی وشکیان هەیە، پێش سەدەکانی شۆڕشی پیشەسازی، ئەم هەلومەرجە لە کوردستاندا نییە، کە وڵاتێکی شاخاوییە و پێدەشتەکانیشی بچووک و ئاوی ڕووبارایان بە ئاسانی پێ ناگات.

کشتوکاڵ بە هۆی وشکی و کەم

بارانییەوە دژوار بووە، باران بە زستان و بەهاران دەبارێ و بێ ئاویی هاوینان، بەزەرەری کشتوکاڵکردن دەشکێتەوە. لە کوردستاندا کشتوکاڵ پشت بە بارانێکی کەم و جۆگەلەی بچووک و کانیاو دەبەستێ کە کارل ڤیتفۆگل بە Hydroagrikultur پێناسەی دەکات(١٣).

پەندێکی پێشینان هەیە دەڵێ: « لەو شوێنەی ئاو هەیە، زەوی نییە. لەو شوێنەی زەوی هەیە، ئاو نییە». لە زۆر شوێنی کوردستان دەشتی فراوان هەیە بەڵام کڕێن و بێ ئاون یا زۆر بەزەحمەت ئاویان پێ دەگات. هەر بۆ نموونە دەشتی هەولێر و رانیە و مەرگە و شارەزوور .. هتد. رووپێوەکەیان لە نێوان ١٥٠ ـ ٣٤٠٠ کم٢. ئەم دەشتانە بە تێکڕا هەر یەکەیان ٥٠٠م سەرووی ئاوێنەی دەریان(١٤).

لە کوردستاندا بەگشتی تێکڕای بارانی ساڵانە لە نێوان ٢٠٠ ـ ٩٥٠دایە(١٥).

لەم دەشت و پێدەشتانەدا یا هەر هیچ رووبارێکی پێدا تێناپەڕێ وەکو دەشتی هەولێر کە ٣٤٠٠کم٢، یا رووبارەکان بە نێو شیوی هێندە قووڵ و تەنگدا دەڕۆن، کە تەنانەت بە مۆدێرنترین تەکنۆلۆجیای ئەم سەردەمەش سوودی ئابووری پێویستیان لێ وەرناگیرێت.

«لاپاڵە ڕژدەکانی شاخ و دۆڵەکان، کە زۆرترین خاکی کوردستان پێکدەهێنن. زۆر بە کەمی بۆ چاندن و کێڵان دەستدەدەن»(١٦).

لەنێو شیو و دۆڵە قووڵەکانی ناوچە شاخاوییەکاندا، کە ئاویان پێدا تێدەپەڕێ، هیچ شوێنەواری سەد و بەربەستی مەزن و سستێمی جۆگە و کەناڵی بەر فراوان بەدی ناکرێ، کە لە سەدەکانی پێشوودا دامەزرێندرابێت یا درووست کرابێت و تێک چووبێت و لە کاتی خۆیدا بۆ کشت و کاڵ سوودی لێ وەرگیرابێت.

لە هەندێ شوێن و ناوچەی کوردستاندا دەتوانرێ رادەی چالاکی و هۆشیاری و بەهرەمەندی جووتیاران رەچاوبکرێت، بۆ دروستکردنی تەلان و هەڵبەستنی جۆگە و بنەوان و سوود وەرگرتنی لە بستێک زەوی بە پیت. هەورامان یەکێکە لەو ناوچانەی کە دانیشتوانی ئەوپەڕی لێزانی و شارەزایی و وەستاییان نواندووە بۆ دامەزراندنی سستێمی ئاودان، لە شوێنێکدا زەوی زۆر کەمە، لە چاو ئەو هەموو کانی و کانیاوەی لەبن بەردی شاخەکانەوە هەڵدەقووڵێن.

س.ج.ئیدمۆندز کە لە سەرەتای بیستەکانی ئەم سەدەیەدا لەم ناوچەیەدا گەڕاوە، بەم شێوەیەی خوارەوە سەرنج و تێبینیی خۆی تۆمارکردووە:

«لاپاڵی شاخەکان زۆر بە وەستایانە تەلانیان لێ درووستکراوە و ئەمە نیشانەی کۆنیی ئەم پیشەیە و یەکێک لە ئەندازیارانی ئاوداری ئاویاری دەیگوت ئەو دەربارەی

تەبارە دروستکردن و ئاو ڕاکیشان لە شوێنە شاخاوییەکاندا، هیچ زانیاریەکی نییە، کە پیشانی هەورامییەکانی بدات»[17].

من خۆشم چەند جێگەیەکم لە هەورامان بینیوە وەکو پاوە و ئەحمەد ئاوا و ..هتد. زۆر لە چالاکی و وریایی هەورامییەکان سەرم سووڕ ماوە، هەر بۆ دروستکردنی تەلانێکی ٥٠م٢، لە بەرزاییەکی ٥٠٠م ناوقەدی شاخە سەخت و ڕژدەکان، بەکوڵ خۆڵیان بۆ گواستۆتەوە و ماندووبوونێکی بێوێنەیان پیشانداوە هەر بۆ ئەوەی لە دووری چووار پێنج کم بە جۆگە و ئاوبارە ئاوی ئەو تەبارەیە بدەن.

لە هەندێ شوێنی تردا، کە ڕووبارەکان بە دۆڵ و شیوی قووڵدا تێناپەڕن، بە ئاسانی ئاو دەشکێنرێتە سەر دەشتە بە پیتەکانی ناوچەی خانەقی و کۆیە و زەنگاباد[18]. و ...هتد. کە سەدان ساڵە کشتوکاڵیان تێدا دەکرێ و ماوەیەکی زۆرە شار و ئاوەدانییان تێدایە. هەر بۆ نموونە لە دەوروبەری زەنگاباد کە تاڕادەیەک زەوییەکی نزم و چاڵەو هەر لە زۆر کۆنەوە، یەکێک لە لقەکانی ئاوی سیروان کە لە زەنگاباد نزیک دەبێتەوە، پتر لەبیست جۆگەی لەسەر هەڵکەنراوە. ئەم جۆگانەش جوگەی تریان لەسەرە و بۆ مەرەزە و باخ و بیستان سوودیان لێ وەردەگیرێت. لەم جۆرە شوێنانەدا، ئەمرۆش بە هەرەوەز و کۆمەڵ دەبێ کارە پێویستەکان ڕاپەڕێندرێن، هەرچەند ڕووبەری کێڵگە و مەرەزەکان هێندە گەورە نین، کە بە ژمارەی جووتیار و پاڵەی زۆر ئەنجام بدرێن. هەر بۆ نموونە ساڵانە دەبێ جۆماڵبکرێ و بۆ ماوەی دوو هەفتەیەک دەبێ نزیکەی ١٠٠ کەسێک بەشداری لە جۆگە پاکردنەوەدا بکەن. بۆ مەرەزەکردنیش دەبێ هەر هەرەوەز بکرێ و بە کۆمەڵ کاری بۆ بکرێت (بۆ مەرەزەیەکی پەنجا دۆنمی دەکەس بەلای کەمەوە پێویستە). بۆ ئیش دابەش کردن و سەرپەرشتیکردن و ڕاپەڕاندنی ئیش و کار، پێویست بە (ڕەزار) هەیە، کە جووتیارەکان وەکو براگەورەیەک هەڵیدەبژێرن. بەڵام دروستکردنی ڕێکخراوێکی مەزن و ئاڵۆز پێویستیی نایهێنێتە کایەوە. لە هەورامانیش (میراو) هەیە، بۆ سەرپەرشتیکردنی ئاو دابەش کردن و چارەسەرکردنی گیروگرفتی کار[19].

نموونەی هەورامان، کە سرووشت هێناویەتیە کایەوە، ئاوزۆری و زەوی کەمی و ئەزموون و بەهرەمەندی زۆر درووستیکردوون، لە کوردستاندا وێنەی یەکجار کەمە. بە پێچەوانەوە، ئەو شوێنانەی بۆ کشتوکاڵ بەگشتی پشت بە ئاوی باران دەبەستن فراوانترن و ئەمەش هۆیەکی ماندەری ژیانی کۆچەری بووە، کە لەسەر بناغەی ئابووریی ئاژەڵبەخێوکردن هاتۆتە دی ..هەر ئەمەش هۆی کشتوکاڵی

وەرزییەو بە شێوەیەکی دیاری کراو سوود لە زەوی بەپیت وەردەگیرێت.

شەرەفخانی بدلیسی کە بە کوردستاندا گەڕاوە و جێگەی تریش بینیوە، خاکی کوردستانی بەکرێن و بێ ئاو هاتوتە بەرچاو. دیارە ئەمەشی بە هۆیەکی نەداری و کەمدەرامەتی خەڵکەکە لەبەرچاو گرتووە(٢٠):

«خاکی کوردستان بە لورستانیشەوە بەشی زۆری رەقەن و چڕ و لێرەوارە و نەرمانی ئەوەندە نییە، کە بەرهەم و دەرامەتی کشتوکاڵی دانیشتوانی هەموو بە تەسەلی تێر بکا. سەبارەت بە رژد و کراڵی زەوی و زارەکەیان کورد لەچاو دەر و دراوسێکانیان هەژار و نەدارن»(٢١). ئەم قسانە هی کەسێک نین هەروا بە گۆترە بەسەر زاریا هاتبێت و سەرنجی وردی دەورووبەکەی خۆیی نەدابێت، بەڵکو هی کەسێکی دنیادیدەی شارەزای بەرچاو روون و بەئاگا بوون. لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ بۆی هەیە نیشانەی پرسیاری بخاتە سەر و هەوڵ بدات بەگوێرەی توانا و بۆ لوان بەدوای سەرچاوەو فاکت و ئەژماردا بگەڕێ و بۆچوونەکەی خۆی بسەلمێنێ. ئەز نە هێندە سەرچاوەم لەبەردەستایە و نە شارەزای زانستی ئابووریم ، نە هێندەش بەختەوەرم، گەڕان بە دوای زانیاریدا پیشەم بێت. سەرنجەکانیشم لەم رووەوە تەنیا شوێنپێ هەڵگرتنی شەرەفخانە و هیچی تر و بریا یەکێک توانیبای بەتێروتەسەلی لەسەر ئەم خاڵە بنووسێ.

کتێبەکەی حەمدوڵڵای مستەوفیی قەزوینی (١٢٨١-١٣٤٩) «نزهة القلوب» کە بە کتێبێکی جوگرافی دادەنرێ و لە ساڵی ٧٤٠ک (١٣٤٠ز) نووسراوە، سەرچاوەیەکی ئابووریی گرنگە و میقداری باجی ساڵانەی ناوچە کوردنشینەکانیشی تۆمارکرووە کە لە سەردەمی مەغولەکاندا کۆکراوەتەوە و رەوانەی (مستوفي الممالك) کراوە. ئەگەرچی ماوەی نێوان هەر دوو کتێبەکە ٢٥٧ ساڵە و ئەمەش بە هەموو حیسابێک زۆرە، بەڵام مرۆڤ لە کاتی خنکاندا پەلاماری پووش و پەڵاشی لێواری ئاو دەدات، منیش ناچارم بگەڕێمەوە سەر «نزهة القلوب»، چونکە لە لایەکەوە سەرچاوەی ترم بەدەستەوە نییە و لە لایەکی تریشەوە بڕواناکەم گۆڕانکارییە ئابووری و سیاسییەکان هێندە بنەڕەتی بوو بن، کە سەرجەمی هاوکێشەکەیانی سەروبن کردبێت.

قەزوینی لەبن دوو سەردێڕدا (دیار بکر و ربیعە، بقاع کوردستان) نێوی زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی هێناوە و باجی ساڵانەیان و بەرهەمی کشتوکاڵی گرنگ (گەنم، لۆکە، ...) ..هتد. سەبارەت دیاربەکر دیار ربیعە دەڵێ:

«حقوق دیوانی آن مملکت در عهد أتابکان تا زمان بدرالدین لؤلؤ مبلغ یك هزار تومان

بوده أست وأکنون صـــد و نود و دو تومـــان ونیم.»[٢٢].

دەربارەی (بقاع کردستان)یش بەم شێوەیەی خوارەوە دەنووسێ:

«حقوق دیوانیش در زمان سلیمان شاه أبوة قـــریب دویست تومـــان أین زمـــان بوده أست وأکنون بیست تومان و یکهزار پانصد دینار بر روی دفتر أست ..»[٢٣].

پاشان نێوی یەک بە یەکی شار و شارۆچکەکانی ئەو زەمانە نووسراوە و میقداری باجی ساڵانەیان. هەر بۆ نموونە لە بەشی یەکەمدا باسی (دیار بەکر) و شاری ئەربیل (هەولێر) هاتووە، کە داهاتی دانەوێڵە و لۆکەی چاک بووە و باجی ساڵانەشی ٢٢٠٠٠ بیست و دوو هەزار دینار بووە. ئامەد ٣٠٠٠٠ سی هەزار دینار. شاری سەعرەد (ساعرد) کە شارێکی گەورە بووە ب.س ١٤٦٥٠٠ دینار بووە.. سەیر ئەوەیە ب.س شاری سنجار ١٤٧٥٠٠ دینار بووە و شاری عەمادییەش کە بە شارێکی گەورە ناوی هاتووە ب.س ٦٨٠٠٠ دینار بووە..هتد.

پێویستە ئەوەش بزانرێت:

١ تومان = ١٠٠٠٠ دینار بووە[٢٤].

١٠٠٠ تومان = ١٠ ملیۆن دینار بووە[٢٥].

ئەگەر مرۆڤ رێک و رەوان بیەوێ لەم ژمارانەی قەزوینی[٢٦] تێ بگات، چاکتر وایە بەراوردی لەگەڵ خشتەکەی پیترۆشێفسکی بکات و تومانەکان بۆ دیناری ئەو زەمانە بگۆرێت:

| ولایەتەکانی دەوڵەتی ئیلخانییەکان | دیوانی مالیات پێش دەورانی ئیلخانییەکان | لە کاتی ئیلخانییەکاندا |
|---|---|---|
| دیار بەکر و دیار ربیعە | ١٠٠٠٠٠٠ دینار | ١٩٢٥٠٠٠ دینار |
| کوردستانی رۆژهەڵات | ٢٠٠٠٠٠٠ دینار | ٢٠١٥٠٠ دینار |

بێگومان ئەگەر بێت باجی ساڵانەی ناوچەجیاجیاکانی کوردستان پێکەوە لەگەڵ باجی ساڵانەی شوێنەکانیتر بەراورد بکرێن، کە ئەوانیش لە بن دەسەڵاتی ئیلخانییەکاندا بوون وەکو:

عێراقی عەرەب = ٣٠ ملیۆن دینار پێش هاتنی ئیلخانییەکان.

عێراقی عەجەم = ٢٥ ملیۆن دینار پێش هاتنی ئیلخانییەکان.

ئازەربایجان = ٢٠ ملیۆن دینار پێش هاتنی ئیلخانییەکان.

دەبینین باجی ساڵانەی کوردستان کەم بووە لەچاو شوێنەکانی تردا، بەڵام لەچاو شوێنی وەکو گورجستان و ئەرمەنستان و خوزستاندا، بە لە بەرچاوگرتنی روو پێوی ئەو ناوچانە کە تا رادەیەک بچووکن، لە چاو رووپێوی گشتیی کوردستاندا زۆر بووە.. هتد[٢٧].

قسەکانی قەزوینی ئەو راستییە تاڵە

دەسەلمێنی کە مامۆستا مەسعوود محەمەد نێوی «لەبەررۆشنتی ئابووری - نزیف أقتصادي» بەسەردا بڕیوە، کە پرۆسەی ماشینەوەی داهاتی کوردستانە بۆ ناوەندی ئەو وڵاتانەی توانیویانە بە شێوەی عەسکەری - سیاسی بەشێک لە خاکی کوردستان بە دەوڵەتەکەیانەوە گرێبدەن و لە چوارچێوەی کۆلۆنی یا نیمچە کۆلۆنیدا بیهێڵنەوە و ئەم دەست و ئەو دەستی پێ بکەن. دەوڵەتە مەرکەزییەکان بە نێو و قەبارە و شێوە حوکم و شێوەی تاڵان و رووتاندنەوە و ..هتد گۆڕاون، بەڵام بارودۆخی داگیرکراوی و بندەستێتی کوردستان وەکو خۆی ماوەتەوەو ساڵ بە ساڵیش، لەگەڵ توند و چڕبوونەوەی سیستێمی ناوەندی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا: ئازادی و سەربەستی سیاسی پتر لە دەست چووە و رادەی هەژاری و چەوساندنەوەش لەچاو جاراندا بەهێزتر بووە[٢٨].

بەداخەوە پاش حەمدوڵلا هیچ «مستوفي» یەکی‌تر داهاتی ساڵانەی خەزێنەی دەوڵەتی وەکو کتێب تۆمارنەکردووە و تا ئەمڕۆش کەس نازانێ لە داهاتی کوردستان چەندی رەوانەی ناوەند دەکرێت و چ رووتاندنەوە و تاڵانکردنێکی رێکخراو و درندانە لە کوردستاندا دەکرێ و کەسیش مافی چکۆلەترین رەخنەی نییە. گەلی کوردیش بە ئاغا و سەپانیەوە، بە سەرمایەدار و کرێکاریەوە، بە گوێرەی «یاسای گورگ و مەڕ» دزیی ئاشکرای لێ دەکرێ و سووکایەتیی پێ دەکرێ و بە گوێرەی هەمان «یاسا» مافی دەنگ بەرز کردنەوەی نییە.

ئەم لاوازیی بەرهەمهێنانە لە هەموو لایەنێکی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا رەنگی‌داوەتەوە. لەم هەلومەرجەشدا، پێویستیی دامەزراندنی ژیاری و کولتووری و سیاسیی بەهێز نایەتەپێشەوە. هەر ئەم هەلومەرجانەش زەمینەی پەرەسەندنی داوودەزگای میرنشینەکانی خۆش‌نەکردووە، سنوورەکانیان بیەزێنن و بنەمای دەوڵەتی سەرانسەری فەراهەمکەن.

ئەگەر سەیرێکی مێژووی عەسکەریی میرنشینە کوردەکان بکرێ، بە زەقی ئەوە بەرچاودەکەوێ، کە هێز و توانای سەربازییان بە شێوەیەکی گشتی لە ئاستی ئەوە نەبووە کەلەمکێشی لەگەڵ هێزی چەکداری دەوڵەتە ناوەندییەکاندا بکات، مەگەر ئەو دەوڵەتە لە کاتی داتەپین و لێکترازان و گێژاوی قووڵدا بووبێت. کەم میری کورد توانیویەتی سوپای بیست هەزاری پێکەوە بنێ، دیارە خەزێنەی میر هێندە پڕ نەبووە نان و تفاقی سوپای گەورە بدات. هەر بۆیە میرە کوردەکان هێندە زاڵم و دڵڕەق و بێ بەزەیی بوون، چونکە باج و سەرانە و مەڕانە و ..هتد. بەشی

هەواڵنامەی کتێب

بەڕێوەبردنی لەشکر و بنیاتنانی کۆشک و تەلار و ئاهەنگ و میوانی و ڕابواردنی ژیانی چینی ئۆرۆستۆکراتیی کوردی نەکردووە، مەگەر بە تۆپزی و قەمچی و زەبروزەنگ. شێوازی زەبروزەنگیش هەمیشە ئەنجامی نیگەتیڤی خۆی هەبووە و بە بەردەوامی ناڕەزایی و دوو بەرەکیی درووست کردووە و برا پەلاماری سوپاو دەسەڵاتی برای داوە و کوڕ لە باب هەڵگەڕاوەتەوە و خوێنی یەکتریان ڕشتووە. زۆر جار خەڵکی ڕەش و ڕووت توانیویانە دەسەڵاتی میرێک هەڵتەکێنن یا بە تەواوی تەنگی پێ هەڵچنن. مێژووی میرنشینی ئەردەلان، هەر لە سەرەتاوە تا ئاوابوونی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێ. ئەو چیرۆکەی سەبارەت ئەمانوڵلاخانی گەورە (١٧٩٩ - ١٨٢٤) کە ڕادەی سووربوونی کۆمەڵانی خەڵک لەسەر دژایەتیی والی پیشان دەدات، لەم بارەیەوە شێخ محەمەدی مەردۆخیی کوردستانی دەنووسێ:

«کاتێ کە والی خۆی هاتە دەرەوە و سەیری دەشت و کێوی چوارباخ و پیر محەمەد دەکات، کە لە جۆش و خرۆشی خەڵک و زۆری زوڵم لێکراوان ڕەش دەکاتەوە و ژمارەی دەست و پەیوەندەکانی والی بە پەنجا کەس ناگات. لە داخا داوای قلیان دەکات و نوقمی دەریای بیرکردنەوەی دەبێت. پاش ماوەیەک بیر و خەیاڵ و ئەنجامی نائومێدی ئەم چوارخشتەکییە لەسەر کاغەز دەنووسێ:

أز جوشش و كثرت سياهى
تن گشته نحيف و چهره كاهى
أز خلق أميد قطع گشته
مانده به عطوفت الهى

پاش ئەم چوارخشتەکییە فرمێسک بە چاویا دێتە خوارێ و دڵۆپەیەک فرمێسک دەتکێتە سەر وشەی «سیاهی» و دەیکوژێنێتەوە[٢٩]. بە گوێرەی مێژووەکەی ماه شەرەفخانم (مەستوورە) دڵۆپەی ئاوی قلیانەکە دەتکێتە سەر وشەی (سیاهی) دەیکوژێنێتەوە دەیکاتە «سپاهی»[٣٠] ئیدی والیش دەزانێ چۆن «سوپا»یەکی بەهێز بەیەکەوە بنێ و سەرکوتی ناڕازییان بکات. ئەمەش لەگەڵ لۆجیکی بیرکردنەوەی دەسەڵاتداراندا لە هەموو شوێنێکی ئەم دونیایە دەگونجێ، واتە: درووستکردنی داوودەزگای داپڵۆسین و سەرکوتکردن، نەک شیعر نووسین و فرمێسک وەراندن[٣١].

پێویستە ڕەچاوی ئەوەش بکرێ، کە هۆی بنەڕەتی بۆ درووستنەبوونی دەوڵەتێکی سەرانسەری، نابێ لە هەلومەرجی مێژوویی جیابکرێتەوە. ئەو هۆیە جوگرافی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی باسمان لێوە کردن سنووری کارتێکردنیان تا ئێوارەی پێش تەقینەوەی جەنگی جیهانی یەکەم بڕی کردووە، واتە نەبوونی یا درووستنەبوونی

هەواڵنامەی کتێب

بنەمای ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی، کە بۆ سەرکەوتنی بزاڤی نەتەوەیی پێویستن. واتە ئەگەر ئەم بنەمایە هەبوایە، داوودەزگای سیاسی و کۆمەڵایەتی پێویستیش دروست دەبوون، بۆ مسۆگەرکردنی وەرگرتنی مافی چارەنووس، ئەگەر پێش وەخت، ترازان لە گیانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و قاجاری نە هاتایەتەدی.

ئەوەشمان بیر نەچێ: هەڵوەشانەوە و لە نێوبردنی بەزەبروزەنگی میرنشینە کوردەکان لە ناوەڕاستی سەدەی ١٩دا، نەهێشتن و قەلاچۆکردنی گرنگترین داوودەزگای سیاسی بووە، واتە تێکدان و داتەپاندنی ئینستیتووتە Institution سیاسییەکان بووە، کە مێژوویەکی سەدان ساڵەی ویستووە بۆ درووست بوونی، بە خۆشی بێ یا ناخۆشی، دەسەڵاتی خۆی هەبووە و توانیویەتی کاروباری خەڵک بەڕێوەبەرێ و جۆرە شەرعیەتێکی Legitimation هەبێ کە جێگەی بڕوای خەڵکی ئەو سەردەمە بێت[٣٢].

لە جەنگی جیهانیی یەکەم بەدواوە رادەی کارتێکردنی هێزە دەرەکییەکان دێتە ریزی پێشەوە، بۆ بەرەوپێشەوەنەچوون و سەرنەکەوتنی بزووتنەوەی رزگاری گەلی کورد. دابەشکردنی خاکی کوردستان، بەگوێرەی پەیمانی سایکس - بیکۆ، پرۆژەیەکی کۆلۆنیالستی بووە، کە بەرژەوەندیی هێزە دەرەکییەکان پێش هەموو شتێ رەچاو کراوە، نەک حەز و ئارەزووی گەلان. بەرژەوەندی و قازانجی هێزە کۆلۆنیالستەکان، لەگەڵ بەرژەوەندی و قازانجی ئەو دەوڵەتە تازە و کۆنانەدا گونجاوە، کە خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە. واتە ئەم دەسەڵات سپاردنەی هێزە ئیمپریالیستەکان، بەو هێزانەی کوردستانیان خراوەتە بن دەست، بۆتە «ئەرکێکی هێندە پیرۆز» کە هیچ مرۆڤێک بۆی نییە نیشانەی پرسیاری بخاتە سەر. بێگومان ئەگەر ئینگلیز و فەرەنسا بیانویستایە یا راستر بنووسم بەرژەوەندییان لەگەڵ دانانی دەوڵەتێکی سەرانسەریدا بۆ کورد هەبوایە، ئەوا جێبەجێیان‌دەکرد و قوربان بە دەم هێزەکانی تری ناوچەکەدا دەدات و ئێستا کەس نەیدەتوانی نیشانەی پرسیار لەسەر بوونی دەوڵەتی کوردستان دانێ.

ئەمڕۆش باری کوردستان وا کەوتووە، کە هێزە دەرەکییەکان چاویان لە سوود و بەرژەوەندی ئێستایان بێت، لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بە زۆرە ملێ داگیر کردووە و ئەو پرۆژەیە بە خەون و خەیاڵبازی دانێن کە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان بە ئاوات دەخوازێ. چۆلەکەیەکی نێو دەست بە دە کۆتری سەر گوێسەبانە ناگۆڕنەوە، نەک لەبەر چاوی کاڵی ئەو دەوڵەتانە، بەڵکوو جێ بەجێ کردنی پرۆژەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان، ئەرکێکی یەکجار زۆری

دەوێ و رەنگە قازانجێکی زۆر گەورە و بەرچاو بە بەرژەوەندیی ئەوان لە ناوچەکەدا نەگەیێنێ .. سەرەڕای ئەمانەش سرووشتی نەتەوەیی - ئێتنی، چینایەتی، ئایینی، کولتووری چەوسێنەرانە و ناڕەوایانەی ئەو دەوڵەتانە زۆر جیاوازییەکی گەورەی، بەلای کەمەوە، لە هێڵە سەرەکییەکاندا، لەگەڵ رژێمەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا نییە، کە خاکی کوردستانیان داگیر کردووە - کۆلۆنیزە کردن - بۆیە چەوساندنەوە و سەرکوت کردن و تواندنەوەی گەلی کوردیش زۆر بەسەر سووڕمانەوە سەیر ناکرێ، هەر وەکو خەڵکی کورد چاوەڕوانیان لێ دەکات.

ئەگەر هێزە سیاسییە کوردەکان بە دروشم و کردەوە، بۆ تێکهەڵوەشاندنەوەی پرۆژەی کۆلۆنیالستی هەنگاویان بنایەو لایەنگری سیستێمی سەنترالی نەبوونایە و چاویان هەمیشە لە مافی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بوایە، ئەم پرۆژەیە بۆی هەبوو، رۆژێ لە رۆژان، دوور بێت یا نزیک وەکو de facto خۆی بسەپێنێ و بەرە بەرە گوێی داگیرکەرانی کوردستانی لەسەر رابێت و هێزە دەرەکییەکانیش چاوێک بە سیاسەتی دەرەوەیاندا بەرامبەر کورد بخشێنن.. ئەم هێزانە لەبەر ستراتیج و درووشمەکانی ئێستای بزووتنەوەی رزگاری گەلی کورد، کێشەکەی وەکو کێشەیەکی ناوخۆیی پڕ سەرئێشەی بێ بەر و ئەنجام سەیر دەکەن و نایانەوێ لەسەر دوارۆژی کاری بێ ئەنجام کایە بکەن و زەرەر لە بەرژەوەندیی ئێستای خۆیان بدەن. بۆیە بە کردەوەش دەبێ هەوڵی «ماڵ جیایی» بدرێ، هەنگاو بۆ دامەزراندنی داوودەزگای سەر بەخۆی کوردی بنرێ، کە وردە وردە جێگەی ئینستیتووتەکانی Institution دەوڵەتی مەرکەزی بگرێتەوە، ئەگەر بڕیاری چارەنووس، لە پڕێک نەیەتە دی، با بە کاوەخۆ سەر هەڵدات. بەڵام پشت گوێ خستن و لە بیر بردنەوەی، رازی بوونە بە تووانەوە و لەناوچوونی گەلی کورد.

## پەراوێز

(١) ئەم نووسینە بەشێکە لە کتێبێک کە بە ئەڵمانی نووسراوە و چاوەڕوانی چاپ دەکات و لەبەر ئەوەی ئەسڵەکەی بۆ خوێنەری ئەڵمان نووسراوە و رەچاوی زمانی سۆسیۆلۆگی کراوە، داڕشتنە کوردییەکەی کارێکی ئاسان نییە، چونکە لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆگی هەر زۆر کەمە و چەمک و زاراوەی تایبەتیش نەهاتوتە کایەوە، کە خوێنەری کوردیش لە گەڵیا راهاتبێت. بۆیە نووسەر ویستویەتی بە زمانێکی ئاسان و روون لێکۆڵینەوەکە داڕێژێتەوە. کتێبەکەش ناوی
Die kurdische Befreiungsbewegung zwischen stammeskultur und rung Politischer Erneuerung.

هەواڵنامەی کتێب

(٢) یوسف، عبدالرقیب: الدولة الدوستکیة. بغداد، ١٩٧٢، ج١ص١٢٠ـ١٤٠.

(٣) پاشا کۆرە پێشنیاری ئەوەی بۆ کراوە ببێتە والی بەغدا و ئەو پێشنیارەکەی بە دڵ نەبووە و هەر سووربووە لەسەر دەست بە سەراگرتنی میرنشینە کوردییەکانی‌تر
Vgl. Nebez, Jamal-eddin: Der Kurdishe Fürst Mir Muhammad Rawandizi (Diss). Hamburg 1970, S.98 ff.

– نەبەز، جەمال: بیری نەتەوەیی کوردی ستۆکهۆلم، ١٩٨٤، بنکەی چاپەمەنیی ئازاد، ل٣٦.

(٤) بدلیسی، شەرفخان: شرفنامه (ناشر محمد عباس). تهران، ١٣٤٣ (١٩٦٦)، ص٣١.

(٥) مامۆستا هەژاری موکریانی بە ئەغزی زانیوە نەقڵەکەی مەولانا سەعدەدین خاوەنی (تاج التواریخ) بۆ کوردی وەرگێڕێ و شوێنەکەی بە بەتاڵی بەجێ هێشتووە. بڕوانە: بدلیس، شەرفخان: شەرەفنامە (وەرگێڕانی هەژاری موکریانی) چ٢، تاران، ١٩٨١، ل٢٨.

(6) Kendal: Die Kurden unter der Osmanischen Herrschaft. In: Kurdistan und die Kurden. Bd.1, Reihe: Pogrom. Göttingen. 1984, 46f.

کۆمەڵناسی تورکی مرۆڤپەروەری ناسراو ئیسماعیل بێشکچی ژیانی کۆچەرایەتی و عەشرەتگەری بەسۆنگەی درووستنەبوونی دەوڵەتی سەرانسەری داناوە و لەم رووەوە لەگەڵ کەنداڵدا یەک دەگرێتەوە.
Besikci, Ismail: Kurdistan - Internationale Kolonie. Frankfurt 1991, S.184 ff.

(٧) محەمەد، مەسعوود: حاجی قادری کۆیی. بەغدا ١٩٧٣، بەشی یەکەم. ل٣٨٧.

(٨) هـ.س. ل٣٩٦.

(٩) ئەم چەمکە لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆ و مشت و مڕەی نێوان تیۆرسیۆنە مارکسییەکانەوە هاتۆتەکایەوە دەربارەی هەندێ سەرنج و تێبینیی مارکس و ئینگڵز لەسەر گەشەکردنی کۆمەڵی رۆژهەڵات و بەراوردکردنی لەگەڵ رۆژئاوادا. هەر بۆ نموونە لە نامەیەکی ئینگڵز بۆ مارکس ٦ حوزەیرانی ١٨٥٣دا نەبوونی موڵکایەتیی زەوی بە کلیلی هەموو رۆژهەڵات داناوە .. هتد.
MEGA. Engels an Marx. 6. Juni 1853. Berlin. 1987, S.189.

(١٠) عبدالرضا، ماجد: القضية الكردية في العراق. بغداد، ١٩٧٥، ط١، ص٢٦–٢٧.

(١١) أحمد، فاضل كريم: العوامل التي أدت الى سيادة اللهجة الگورانية. في: الثقافة. بغداد ١٩٧٣، ع١١، ص٩٤.

ئەو کاتە رەخنەم لە شێوەی لێکدانەوەی یەک لایەنی گرتبوو، بە شێوەی پێچ و پەناش بۆچوونەکانی ئێستام دەربڕیبوو.

هەواڵنامەی کتێب

(١٢) ئەم زاراوەیە دەمێکە کراوەتە عەرەبی و بە ناوی «الأستبداد الشرقي»وە ڕۆیشتووە. ڤیتفۆگل زاراوەی کەشی بەکارهێناوە بۆ هەمان مەبەست وەکو «بیرۆکراسیی کشتوکاڵ» کە بە عەرەبی دەبێتە «البيروقراطية الزراعية» مەبەستی ڤیتفۆگل لە «دیسپۆتی ڕۆژهەڵاتی» ئەوەیە، لە ڕۆژهەڵاتدا ئەوانەی دەزگا و دەسەڵاتی دەوڵەتیان لە بن دەستایە چینی دەسەڵاتدار پێکدەهێنن، نەک خاوەن مۆڵکە گەورەکان..هتد.

Wittfogel, Karl A.: Die Orientalische Despotie, Köln / Berlin 1962. S. 27

(13) Wittfogel, Karl A (Ibid) S.25 ff.

(١٤) خصباك، د. شاكر: العراق الشمالي، بغداد ١٩٧٣، ص٣٩.

(١٥) خصباك، د. شاكر: الأكراد. بغداد، ١٩٧٢، ص٥٣.

(16) Kandal: (Ibid) S.47.

(17) EDMONDS, C. J : Kurds, Turks and Arabs London 1957, P. 169.

(١٨) لە زەنگابادا شوێنەواری زۆر کۆن هەیە وەکو تەپەی کلاّن و شێلان، کە نیشانەی ئەوەن هەر لە زۆر کۆنەوە لەم ناوچەیە ئاوەدانی هەبوویێت. جێگەی داخە تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ئەرکەلۆجی لەسەر ئەم گردە دەسکردانە نەنووسراون. دانیشتوانی ناوچەکەش زەرەرێکی یەکجار گەورەیان بەم شوێنەوارانە گەیاندووە و خشتەکانیان لە دیوارەکان دەرهێناوە و بۆ خانووبەرووستکردن گوێزراونەتەوە و هەرچی گۆزەش دەستی منالاّن کەوتبێ بۆ نیشانەی بەردەفڕکێ دانراون.

(١٩) دانیشتنێک لەگەڵ کاک مەردان غەیدان لە دانیشتووی کوڵەجۆ بووە، ڕۆژی ١٢/١٠/١٩٩١.

(٢٠) دەبێ دیاردەی وشکی و کەم بارانی و ڕووتانەوەی شاخ و کێوەکان لە دارستان و لێڕەوار و ترمبوونەوەی ڕادەی بەرهەمی کشتوکاڵی بەهۆی بێ ئاوییەوە، پەیوەندیی بە مێژووی نوێوە هەبێ. ئەنترۆپۆلۆگێکی ئەڵەمان کە ناوی نیگۆن فۆن ئایکشتێتە لەو بڕوایەدایە کە لە مێژووی کۆندا کوردستان وڵاتێکی خاوەن ژیاری پێشکەوتوو بوویێت بەهۆی زۆریی ئاووباران، جەنگەڵ و دارستانی چڕ و ژمارەی دانیشتوانیشی زۆرتر بووە. پێش گۆڕانی ئاووهەوا، کە بنەمای ژیانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیشی شێواندووە و شێوەی ژیاری شەقڵێکی‌تری وەرگرتووە. دیارە هەڵەیەکی گەورەیە گەر تێکچوون و تێکشکانی سیاسی و عەسکەریی کورد، تەنیا بگەڕێنرێتەوە بۆ فاکتۆری دەرەکی واتە هێرش و پەلاماری سوپای

دەوڵەتەکانی دراوسێ، کە رادەی وێرانی و ماڵکاولی فراوانتر کردووە و نالەبارترکردووە. شایانی باسە ئایکشتێت سەبارەت دەوری میدییەکان لە یەکخستنی زمانی کوردی و خۆناسینەوەی تایبەتی هەندێ بەڵگەی ئەنترۆپۆلۆگی بەهێزی هێناوەتەوە، کە داخەکەم کوردناسەکان بە وردی سەرنجیان نەداوەتێ.

Eickstedt, Egon von: Türken, Kurden und Iraner seit dem Altertum. stuttgart. 1961. 51 ff.

(٢١) بدليس، شرفخان (هـ.م)، ص٣٤.

(٢٢) مستوفی، حمدالله: نزهة القلوب (باهتمام وتصحيح: گای ليسترانج) تهران ١٣٦٢ (١٩٨١)، چ١، ص١٠٢.

(٢٣) مستوفی، حمدالله (هـ.م)، ص١٠٧.

(٢٤) پطروشفسكی، ا.پ: تأريخ أجتماعی- أقتصادی إيران در دوره‌ء مغول. ترجمه‌ء د.يعقوب آژند. تهران ١٣٦٦، ص٧٧.

(٢٥) ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ هەندێ فاکتی ئابووری لەسەر سەدەی ١٦ بدۆزنەوە، دەتوانن سوود لە هەندێ تێبینی وردی شەرەفخان وەربگرن. ئەو دەنووسێ ١٠٠ تومان کە دەکاتە ٢٠٠٠٠ دوو سەد هەزار ئاقچەی دراوی عوسمانی (شرفنامە / عباس ص٥٧١ شەرفنامە/ هەژار ل٧٧٤). بۆ زانینی بەهای ئاقچەیەک نووسیویەتی «باری داری قەڵاشکەری ئەوەندەی ئێستر هەڵدەگرێ نرخی درهەمێکی زیوە کە دەکاتە دوازدە ئاقچە ش/هـ لخ٦٦» ئاقچەیەک = دراوێکی زیو بووە و سەنگی ٤٦٢,٠٠ گرام بووە لە سەردەمی سوڵتان مورادی سێیەم (١٥٧٤-١٥٩٥)دا. هێزی کڕینی ئاقچەیەک Die Kaufkraft ئەگەر بە نرخی گەنم لەبەرچاو بگیرێت ١کیلە Kile (نزیکەی ٢٥.٦ کیلوگرام بووە) گەنم بە ٨ هەشت ئاقچەبووە.

Bruinessen, M.M. van: Agha, Scheich und staat Berlin, 1989. S. 478.

(٢٦) پطروشفسكی.پ.ا (هـ.م)، ص٢١و٢٢.

(٢٧) دکتۆر عەبدولرەحمان قاسملووی رەحمەتی لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەم ژمارانە کردووە، بەبێ ئەوەی هیچ بەراوردێک لە نێوان کوردستان و شوێنەکانیتردا بکات. لەوە دەچێ ئەو پتر لێکۆڵینەوەکانی پیترۆشێڤسکی لەبەرچاوگرتبێت وسەرچاوە ئەسڵییەکانی تری پشت گوێ خستبێت.. قاسملو، عبد الرحمن: کوردستان و کورد: لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی و ئابووری. و.عبدالله زادە. (بێ شوێنی بڵاوکردنەوە) ١٩٧٣. ل١٢٢.

(٢٨) ئەو رستەیەی أبن حوقل لە کتێبی (صورة الارض) ساڵی ٩٨٢ز سەبارەت

هەوراز نامەی کتێب

شاری جزیرە نووسیویەتی:
(بها تجارة دائمة لو ترکها السلاطین وربح مطرد لو لم یجر فیها حکم الشیاطین والخوارج) ص٢٠٢-٢٠٣.
هەر دەڵێی ساڵی ١٩٨٢ یا ١٩٩٢ نووسراوە و هیچ گۆڕانێکی بنەڕەتی لە رەوتی «سلاطین و شیاطین» رووی نەداوە، تەنیا هەندێ شتی رووکەش و لاوەکی نەبێ. ئەم حوکمە بۆی هەیە نەک تەنیا بەسەر شاری جزیرەدا، بەڵکو بەسەر هەموو شار و لادێکانی کوردستاندا بدرێ.

(٢٩) کردستانی، شیخ محمد مردوخ: تأریخ کرد و کردستان و (توابع). جلد٢، چ٣، (شوێن و کاتی چاپ نەنووسراون) ص١٥١.

(٣٠) کوردستانی، مەستوورەی: مێژووی ئەردەڵان (لە فارسییەوە بۆ کوردی د.حسن جاف و شکور مصطفی)، چ١، بەغداد ١٩٨٩، ل١٧٣.

(٣١) دوا والی ئەردەڵان ئامانوڵڵا خانی دووەم کە بە «غلامشاه خان» ناوی رۆیشتووە، پاش مردنی هەشتا هەزار تومان قەرزار بووە، کە بۆ ئەو زەمانە پارەیەکی زۆر بووە.. ئیدی نامەوێ باسی قەڵا و دەربارەی میر و میران بکەم و بەراوردکردنیشی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی رۆژاوایی و رۆژهەڵاتی (لەهەمان پلە و پایەدا) زیادمیە.
بروانە: کردستانی، علی أکبر و قایع نگار: حدیقه ناصریه در جغرافیا و تأریخ کردستان (به تصحیح محمد رئوف توکلی)، تهران ١٣٦٤، ص٢٠٣.

(٣٢) شتێکی رێکەوت نییە کە شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد وەکو نالی و سالم و حاجی قادری کۆیی و شیخ رەزای تاڵەبانی بەو هەموو سۆز و پەرۆشی رۆمانسییەتەوە شیعریان لەسەر رووخان و پاشاگەردانیی بابانەکان نووسیوە. مەسەلەکە هەر دۆستایەتی و ئاشنایەتی نالی و سالم و کوردی نەبووە لەگەڵ میرو چینی ئۆرستۆکراتی کورد، بەڵکوو بۆشایی درووستکردنی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتی بووە. (لە بەشەکانی تری ئەم کتێبەدا پتر لەسەر ئەم کێشانە دەنووسین).

# چەند لاپەڕەیێ
# کە لە ژووری ئوتێلێکدا دۆزراونەتەوە[١]

## نیو ـ کورتە چیرۆکە

ژاک پرێڤێر
سمکۆ ناکام
لە فەرەنسییەوە کردوویەتی بە کوردی

هەواڵنامەی کتێب

دەستنووسەکەم لەسەر مێزەکەیە، سفتو سپییە، وەک سێ هەفتە لەمەوپێش، یاخود ئەگەر چاکتر بیربکەمەوە وەک شەش مانگ لەمەوپێش وایە، جارێ ڕۆژگار باش زەردی هەڵگەڕاندووە. بلاوبکرێتەوە، بیبرێتە سەرشانۆ یانەبرێتە سەرشانۆ. مەسەلەکە بەلای منەوە ئەمە بوو.

لەگەڵ ئەوەیشدا ئەمڕۆ، پاش دوودڵییەکی زۆر، مل کەچ ئەکەم بۆ ئەوەی ناونیشانەکەی بنووسم:

تاوی کۆرپانە
یاخود دەنگبەیەکنەگەیشتنی
زگماکی نێرومێ

ئەمەیش لەلایێ لەلایەکانەو، منیش لە تاوێ لە تاوە بێکارییەکانمدایە کە ئەچم شوێنی بکەوم: کارێ کە ناهاوتای خۆی بێ.

شانۆنامەیێ کە دەقاودەق یا نادەقاودەق شانۆنامەبێ. چۆن ئەڵێن حەوزێ، خواردنێکی سەرەکی، ژووری خانوویەکی دەوڵەتی، یاخود تۆپەر[٢]. نەخێر بەڵکو جۆرە ئۆراتۆریۆنێکی[٣] دژ بە ئافرەتانەی خودی، کە بێ هیچ گەردی گومانێ بەکەڵکی بردنە سەرشانۆ نایێ، بەلای کەمەوە ئەمڕۆ، بەڵام نەک بۆ بلاوکردنەوە نەشیاو، چونکە ئەگەر لەسەر شانۆ پێشکەش بکرێ رەخنەکان سڵ لەوە ناکەنەوە بڵێن کە پاش هەموو شتێکو هەر لەبەر هەمان شت ئەمە "شانۆ نامەیێکە بۆ خوێندنەوە."

شانۆگەرێی بێ پەردە، بێ دیکۆر، بێ ئەکتەر، بەڵکو زۆر بە سادەیی بە بڵندگۆی نەبینراوەوە، کە نەبیسراوانەو وا دیارە هەر رووکەشانە بیرکردنەوەی نووسەر بێزار

بێژنەکەن، ئەو نووسەرەی لە ناخیدا لە هەستی شێگیر و دڵخەبەردەرانەی برینکولاندنەوەی خۆ بە گوناهبارزانینی باوویاپیرانەی کرنەبێ.

ئەوسا کاری خوێنەر وەک هی بینەر ئەبێ کە تێبگا بۆچی تێ ناگا.

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، لەهەمانکاتدا بێڤیزییەکی بێفەڕ، نابەجێ و یەجگار بەکەڵک لە خۆمدا دەرئەپەڕێنم، کە من تەواو دڵنیام لەوەی ئەم شانۆنامەیە بەمزوانە نەخوێندرێتەوە یاخود لەسەر شانۆ پێشکەش‌نەکرێ، ئەویش بەسەرکەوتنەوە.

بەمزوانە یانی کاتێ ئەدەبێ کە هەندێ جار زۆر بە نەرمی بەلام ژیرانە نازناوی نائەدەب وەرئەگرێ، هەڵدێرابێتە ناو باوبەسەرچوونەوە.

سیمای چاو هەڵخەڵەتێنەی لە خۆێندنەوە نەهاتنی و، خۆماندووکردنی جێی رێز بەلام ناکاریگەری بۆ ئەوەی سەراپا بۆ تێگەیشتن نەشێ نەیپاراستووە لە تاج لەسەرنانی وریا و پیاهەڵدەر، گەرچی برێ کەمدووی پسپۆڕە زۆریە یا بێتاوبەنگەکانی ئەدەب.

لەبەرئەوەی "خۆخلافاندن" بەشێوەیێکی گشتی تاقە بزوێنەری خوێنەر وەک هی بینەر بووە، بۆیە تەنها ئەدەبێکی خالیسی بێزاری ئەتوانێ و ئەبێ لەم خۆخلافاندنە بێخلافێنێ و، ئاگاداری بکا لە کوڵی بەردەوامی یەجگار کەم مانا بەخشیی ئەوەی ئەو خووی پێوە گرتووە ئاساییانە ناوی لێ بنێ ژیانی.

بێزاری راکێشان یا دەرکێشان، هەموو مەسەلەکە لێرەدایە. جا بۆچی منیش سەری هەموو شتێ لەپێناوی هەمووشتێکدا دانەنێم؟

هەموو شتێکیش لە پێناوی هەمووشتێکدا بە لای منەوە "حاڵی نەبوونیزمە".

بۆیە، بێ ئەوەی ئیتر دوودڵبم، دەسبەرداری ناونیشانی کارەکەم ئەبم، تاێرەی یەکێکی تر ئەبینمەوە، ئەم یەکەی تر هیچە.

هیچ و، نابم بەو گورگەی لەلایەن بزن و کارەوە لەخشتەبراوە، چونکە بەدرێژایی سەراپای کارەکە، تۆتێئۆلۆژیانە، (٤)، لاپەڕەی سپی لەپاش لاپەڕەی سپی پیشان ئەدەم(*).

(*) لەگەڵ ئەوەیشدا لە کەناری لاپەڕەکان‌دا چەند پەرارێزێ ئەنووسمەوە، نەک بۆ ئەوەی چراکەی خوێنەر رۆشن بکەمەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی بە ئاگای بێنمەوە کە مۆمەکەی کوژاوەتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

بەڵام ..............................................................................................

...... بەڵام جارێ واز لە نووسینی ئەهێنم، نەک بۆ ئەوەی خۆمی لێبکەمەوە، یاخود گرێ خاوبکەمەوە، ئەمە زاری پینەچییە، بەڵکو بۆ ئەوەی چاوێ بخشێنم بەم ژوورەدا کە تیا ئەنووسم.

بێگومان، چەندەها جار ئەم ژوورەم تەماشاکردووە کە ماوەیێکی درێژ کورتە تیا ئەژیم، بەڵام چۆن تەرازووە باشەکەی ویژدانی پۆلیس ئەبینێ، چاک ئەیهێنێتە بەرچاو و پاشان بەروونی هەمووشت ئاشکرائەکا، ئاوا منیش ئەمەوێ بزانم ئەم ژوورە چییە، سەیری بکەم، بەبەرچاوەمدا تێیپەڕێنم و بیهێنمە بەرچاوم.

لەسەر مێزەکە بەدەستەچەپدا کاغەزێ ڕەشە، کتێبێکی ئاوەلایە، کتێبێ - پێویستە دانی پیابنێم - کە زۆر یارمەتی داوم: "پەیمانی خۆ لەیەک هەڵتەقورتاندنی ژن و پیاو"، لە نووسینی سانت ئۆرگانول.

لە یەکەم نیگاوە، ئەو قاچی مێزەی چەند دەقیقەیەکە تێی ئەڕوانم لەهەموو ڕوویەکەوە هاو دیمەنی سیانەکەی ترە.

لە دووەم نیگاوە، واتا پاش تێپەڕبوونی بڕێ کات، ئەو قاچە شکڵەکەی لەبەر چاوم گۆڕدرا، لەق بوو. ئەمتوانی پێشتر ببینم، ئەشبوو، چونکە مێزەکە شەل بوو، بەڵام چ باک! سەقەتیی گیانلەبەران و شتەکان لەوانەیە لە یەکەم چاوپێکەوتندا بە ڕووتدا بتەقێتەوە، پاشان لە دووەم و سێهەمدا لەبیربچێتەوە.

بەهەرحاڵ لەم ژوورەدا بووم کە ژنێڤییێڤ بەم زوانە ئەهات بۆلام و، لەبەر ئەمە نارەحەتی ئەکردم. مەسەلەکە ئەو کاتە لە کۆتایی نەهاتووە نەبوو کە ئەو هەموو جارێ بەسەریئەبرد بۆ هاتن، مێزە شەلەکەیش نەبوو، بەڵکو لەبەرئەوەبوو کە لەناکاو پێخەفەکەم بە قەمووری دییەوە، ئەوسا بە ڕوونی لێم ئاشکرا بوو: ئوتێلەکە تاک چاوبوو(٥).

ژنێڤییێڤ، چۆنی وەسف کەم؟ پاشان بۆچی؟ وەسفکردنی ژمارە بیست و پێنجەکەی سەر مەدالیا بچکۆلە ئاسنە شۆڕبووەکە بە کونی دەرگاکەدا لای من بایەخێکی لەرادەبەدەر، بەپەلەو ناخۆوبەختانەی هەبوو. ژمارەیێکی بچووکی دووڕەقەمی، دوو یەک و پێنجێ هەڵکەندرابوون. دووەکە کلکی بەرەو سەرەوە چوو بوو، وەک باڵندەیێ - بابڵێین کۆترەشینکەیێ، پێنجەکە کلکی بەرەو خوارەوە چووبوو، ئەویش وەک باڵندەیێ - بابڵێین کۆترەشینکەیەکی تر.

بەدەوری ئەم باڵندانەوە بازنەیێکی بچووکی دەرپۆقیو هەبوو، جۆرە نیشانەیێکی نوورانیتی. بەڵام لەسەر ڕووەکەی ئەو دیوی مەدالیاکە هیچ نەبوو، موتڵەقەن هیچ.

جارێکی تریش ئەم هیچە لای من هەموو شتێ بوو.

بۆیە باڵندەکان، ژنێڤییێڤ یاخود ژوانەکەی

هەواڵنامەی کتێب

هیچ بایەخێکیان لام نەبوو، بەڵکو تا زیاتر بیرم ئەکردەوە وریایانەتر ئەمڕوانی و، پتر لە نادروستیی بەراوردکارییەکانم گومانم ئەکرد.

مێزەکەشەل، پێخەفەکە قەموور و ئوتێلەکە تاک چاوبوو و، بێ هیچ گەردی گومانێ ئەو دووڕەقەمەی چۆن دوودڵۆپ ئاو لەدوو دڵۆپ ئاوی تر ئەچن ئاوا لە باڵندە ئەچوون، کوڵ بوون.

بۆیە باڵندەکانم لەبیرخۆم ئەبردەوە و نقومی تیا رامان لە ڕووەکەی ئەودیوی مەدالیا بچکۆلە ئاسنەکە ئەبووم.

لەوێ ژمارە نەبوو، ڕەقەم نەبوو، باڵندەنەبوو، بەڵکو بێدەنگی، بێناویی سەراپا هەبوو.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر ئەم مەدالیایە ئاوەژوو بە تابلۆی کارگێڕیی ئوتێلەکەدا هەڵواسرابێ، هەرگیز کلیلی کێشەی قاتەکە نادابەدەستەوە.

ئەوسا دووروودرێژ چاوم تێ بڕی، ڕووە نهێنییە کەی، ئاوێنەکەیم بەبەرچاومدا سووڕانەوە، تاتەوەی نیگارێکم تیادی.

بێگومان ئەم نیگارە کەللەی خۆم بوو و، لەتەکیدا لەسەر ئاسنەکە ڕەنگدانەوەیەکم بەرچاوکەوت: ئەوەی دەموچاوی ژنێڤیێف.

لەهەمانکاتیشدا خرەی بۆڵبڕینی سنووقێکی تەختەی بچووک ئەهاتە بەرگوێم. لەپڕ هەمووشت تێگەیشتم: ئوتێلەکە تاک چاو، پێخەفەکە قەموور، مێزەکە شەل، باڵندەکان کوڵ ومنیش کوێربووم!

بەڵێ کوێربووم، چونکە ژنێڤیێف ئیفلیج و لەهەر دوو لاق بێبەش بوو و، ئەم تایبەتێتییە هەرگیز هەرزەترین سەرنجی ڕانەکێشا بووم.

## پەراوێز

(1) Feuillets trouvês dans une chambre d'hôtel in: Jacques Prêvert, Fatras, Gallimards,Paris,1966, PP 199- 205.

(٢) وشەی Piêce – دەقاودەق پارچە – بە مانای پارچەیێ کە ئاوی تێ ئەکرێ (حەوزێ)، پارچەی خواردنێکی چەند قاپی، پارچەی خانوویێ (ژوورێ) یاخود پارچەی تۆپخانەیێ دێ. ئەمە جگە لەو مانایەی: پارچەیێ کە بۆ شانۆ نووسرابێ.

(٣) Oratorio - درامایێکی مۆسیقیی بێ گرێ، کە دەربارەی بابەتێکی ئایینی ئەدوێ.

(٤) Tautiologie - زانستی لێکۆڵینەوەی دوو ڕەوتی جیاواز یا زیاتر کە لە کۆتاییدا هەمان سەرئەنجام ئەدەن بەدەستەوە.

(٥) Hôtel borgnd - بە ئوتێلێ ئەگوترێ کە کارویاری جێی گومانی تیا ئەنجام ئەدرێ.

هەواڵنامەی کتێب

# دێرێک وڵکۆت

## فازیل جاف

خەلاتی نۆبلی ئەمساڵ لە ئەدەبدا بەر شاعیر و دراماتۆرگی ترینیدادی دێرێک وڵکۆت کەوت.

برگەیەکی بڕیارەکەی ئەکادیمیای سویدی کە لەلایەن سکرتێری ئەکادیمیاوە خوێندرایەوە، ئاوا باسی بەرهەمەکانی دێرێک وڵکۆت دەکات:

[بۆ داهێنانێک کە هێزی تیشکدانەوەی مەزنە و پشتی بە تێڕوانینێکی مێژوویی هەڵقوڵاوی خولیایەکی فرەکولتوورانەوە قایمە].

ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسانی سویدی و بیگانە، بە پاڵەپەستۆ خزابوونە ناو یەکدییەوە ... لە پڕ یەکێکیان بە دەنگێکی گڕەوە ئەم پرسیارەی کرد:

– ڕەشە؟

سکرتێری ئەکادیمیاش لە وەڵامدا گوتی:

– دێرێک وڵکۆت ڕەشە پتر لەوەی سپی بێت.

ترینیداد یەکێکە لە کۆمەڵە دوورگەکانی هیندی ڕۆژئاوا کە دەکەوێتە ناوچەرگەی زەریای کارییبەوە. لەم دوورگانەدا گەلێ شاعیر و نووسەری بەناوبانگ هەڵکەوتوون .. داهێنەرانی خەڵکی ئەم دوورگانە توانایان بەسەر چەند زمانێکدا دەشکێ و سەرەڕای زمانی خۆیان ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیسپانیش دەزانن .. دیارە دانیشتووانی ئەم دوورگانە لە چەند تۆخم و ڕەگەز و نەتەوەیەکی جیاجیا پێکهاتوون .. فرەکولتووری سیمایەکی زاڵی ژیانی کۆمەڵایەتیی دوورگەنشینەکانە.

لەو کەڵە شاعیر و نووسەرانەی کە خەڵکی ئەوێن و لە جیهاندا بەناوبانگن، بۆ نموونە سانت–جون پێرس Saint-Johne Perse (١٨٨٧–١٩٧٥)، ئیمیە سیزار Amie Cesaire (١٩١٣)، فرانسز فانون Frantz Fanon، ئەمە لەوانەی کە زمانی نووسینیان فەرەنسییە، لەوانەش کە بە زمانی ئینگلیزی دەنووسن جگە لە دێرێک وڵکۆت، ڤ.س.نایپال V.S.Naipaul ١٩٣٢، کە ئەمڕۆ بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئەدەبی ئینگلیزی مۆدێرن دادەنرێ.

دێرێک وڵکۆت ساڵی ١٩٣٢ لە شاری کاستریسدا لەدایکبووە. ژمارەی دانیشتووانی ئەم شارە (٢٥) هەزار کەسە و سەرجەمی دانیشتوانی ترینیدادیش (٨٠) هەزار کەسە.

### دێرێک وڵکۆتی شاعیر

ئەم شاعیرە تاکو ئێستا خاوەنی حەڤدە

کۆمەڵە شیعرە؛ تاکە یەک دیوانی وڵکۆت کراوەتە سویدی، ئەویش کۆمەڵە شیعری «چراکانی زستانە»... هەر بۆیە، وڵکۆت لە وڵاتێکی وەکو سویددا پێش ئەم خەڵاتی نۆبڵە ئەوەندە بەناوبانگ نەبوو.

ئەو ئەکتەرانەی کە هاوینی ئەمساڵ لەگەڵ دیرێک وڵکۆتدا کاریان‌دەکرد، دەگێڕنەوە کە ئەگەر باسی نۆبڵ بهاتایەتەپێشێ، وڵکوت ئاوای دەگوت:

- با بزانین ئەم ڕۆڵیتەی سوید، ئەمساڵ بەسەر کێوە دەنیشێتەوە.

کاتێکیش کە مژدەی خەڵاتی نۆبڵی بە تەلیفۆن پێ ڕاگەێنرا، بە سەرسامییەوە گوتی:

- بۆچی بەتایبەت بۆ من؟ لە من شایستەتر هەیە.

لە وەڵامی پرسیارێکی ئاژانسی دەنگوباسی ڕۆیتەردا، وەرگرتنی خەڵاتەکەی بە سەرکەوتنێک بۆ ئەدەبی هیندیی‌ڕۆژئاوا لە قەڵەمدا.

- لە هەموو شتێ گرنگتر ئەوەیە کە لە جیهاندا دان بە ئەدەبی هیندیی‌ڕۆژئاوا دانرا.. ئەمە شتێکی باش بوو.

گەلێ لە شاعیران و نووسەرانی ئەمرۆ ڕێز لە بەرهەم و داهێنانی دیرێک وڵکۆت دەگرن.. خۆ ئەوەندەی بەسە کە شاعیرێکی گەورەی ئەم سەدەیە، برۆدسکی یەکێ بووە لەوانەی کە بە هەموو توانایەکیەوە پاڵپشتی لە ناوی وڵکۆت کردووە و داکۆکی لەوە کردووە کە بە بەخشینی خەڵاتی نۆبڵ ڕێزی لێ بگیرێ.

دیرێک وڵکۆت یەکەم کۆمەڵە شیعری لە تەمەنی هەژدە ساڵی و لەسەر حیسابی خۆی لە چاپ داوە. بۆ ئەم مەبەستە ڕۆژێک ٢٥٠ دۆلار لە دایکی قەرز دەکا و دیوانەکەی پێ لە چاپدەدا هەر خۆیشی لەسەر جادەو شەقامان دەیانفرۆشێ و پارەکەی دایکی دەداتەوە. پاشان دوو کۆمەڵە شیعری دی لە چاپدەدا، یەکێکیان بەناوی (لە شەوێکی سەوزدا) IN A GREEN NIGHT ١٩٦٢ کە ڕۆبێرت گرێڤز Robert Graves پێی سەرسام دەبێ، دەڵێ:

[دیرێک وڵکۆت بە بۆچوونێکی گەلێ ژیرانەترەوە هەڵس‌وکەوت لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا دەکات .. چاکتر لەو کەسانەی کە ئینگلیزی زمانی زگماکیانە].

ئەم هەڵسەنگاندنە دواتر لەسەر بەرگی کۆمەڵە شیعرە چاپکراوەکانی وڵکۆت نووسراوە:

بەناوبانگترین بەرهەمی شیعری ئەم شاعیرە دیوانەشیعرێکە لە ژێر ناونیشانی ANOTHER LIFE «ژیانێکی‌دی» کە بریتیە لە چوار سەد بەیتە شیعر و بیۆگرافیای ژیانی خۆیەتی. لەم شیعرە دووروودرێژەدا کەش و هەوای کاریبیا بە هەموو ماسیگر و کرێکارانی شەکر و خەڵکی

هەواڵنامەی کتێب

رەسەن و بەدمەست و چەوساوەوە لە بەرامبەر و دژ بەمانەیشدا چەند ئینگلیزێکی خاکی لەبەر پیشان دەدات.

وڵکۆت سەرەرای بەهرەی شیعری، دەستی وێنەکێشانیشی هەیە. دەستڕەنگینی لە وێنەکیشان و بەکارهێنانی رەنگدا، بەتایبەت رەنگی ئاوی، لە وێنە شیعرییەکانی ناو دیوانی ژیانێکی دیدا بە شێوەیەکی هونەرمەندانە رەنگیداوەتەوە.

چەند کۆمەڵە شیعرێکی دیی وڵکۆت ئەمانەن: کەنداو THT GULF 1969 ترێی دەریا SEA GRAPES 1979، مەملەکەتی هەرێمی ئەستێرە سێو -THE STAR 1979 APPLE KINGDOM و رێبوارە بەختەوەرەکە THE FORTUNATE TRAVELLER 1981.

ئەم بەرهەمەی دواییان پێشکەش کراوە بە برۆدسکی.

لە ژیانێکی دیدا، وڵکۆت لە چەند کۆپلەیەکدا ئەفسانەی گریکی و رۆمانی و هەروەها ناوی میتولۆجیای جۆراوجۆری بەکارهێناوە. رەخنەگری سویدی لەیف شۆنییرگ چاوپێکەوتنێکی دوورودرێژی لەگەڵ وڵکۆتدا کردووە، یەکێک لەو پرسیارانەی لێیکردووە، دەربارەی بەکارهێنانی ئەفسانەو میتولۆگیایە، وڵکۆت ئاوا وەڵامی دەداتەوە:

– کەس ناتوانێ ئەفسانە بکوژێ، مرۆڤ یان ئەفسانەیەکە یانیش مشتە خۆڵێکە ... من ئەفسانەکەم پێ چاکترە. هەرچی بەر لە من رووی داوە بە هی خۆمی دەزانم و قەرزە بەسەرمەوە.. و جورئەت و ترسیش هەر هی منن .. هەر هەموو، بە رۆمانی و گریکی و ئەفریکییەوە هی منن و تێکەڵ بە ئەبزمن و پاشان دەڵێت: ئەدەب دەمی زامێک هەڵدەداتەوە و قووڵترە لەو زامەی کە مێژوو هەڵیدەداتەوە.

لە کۆتایی هەشتاکاندا داڤید مونتێنیگرۆ David Montynegroی نووسەر کتێبێکی بە ناوی The Point of Departure بڵاوکردەوە. ئەم کتێبە بریتییە لە زنجیرە گفتوگۆیەک لەگەڵ دە نووسەر و شاعیری بەناوبانگدا. داڤید مونتێنیگرۆ لە دەستنیشانکردنی ئەو نووسەر و شاعیرانەدا دوو مەرجی هەبوو، یەکەم نووسەر نابێ لەو جۆرە نووسەرانە بێ کە پیاوی دەوڵەتن و یا شاعیری حیزبین و شیعریان بۆ حیزبێک یان رێکخراوێک گوتووە، جا چی بۆ سەرکردەکانیان یان بۆ بانگەشەی خۆهەڵبژاردن بێ. دووەم نووسەر نابێ لەو نووسەرانە بێ کە ئەدەبیان کردووە بە بازاڕی گیرفان پڕکردن و بەناوی خزمەتی وشەوە چەرچێتی بە نووسینەوە دەکەن.

لەم دە نووسەرە، زیاتر لە نیوەیان ئافرەت بوون و دوانیان دێرێک وڵکۆت و برۆدسکی بوون. پرسیارەکانیش لە مەودای باری ئیستاتیکای نووسین و پێوەندی بە یاسا نوێیە هەڵسوڕێنەرەکانی کۆمەڵەوە

دەسووڕانەوە.

وام بەباش زانی چەند برگەیەکی ئەو چاوپێکەوتنەی کە لەگەڵ دێریک وڵکۆتدا کراوە وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی.

داڤید مونتی‌نیگرۆ: لە هەڵبەست و شانۆنامەکانتدا، هیندییەرۆژئاواییەکان بە پلەی یەکەم دەدوێن. ئێستا پاش ئەوەی خەڵاتی نۆبڵت وەرگرت ئەم دەنگانە لە جیهاندا چاکتر دەبیسترێن .. مەترسی ئەوە هەیە پاش ئەوەی لە جیهاندا ناوتدەرکرد خۆبەستنەوەت بەتایبەتمەندێتی کارییباوە لە دەستبدەی؟

دێریک وڵکۆت: نەخێر. من مەحاڵە لە خەڵکی هیندیڕۆژئاوا جیابمەوە. ئەوان پێم شادن. من بەمە دەزانم و پێیان شادمانم. ئێمە هەر دوولامان بەیەکدی شادین.ئەم خەڵاتە گەلێ گرنگە. دوورگەکانی هیندیڕۆژئاوا دانپێنانێکی پتریان وەدەستهێنا. نەک تەنیا وەکو بەهەشتێکی دەستکرد یان وەکو مەکۆیەک بۆ تووریست. ئەدەبی کارییبی لەمەولا پتر جێی سەرەنج دەبێ و بۆ جیهانیش دەردەکەوێ کە ئێمە هەر لە مێژەوە خاوەنی چەند نووسەرێکی گەلێ چاکین.

داڤید مونتی‌نیگرۆ: لە بەشێکی زۆری شیعرەکانتدا جۆرە تووڕەبوونێکی نهێنێی یان جۆرە ئەهامەتییەک هەیە. ئەمە خەست و خۆڵییەکی نائاساییی بە شیعرەکانت دەبەخشێ. دەتوانی وەسفی ئەم تووڕەبوونەت بکەی؟

دێریک وڵکۆت: پێم وایە تووڕەبوون تێکڕا تایبەمەندێتییەکی پێویستە ئەگەر کەسێ بیەوێ وەسفی کۆمەڵگایەک بە پان و پۆڕی بکات. تووڕەبوونی من حاڵی حازر رووی دەمی لە سیاسەتمەدارەکانی هیندیڕۆژئاوایە. لە نێوان سیاسەتمەدارەکاندا، چ رەشەکان و چ ئاسیاییەکان، بە هەردوو لایانەوە رەوتێکی توند هەیە کە هەوڵی دابەشکردنی کارییبیا لەسەر بناخەی دوژمنایەتیی رەگەزپەرستانە دەدات. هیوادارم خەڵکی هیندیڕۆژئاوا دژ بەم حیسابە سیاسییە کە لەسەر بناخەی بەرژەوەندیی حیزبی و شەخسیە، تێبکۆشن.

لەم دواییەدا لە ترینیداد بووم، باس هەر باسی دووبەرەکیی نێوان ئاسیاییەکان و ئەفریکییەکان بوو.

داڤید مونتی‌نیگرۆ: هەر لە هەڵبەستەکانی سەرەتاتدا پێگەیشتنێکی مەزن هەیە. لەوە دەچێ هەر لە سەرەتاوە پێگەیشتبێ، لەهەمان کاتیشدا وا پێدەچێ چەند گۆڕانێک رووی دابێ.

هەواڵنامەی کتێب

خۆت چۆن ئەو پەرەسەندنە دەستنیشان دەکەی؟

دیریک وڵکۆت: پێم وایە دەنگەکە هەر دەنگی هەمان کەسە. بەڵام لە شیعرەکانی سەرەتامدا لام وایە لاساییکردنەوە و شوێنپێهەڵگرتن هەبووبێ.

لەو نووسینانەی ئەوسامدا قووڵبوونەوەیەکی ئەوتۆ نییە. ڕەنگە ئەمە پێوەندیی بە هەوڵدانی هۆشی تەمەنی هەژدەساڵیمەوە هەبێ، بۆ خۆدوورخستنەوە لە پێگەیشتن و ژیری.

شاعیری مەزنی واش هەن کە ژیرێتییان بە شێوەیەکی ئاوانەبراو پەیوەستە بە شێوازەکەیانەوە. بۆ نموونە ییتس و ئیلیۆت. بەش بە حاڵی خۆم، پێموایە لەم ڕووەوە هەمیشە کراوەبووم، کە پێیان دەگوتم لە شاعیرێکی گەورە دەچی، هەستم بە هەڵتاندەکرد. هەمیشە ئەمەم بە شەرەفێک زانیووە، نەک بە تاوانبارکردن.

داڤیدمونتینیگرۆ: بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، وا دیارە لە شیعرەکانتدا هەندێ وشە هەن کە ماناکانیان لەگەڵ زۆربەی زۆری شیعری ئینگلیزیدا جیاوازن. بۆ نموونە وشەی شەکر، ئەو ڕەنجەی کە بۆ بەرهەمهێنانی شەکر دەدرێ، ئەو قوربانییانەی کە لە پێناوی شەکردا دەدرێن، هەمیشە لە شیعر و زماندا لەبەرچاون و دەنگ و ڕەنگیان هەیە.

ئەمە وا لە پیاو دەکا کە تا ڕادەیەک بە شێوەیەکی نوێ لەم وشەیە بگات ... وەکو ئەوەی وشەکە ناوەرۆکی ڕاستەقینەی خۆی بخاتەڕوو.

دیریک‌وڵکۆت: هەر بە هەمان شێوە وشەی گەنم لای من هەمیشە وشەیەکی ئەدەبییە. سەرچاوەی ئەم وشەیە لە شیعرەوەیە و من نایبەستمەوە بە کشتوکاڵەوە، وشەیەکە من ئاشنای جیهانەکەی نیم. پیاو کاتێ گەنم تۆودەکا ئەمە خۆی لە خۆیدا کارە. بەڵام گەنم لە چنین یان لە ئەدەبدا دەبێتە وشەیەکی شوانکارانەی سفت چنراو، کە خۆی لە خۆیدا هیچ کارێک ناگەیێنێ . جیاوازییەکەش ئا لەوەدایە. چوونکە وشەی شەکر لای من مانای شوانکارەیی ناگەیێنێ، هەرچەندە وشەکە دەشێ ئاوەهاش خۆی بنوێنێ. کێڵگەکانی شەکر لە کارییبا تا بڵێی جوانن، تا حەزکەی هێمنن، ...هتد. بەڵام خوێن و عارەقێکی زۆریان لە پێناودا ڕژاوە.

وا بزانم هەر هەمان شت دەربارەی گەنم دەگوترێ. کاتێ کەسێکی خەڵکی ناوچەکانی باکوور دەربارەی گەنم دەنووسێ، شتێک دەنووسێ کە

هەواڵنامەی کتێب

پێوەندیی بە نانەوە، بە رزقەوە هەیە. گەنم لە ئینجیلشدا ئەو گەنمەیە کە بە رەنجی شان پەیدادەکرێ. گەنم لەوێدا وشەیەکی ئەدەبی نییە. پێم وایە هەر هەمان شت دەربارەی زەیتوون لە وڵاتی گریک یان ئەگەر جێگۆڕکی بکرێ، گوێزی هیندی دەگوترێ. لە یەکەمیاندا وشەکە قەشەنگە، دێرین و ئەدەبییانەیە، لە دووەمیشیاندا شتێکە بۆنی هەیە و سەوزدەبێ.

داڤید مونتی‌نیگرۆ: پێم وایە مەسەلەکە تا رادەیەک پێوەندیی بە جۆرە دووفاقییەکەوە لە جۆری تێڕوانینێدا هەیە. یانیش بە جۆرێک لە پەرش و بڵاوییەوە، ئەگەر بکرێ وا بڵێین. لە هەڵبەستە هەرە درێژەکەتدا «ژیانێکی دی» و بەتایبەتی لە بەشی یەکەمدا «منداڵێکی بێ‌سەرویەرە» شێوەیەکی تری دووفاقی هەیە. چی دەربارەی ئەم دووفاقییە دەڵێی کە لە پێوەندیتەوە بە نیگارکێشانەوە دەستپێدەکات و دەگاتە ئەوەی شیعرت وەکو ئەرکی ژیان هەڵبژارد.

دێرێک وڵکۆت: پێم وایە تا دەچمە ناو ساڵەوە نیگارکێشێکی پەسەندترم لێ دەردەچێ و تابلۆکانیشم تا دێن چاکتردەبن. بەڵام ئەوەی من بەدوایدا وێڵم لە راستیدا بەرجەستەکردنی شتێکە کە لە پێش چاومدایە و دەیبینم. سەبارەت بە وێنەکێشان من تا رادەیەک تەقلیدیم، بەتایبەت لە مەسەلەی رەنگی ئاویدا، چونکە پیاو ناتوانێ بەکاری ئەبستراکت (مجرد) بە رەنگی ئاوی ئەنجام بدات... رەنگی ئاوی میدیۆمێکی زۆر ناسکە. رۆن لەم رووەوە دەشێ گەلێ رەجعی بێ... بگرە جاروبار کەش و فش‌کەریشە بەتایبەت لە تابلۆی ئەبستراکدا. من شەیدای رەنگی ئاویم چونکە بە راستی لە رەنگی چەور قورسترە، لەویش کەمتر خۆپەرستە.

واتە من دەستم لە نیگارکێشان هەڵنەگرتووە. سەبارەت بە (ژیانێکی دیش) رەنگە پەنابەرمە بەر ئەو برگەیەی کە باسی توانای نیگارکێش، نیگارکێشی راستەقینە دەکات)، دەستڕەنگینییە تەواو، هەست کردن بە بایەخی رەنگ و چۆنیەتی رەفتارکردن لەگەڵیا کە پێم وا بوو من خۆم شکمنەدەبرد.. ئێستا پێم وا نییە.

ئەمە وەنەبێ ئیتر مانای دەستلێهەڵگرتن بێ. هەڵبەتە جۆرەها نیگارکێش هەن، کەسانێ هەن چین

هەوڵنامەی کتێب

لەسەر چین رەسم دەکەن. هەمیشە رەنگ ئاوڕشێن دەکەن و دەیشێلن و رووپەری پارچە خامەکە بە وێنەکێشان پڕدەکەنەوە.جیاوازییەکی قووڵ لە نێوان (رامبراندت) و (دیگاس)دا هەیە. وا بزانم جارێک گوتم من خاوەنی ئەو دەستە کارامەیە نیم کە نیگارکێشێک پێویستە هەیبێ. چونکە لەو دەورانەدا خۆم بەو نیگارکێشانە بەراوردەکرد کە بە شێوەیەکی ئاشکرا شێوازیان لە من بەهێزتر بوو.

داڤیدمونتێنیگرۆ: وا پێدەچێ شانۆش ئارام و رەزامەندییەکت پێببەخشێ کە لە شیعردا نایدۆزیتەوە. ئایا مەسەلە ئەوەیە کە شانۆ رێگای ئەوەت دەدات کە چەند بەشێکی دەنگت لەوێ دەربڕی؟

دێرێک وڵکۆت: لە شیعردا مەسەلەیەکی خەمناک هەیە. کە هەڵبەستێک تەواو دەبێ ئیدی بەجێتدەهێڵێ، لێتدادەبڕێ و ئیتر هی تۆ نییە. بەڵام لە شانۆدا نووسەر دەبێ سەرچەمی بارەکە و بەرپرسیارییەکەش هەڵگرێ، هەر چەندە کارەکە زۆرکەسانی دیکەش دەگرێتەوە.

راستە بەختەوەریی شەخسی لەوانەیە بگاتە پلەی گەشکەگرتن کاتێ دووقات و سێ قات دەبێ. بەڵام مەسەلەکە مەسەلەی گومانی شەخسییە کە دەبێتە بیست کەرەت، واتە بیست جاران تووشی ئەهامەتی دەبی، لەوەی کاتێ کە هەڵبەستێکی خراپ دەنووسی.

پیاو کە هەڵبەستێکی خراپی نووسی فڕێی دەدات و هیچیتر و یانیش هیوای ئەوەی هەیە کە بزانێ هەڵبەستێکی خراپی نووسیووە. بەڵام کاتێ کە شانۆنامەیەکی خراپ دەنووسی، پێی نازانی تاکو گوێت لە ناڵە ناڵی بینەران دەبێ.

## دێرێک وڵکۆتی دراماتۆرگ و ڕێژیسێۆر

بۆ بیست ساڵ دەچێ دێرێک وڵکۆت تیپێکی شانۆیی لە ترینیداد بەرێوەدەبا. ناوی ئەم تیپە وەرشەی شانۆی ترینیدادە و بە پلەی یەکەم بەرهەمەکانی دێرێک وڵکۆت پێشکەش دەکا.

وڵکۆت هەر خۆی ڕێژیسێۆری شانۆنامەکانی خۆیەتی. ئەوەی کە زۆربەی زۆر ڕێژیسێۆرەکان لە بەرجەستەکردنی دراماکانی وڵکۆتدا لێی بەگەیین، نووسەر خۆی بە ئاسانی چارەسەریان‌دەکات.



هەواڵنامەی کتێب

شانۆنامەکانی وڵکۆت لەم ساڵانەی دواییدا چەندین جار لە چاپ دراونەتەوە و گەلێ بەبرەون و ئێستا لە لایەن چەند تیپێکی ناسراوی سەر بە دەزگای دەوڵەتەوە و لە چەند ولاتێکی ئەورووپاییدا پێشکەش‌دەکرێن. بۆ نموونە شانۆگەریی «خەونێک لەسەر چیای مەیموون» لە ساڵی حەفتاوە تاکو کۆتایی ساڵی هەشتا، پێنج جاران لە چاپ دراوەتەوە.

لە نێوان شانۆنامەکانی وڵکۆتدا ئەمانە بەناوبانگن، (خەونێک لەسەر چیای مەیموون»، (جۆگەر و سیڤیلێ)، (ئۆی بابلیۆن)، (یادگاری و پانتۆمیم) و (ئۆدێسە) کە لە ئۆدیسەی (هۆمیرۆس)ەوە وەرگیراوە و لە لایەن کۆمپانیای ڕۆیالی شکسپیرەوە لە لەندەن پێشکەش‌کرا.

هەڵبەتە شانۆگەری «دوا کەرنەڤاڵ»ی لەم ساڵانەی دواییدا برەوێکی گەلێ بەرچاوی پەیداکرد.. پاش شانۆگەرییەکە بۆ یەکەم جار لە لایەن وڵکۆت خۆیەوە خرایە سەر شانۆ، تایبەتمەندیی ئەم شانۆنامەیەی لە رووی زمانی شیعری و هەمەڕەنگیی کولتووری ڕەگەزەوە وای لە بەڕێوەبەرانی شانۆی پادشایی ستۆکهۆڵم کرد کە وڵکۆت وەکو ڕێژیسیۆرێکی میوان بانگ بکا بۆ ستۆکهۆڵم، خۆی شانۆگەرییەکەی خۆی بۆ شانۆ ئامادە بکات.

هەڵبەتە ئەمە هاوشان و هاوکات لەگەڵ داخوازییەکی دی بۆ نووسەرێکی دی ڕوویدا. ئەویش نووسەری بەناوبانگی ئەمریکایی‌ئارسەرمیللەر بوو. میللەرشانۆگەریی (مردنی دێوەرمیەک)ی لە ستۆکهۆڵم خستەرشانۆ. شانۆنامەی «دوا کەرنەڤاڵ» باسی باری سیاسی و ئابووریی ترینیداد دەکا. میدیۆم و فۆرمی داهێنانی ئەم بەرهەمە زمانی شیعرە. شیعر لە دەربڕین و بە یەکاچوون و هارمۆنیای کەسانی ڕووداوەکان لەگەڵ زەمان و جێگادا. بنەمای ئەم هارمۆنیایە شیعرییەش کەرنەڤاڵێکی میللییە.

کەرنەڤاڵی میللی ، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا، لە ڕێگای پەنابەرە فرەنسییەکانەوە گەیشتە ناو ترینیداد. ئەم کەرنەڤاڵە فیستەڤاڵێکی ئایینییە لە کازێوەی ڕۆژی دووشەممەوە، لە کاتژمێری چواری بەیانییەوە بەردەوام دەبێ تاکو نیوەشەوی ڕۆژی سێشەممە.

لە سەرەتادا تەنیا سپییەکان مافی ئاهەنگگێڕانیان هەبوو. بەڵام پاش لەناوچوونی سیستەمی کۆیلەیتی لە ١٨٣٣دا، ئیدی ئەم کەرنەڤاڵە ڕواڵەت و مانایەکی تری بەخۆوەگرت و بوو بە ڕەمز و نیشانەی ئازادی و سەرفرازیوون. خەڵکی لەم کەرنەڤاڵەدا ئەوەندە هەست بە ئازادی دەکەن تا ڕادەیەک هەندێ یاسا و دەستوور لەو ئاهەنگانەدا بلاوە دەنرێن. بۆیە چەندین

جار داب و نەریتی ئەم کەرنەڤاڵە لە لایەن چەند رژێمێکی حوکمڕانی ترینیدادەوە قەدەغە کراوە. سەردەمانێک تەپڵلێدان قەدەغە کراوە، بەڵام خەڵکی دوورگەکە خۆیان چەند ئامێرێکی دیبان هێناوەتەکایەوە، کە جێگای تەپڵ لێدانی بۆ گرتوونەتەوە. بێگومان جلی جوان لەبەردەکەن گۆرانیگوتن و خۆنواندن هەموو ئەمانە رووی هەمەڕەنگی ئەم کەرنەڤاڵە پیشان دەدەن، وڵکۆت خۆی دەڵێ:

ئەم کۆمەڵگایەی من حەزی لە سێکسە، لە خۆنواندن، لە قەرەباڵخی، لە میلیۆدرامایە، لە شەڕی سەرجادە، جل لەبەرکردن، دەوربینین. سوپاس بۆ خوا کە لەم کۆمەڵگایەدا خولقاندمی.

وڵکۆت ئەم کەرنەڤاڵە، بەم بنەمایە دەوڵەمەند و چرەوە دەکاتە کەرەسەی شانۆ گەرییەک بۆ باسی سەرانسەری مێژووی مۆدێرنی وڵاتەکەی. بۆ گێڕانەوەی داستانی سەفەرێکی شیعری لە سەردەمی کۆیلەیەتییەوە بۆ سەردەمی سەربەستی و ئازادی. سەرەتا و دەستپێکردن و کۆتایی شانۆگەرییەکە، ساڵی حەفتایە. بەڵام شانۆنامەکە چووار قۆناخی گرتۆتەخۆی، لە ساڵی حەفتاوە دەچێتەدواوە بۆ ١٩٤٨، پاشان بۆ ساڵی ١٩٦٢ دەچێ جارێکی دی و لە کۆتایی شانۆنامەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی حەفتا کە ئیدی لە ویدا شانۆگەرییەکە کۆتایی پێدێ.

دیارە ئەم ساڵانە، ساڵانێکی گەلێ گرنگن و لە مێژووی ئەم دوورگەیەدا بایەخی خۆیان هەیە.. بەڵام ئاوێنەی ئەم ساڵ و کاتانە، هەموو بنەماڵەیەکی ترینیدادیە.. هەر وەکو رەخنەگرێک دەڵێ:

ئەم شانۆگەرییە هەڵبەستێکە دەربارەی خۆشەویستی، هونەر، کێشەی چەند کولتوورێکی هەمەڕەنگ، برایەتی.

## سەرچاوەکان


1- Dagens Nyheter. رۆژنامەی
9 Oktober. Stockholm.

2- Dagens Nyheter. رۆژنامەی
18 Oktober. Stockholm.

3-Artes: 1983: nr: 1 Stockholm. Dererk Welcott - mellan besatthet och ansvar. Leif Sjöberg. Stockholm.

4 – پرۆگرامی شانۆگەریی دواڤستیڤاڵ – نووسین و دەرهێنانی، دێرێک وڵکۆت ...


هەواڵنامەی کتێب

# دەربارەی پێکهاتنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی*

نووسینی زاری ئۆسپ

ئەنوەر قادر محەمەد

لە رووسییەوە کردوویەتی بە کوردی

دیالێکتەکانی زمانی کوردی، کە وا کەوتۆتەوە، بڵاببوونەوەیان سنووری چەند دەوڵەتێکی جیاواز بگرێتەوە، بە رێگایەکی سەختی گۆڕان و گەشەسەندندا تێپەڕبووە و دیاردەیەکی تایبەتییە و پێویستی بەوەیە، کە بە شێوەیەکی قووڵ و هەمەلایەنە لێیان بکۆڵرێتەوە. هەر لەبەر ئەمەش، یەکێک لە ئەرکە گرنگە لە ئەستۆکەوتووەکانی زانستی زمانەوانیی کوردی پەرەدانە بە تۆژینەوەی دیالێکتە کوردییەکان. دەشبێ بە شێوەیەکی سیستێماتیک زانیاری و بەڵگەیان دەربارە کۆبکرێتەوە، هەم بۆ دیاریکردنی چونیەتیی پێکهاتنی دیالێکتەکان و بۆ ئەوەش، کە بە شێوەیەکی گشتی خەسیەت و یاسای گەشەسەندنیان نیشان بدرێت.

لەم سەردەمەی ئێستادا، کە مەسەلەی کورد، لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کەوتۆتە قۆناغێکی تازە و بارێکی ئاڵۆز و توندوتیژەوە، چونیەتیی دابەشکردن و پێکهاتنی دیالێکتەکانی زمانی کوردی، لە بەرهەمی هەندێ لە دانەراندا ئامێتەی ئیتنۆگنیزی کورد و پەیوەندیی ئێتنیکی و سنووری نیشتەجێبوونیان بووە، بۆیە سەداو مەودایەکی کۆمەڵایەتیشی بۆ پەیدابووە. بە رەچاوکردنی ئەمەش، روونکردنەوەی پەیوەندیی بەتین و لێکدانەبڕاوی نێوان دیالێکت و (شێوەئەدەبییەکانی زمانی کوردی)، کە دەتوانێ پلە و پایە و قورسایی زمانی کوردی دیاری بکات، ئەرکێکی ئێجگار گرنگ و بە بایەخەو چارەسەرکردنی ئەم باسە ئاڵۆزە دەبێ پێش هەمووشتێک، بە تۆژینەوەی کەرەسەی بەردەست و لەسەر بناغەیەکی زانستیی دەسنیشانکردنی خەسیەت و چونیەتیی ئەو پەیوەندییە بێ، وا باسکرا.

ئیمرۆ، وەک ئاشکرایە، لێکۆڵەوەرەکان دان

* ئەم وتارە لە(گۆڤاری مێژوویی – زمانەوانی، ژ ٣ (١٣٠)، ١٩٩٠، ئێرێڤان)دا بە زمانی رووسی بڵاوکراوەتەوە.

بەبوونی چەند دیالێکتێکی زمانی کوردیدا دەنێن، بەلاٚم لەناو زانایاندا بیروڕایەکی سەقامگیربوو و وەک یەک دەربارەی دابەشکردن و زاراوە و ناولێنانی کۆمەڵە دیالێکتەکان نییە و لەم رووەوە جیاوازییان هەیە(1). زیاتریش لەسەر چۆنیەتیی پێکهاتن و پەلوپۆهاویشتنی دیالێکتەکانی کوردیی خواروو، کە سنووڕێکی فراوانی کوردستانی ئێران و عێراقی گرتۆتەوە. دەربارەی گۆرانی و زازاش و سەربەزمانی کوردیبوونیان بیروڕای ناکۆک و دژ بەیەک هەن.

بە گوێرەی رای زمانەوانی ناسراوی کورد تۆفیق وەهبی، زمانی کوردی چوار گرووپ دیالێکتی هەیە: (1) کرمانجی (أ). (کرمانجی ژووروو) (بادینانی، هەکاری، ئاشیتای، بۆتانی، بایەزیدی)؛ (ب). کرمانجی خواروو (سنەیی، سلێمانی، سۆرانی، موکری) .(٢). لوڕی: بەختیاری، لەکی، فەیلی، کەڵهوڕی، مامەسانی.(٣). گۆرانی: هەورامی، زەنگەنە، کاکەیی، باجەلانی.(٤). زازایی.(2).

هەروەها شێخ محەمەدی خاڵ بەم شێوەیە دیالێکتەکان دابەشدەکات: ١–زازایی. ٢– کرمانجی ژووروو: بۆتانی، بادینانی، هەکاری، بایەزیدی، شەمدینانی. ٣– کرمانجیی ناوەڕاست: سۆرانی، بابانی، موکریانی، ئەردەلانی، کەڵهوڕی، گۆرانی. ٤– لوڕی: بەختیاری، لەکی، فەیلی.(3)

هەندیٚ دانەری تر لایان وایە، زمانی کوردی بەسەر سیٚ کۆمەڵە دیالێکتدا دابەش دەبێت: ١– کرمانجیی ژووروو؛ ٢– کرمانجیی ناوەڕاست؛ (سۆرانی)؛ ٣– کرمانجیی خواروو (گۆرانی)، دیالێکتی هەورامی، لوڕی، باجەلانی و زازاش بە شێوەی گۆرانی لە قەڵەم دراون(4).

لە باسێکی ئەم دووایییەشدا ئاوا دابەشکراون: ١–کرمانجیی ژووروو: بایەزیدی، هەکاری، شەمدینانی، بۆتانی، بادینانی، دیالێکتی رۆژئاوا؛(5) ٢–کرمانجیی ناوەڕاست: موکری، سۆرانی، ئەردەلانی، سلێمانی، گەرمیانی؛ ٣– کرمانجییخواروو: لوڕی (فەیلی)، بەختیاری، مامەسانی، گوهگالوو، کەڵهوڕی، لەکی؛ ٤–گۆرانی: گۆرانی خۆی، هەورامی، باجەلانی، زازایی.(6)

لە مەی سەرەوە، ئەوە دەردەکەویٚ، کە جیاوازیی بیروڕا لە ناو زانا کوردەکاندا دەربارەی دابەشکردنی دیالێکتەکان ئەوەیە، لە یەکێکیاندا گۆرانی و زازا بە دیالێکتی سەربەخۆ دادەنێن و نایانخەنە ناو کرمانجیی ژووروو و خوارووەوە، ئا هەندێکی تریان دەیانخەنە ناو دیالێکتەکانی خوارووی زمانی کوردییەوە، بەبیٚ ئەوەی چۆنیەتیی دابەشکردن و پێکهاتنی ئەم دیالێکتانەش دیاری بکەن [واتە کامانەن].

لە کارو لێکۆڵینەوەی زاناکانی ئەورووپای

ڕۆژئاواشدا، بۆچوونێکی هاوبەش دەربارەی دیالێکتی گۆرانی و زازا نییە، تەنانەت هەندێکیشیان بە شێوەی زمانی کوردییان نازانن.

لە زانستی خوولاتیشدا، کە دەورێکی ڕابەرانەی لە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردیدا هەیە، گۆرانی و زازا بە شێوەی زمانی کوردی دانراون، هەروەک لە خوارەوە لە دیرۆک و مێژووی ئەم مەسەلەیە دەدوێین.

زانای ئینگلیز ج. ریۆ، بە بەکارهێنانی ئەو سێ دەستنووسەی موزێی بەریتانی، یەکەمین گەواهنامەو مەعلووماتی دەربارەی ڕێزمانی گۆرانی بڵاوکردۆتەوە. (7) لەو وتارە کورتەیدا گەلێ بۆچوون و گۆشەنیگای دەربارەی ڕێزمانی گۆرانی و هەندێ سیمای تری ئەم دیالێکتە دەربڕیوە. هەرچەندە بۆچوونە زمانەوانییەکەو سەرئەنجامەکەی (کە گۆرانی شێوەیەکی فارسییە)، ئەوە دەردەخەن، کە دانەر شارەزایی تەواوی لە دیالێکتەکانی زمانی کوردیدا نییە.

ساڵی ١٨٨٧ ئێرانناسی ڕووسی ناسراو ف. ئا. ژۆکۆڤسکی لە "وتاری مەزهەبی ئەهلیهەق لە پێرسیا"دا، بۆ یەکەم جار کەرەسەیەکی ناوازە و تازەی لە مەیدانەوە هێنراوی دەربارەی دیالێکتی گۆرانی بڵاوکردەوە، دەڵێ "کوردە گۆرانەکان لە بەر دووشت زۆر جێگای باس و خواستن: یەکەمیان؛ لەبەرئەوەی دیالێکتی تایبەتیی خۆیان، دەستنووس و سامانی ئەدەبییان هەیە، کە [هەندێکی] لە موزێی بەریتانیدا پارێزراوە. دووەم لەبەر ئەوەی، ئەمان زۆربەی هەڵگرانی ئەو ڕێبازە پێکدێنن، کە من دەمەوێ لێیان بدوێم، بە خۆیان دەڵێن ئەهلی حەق ... فارسە شیعەکان بە عەلی ئیلاهی، واتە ئەوانەی عەلی لە پایەی خوادا دادەنێن – بە کوردبەچە یان کەڵەشێرکوژیش ناویاندەبەن.... هەروەها ئەو تێکستە شیعرییە ئایینیەی هێناویشییەتەوە، بە قسەی خۆی :"نە لە ڕووی زاراوەو نە ڕێزمانەوە شایانی ئەوە نییە ببێ بە نموونەی (چاک)"(8).

ساڵی ١٩٢٢، دووای مردنی خۆی ئەو کەرەسەیەی ف. ئا. ژۆکۆڤسکی لە ١٨٨٣دا کۆی کردبوو - وا هی دیالێکتی گۆرانیی تەڵخی دەشکە، کە دەکەوێتە ژوورووی ڕۆژئاوای شیرازەوە و لەگەڵ موسڵمانە شیعەکاندا، خەڵکی سەر بە ئاینزای کوردیی ئەهلی هەقیشی تێدا دەژین و دانەریش ئەم وتارەی خۆیی بۆ تەرخان کردبوون – بڵاوکرایەوە.

ساڵی ١٩٠٤ کارە بەبایەخەکەی ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسایی ژ.دێ مۆرگان دەرچوو، (10) کە دەربارەی ڕێزمانی دیالێکتەکانی "کوردستانی پێرسیایە": موکری، گەڕووسی، بایەزیدی، سنەیی، کرماشانی، هەورامانی، جافی، ڕێژاوی،

سلێمانی، لەکی، خواجەوەندییە. (11) جگە لە دەرخستنی خەسیەتی دیالێکت و زمان، ئەم باسە فەرهەنگێکی دەوڵەمەندو بەپێزی وشەو زاراوەی زمانی کوردییە. ئەو وشانەی دانەر تۆماریکردوون، هی ئەستێرەناسی، ئەندازە، زاراوە، ناوی ڕۆژەکانی هەفتە، مانگ، وەرزەکانی ساڵ، دیاردەکانی سرووشت، ناوی گیاندارو باڵندە و گیا و گژە و دارو درەخت، ناوی ئەندامانی لەش، نەخۆشی. کەرەسەو تفاقی ناو ماڵ و کار، جل و بەرگ، ئامێری مۆسیقا... هتد چل لیستەیە. ژ.دێ مۆرگان، کارێکی زۆر دانسقەی دیی کردووە، نەخشەی دیالێکتەکانی کێشاوەو شوێنی بڵاو بوونەوەشیانی دیاریکردووە.

ساڵی ١٩٢١ کارە هاوبەشەکەی ئا. کریستنسن و م. بێنیدیکتسن دەرچوو، کە لە شێوەی ناوچەیی هەورامان دەدوێ (12) لێکۆڵینەوەیەکی ڕێزمانە، بەشی زۆری، شیکردنەوەیەکی ناتەواوی فرمانە، کە بۆ بینۆگەی لێوە ڕوانین و لێکۆڵینەوە، چاوگی فارسییان هێناوەتەوە. بە شێوەیەکی گشتی بۆچوونێکە دەربارەی ئەم دیالێکتە (13). لە هەمان کاتدا، جێی سەرسووڕمانە، چۆن ئاوا ئەم دانەرانە، هەر بە ئاسانی سوورن لە سەرئەوەی، کە هەورامانی کوردی نییە. م. بێندیکتسن لەم ڕووەوە نووسیویەتی: "هەر کە ئاشنای دیالێکتی هەورامانی بووم، بە کاوەخۆ ئەوەم بۆ دەرکەوت، کە کەرەسەو فۆنەتیک و زاراوەکانی زۆر لە هی ئەو زمانە دەچن، کە لە تورکیا و بە شێوەیەکی سەرەکیش، لە ناوچەی دەرسیم قسەی پێ دەکرێت و بە زازا ناودەبرێت". دواتر دانەر درێژەی بە بیروڕاکانی داوەو دەڵێ: "هەورامانی و زازا دوورگەی دابڕاوی سەردەمانێکی دیالێکتە ئێرانییەکانن، کە بەرفراوان و ئیقلیمگیربوون، بەڵام بێگانە هاتووە و پرژوبڵاویکردوونەتەوە، بە تایبەتیش کەوتوونەتە بەر شاڵاوی داگیرکەرانەی کوردەوە (؟) (14). ئا.کریستنسنیش ئەم گریمانەیە لەو پێشەکییەدا، کە بۆ ئەم کارەی نووسیووە ـ دەسەلمێنێ و ڕای ژ.دێ مۆرگان، کە هەورامانی بە کوردی دەزانێ، ڕەتدەکاتەوە و دەڵێ: "م. بێنیدکتسن ڕاستدەکا و زۆریاش بۆی چووە، کە هەورامانی و زازا – وا دوور لە هەورامان، لە ناوچەی دەرسیم لە تورکیا قسەی پێ دەکەن ـ لە یەکدەچن. هەرچەندە پ. لێرخ و یوستی هەورامانی بە یەکێک لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەزانن. لەگەڵ ئەوەشدا نە هەورامانی و نە زازا کوردی نین و سەر بە کۆمەڵێکی تری دیالێکتە ئێرانییە کانن" (15).

هەر وەک دەبینین، جگە لە دووپاتکردنەوەی ئەوەی، کە هەورامانی و زازا دیالێکتی یەک زمانن – ئەمەش زۆر ڕاستە – هیچ بەڵگە و مەدرەکێک بۆ ئەو ڕایە نییە،

هەواڵنامەی کتێب

که هەورامانی کوردی نییە. شایانی باسە، ئۆ. مان یەکەم کەسە، کە ویستویەتی هەورامانی و زازا بە زمانی کوردی نامۆبکات. هەرچەندە ساڵی ١٩٠٦یش باوەڕی وابوو، کە "شێوازی زمانی میدییەکان"ی تێدا بە دیدەکرێت.(16) دیارە، کارل هەدەنگ کەرەسەکانی ئۆ. مانی ساڵانی ١٩٣٠- ١٩٣٢ی دوای گەلاڵەکردن بلاوکردۆتەوە، کە تیایدا دیالێکتەکانی (کەندوڵی، گەهوارەیی، ڕیژاوی، سەییدی، زەردی) و بەشێوەیەکی سەرەکیش هی کەندووڵی تۆمار و باسکردووە.(17) شێوەی ناوچەیی زازاشی لە باسێکی تردا پێشکەشکردووە. (18) بایەخی ئەم دووباسە لە بلاوکردنەوەی تێکستەکان و فەرهەنگۆکەکاندایە، کە ڕێگەی خوێنەر دەدەن، خۆی ڕا دەربارەی خەسیەتی ئەم دوو دیالێکتە دەربڕێ. دەشبێ، ئەوە بوترێت، کە هەر کەرەسەو بابەتەکەی دانەر خۆی، هیچ زەمینە و بنەمای دەرهاویشتنی ئەم دوودیالێکتە لە زمانی کوردی خۆش ناکەن.

بۆچوون و بیروڕای ئی. سۆنیش لەمەڕ هەورامانی، چون ئەوانەی پێشوون و قەناعەت بە مرۆڤ ناکەن و بێ بنەما خۆیان دەنوێنن. ئەمیش دەڵێ: "دیالێکتی گۆرانی بە کوردی لەقەڵەمدەدرێت، بەڵام ڕاستییەکەی وا نییە، خەسیەتی ڕێزمان و وشەی کرمانجی هیچ پەیوەندییەکیان بە گۆرانییەوە نییە. گۆرانی بەو خەسیەت و گەوهەرە ڕێزمانییەی هەیەتی، هەر شێوەیەکی زمانی فارسییە".(19)

ئێرانناسی ئینگلیز د. مەکەنزی، لەم ساڵانەی دواییدا هەوڵی لە کوردی شۆردنەوەی دیالێکتی گۆرانی و زازای داوە. ئەمیش تەنیا سێ نیشانەی مێژوویی- فۆنەتیکی دەکا بە بەڵگەو دەیەوێ بەمانە زمانی کوردی و دیالێکتی گۆرانی لێک جیابکاتەوە.(20) ئەم ڕایانەی دانەر (جێی متمانە و باوەڕپێکردن نین) و لە لێکۆڵینەوەی زانایانی هەندەران و سۆڤیەتی (جارانیشدا) ڕەتکراونەتەوە. (22) بەڵام گ. ئاساتریان لە بلاوکراوەکانی ئەم دواییانەدا، هەر خشتەی دابەشکردنەکەی د. مەکەنزی بەکاردێنێ (23) و بە قاڵەی دەمیش دەیەوێ وای لە قەڵەم بدا، کە بەشێوەیەکی گشتی لە کارە زانستییەکانی ئێرانناسیدا"(24) سەلمێندراون.

سەیر و سەمەرەیە، کە دانەر جگە لە وتارێکی م.ئۆ. خەمزیان بە قەرەی ئەو کارانەی تردا نەچووە کە ئەم ڕایانە بە گەن ناکەن و پشتگوێیخستوون. هەرچی، دیالێکتی زازاشە، کە کلووری تەنیا دانەر پەی پێ بردووە، زانایانی گەورە و بە ناوبانگی وەکو هـ. ئابۆڤیان، ئە. ژابا، ڤ. شتریکەر، پ. لێرخ، ف. یوستی، لێ کۆک، ر. لیسکۆ، ڤ. میولەر، ج. بەدرخان، ک.

کوردۆیف،(26) و کەسانی تر بە کوردییان زانیوە و بۆ سەلماندنی ئەم رایەشیان بەڵگەی تەواو و رەتنەکراوەیان هێناوەتەوە، ئەمە با هەر ـ رای زازاکان خۆیان ـ نوری دەرسیمی، کامیل بادیلی، مالمیسانی (27) و زۆری تر لەولاوە بێ... پێم وایە، چ پێویستیش نییە، تاوتووی ئەو رایەی نووسەر بکەین، کە لە بنەچەی گوایە، دەیلەمیی کوردە زازاکان دەدوێ، بە خێر! یان، ئیسترەم بەبێ مەدرەک، لە سەر ئەوە دەکات، کە "کوردە زازاکان" لە سەرچاوە ئەرمەنییەکاندا چەمکێکی کۆمەلایەتیی هەیە، تا بنەچەو رەگەز.(28) جێگەی خۆشییەتی لێرەدا، هەر بیروڕای ڤ. ف. مینۆرسکی (کە نووسەر زۆر جار پەنای بۆ دەبا) بە بەڵگە بهێنینەوە و بزانین چی لە وتاری "کوردەکان" دا، دەربارەی گواستنەوەی کورد لە تورکیا وتووە. مینۆرسکی نووسیویەتی:"کوردەکانی دەرسیم بە شێوەی زازا قسەدەکەن و ئاینێکی تایبەتیی خۆیان هەیە. کە لە سۆنگەی ئەمەوە، زۆر جار دەیانەوێ لە ریزی کوردەکان دەریانپەڕێنن. من خۆم ئەمەم لا راست نییە، چونکە هەموویان بە شێوەی گشتی بە کوردی قسەدەکەن، لە ژیان و گوزەرانیاندا ئامێتەی کورد بوون، هەروەها ئاینەکەیان ـ عەلی ئیلاهییە و هەندی تیرەو هۆزی تریش، هەر لە سەر ئەم ئاینەن"..

ڤ. مینۆرسکی، کە لە خەسیەتی زازا وەک شێوەیەکی ئێرانیی پاکژی نزیک لە دیالێکتی گۆرانی دەدوێ، سەرنجێکی هەیە، دەڵێ: "ئەفسانەی لە ئەرمەنی چوونی، هەر چی بەڵگە و بناغە بێ نییەتی".(29)

بەشە زمانەوانییەکەی وتارەکەی گ. ئاساتریان ـ ، کە باس لە تەنسیری زمانی ئەرمەنییە لە زازا"، لەوێشدا دانەر بۆ چوونی هاوکات و مێژوویی تێکەڵدەکا، شایانی باسە لەو شەست وشە "وەرگیراوەش"، (کە گوایە زازا لە زمانی ئەرمەنی وەرگرتوون)، بیست و شەشیان لە کرمانجیشدا هەن.

ئێمە پێمان وایە، لەم قۆناغەی زمانەوانیی ئێرانناسیی نوێیەدا، ئەم هۆکارە بنەڕەتییانە، لە جیاکردنەوە و سەربەزمانبوونی دیالێکتەکاندا سەرەکین: ١ – چوونیەتیی هاوکاتیی پێکهاتنی دیالێکتەکە لە رووی ریزمان و زاراوەو سیمانتیکەوە؛ ٢– جێگەی لە ناو دیالێکتەکانی خزمیدا، کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی فۆنەتیک و مۆرفۆلۆگیاو سینتاکس و نیشانەو رێبازی گشتیی گۆڕران و گەشەسەندنی ریزمانەکەی دەگرێتەوە و ئەمانە جێی دیاریدەکەن؛ ٣– هۆشیاریی قسەکەرانی دیالێکتەکە، کە خۆیان سەر بە چ رەگەز (گەلێک) دەزانن؛ ٤ـ پەیوەندیی کولتووریی ـ مێژوویی بە دیالێکت دوورەکە و چ زمانێکی ئەدەبی هەڵدەبژێرێ. بە رەچاوکردنی ئەم هۆکارانەی باسمان کردن، دێینە سەر ئەو رایەی، کە گۆرانی و زازا بە

دیالێکتی زمانی کوردی بزانین.

لە کوردناسیی ولاتدا کە بە شێوەیەکی تا رادەیەک قووڵ و بابەتی لە دیالێکتەکان دەکۆڵرێتەوە، بۆچوونێکی باو و سەلمێندراو هەیە، کە بە گوێرەی، زمانی کوردی بەش بە حاڵی دیالێکتەکانی دەکرێ بە دوو لقی سەرەکییەوە : ژووروو و خواروو. هەریەک لە دیالێکتەکانی ئەم دوو گرووپەش، پلەی کۆمەڵایەتی و بایەخی جیاوازیان هەیە و بە دەوری دوو زمانی ئەدەبی : کرمانجی و سلێمانیدا کۆبوونەتەوە.

دیالێکتی کرمانجی و زازا، بەلای ئێمەوە، بە هەموو شێوازە ناوچەییەکانیانەوە. شێوەی بنەڕەتیی جیای کۆمەڵە دیالێکتەکانی باکوورن. هەرچی ئەوی باشووریشە دەکرێ بە سێ کۆمەڵەی بچکۆلەوە : (١) سلێمانی، سۆرانی، موکری، کە ناویان هەر بە زاراوەی "سۆرانی" رۆیشتووە؛ (٢) کرماشانی، گەرووسی، سنەیی، کۆرونی... هتد، کە بە کوردیی خووارووی رۆژهەلات" ناودەبرێ؛ (٣) گۆرانی، هەورامی، کەندوڵی، باجەلانی، زەنگەنە، کاکەیی، لەکی... هتد کە زاراوەی "گۆرانی" کۆیان‌دەکاتەوە. ئەم دیالێکتانە، لەسەر بناغەی گەوهەری رێزمان و نیشانەی زاراوەکان، کە خەسیەت و سیمای هەر یەکەیانە، بەم جۆرەی سەرەوە دابەشکراون.

ئەو خەسیەتە هەرە گرنگانەی، کە دیالێکتەکانی خواروو لە سەروو جیادەکاتەوە، لە رووی فۆنەتیکەوە لە "بزۆێندا" دەردەکەوێ، بە شێوەیەکی سەرەکیش لە دیفتۆنگە تایبەتییەکانی uî, uê, ua دا، لە پیتە بێدەنگەکانیشدا – بە نەبوونی دژایەتیی پشوودار – بێپشوو. پیتە بێدەنگەکانی p, t, k, g ، کە لە گەڵیاندا (i)یکی دان‌پیانراوی توند بەرانبەر و دژی (I)ی ناو ئاسمانەی دەم دەبێ، بە گۆڕانی (v)ی لێو ددانی (لە گەڵ مانەوە و پاراستنیدا لە هەندێ لە بێچوە دیالێکتەکاندا) بۆ wی لێو–لێوی نموونەی n̄ دوای زمان بۆ ناوەڕاستی زمان (ئاسمانەی دەم) هەروەها نموونەی g,k، لەگەڵ دەنگدارەکانی ریزی پێشەوەدا. دیالێکتەکانی خواروو خەسیەتێکی تریشیان هەیە، ئەویش لە قورگدا بەکارهێنانی (t,r,w) یە.

دیالێکتەکانی خواروو - بە شێوەیەکی گشتی - لە مەیانی رێزماندا بەرەوپێشەوە چوون، کە بۆتە هۆی نەمانی تەفازوولی رەگەزی (هەرچەندە نەک لە هەموو دیالێکتەکاندا)، هەروەها لە ناوچوونی دژایەتیی نێوان حاڵەتی مەرجی و راستەوخۆ، هەر لە سۆنگەی ئەمەشەوە " an "ی کۆتایی، نیشانەی کۆ بە پاشگری تازەی وەکو ekan، ane داڕێژراوەتەوە. بە پێچەوانەی دیالێکتەکانی باکوورەوە، لە وانەی باشووردا پاشگری gel، el بەمانای

هەواڵنامەی کتێب

کۆ بەکاردێت. (بەڵام لە کرمانجیدا geli لە کاتی ڕووکردنە خەڵکدا بە کاردێت).

سیستێمی ناو، لە دیالێکتەکانی باشووردا، بە شێوەیەکی فراوان ekeنیشانەی ناسین و دیاریکردنییەتی، هەروەها êwe, êw, êk, ê نیشانەی نە ناسراوییانە، کە لە دیالێکتەکانی ژووروودا دەبێ بە ek و (لە زازادا ek و ê)، نەبوونی نیشانەی نەناسراویی کۆ - n(لە زازادا en) خەسیەتی دیالێکتەکانی ژوورووە.

لە سیستێمی فرماندا پێویستە ئاماژەی ئەمانە بکرێت (أ) شێوەی فرمانیویست لە دیالێکتەکانی خوارووا، بەپێچەوانەی شێوەی داڕشتنەوە لە هی سەرووا؛ (ب) گۆڕینی بکەر لە فرمانی ڕابووردووی موتەعەدیدا بە پێچەوانەی هی بەتەواوکەرەوە لە هی ژووروودا (30)؛ (ڤ) بە کارهێنانی شێوەی ناوی بکەرو کراو بە ig,w, û کە لە دیالێکتی ژوورووودا دەبێ بە ox,î و ox (لە زازادا)؛ (گ) بەکارهێنانی جێگری فرمانی ewe کە لە هی سەرووا دەبێ بە ve ؛ (د)بەکارهێنانی نیشانەی بەردەوامییme,e کە لە باکووردا دەبێ بە di,de. هەروەها جیاوازیی لە گۆڕینی فرمان، ڕاناوی کەسی و شێوەشدا دەردەکەوێ.

لەگەڵ ئەمانەشدا، یەکێک لە خەسیەتە بنەڕەتییەکانی دیالێکتەکانی خواروو، گۆڕانی پاشگری ڕاناوی کەسییە، کە سیمای هەرە دیاریانە. ڕاناوی کەسی دەچێتە تەرکیبی مۆرفۆلۆگیی گۆڕینی فرمانی ڕابووردووی موتەعەدییەوە و پرێپۆزیشنی ئاڵۆز و هەروەها هی پاش و پێش لێکدراویش درووستدەکات، لەگەڵ جووتبوونی ڕاناوی گەڕاوەدا، ڕیزێک ڕاناوی گەڕاوەی شەخسیو ڕاناوی هەبوون دێنەکایەوە، کە بۆ پێکهاتنی سینتاکسسی جۆراوجۆر بەکاردێن. پاشگری ڕاناوی ,ê کە دەکەوێتە ناو پرێپۆزیشنە ئاڵۆزەکانی وەک tê, pê, lê لە دیالێکتەکانی سەرووا بە پەیوەندیی ڕاناوی شەرتیی کەسی سێیەمی تاکەوە، پارێزگاریی ڕاناوەکە؛ واتە هی بەجێگەیاندنی ئەرکەکەی دەکا. لە دیالێکتەکانی خوارووا ئەم ڕاناوە ڕێبازێکی تر دەدۆزێتەوە (لە دیالێکتی جیاو حاڵەتی جۆرا و جۆردا)؛ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە دەدۆڕێنێ و دەگۆڕدرێ بۆ شێوازێکی ڕێزمانیی تایبەت و دەگمەن و ئەرکێکی تری دیاریکراوی دەبێ، کە ئەوە نیشاندەدات، فرمانەکە ئەرکێکی شەرتیی دەبێ و بەهۆی پاشگری ڕاناوی کەسی یا کۆتایی فرمانەوە دەردەبڕدرێت، بۆ نموونە: le bipirse سۆرانی lêy bipirse کە تەواوکەری شەرتی لە پاشگری ê دا، نەء، بەڵکو لە پاشگری ڕاناوی î دا دەردەکەوێ. دەتوانرێ بوترێت، کە ê بە لە دەستدانی ئەرکی ڕاناو

بۆتە هۆی بەکارهێنانێکی فراوانی پاشگری ڕاناوی شەخسی، کە یەکێک لە ئەرکەکانی ئەوەیە، وا ناو یا ڕاناو مانای تەواوکەری شەرتی دەدەن. هەروەها پێویستە ئاماژەی ئەوە بکەین، کە هەندێ ڕاناوی ئاماژەکردن لە دیالێکتەکانی خوارووا پارێزراوە (زۆر جار بۆ یارمەتی بەکارهێنان)، کە بە تەواوی لە دیالێکتەکانی سەروودا نەماوە. لە مانە ڕاناوی ane,a, (e) ad (بۆ نموونە لەگەڵ ڕاناوی (hanê (yê) ، لە کرمانجیدا ye,ey, îne, î, êd.

خەسیەتییەکی تایبەتیی کۆتایی پرێپۆزیشنی دیالێکتەکانی خوارووce, çe ن، کە لە دیالێکتی ژووروودا ne,ji جێیان دەگرنەوە، هەروەها هی nik (دەبێتە kin لە موکریدا)؛ ew، کە لە کرمانجیدا ئەرکی هەیە، دەتوانین مەزەندەی ئەوە لێ بدەین، کە لە ڕووی ڕەگەماوە دەچێتەوە سەر e ، کە دەچێتە پاڵ فرمانی ئاراستەکراوەوە و تەرکیبی ڕێبازی تەواوکەری جێگری فەرمان دروستدەکات، بەراوردیان بکە: kewtew wene ,pene, çenî/çene, kéte، کە بە تایبەتی لە دیالێکتەکانی گۆرانیدا ماونەتەوە و خەسیەتی چالاکیی جۆراوجۆر دەردەخەن؛ ئەمانە وا دیارە پرێپۆزیشنی ساکاری سست بن لەگەڵ ڕاناوی ئاماژەکردن، لە تەرکیبدا دەنگی n یان چۆتە ناو - پێمان وایە - لە دیالێکتەکانی ژووروشدا ئەم حاڵەتە دەردەکەوێ - ئامرازی پەیوەندی لە شێوازی نەفیدا – nînin,nîne,nînî,nînim.

سینتاکسیسی دیالێکتەکانی خواروو هەندێ خەسیەتی تایبەتیی وایان هەیە، کە پابەندی پاشگری ڕاناوی کەسین و لەم دیالێکتانەدا ئەرکی بنەڕەتیشیان درووستکردنی ڕستەیە. پاشگری ڕاناوی جگە لەوەی وەک جێگری ناو بۆ داڕشتنی نموونەی جیاجیای تەرکیبی ڕاناوی تەمەلووک بە کاردێت، هەروەک هی ناو ئاواش هی فرمانەو هاوجووتی تەرکیبی دیالێکتەکانی سەرووشە.

لە بەرانبەرکردنی زاراوەی تاکی سەربەخۆ، هەروەها لەگەڵ پرێپۆزیشندا، پاشگری ڕاناوی لە ڕستەدا دەوری جۆراو جۆری پەیوەندیی سینتاکسیسی درووست دەکات. خەسیەتێکی تری سینتاکسیسی دیالێکتەکانی خواروو لە دەوری ئەرێتیی بەکارهێنانی هەندێ پرێپۆزیشندا هاتووە، کە وەکو هی دیالێکتی زازا وایە.

لە ئەدەبیاتی ئێرانناسیدا گەلێ جار باسی لێکچوونی دیالێکتەکانی خواروو و بە ڕای هەندێکیان دیالێکتی "ناکوردی" گۆرانی – کراوە. ئەمەشیان بە تەئسیری گۆرانی لەسەر ئەو دیالێکتانەی تر لەقەڵەمدراوە. ک.با.ر لە پێشەکیی ئەو کارە سەرجەمییەیدا کە دەربارەی دیالێکتە کوردییەکانی- گەڕووسی، سنەیی،

هەواڵنامەی کتێب

کرماشانی، کورونی (بە دیالێکتی خواروی رۆژهەڵات ناوبراون) و کالوون ـ عەبدوویی (ژوورووی رۆژئاوا) نووسیوونی، دەڵێ:" چونیەتیی دیالێکتە کوردییەکانی خوارووی رۆژهەڵات و گۆرانی، لە رووی سیستێم و دەنگ و ئاوازەوە لە هەردوو کۆمەڵە دیالێکتەکەدا دیارە و هەمان شتن. لە هەردووکیاندا، گۆڕانی دەنگ و بەرەوپێشەوەچوونی داهاتووی – رێبازێکی لێکچوویان هەیە. من چەندین جار و بە وردی وەک یەکیی رێزمانیی (ئەم دوو گرووپەم) لەو نووسینەمدا، کە دەربارەی رێزمان نووسیوومە، پیشان داوە". هەروەها لەسەری دەڕوا و دەڵێ:" پەیوەندیی توندوتۆڵی دیالێکتە کوردییەکانی خوارووی رۆژهەڵات و گۆرانی، وشەقەرزکراوەکانی دیالێکتی خوارووی رۆژهەڵاتە، کە لە هەموو دیالێکتەکانی گۆرانیدا هەن. نموونەی درەوشاوەی ئەم بۆچوونەش، شێوەی تەڵخی دەشکە. خەسیەتە تایبەتییەکانی دیالێکتەکانی خوارووی رۆژهەڵات لەم دیالێکتەدا هەر بەمەشەوە ناوەستێ، بەڵکو رەگی کۆمەڵێ فرمان، راناو و ئاوەڵکاریش دەگرێتەوە." (31) دەربارەی ئەم رایە، ئێمە ئەوەی دەخەینە سەر، کە ئەو دیالێکتانە نەک هەر لە رووی کەرەسەوە، بەڵکو لە رووی سیستێمیشیانەوە لەگەڵ دیالێکتەکانی خوارووشدا چون یەکن و یەکدەگرنەوە.

لێکچوونی دیالێکتە کوردییەکانی ناوەڕاست،( لە دابەشکردنەکەی ئێمەدا ـ گرووپەی بچکۆلەی دیالێکتەکانی خواروون، لەوانەش سلێمانی، سۆرانی، موکری) لەگەڵ گۆرانیدا؛ ئەوەی کە د. مەکەنزی دەیەوێ بیسەلمێنێ لە ژێر تەئسیری گۆرانیدان. دانەر لە وتاری "کرمانجی، کوردی، گۆرانی"دا، بەهۆی سێ نیشانەی فۆنەتیکی – مێژوویی و هەندێ خەسیەتی مۆرفۆلۆگییەوە – لای وایە – دیالێکتەکانی "ناوەڕاست" و گۆرانی یەکدەخەن و لە دیالێکتەکانی کوردیی سەروو جیایان دەکاتەوە. پێشتر بەرپەرچی نەگونجاوی و ناتەواویی ئەم رایەیمان داوەتەوە.(32) لێرەدا تەنیا ئەو فاکتە زمانەوانییە تازانە باسدەکەین، کە لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی تەرکیبی رێزمانیی دەستنووسە گۆرانییەکاندا بە ئەنجامی گەیشتووین و ئەوەش دەسەلمێنن، کە گۆرانی نەک هەر لەگەڵ دیالێکتەکانی خواروو، بەڵکو لەگەڵ ئەوانەی سەرووشدا چون یەکیان هەیە.

ئاشکرایە دیالێکتی گۆرانی زمانی رەسمی و ئەدەبیی میرنشینییەتیی ئەردەڵان بووە. ئەردەڵان مەڵبەندێکی کولتووری و سیاسیی گەورەی کوردستانی خواروو بوو، لە کۆتایی سەدەی دوانزەیەمەوە هەتا شەستەکانی سەدەی نۆزدەیەم بەرقەرار و بەردەوام بوو. بەم دیالێکتە کەلەپووری سامانی ژانری جیاجیای ئەدەبی هەیە و

پارێزراوە، کە بەشێکی دانەبڕاوی کولتووری گیانیی میللەتی کوردە. دەستنووس و بەیازێکی زۆری شیعری لیریکی و چیرۆکە شیعرو هی فەلسەفی و ئاییینی بەم دیالێکتە ماونەتەوە. لێکۆڵەرەوەکان ناوی گەلێ شاعیری ناوداریان باسکردووە، کە بە گۆرانی نووسیویانە، لە وانە مەلاپەرێشانی کوردی (سەدەی چواردەیەم)، بێسارانی (١٦٤١ – ١٧٠٢)، خانای قوبادی (١٧٠٠ – ١٧٥٩)، کۆماسی (سەدەی نۆزدەیەم)،سەییدیی‌هەورامی(١٧٨٤–١٨٤٨) ، مەولەوی (١٨٠٦–١٨٨٢)، وەلی دێوانە (سەدەی هەژدە–نۆزدە)، ڕەنجووری، جەفایی، فەقێ قادری هەمەوەند – سەدەی نۆزدەیەم.(33)

تا سەردەمانێکی نزیک، شتێکی کەم دەربارەی ئەدەبی گۆرانی دەزانراو هەندێ نموونەی کەمی لە لاپەڕەی ڕۆژنامە و چاپەمەنییە کوردی و ئەورووپاییەکاندا، لەملاولەولا، بڵاوکرابوونەوە. هەروەها لە کەتەلۆگی هەندێ لە کتێبخانەکانی جیهاندا ناوی دەستنووس و بەرهەمی گۆرانی تۆمار کرابوون.(34) بنەماڵەی زانای کورد مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس (کوردستانی عێراق) دەورێکی باڵایان لە ساغکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ئەدەبی گۆرانیدا بینیوە، بۆ نموونە یەکەم چاپی زانستیی دیوانەکەی مەولەوی (١٩٦١)، پۆیەمای "شیرین و خەسرەو"ی خانای قوبادی (١٩٧٥)، دیوانی فەقێ قادری هەمەوەند (١٩٨٠) .... هتد

ئێرانناسی ناسراو محەمەد موکری یەکەمین جار بەرهەمی ئاییینی بە دیالێکتی گۆرانی و هەروەها هەندێ تێکستی فۆلکلۆریی تری وەکو "بێژەن و مەنیجە"ی لە چاپداوە.(35) نرخێکی گەورەی ئەم بەرهەمانەی موکری، لە بڵاوکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ڕێزمان و فەرهەنگەکانیدایەتی.

ئەو بەرهەمانەی باسکران، بەشێکن لە کەلەپووری لەبنەنەهاتووی دیالێکتی گۆرانی و بناغەیەکی پتەوی لێکۆڵینەوەی زمانەوانین و زانینیان و سەرلێدەرکردنیان زۆر پێویستە بۆ دیاریکردنی جێگای دیالێکتی گۆرانی لەناو دیالێکتە کوردییەکاندا لە سەرێکەوە و بۆ نیشاندانی پەیوەندیی گۆرانی لەگەڵ دیالێکتەکانی خواروو و سەرووشدا لە سەرێکی ترەوە.

دیالێکتی گۆرانی و بەتایبەتیش هەورامانی، کە دیارە بنەچەو وەجاخی کۆنینەی ئەم دیالێکتانەیە کۆمەڵێ خەسیەتی ڕێزمانی و زاراوەی دەگمەنی هەیە، کە دەیکاتە سیمای دیار و گرنگی ئەم کۆمەڵە شێوەیە. ئەو کەرەسە زوو چاپکراوانە و ئەو زانیاری و ئەنجامانەی دوای لێکۆڵینەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەم دیالێکتە پێی گەیشتووین، ئەو ڕاستییانە دەسەلمێنن کە لە بەرهەمە ڕێزمانییەکاندا هەن – ئەویش

نزیکیی کەرەسەو سیستێمی دیالێکتەکانی گۆرانی و کوردیی خوارووە. لەگەڵ ئەمەشدا، هەندێ خەسیەتی مۆرفۆلۆگی و فۆنەتیکی لەم دیالێکتەدا هەن، کە جیاوازن لە وانەی دیالێکتەکانی خواروو، لە هەمان کاتدا ئەمانە گۆرانی لە دیالێکتەکانی سەروو نزیک دەکەنەوە. ئەمانە لە رووی فۆنەتیکاوە دەنگەکانیان دەگۆڕدرێت بەهی تر، وەک لەم وشانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

گۆر– o –کوخ : uê ؛kuêr-kor, tuêkil-tokil ؛کر.kor؛

گۆر. – û- کوخ :uê ؛xuên-xûn / hûn ؛کر. xûn؛

گۆر e – کوخ : a ؛hard - herd ؛کر hêrî؛

گۆرe/a – کوخ : e ؛xuard - werd,ward, xew, xew, xaw ؛کر xuar, xar, xew

گۆر a – کوخ : ê ؛mizgênî - mizganî, hawsê - hawsa ؛کر mizginî؛

گۆرe – کوخ : ê ؛hêşt - haşt / ast, çêşt - çeşt ؛کر hîşt؛

گۆر i /e کوخ : i ؛mird - mird / merd, bird - berd ؛کر. mir,bir؛

گۆر u /o کوخ : e ؛heigirt - hurgirt / horgirt ؛کر. hilgirt؛

گۆر î – کوخ. : û ؛bû - bî, çû - çî / şî ؛کر. bû, çû؛

گۆر w کوخ. : m ؛ziman - ziwan ؛کر. ziman؛

گۆر w/m– کوخ. m/w ؛dîw-dîm, daw-dam, çaw-çaw/çem ؛کر. dem-dêm ؛dev, ç'av / çêv؛

گۆر w کوخ. پ: ؛bar - war, bîr - wîr, ba - wa ؛کر. bar, bîr, ba؛

گۆر w – کوخ : x ؛xoş - weş, xist - wist ؛کر. xaş / xweş, xist؛

گۆر s/ç – کوخ : ç ؛çû-çî /sî ؛کر. çû؛ هەروەها îş-c,-îç کوخ هەروەها îj لە کر. دا.

گۆر ç – کوخ : j ؛serewjêr - sereçêre ؛کر. serevjêr؛

گۆر x/h – کوخ : x ؛xuên - xûn / hûn ؛کر. xûn؛

گۆر h – کوخ : k ؛ker - her ؛کر. kêr؛

گۆر h – کوخ : s ؛asinger - ahînger, asin - ahîn ؛کر. hesin / asin؛

گۆر s – کوخ : s ؛aşaw - asîaw /asaw ؛کر. aş؛

گۆر s – کوخ : t ؛sêr-têr - tîr - sîr ؛کر. t'êr, tîr؛

گۆر t – کوخ : t ؛zimisan / zimistan ; ceste-cese;kost-kos;pêst / post-pos / post ؛کر. rastî-rasî ؛zivistan, rast, p'ost؛

گۆر w/f – کوخ :w ؛sêw-sêf, kewt-kewt / keft ؛کر. sêv, k'et؛

گۆر f – کوخ : p ؛çipe-çife ؛کر. ؛

گۆر r – کوخ : î ؛hegirt-horgirt ؛تا.کر. hilgirt؛*

* گۆر – گۆرانی؛ کوخ – کوردیی خواروو؛ کر – کرمانجی.

له سیستێمی ناودا جیاوازیی لەمانەدان: (أ) له بەکارهێنانی ئامرازی نەناسراوی شێوەی هاوجووتی نەناسراوی êwe/êw لەگەڵ شێوەی ê دا، که خەسیەتی دیالێکتەکانی کوردیی خوارووە؛ (ب) له بەکارهێنانی ئازادی نیشانەی دیاریکردنی – e، له ناوی، راناوی، ئاماژەکردندا، که شتێکه دەبێ له دیالێکتەکانی خوارووا بەکاربێت؛ (ڤ) له کاتی زۆر به دەگمەن بەکارهێنانی تەرکیبی چونیەتیی دیاریکردندا (لەگەڵ e ی ئیزافه)، که له دیالێکتەکانی خوارووا به شێوەیەکی فراوان بەکاردێ و لەوانەی سەرووشدا جۆره دەربڕینێکی رووالەتیی هەیه.

سیستێمی راناو له گۆڕانیدا ئەم خەسیەتانەی هەیه (أ) هەندێ راناوی ئاماژەکردنی هەیه، که له هەندێ له دیالێکتەکانی خوارووا به تەواوی له ناوچوون و له هەندێکیشیاندا ماونەتەوە.

وەک راناوی ناو دەستنووسەکان ye, ey, î, îne, êd, ad, (an)a ئەم سیانەی دوایی له دیالێکتەکانی خوارووی رۆژهەڵاتیشدا هەن؛ (ب) شێوەیەکی تری پاشگری راناوی کەسی سێیەمی تاک و کۆیه (i) şan,ş، که له دیالێکتەکانی خوارووا دەبێ به yan y/î ؛(ڤ) شێوەی راناوی شەخسـیی گەڕاوەیه: wêtan, wêman, weş, wêt, wêm wêşan، که لەگەڵ ئەم شێوانەدا دەگونجێ xoyan, xotan , xoman, xoy, xot, xom : له دیالێکتەکانی خوارووا، که دەبێ به xu / xe, xa / xwe راناوی بۆ گەڕاوەی له دیالێکتەکانی سەرووا؛ (ڤ) بەکارهێنانی پارمەتیدەرانەی پاشگری راناوی ê (له پێکهاتنی پریپۆزیشنی ئاڵۆزی pê, lê ,cê, tê,)، بەتایبەتیش ئەرکی راناوی هەیه و به دەوری خۆی، ئەم راناوە و هی دیالێکتەکانی سەروو نزیکدەخاتەوە، له هەمان کاتدا له دیالێکتەکانی تری خوارووا پاشگری ê دەوری شێوەی ئاراسته کراو دەبینێ و زیاتر ناوی دیاریکراویش ناگرێتەوە. هەروەها بڕوانه. پ 10.

پێکهاتنی پریپۆزیشن له گۆڕانیدا ئەم خەسیەتانەی هەیه: (أ) پریپۆزیشنی ce, ne, pey, perê, pene, çenî/çene ئەمانه له دیالێکتەکانی خوارووو و ژووروشدا نین، جگه له پریپۆزیشینی pey، که له کرمانجیدا مانایەکی تر دەبەخشێ "به شوێن، بەدوای" ؛ (ب) به شێوەیەکی فراوان و زۆر هی ew بەکاردێت، که له دیالێکتەکانی خوارووی رۆژهەڵاتدا دەبێ به e، هەروەها "سۆرانی" و ژووروودا پاشگری پریپۆزیشنیe هەیه؛ (ڤ) نەبوونی پریپۆزیشنی gel, le, de، که خەسیەتی دیالێکته «سۆرانی»یەکانە..

فرمان له گۆڕانیدا ئەم خەسیەتانەی هەیه: (أ) بەکارهێنانی هەندێ شێوەی

تەفازوولی ڕەگەزی شەخسی، لە حاڵەتی کات، گۆڕیندا، هەروەها لە ڕازوگێڕانەوەدا، ئەمە لە هەندێ شوێندا لە دیالێکتەکانی‌تری خوارووا هەیە؛ (ب) بەکارهێنانی نیشانەی mi/me ، کە لە دیالێکتەکانی‌تری خوارووا دەبێ بە de/e؛ (ڤ) نەبوونی ئامرازی نەفیی na، کە لە کاتی ئێستاو داهاتوودا لە دیالێکتەکانی سەروو و خوارووا بەکاردێت. لەجیاتی ئەمە لە گۆرانیدا ni,ne هەیە، کە لەوانەی سەروو و خوارووشدا بە کاردێن. (گ) دروستبوونی هەندێ حاڵەتی فرمان بەیارمەتیی پاشگری a، کە خەسیەتی دیالێکتەکانی ژووروو و لە وانەی خوارووا دەبێ بە aye؛ (د) نەبوونی پاسیڤی r کە خەسیەتی دیالێکتەکانی "سۆرانییە" و لە گۆرانی و خوارووی ڕۆژهەلاتدا دەبێ بە y،ye لە زازادا (لەگەڵ فرمانی لازمدا دەبێ بە ya لە دیالێکتەکانی سەرووا و بە a - لە "سۆرانییەکاندا"؛ (ئێ) پێشگری وشە دروستکەری hur/hor (لە سۆرانیدا، لە کرمانجیدا hil)؛ ber (لە سۆرانی و کرمانجیدا der)؛ لە سۆرانیدا، ro/ra لە کرمانجیدا ra، لە زازادا ro)؛ ew/ewe (لە سۆرانیدا پاشگری ewe، کرمانجی پێشگری ve) لە کۆتاییشدا ene، کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە هەورامانیدا بەکاردێت.

خەسیەتێکی تایبەتی سینتاکسیسی گۆرانی ئەوەیە کە "ڕاناوی تەمەلووک" و "تەواوکەری سست" یا تەرکیبی "تەواو کەر"ی تێدایە لەگەڵ فرمانی ڕابووردووی موتەعەدیدا، کە زیاتر بە هۆی دەربڕینی کاری بکەرەوە لە پاشگری ڕاناوی یان کۆتایی فرماندا دەردەکەوێ. شایانی باسە و گرنگە ، کە "ڕاناوی تەمەلووک" لە دیالێکتەکانی خواروو و" تەواوکەری سست" لە وانەی ژووروودا گەشەیان سەندووە.

پێویستە ئەوەش بڵێین، کە لە دەستنووسە گۆرانییەکاندا، هەندی حاڵەتی ڕێزمانی وەکو پرۆسێسی سووک‌کردنەوە و نەمانی گۆڕینی ناو، نەمانی جیاوازیی ڕەگەز، کە لە کاتی شەرتی و شێوەی خستنە پاڵ "ئیزافە"دا دەردەبڕێ، هەروەها بۆ نەهێلانی "تەواوکەری‌سست"، کە دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی ڕێزمانیی پاشگری ڕاناوی شەخسی و دەرخەری فرمانی شەخسی لە دیالێکتەکانی‌خوارووا. زمانی دەستنووسەکان هەندێ ڕێبازی ڕێزمانیی وایان تێدایە، کە بەڵگەی ئەوەن نموونەی زۆریان لە ڕووی فۆنەتیک و مۆرفۆلۆگیا و سینتاکسیسەوە هەیە.

هیچ گومانێکیش نییە. لێکچوونی زۆر هەیە لە نێوان زاراوە و وشەی گۆرانی و دیالێکتەکانی خوارووا، کە بە شێکن لە بناغەی فەرهەنگیی کوردی بەگشتی. لەگەڵ

هەواڵنامەی کتێب

ئەمەشدا هەندێ وشەی دیالێکتی گۆرانی لەوانەی خوارەوەدا نین: pêwar, gilko, esir, esrin, hêstir) لە کرمانجیدا)، rêwel, sêweng, rew) لە سۆرانیدا)، pose (wusa لە کرمانجیدا)، eragei, xawêr, bûl, pêi, ladê ...هتد لەگەڵ هاوجووتیی تەواوی زاراوەی فرمانیدا، ئەمەی دوایی لە رووی بناغەی نموونەی فۆنەتیکییەوە جیاوازیی هەیە: وەک kerd – کوردیی خواروو wist, kird–کوردیی خواروو xist; lalŷa، . کوردیی خواروو lala... هتد.

لە ناو دیالێکتەکانی گۆرانیدا هەورامانی زیاتر هەندێ سیمای رێزمانیی وای هەیە، کە لە دیالێکتەکانی سەروو بە تایبەتیش زازای نزیکدەکاتەوە . بۆ نموونە لە هەورامانی و ئەوانەی سەرووا، لە حاڵەتی شەرتی و ئیزافەدا، ناو، نیشانەی نێرومێ تێدا دەردەکەوێ. لە لایەکی ترەوە، لە هەورامانیدا وەک زازا، مەسەلەی رەگەز لە شێوەی فرمانی شەخسیدا دەردەکەوێ، بەڵام لە کرمانجیدا ئەوە نییە. هەرچەندە جارو بار ئەمەشمان لە هەندێ فرماندا دۆزیوەتەوە، بۆ نموونە ، weyla mirêو weyla mirî، لە یەکەمیاندا ê نیشانەی مێیە، لە دووەمیاندا îنیشانەی نێرە. هەروەها لە هەورامانیدا وەک دیالێکتەکانی سەروو دوو جۆرە ئیزافە هەیە: هی چونیەتیی و هەبوون (تەملووک)، ئەگەر چی لە هەورامانی، سۆرانی و زازادا جیاوازییەکی دیار و رێک و یەک بە دوای یەکدا هەیە، بەڵام لە کرمانجیدا لەو دیو تێکستەکەوە ئەرکێکی رێزمانیی دیاریکراوی هەیە، بۆ نموونە (خوشکا من ، خوشکا منێ بچووک، برێ من ، برێ منی بچووک).

لێکچوونی هەورامانی و دیالێکتەکانی سەروو، تەنیا بە نموونەی ئەو نیشانە رێزمانییانەی سەرەوە ناوەستێ، کە بە شێوەیەکی جۆراوجۆر لە دیالێکتە کوردییەکانی دیشدا هەیە (لە موکریدا، لە حاڵەتی شەرتیدا بەشێکی رووبەرووی رەگەز دەبێتەوە، لە هی کەندوولەیدا هەروەک کرماشانی تەنیا شێوەیەکی حاڵەتی شەرتی – بۆ گۆیندانە رەگەز – بە کاردێ، لە هی سلێمانیدا خەسیەتێکی کۆنە و بۆی ماوەتەوە). نزیکیی ئەم دیالێکتانە لە چونیەتیی پێکهاتنی فۆنیمی و لە بەشێکی زۆری زاراوە و وشە و هەروەها لە هەندێ شێوە و خەسیەتی رێزمانیدا، کە سیستێمی ناو و فرمان دەگرنەوە خۆی دەنوێنێ و دەردەکەوێ.

دیالێکتە کوردییەکانی خوارووی رۆژهەڵات بەتایبەتییەتییە فۆنەتیکیی و رێزمانییەکانیانەوە، کە یاسای نائاسایی زۆر لە دەستوور و سرووشتیاندا هەیە، بە شێوەیەکی توندوتۆڵ تێکئاڵاون و بەکاوەخۆ لەم شێوەیەوە دەگۆڕێن



هەواڵنامەی کتێب

بۆ ئەوی ترو زۆر زەحمەتە دابەش‌وجیایان بکەیتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەر تەنیا بە سەرنجدانێکی کەمی کەرەسەی ئەو دیالێکتانە، دەتوانین هەندێ نیشانەی ڕێزمانی دەست‌نیشان‌بکەین و لەسەر ئەو بناغەیەش دیالێکتە کوردییەکانی خوارووی ڕۆژهەڵات دەبنە بێچووە گرووپێکی دیالێکتەکانی خوارووی زمانی کوردی. ئەو نیشانانەش ئەمانەن: (أ) بە پێچەوانەی دیالێکتە سۆرانییەکانەوە، کە نیشانەی سستیان (r) ە هی ئەمان هەروەکو گۆرانی ya یە؛ (ب) بەکارهێنانی ig بۆ ناوی بکەر و کراو، کە لە سلێمانیدا (ok لە زازادا ox ، لە کرمانجیدا ناو بەسەر ok و ox دا بەش‌دەبێ)(36)؛ (ڤ) بەکارهێنانی ڕاناوی کەسی یەکەم و دووەم îme, îme (لە سۆرانیدا êwe, ême)؛ (د) بەکارهێنانی پریێوزیشن era (لەگەڵ پاشگریی فرمانیی وەک خۆیدا لە هەورامانیدا) و e (لەگەڵ پاشگری پریێوزیشندا e لە سۆرانیدا هەروەها ew لە گۆرانیدا)؛ (ی) بەکارهێنانی ڕاناوی ئاماژەکردن î، ey، ye، کە لە سۆرانیدا بەکاردێن و لە گۆرانیشدا هەن؛ (ژ) بەکارهێنانی شێوەی حاڵەتی شەرتی î (لە سۆرانی و موکریدا î، ê).

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، کە باسکران و وەک کەرەسەی بەردەست دەریدەخا، دیالێکتەکانی خوارووی ڕۆژهەڵات بە هۆی کۆمەڵی نیشانەی مۆرفۆلۆگی و فۆنەتیکییەوە، لەگەڵ دیالێکتەکانی سۆرانیدا، بەپێچەوانەی گۆرانییەوە - یەکدەگرنەوە: لێکچوونی تەواوی پاشگری ڕاناوی شەخسی (گۆرانی، وەک لەمەوپێش نیشاندرا، لە شێوەی کەسی سێیەمی تاک و کۆدا جیایە)؛ بەکارهێنانی پێشگری de ، e ، کە لە گۆرانیدا دەبێ بە me؛ بەکارهێنانی ڕاناوی ئاماژەکردنی em ، کە خەسیەتی گۆرانی نییە؛ بەکارهێنانی فرمانی hatin (لە گۆرانیدا دەبێ بە amay)؛ çûn (çî ، şî لە گۆرانیدا)؛ پاراستنی دەنگی لێویی xw لە فرمانی xwastin دا ( wastin لە گۆرانیدا) ...هتد هەروەها بڕوانە پ١٤-١٥.

ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیەی سەرەوە، کە دەربارەی پەیوەندیی نێوان دیالێکتە سەرەکییەکانی زمانی کوردییە (بە ڕەچاوکردنی کەرەسەی تازەی گۆرانی، زازاو دیالێکتەکانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی) ڕێگەمان دەدات و هەقمان دەدات بە دەستەوە کە:

(١) زمانی کوردی لەم قۆناغەدا دابەش بکەین بەسەر دوو کۆمەڵی گەورەدا - سەروو و خواروو ئەویش بە گوێرەی خەسیەتی زۆربەی زۆری نیشانەی جەوهەرییان.

(٢) دیالێکتەکانی سەرووش دوو کۆمەڵە دیالێکتی بنەڕەتییان هەیە: کرمانجی و زازا؛ زاز لەگەڵ هەورامانیدا بەهۆی یەک

بنەماییانەوە خەسیەتی هاوبەشیان هەیە، لەهەمانکاتدا بەهۆی هەندێ نیشانەی بنەڕەتییەوە – نەبوونی پاشگری راناو، بوونی تەرکیبی «تەواوکەری سست» لەگەڵ فەرمانی رابووردووی موتەعەدیدا، بەرووبەرووکردنەوەی دەنگی پشووداری ناسک هی بێ پشووی گڕ لە دیالێکتەکانی سەرووەوە نزیک دەبێتەوە.

(٣) دیالێکتەکانی خواروو سێ کۆمەڵن – «سۆرانی»، «گۆرانی»، «دیالێکتەکانی خوارووی رۆژهەلات» و«کرماشانی».

سەرئەنجام دەمانەوێ بڵێین، دەرخستنی نیشانەی جیاوازیی دیالێکتەکان، کە خەسیەتی ئەم یان ئەو کۆمەڵە دیالێکتێن، لە کاتی بەرانبەرگرتن و بەراوردیاندا دەردەکەوێ و لەهەمانکاتدا پەیوەندیی توندوتۆڵ و بە یەکەوە گرێداویشیانمان لە سەرێکی ترەوە لا روون‌دەبێتەوە، کە خەسیەتی لە یەکچوونی ئاشکراو رێکوپێکی ئەم دیالێکتانە دەردەخەن و ئەمەش یەکێکە لە بناغە گرنگەکانی یەکێتیی زمانی کوردی.

## پەراوێزەکان

1) هەندێ جار ناوی شوێن و هۆکاری جوگرافیایی، یان ئەو تیرە و هۆزانەی بە دیالێکتەکان قسەدەکەن، بوونەتە هۆی ئەوەی ناوی جیاجیا لەم دیالێکتانە ببرێن و بە ناوی جیاوازەوە بناسرێن.

2) دلێر بەکر. ئەشکەوتەکەی. گوندوک.. بەغداد، ١٩٥١.

3) خاڵ، شێخ محەمەد. فەرهەنگی خاڵ، جزمی یەکەم، سلێمانی، ١٩٥٩.

4) محەمەد ئەمین هەورامانی. زاراوی زمانی کوردی لە تەرازووی بەراوردا، بەغداد، ١٩٨١.

5) مەبەست کرمانجیی سووریایە.

6) Heme khorshid Fuad. The kurdish Language. Baghdad, 1983.

7) Rieu. Ch. Catalogue of Persian manuscripts in the British Museum. Vol.II, L:, 1881.

8) ژوکۆفسکی.ڤ.ئا. مەزهەبی ئەهلی هەق لە پیرسیا. سانکتپیتەربورگ، ١٨٨٧.

9) ژوکۆفسکی.ڤ.ئا.کەرەسەی لێکۆڵینەوەی زاراوەی فارسی چ ٢٠، پ گ. ١٩٢٢.

10) Morgan. J. Dialectes kurdes. langues et dialectes du Nord de la Perse.- Etudes linguistiques de la mission scientifique en Perse,t. 5, P., 1904.

11) دانەر لای وایە. دیالێکتی خواجەوەندی، کە تیرەیەکی کوردی نیشتەجێی مازیندەران قسەی پێ دەکەن بە بێ بەڵگە، لە ریزی ئەو دیالێکتانە دەردەهاوێتە دەرەوە، کە تۆمارێکرابوون.

12) Christensen. A. Le dialectes d´Awromān et de Pāwä. Textes recueillis par Age Meyer Benedictsen, revus et publies avec des notes et une esquisse de grammaire. Kobenhavn, 1921.

13) بەرای م. بنیکتسین خۆی، ئەو هەژدە لاپەرە تێکستە بە پێنج هەفتە

نووسراوەتەوە. ئەم تێکستە هەر لەگەڵ نووسینەوەکەشیدا کراوەتە فارسی. بڕوانە سەرچاوەی ئاماژە بۆ کراو، ل،٣.

14) هەمان سەرچاوە، ل٥–٦.

15) هەمان سەرچاوە، ل٧–٨.

16) Minorsky. V. The Guran - BSOAS.VOL. XI. 1943 - 46 p.88.

17) Mann. O. Hadank. K. Mundarten der Guran. - Kurdish - persische Forschungen. Abt. 3.Bd. 4.B, 1932.

18) Mann. O - Hadank. K. Mundarten der Zaza. - Kurdisch Persische Forschungen. Abt. 3, Bd. 4. B. ,1932.

19) Soane. E. A short antology of guran poetry. - JRAS. L., 1921.

20) Mackenzei. D. The Origins of Kurdish. - TPhs., L.,1961

مەکەنزی. د. کرمانجی، کوردی و گۆرانی. گۆڤاری میللەتانی ئاسیا و ئەفریقا.١٩٦٣، ژ، I.

21) Wahby. T. The Origins of the Kurds and their Languge.- Kurdistan. IX, X, 1964.

(هەروەها بڕوانە پەراوێزی 4).

22) بڕوانە.کوردۆیێڤ.ک.ک. ڕێزمانی زمانی کوردی بە کەرەسەی دیالێکتی کرمانجی و سۆرانی، مۆسکۆ، ١٩٧٨؛ خەمۆیان.م.ئۆ. دەربارەی مێژووی لێکۆڵینەوەی زازا.– باس و خواسی فرازیۆلۆگیا و شێواز و پێکهاتنی تەشکی زمانە ڕۆژهەلاتییەکان. سەمەرقەند، ١٩٧٢؛ یوسوپۆڤا ز.ئە. دیالێکتی سلێمانیی زمانی کوردی. مۆسکۆ، ١٩٨٥. سمیرنۆڤا.ئی.ئە. و ئەییووبی ک.ر. دەربارەی دیالێکتەکانی زمانی کوردی.– لێکۆڵینەوەی زمانەوانی ١٩٨٦، مۆسکۆ،١٩٨٦.

23) ئاساتریان.گ.س. دەربارەی سەرەتاکانی ئەرمیانیزم لە زمانی کوردیدا.– گۆڤاری مێژوو – زمانەوانی، ١٩٨٦، ژ، ٢.

24) بڕوانە. تۆرانسکی.یی.م. پێشەکییەک دەربارەی زمانەوانیی ئێرانی. چاپی دوو، مۆسکۆ ١٩٨٨، لێرەدا دیالێکتی گۆرانی، هەورامانی و زازا بە کوردی دانراون.هەروەها سەیری کاری کوردناسە سۆڤیەتییەکان بکە.

25) بەدرخان.ج. «مەولوودا نەبی»ی مەلا نادری لە چاپ داوە. ئەم بەرهەمە بە دیالێکتی زازای ناوچەی سیڤێرێک بووە. بڕوانە.Meuluda nebi.. Be kurdi ya. dumlî, şam,1933.

26) ئێستا خەریکی لە چاپدانی دەستنووسێکی .ک.ک.کوردۆیێڤن: "لێکۆڵینەوە لە زازا (دیالێکتاناسیی کوردی)"، لەم بەرهەمەدا دانەر دەیەوێ بە شێوەیەکی سەرجەم و هەمەلایەنە بەراوردی زازا و کرمانجی بکا لە ڕووی فۆنەتیکاو ڕێزمان و وشەوە ، بۆ ئەوەی مەسەلەی بنەچە و بنەوانی شوێنی دیالێکتی زازا دیاری بکات.

27)مالمیسانی فەرهەنگی زازا–تورکی داناوە
Malmmisanij. Ferhengê -.بڕوانە.
êdimilki - tirkî. Uppsala, 1987.
بیبلۆگرافیای فەرهەنگەکە ناوی ئەو سەر
چاوانەی هێناوە، کە بە زازایین.

28) بڕوانە. ئاساتریان گ.س. زمانی زازا و
ئەرمەنی– گۆڤاری زمانەوانی– مێژوویی،
١٩٨٧، ژ١. پێویستە ئاماژەی ئەوەش
بکرێت، کە لە سەرچاوەکاندا لەگەڵ
«دیملی‌دا، دومبوولی/دونبوولی/دیملیش
بەکاردێت، دیارە ئەمە هەر جیاوازیی
فۆنەتیکی هەمان وشەیە.

29) بڕوانە. مینۆرسکی ڤ.ف. کوردەکان.
پیترۆگراد.١٩١٥، ل٤–٥. بڕوانە هەروەها
Kurdstan Tarihinde Darsim.
par le Dr. Vet M. Nuri Dersimi.
Alep, 1952.
پاپازیان.ئا.د.سەرچاوەی نوێ دەربارەی
مێژووی گەلی کورد. – لە کتێبی: وڵات و
گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست.
VII . کوردناسی. ئێریڤان، ١٩٧٥،
ل٢٠٩–٢٢٤.

30) کوردۆیێڤ.ک.ک. مەسەلەی ڕەگەز و
تەرکیبی تەواوکەر لە زازادا. –
زمانەوانیی ئێرانی. مۆسکۆ. ١٩٧٦.
ل١٠٤–١١٧.

31) Chirstesen A. und Barr K. Iranische Dialectaufzeichnungen aus dem Nachlass von F. C. Andreas. Berlin, 1939.

32) یوسوپۆڤا.ز.ئە. دیالێکتی سلێمانیی
زمانی کوردی. مۆسکۆ، ١٩٨٥، ل.١٠.

33) بەدرێژی لەم بارەیەوە بڕوانە. ئەنوەر
قادر محەمەد. لیریکای شاعیری کوردی
سەدەی نۆزدەیەم مەولەوی (بە دیالێکتی
گۆرانی). نامەی کاندیداتی بە زمانی
ڕووسی، لینینگراد، ١٩٨٦.

3 4) رودینکۆ.م.ب. تەعریفی کۆمەڵە
دەستنووسەکەی لینینگراد. مۆسکۆ،
Fuad Kamal. Kurdishe:١٩٦١
Handschriften. Wiesbaden 1970.

35) Mokri M. Cinquante - deux versets de Cheikh Amir en dialecte gürâni (Ahl-e Haqq), JA, P., 1956, P.391 - 422; Bizan Manîja. Version populairi du Sud du Kurdistan par Mohammad Mokri., p., 1966.

36) ئەم پاشگرە لە ڕێزمانەکەی ج.
بەدرخان و ر.لیسکۆدا ڕەچاوکراوە:
Bedir Khan Djeladet et Lesco Roger. Grammaire Kurde (Dialecte kurmandji), P.,1970, p.291.

# دیموکراتییەت و پەرلەمان

ئامادەکردنی محەمەد قەرەداخی

## یــــۆنــــان

دیموکراتییەت بۆ یەکەمین جار پێش لەدایکبوونی مەسیح بە ۲۰۰-۳۰۰ ساڵێک، وەکو سیستێمیک بۆ ڕێکخستنی کاروباری ژیان لە شاری ئەسینادا دامەزرێنردرا و شانبەشانی زانستە ئازادەکان و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی ئەو سەردەمە لە گەشەکردن دابوو. دەستەڵاتی کاروبار ڕێکخستن بە دەستی ئەنجومەنی هەڵبژاردەی شارە سەربەخۆکانەوە بووە'(stads statterna).

هەر یەکێ لەم شارە سەربەخۆیانە دانیشتوانی شار و دێهاتەکانی دەوروپشتیان دەگرتەوە. بچووکترین شاری سەربەخۆ ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی دوو هەزار بووە و گەورەترینیشیان شاری ئەسینا بوو، کە ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی پەنجا هەزار کەس بوو. ژمارەی دانیشتوان لە کەم بوون و زۆربووندا بوون و پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ڕادەی نەخۆشی و شەڕ و کارەساتەوە بووە.

هەموو کەس مافی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شاری نەبووە (کۆیلە و ئافرەت و منداڵ مافی دەنگدانیان نەبووە). تەنیا ئەو پیاوانەی کە ئازاد و لە خێزانێکی نەجیبزادە و ناسراو بوون و تەمەنیان لە ۲۱ ساڵ کەمتر نەبووبێ، مافی دەنگدانیان هەبووە و توانیویانە کار بکەنەسەر هەڵبژاردنەکە.

جۆری هەڵبژاردنەکەش بە شێوەی دیموکراتیی ڕاستەوخۆ بووە. گشت خەڵکی شار کۆبوونەتەوە (ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەبووە) لە شوێنێک .. ئەنجومەنیان هەڵبژاردووە یاخود بڕیاری خۆیان داوە. ئەو کەسانەی، کە مافی دەنگدانیان بووە بە هۆی ناوڕاکێشانی ڕاستەوخۆوە بوونەتە ئەندامی ئەنجومەنەکە. دە ژەنەراڵ و ئەمیراڵ ڕاستەخۆ لە نێو خەڵکەکەدا هەڵبژێردراون. ئەو کەسەی کە هەڵبژێردرابێت بە ئەندامی ئەنجومەن تەمەنی لە سی ساڵ کەمترنەبووە.

سەرۆکی ئەنجومەن خۆی ئەندامی ئەنجومەنەکەش بووە و تەنیا یەک ڕۆژ مافی ئەوەی هەبووە سەرۆکایەتیی بکات، دوای ئەو ڕۆژە، بە نۆرە یەکێکی تر هاتۆتە شوێنی.

لەو سەردەمەی کە ئەفلاتوون لە ژیاندا

هەولێرنامەی کتێب

بووە. کۆمەڵ و گرووپی سیاسی لە دەوری ئەنجومەنەکە کۆبوونەتەوە و دەوری پارتی ئەم سەردەمەیان بینیوە. بۆ نموونە کاتێک دەستەڵات لە دەستی دیموکراتەکاندا بووە، باری ڕێکخستن و گەشەکردنی یۆنان بە جۆرێکی تربووە. بە بەراورد بەو سەردەمەی کە دەستەڵات لە دەستی پاشاپەرستەکاندا بووە. بەلای دیموکراتەکانەوە ئازادی و یەکسانی زۆر گرنگ بووە، بەلای ئەوانەشەوە، کە سەر بە پاشایەتی بوون؛ تەندروستی و خووڕەوشت و بڕیاردان و چارەنووس دیاریکردن.

لەم سەردەمانەدا خەڵکی لە ڕووی یاساوە وەک یەک سەیر کراون و کۆیلە تا ڕادەیەک باشتر ژیاوە و بۆی هەبووە پارە کۆبکاتەوە و خۆی بکڕێتەوە. ئەم جۆرە ئەنجومەن و شارەسەربەخۆیانە وەکو شتی گشتی بۆ گشت خەڵک چاک بوون، بەڵام لە ڕاستیشدا زیاتر لە خزمەتی خەڵکی دەستەڵاتدار و دەوڵەمەندا بوون.

## ئەفلاتوون

لە سەردەمی خۆیدا ڕاستەوخۆ بەشداریی ناکۆکییە سیاسییەکانی نەکردووەو باوەری بە پارت و گرووپی سیاسی نەبووە. هەر چەندە بەشی هەرە زۆری نووسینەکانی سەبارەت بە سیاسەتن. بۆ نموونە چۆن دەوڵەت، دیموکراتی، ڕێکخستن و هەڵبژاردن لە نێو کۆمەڵدا پەیدادەبێت.

کاتێک ئەفلاتوون باسی وڵاتە ئیدیالەکەدەکات مەبەستی ئەنجومەنێک بووە لە پاشا فەیلەسووفەکان کە توانای بڕیار دانیان لە سەر هەموو کاروبارێک هەبێ. بەلای ئەفلاتوونەوە خوێندن و خزمەت تەنیا ڕێگایەکە بۆ ئەوەی خەڵکی پلە و پایەیان دەست دەکەوێت. (خەڵکی چاک بۆ جێگای چاک) ئەو کەسەشی کە گەیشتبێتە پلەی مەلیکی فەیلەسووف نزیکەی ٤٠ ساڵ دەبێ بە دوای زانست و زانیاریدا گەڕابێ و بێ مووچە و پارە، جلوبەرگی زۆر لە هی خەڵکی سادەتر بووە و، هەقی ئەوەی نەبووە هیچ ماڵ و سامان و موڵکێک بەیەکەوە نێ.

لە وڵاتەکەشدا وا دانراوە منداڵ لە نێو دامو دەزگاکاندا بەخێو بکرێت. ژنهێنان و خێزان دروستکردن مەسەلەنەبێت. (گرنگ ئەوە بێت هەموو وەکو لە خێزانێکی گەورەدا بژین). هاوجووتبوونی ژن و پیاو بە ناو ڕاکیشان بێت. منداڵەکان خۆیان بە براو خوشکییەک بزانن. ئەفلاتوون بە ڕوونی باسی ئافرەت یاخود کۆیلەی نەکردووە. هەندێ لە توێژەوەرەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە ئەفلاتوون مافی مرۆڤانەی بە گشت کەس داوە و هیچ جیاوازییەکی لە نێوان پیاو و ژن و مرۆڤی کۆیلە و ئازاددا نەکردووە.

## سویسرا

هەروەها سویسرا یەکێکە لەو دەوڵەتانەی، کە داب و نەریتی دیموکراتییانەی دەمێکە

هەواڵنامەی کتێب

تێدا چەسپاوە و بەهێزە. خەڵکی ئەم وڵاتە شەیدای ئازادین و توانیویانە بیپارێزن. سویسرا وەختی خۆی لە سێ بەش: (ئوری و شڤیس و ئولتەروالدن) پێکهاتبوو و هەر لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی رۆمانییەوە ئازادییان بۆ خۆیان دابینکردبوو. ساڵی ١٢٥٠، کە ئیمپراتۆرییەتی ناوبراو هەڵوەشایەوە، ئازادیی ئەم سێ وڵاتە کەوتە مەترسییەوە، بۆیە ساڵی ١٢٩٠ هەر سێ لایان پەیمانێکی سوپاییان لەگەڵ یەک ئیمزاکرد و بە گوێرەی ئەم پەیمانە، دەبوایە لە کاتی هێرشی دەرەکیدا، بۆ سەر هەرلایەکیان، ئەوانی تر لە سەری بێنە دەنگو بەرگریی لێ بکەن. سویسرا بیست هەرێمی هەیە، هەر هەرێمە و دەستووری تایبەتی و دامودەزگاکانی کاربەڕێوەبردن و ڕاپەڕاندنی خۆی هەیە. نزیکەی سێ هەزار شارەوانیی سەربەخۆی هەیە، کە هەر یەکەیان دەوڵەتە بچکۆلەیەکن بۆ خۆیان و چارەنووسیان بە دەستی خۆیانەوەیە. دەستەڵاتی سەرەوە و ناوەند لەم وڵاتەدا هیچ بایەخێکی ئەو تۆی نەماوە. بەشی هەرەزۆری شارەوانییەکان بە شێوەیەکی دیموکراتیی و دەنگدان بڕیاردەدەن و کاروبار بەڕێوەدەبەن. زۆرجاریش دەنگدان ڕاستەوخۆ کراوەیە، هەر چەندە ئەم شێوەیە بۆ شارە گەورە و قەڵەباڵغەکان زۆر شیاو و گونجاو نییە. شایانی باسە، تەنانەت لە سویسرا تا ئەم ماوانەی دووایی ئافرەت مافی دەنگدانی نەبوو، دووا شارەوانی ساڵی ١٩٩١ بڕیاری ئەم هەقەی بە ئافرەتان دا.

## دیموکراتییەت لای ژان ژاک ڕۆسۆ

ڕۆسۆ دەورێکی باڵای هەبووە، لە بانگەشەکردن بۆ ئەم بیرەدا و بە هەموو توانا و بلیمەتییەوە هەوڵی بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی دیموکراتییەتی داوە. ڕۆسۆ باوەڕی بەوە نەبوو، کە خەڵک نوێنەری هەبێت و دەستەڵات لە چنگ کۆمەڵێ خەڵکدا گیربخوات. ئەم پێی وا بووە، خەڵک دەبێ بزانن چییان پێویستە و دەبێ خۆیان بڕیاری لە سەربدەن و بە دەنگدانی گشتی و ئازادانە خەڵک ژیانی خۆیان دیاری بکەن و بگەنە ئامانجەکانیان.

## پێناسەیەکی دیموکراتییەت

دیموکراتییەت وشەیەکی یۆنانییە، بە مانای دەستەڵاتی میللەت، یا ئەنجوومەنی دەستەڵاتداری گەل، یاخود هەڵبژاردەکانی میللەت. یۆنانەکان، کە باسی دیموکراتییەتیان کردووە، مەبەستیان لە سیستێمێکی سیاسی بووە، بۆ کاروبار بەڕێوەبردن و ڕێکخستن.

کاتێک خەڵک لە کۆمەڵێکدا پێکەوە دەژین، بەرەنگاری کۆمەڵێ گیروگرفت و کاروباری هاوبەش دەبنەوە، کە یاسایەک دەبێ بەڕێوەیان ببات. بۆ ئەم ڕێکخستنە پێویستە

هەواڵنامەی کتێب

ئەنجومەنێک هەڵبژێردرێت، كە توانای بڕیاردانی هەبێت.

دیموكراتییەت هەر لە سەرەتا وە هەڵگری مانایەكی چاک بووە و هەموو كارێكی پەسند دراوەتە پاڵ ئەم چەمک و بیرە. لەم ڕۆژگارەی ئێستادا، دەرفەت و شوێن، هەر لە كارگە و قوتابخانە و ماڵ و خەستەخانەوە بیگرە تا خەیاڵ بەرەوژوور دەچێ... دیموكراتییەتی پێوە دەلكێنرێت... بۆ نموونە، دیموكراتییەتی كارگە، قوتابخانە....هتد.

## دیموكراتییەتی ئیدیاڵ

تۆماس مۆر ساڵی ١٥١٥-١٥١٦ كتێبێكی لاتینی بە ناوی (UTOPIA)وە نووسی و ئەمەش هەر وشەیەكی یۆنانییە لە (Topos)ەوە هاتووە، واتە ئەو جێگەیەی وجوودی نییە، یان كەس پێی ناگات، بەڵام خەڵک دەتوانێ لێی نزیكببێتەوە.

دیموكراتییەتچووارچێوەیەكی دەستووری و یاسەیەكی مرۆڤایەتی و ئەخلاقییە، هەروەک مافەكانی تاک، ئاوەهاش ئەركی سەرشانیان لە كۆمەڵدا دیاریدەكات؛ ئەمەش بە ناردراوێژی خۆڕایی نابێ، كە دیموكراتییەت بە ئازادییەكی موتڵەق لەقەڵەم بدرێ.

نموونەیەكی ساكار، ئەو یاسانەیە بۆ زامنكردنی ژیانی خەڵک لە هاتوچۆكردندا دانراون، ئەگەر پشتگوێ بخرێن، ئەوە وەكو ڕۆژگاری ڕابووردووی لێدێ، كە هەر كەس عەرەبانەكەی گەورەتر بوایە و ئەسپی زۆرتر رایانكێشایە دڕی بە ئەوانیتر دەدا و دەبوایە ئەوان لە قەراغ جادەدا چاوەڕییان بكردایە، تا «باسیعاتی» تێپەڕدەبوو.

## گرانـە بـە وشــە

## تەعریفی دیموكراتییەت بكرێت

دیموكراتییەت چەمكێكی بەرفراوان و قووڵی هەیە و ئاسان نییە، بە وشە گەوهەرەكەی ڕوونبكرێتەوە، هەروەک چۆن منداڵێک فێری زمان دەبێت؛ ماوەیەكی دیاریكراو و تایبەتیی دەوێ و بە ئیشارەت و دووپات كردنەوە و ڕاهاتن و بەسەر چوونی هەندێ كات ئەمەی بۆ دەرەخسێت ئاوەهاش دیموكراتییەت پێویستی بە تێگەیشتنێكی بنەڕەتیی هەموو لایەن و سیماكانی هەیە، بۆ پێناسەكردنیشی دەبێ تێیدابژین و بەشداری پرۆسە دیموكراتییەكە ببین و هەستی پێ بكەین، ئەوسا دەتوانین لێی تێبگەین و بتوانین دیموكرات بین.

مێژووی دیموكراتییەت لە هەر كۆمەڵ و وڵاتێكدا بگرین، مێژوویەكی پڕ كۆسپ و گیروگرفت و گرانی هەبووە، نەک تەنیا وەختی ویستوە، بەڵكو لەسەرەتادا بە دەیان هەڵە و ناهەقیشدا ڕۆیشتووە، بەڵام كاتێ پێی ناوەتە قۆناغی پێگەیشتن و كامڵبوونەوە گۆڕانی بە ڕێگەی ئاشتی و لەسەرخۆ بنەڕەتی پرۆسەكە بوون، ئەنجامی بەكەڵكی بۆ كۆمەڵەكە بووە. ئەگەر ویستمان لە

دیموکراتییەت بدوێین دەبێ شارەزای وشە و زاراوەکانی، چەمکەکانی، لایەنە تیۆری و پراکتیکییەکانی، سیماکانی و هەموو ورد و درشتییەکی بین... هەروەک چۆن شەترنجزانێک لە هەموو وردبیاتێکی یاریەکەی دەزانێ و ئەگەر یەکێک ئەم یارییە نەزانێ، ئەوا بە قسە و باسکردن ناتوانن تێی بگەیەنین.. هەروەهاش دیموکراتییەت.

نووسەر شارە نموونەییەکەی ئەفلاتوون بۆ ئەم مەبەستە بە نموونە دەهێنێتەوە.

## دیموکراتییەتی نوێ یا ناڕاستەوخۆ

دیموکراتییەتی نوێ ئەو جۆرەیە، کە لە ڕێگەی پارت و گرۆسیاسییەکانەوە خەڵکی نوێنەرایەتی لێ دەکرێت و لە هەڵبژاردنی گشتیدا ئەم نوێنەرانە هەڵدەبژێرین. ئەوەی شایانی باسە ئەم جۆرە نوێنەرایەتیکردنە بەوە پاساو دراوە، کە خەڵکی وڵاتێک یاخود شارێک ناتوانێت لە شوێنێکدا هەموو جارێک کۆبکرێنەوە بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر چالاکییە هاوبەشەکانیان بدەن. هەروەها لەو شوێنانەی کە دیموکراتیی ناڕاستەخۆ پەیڕەوکراوە، ئەو کەسانەی کە نزیکی بارەگای کۆبوونەوەکە ژیاون زۆرتر هاتوون و بەشداریی کۆبونەوەکانیان کردووە. ئەوانەی تر، کە دووربوون یاخود لە دێهاتەکاندا ژیاون کەم بەشداریی کۆبونەوەکانیان کردووە. جگە لەوەی، کە لە ڕووی ئابووریشەوە زۆری تێدەچێت ئەگەر هەموو جارێک خەڵک کۆبکرێتەوە، بۆیە دیموکراتیی ناڕاستەوخۆ یاخود بە نوێنەرایەتیلێکردن لە زۆربەی وڵاتە ئەورووپاییەکاندا هاتەکایەوە.

هەڵبژاردنیش دوو جۆرە:

یەکەمیان: هەڵبژاردنی زۆربە (Majoritetsval)

دووەمین: هەڵبژاردنی ڕێژەیی (Proportionellval)

هەڵبژاردنی زۆربە:

ئەوەی کە نیشانەی گرنگیی ئەم جۆرە هەڵبژاردنەبێت، ئەوەیە کە، پارتە براوەکە بەشی هەرە زۆری (Mandat) کورسی ناو پەرلەمانی بردۆتەوە. پارتییەکانی تر بەهەمان شێوە (ڕێژەی دەنگ وەرگرتنیان) کورسی پەرلەمان وەرناگرن.

ئەم جۆرە هەڵبژاردنە بە دوو شێوە دەکرێت یەکەمیان بە یەک قۆناغ، دووەمیان بە دوو.

أ – هەڵبژاردنی زۆربە بە یەک قۆناغ.

پارتییە براوەکە بەشی هەرە زۆری کورسی پەرلەمان دەبات هەر چەندە لە ٥٠٪ کەمتریشی هێنابێت بۆ نموونە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٢٢ لە بەریتانیا بەم شێوەیەی لای خوارەوە بووە.

| پارتی | دەنگ | کورسیی پەرلەمان |
|---|---|---|
| پارتی ڕاست(پارێزگاران) | ٪٣٩ | ٣٤٤ |
| پارتی کرێکاران | ٪٢٩ | ١٤٢ |
| لیبراڵەکان | ٪٢٩ | ١١٤ |
| پارتییەکانی تر | ٪٣ | ١٥ |

هەواڵنامەی کتێب

ئەگەر وردبینەوە لە چونێتی دابەشبوونی کورسییەکانی پەرلەمان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پارتییە براوەکە لە ٣٩٪ی هێناوە کەچی ژمارەی کورسییەکانی لە پارتی کرێکاران و لیبراڵەکان پێکەوە زیاترە و لە هەمان کاتیشدا ٥٨٪ی دەنگیان بۆ دراوە.

ئەم هەڵبژاردنە لە قازانجی پارتە گەورەکانە و پارتە بچووکەکان کەمتر لە ئەنجوومەنەکانی پەرلەماندا نوێنەرایەتی دەکەن.

ب – هەڵبژاردنی زۆریە بە دوو قۆناغ:

ئەو دوو پارتییەی کە لە قۆناغی هەڵبژاردنی یەکەمیندا دەنگی زۆری بۆ دراوە، بەشداریی هەڵبژاردنی قۆناغی دووەم دەبن، (ئەگەر یەکێک لە پارتییەکان لە قۆناغی یەکەمیندا لە ٥٠٪ زیاتری هێنا ئەوا پێویست ناکات لە قۆناغی دووەمدا لە هەڵبژاردنەکەدا بەشداربێت).

بۆ نموونە:

| پارتییەکان | | ژمارەی دەنگ |
|---|---|---|
| پارتی پارێزگاران | A | ٤٠٠٠ |
| پارتی گەل | B | ٢٥٠٠ |
| پارتی چەپ | C | ٧٠٠٠ |
| نەتەوەیی | D | ١٠٥٠ |
| رادیکال | E | ٧٠٠ |
| پارتییەکانی‌تر | F | ٢٥ |
| | | ١٠٢٧٥ |

لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا هەڵبژاردی زۆریە هەیە. بەیەک قۆناغ دەکرێ و لە فەرەنسا و ئەڵەمانیا و نەرویج) بە دوو قۆناغ دەکرێت.

ئەو پارتیانەی کە نزیکن لە پارتی پارێزگارانەوە بە لایەنگیران و ئەندامانی خۆیان دەڵێن دەنگ بۆ پارتی پارێزگاران بدەن. ئەوانەشی لە پارتی چەپەوە نزیکن بە ئەندامان و لایەنگیرانیان دەڵێن دەنگ بۆ پارتی چەپ بدەن. بەم جۆرە پارتی A بەشی هەرە زۆری کورسیی پەرلەمانی بەردەکەوێت.

لێرەدا نوێنەری پارتی A وC زۆرترین دەنگیان هێناوە. لە قۆناغی دووەمدا بەشدار دەبن.

بۆ نموونە ئەم دەنگدانەی لای خوارەوە وەردەگرن

نوێنەری A ٨٢٥٠ ٥٤٪ دەنگ

نوێنەری C ٧٠٢٥ ٤٦٪ دەنگ

## هەڵبژاردنی رێژەیی

لە ساڵی ١٩٩٨دا بۆ یەکەم جار لە بەلجیکا ئەم جۆرە هەڵبژاردنە هاتەکایەوە. ئێستا لە بەشی هەرە زۆری وڵاتە ئەوروپاییەکاندا باوە. لەم هەڵبژاردنەدا پارتییەکان (پارتییە بچکۆلانەکان) چاکتر نوێنەرایەتییان لە پەرلەماندا لێ دەکرێت و کورسییەکانی پەرلەمان بە گوێرەی رێژەی

هەواڵنامەی کتێب

دەنگوەرگرتن دابەشدەکرێن. کۆمەڵێک پارتی لە پەرلەماندا کۆدەبنەوە، لە جیاتی یەک دوو پارتی (هەر چەندە لەم هەڵبژاردنەشدا کۆسپێک دانراوە لە ڕێگای پارتە هەرە بچووکەکاندا بۆ نموونە پارتێک لە دانیمارک ٢٪ لە سوید ٤٪ دەنگ نەهێنێ بۆی نییە بەشداری پەرلەمان بێت).

دابەشکردنی کورسیی پەرلەمان، پەنا دەبرێتە بەر پشکی هەڵبژاردن و ڕێگای پرۆفیسۆر هوندت.

بۆ نموونە بەپێی پشکی هەڵبژاردن:

| پارت | ژمارەی‌دەنگدان | ژمارەی‌کورسی‌پەرلەمان |
|---|---|---|
| پارتی A | ١٦٠٠ | ١+(٦٠٠)٢ |
| پارتی B | ١٤٠٠ | ١(٤٠٠) |
| | ٣٠٠٠ | |

ئەگەر وا دانرابێت کە ٣٠٠٠ دەنگ، ٣ کورسی پەرلەمان نوێنەرایەتی بکات ئەو ٣ کورسییە بەم جۆرە دابەشدەکرێت بەسەر پارتی A و B دا. هەر هەزار دەنگ کورسییەکی بەر دەکەوێت. پارتی A ٦٠٠ دەنگی دەمێنێتەوە، پارتی B ٤٠٠. کورسیی سێهەمین دەدرێت بە پارتی A. بەم جۆرە پارتی A ٢کورسی و پارتی B ١کورسی بەردەکەوێت. ئەم جۆرە دابەشبوونە پابەندی گۆڕان، درووستبوون یاخود زیادبوونی پارتییەکانە. ئەگەر لەهەمان نموونەی پێشودا لە جیاتی پارتی B. پارتی C بێتەکایەوە لە نێوانیان ئەو ١٤٠٠ دەنگە بەش بکەن، بەم جۆرەی لای خوارەوە کورسییەکان دابەشدەکرێن:

| پارتی | دەنگوەرگرتن | کورسیی‌پەرلەمان |
|---|---|---|
| A | ١٦٠٠ | ١(٦٠٠) |
| B | ٧٥٠ | ١+(٧٥٠) |
| C | ٦٥٠ | ١+(٦٥٠) |

بە هەمان شێوە پارتی A لە هەزار دەنگی یەکەمدا، کورسیەک وەردەگرێت و ٦٠٠ دەنگی دەمێنێتەوە سەیر بکەین پارتیB ٧٥٠ دەنگی هەیە ٧٥٠ لە ٦٠٠ زیاترە کورسییەکی پەرلەمان وەردەگرێت. پارتی C دەمێنێتەوە بە هەمان شێوە ٦٥٠ لە ٦٠٠ زیاترە کورسی سێهەمین وەردەگرێت. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، ئەم ڕێگایە لە دابەشکردندا زۆر جار ڕەوا نییە. پارتی A لە هەردوو پارتیەکەی‌تر زیاترە، کەچی هەرسێکیان وەک یەک کورسی پەرلەمانیان وەرگرتووە.

دابەشکردنی‌کورسیی‌پەرلەمان بە گوێرەی بۆچوونی پرۆفیسۆرViktor Hondts .

ئەگەر پێنج کورسیی پەرلەمان بەسەر ئەم پارتانەی لای خوارەوەدا دابەشبکرێت؟ ژمارەی دەنگ وەرگرتن ئاوا دەبێت:

| پارتی A | پارتیB | پارتیC | پارتیD | پارتیE |
|---|---|---|---|---|
| ٧٤٩٣١ | ٣٤٧٩٧ | ٢٨٨٥٧ | ٢٤٣٨١ | ١٤٠٩٩ |
| ٣٧٤٦٥ | ١٧٣٩٨ | ١٤٤٢٨ | | |
| ٢٤٩٧٧ | | | | |

پارتی A لە پارتەکانی‌تر زیاتر دەنگی هێناوە. کورسی یەکەمین وەردەگرێت و ژمارەی دەنگەکەش دابەش‌دەکرێت بەسەر دوودا دەبێتە ٣٧٤٦٥ هێشتا ئەم ژمارەیە لە ژمارەی دەنگدانی پارتییەکانی‌تر زیاترە، کورسی دووهەمین وەردەگرێت. ژمارەی دەنگدانی ٧٤٩٣١ دابەش‌دەکرێ بەسەر ٣دا دەبێتە ٢٤٩٧٧. کورسی سێهەمین دەدرێتە پارتی B چونکە ٣٤٧٩٨ دەنگی هەیە لە هەموویان گەورەترە و ژمارەکەی دەنگدانی دابەش‌دەکرێ بەسەر دوودا دەبێتە ١٧٣١٨. چوارەمین کورسی بەر پارتی C دەکەوێت، چونکە ٢٨٨٥٧ دەنگی هەیە و لە هەموویان گەورەترە و ژمارەی دەنگدانی دابەش‌دەکرێ بەسەر دوودا دەبێتە ١٤٤٢٨. پێنجەم کورسی دەدرێتە پارتی A چونکە ٢٤٩٧٧ دەنگی لە ژمارەی دەنگدانی پارتییەکانی تر زیاترە.

## چاک و خراپیی ئەم دوو سیستێمی هەڵبژاردنە

لە هەڵبژاردنی زۆربەدا پارتە بچکۆلەکان ناتوانن دەورێکی چالاک لە مەسەلەی بریاردان و کاروباری تردا ببینن و نوێنەرایەتییەکی بەهێز ناکەن. بە پێچەوانەوەشە، ئەمە لە بەرژەوەندیی پارتە گەورەکانە. یەکێک لە لایەنە باشەکانی لە ناو پەرلەماندا ئەوەیە، کە ئەوەندە سەرقاڵیی دروووست‌نابێت لە بریاردان و پێشنیارەکاندا و حکوومەتیش لە هەنگاوەکانیدا ڕاشکاو و زاڵتر دەبێ.

## کەم و کووڕیی هەڵبژاردنی ڕێژەیی

ئەگەر حکوومەتەکە هەڵوێستی زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی نەبێ، ئەوا دەبێ هەموو کاتێک بۆ ئەوەی پێشنیار و بریارەکانی سەربگرن، دەبێ لایەنگیریی لایەنێک، پارتێک، یان چەند لایەکیان بۆ خۆی مسۆگەر بکات و بەلای هەنگاوەکانیدا ڕایانکێشێ .. ئەگینا نابن بە یاسا و ڕاناپەڕێندرێن .. بێگومان ئەمەش دەرگای سازشکاری و ڕازیکردنی ئەم لاو ئەولا بە کراوەیی دەهێڵێتەوە.

## لایەنە باشەکانی ئەم جۆرە هەڵبژاردنە

بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئەوەیە، کە پارت و ڕێکخراو و لایەنە بچووکەکان دەوریان لە کاروبار و بریارداندا بەهێزتردەبێ و دەتوانن لە سەرگرتن یان ڕەتکردنەوەی زۆر پرۆژەی پەرلەماندا دەورببینن. هەروەها قۆڵ و بەرەی ئەو پارتییانەی، کە لەدەری جوغزی (چەپ و ڕاست)ەوەن، بە چاکی لە کاروباری پەرلەمان و ڕاپەڕاندنی بریارەکانیدا دەردەکەوێ.

## ماف و دیموکراتییەت

کاتێ باسی دیموکراتییەت دەکەین،

هەواڵنامەی کتێب

یەکسەر چەند پرسیارێک لە زەینماندا قووت دەبنەوە. ئایا دیموکراتییەت چییە؟! خەڵکەکە چۆن لە مافی دیموکراتییەت گەیشتوون؟ کێن ئەو لایەن و بە شانەی کۆمەڵ، کە سوود لەم مافە وەردەگرن؟ یان چ لایەک و تۆقێک لەم مەیدانەدا بێدەنگن و جووڵەیان لێوە نایەت؟ ئایا پەیوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، وریایی و پلە و پایەی ناو کۆمەڵ و خێزان، چ کارێک دەکەنە سەر مافە دیموکراتییەکان؟ ئایا سیستێمی دیموکراتی بەهێزەکانی ناو کۆمەڵ هێندەی‌تر بەهێزدەکات، یاخود چۆن؟ هەوڵ دەدەین لەمەدووا، بە گوێرەی توانا، لەم باسە بدوێین.

## دیموکراتییەتی بچووک

ئەم جۆرە دیموکراتییەتە پەیوەندیی بە تاکە کەس ، یان کۆمەڵە خەڵکێکەوە هەیە، بۆ نموونە کرێکارێک بۆی هەبێت، هەندێ شت، کە پەیوەندیی بە کارەکەیەوە هەیە، خۆشی بەشداربێت لە بڕیارداندا لەسەری، وەک مۆڵەتی پشوودان، مافی پاراستنی نهێنییەکانی لە دامودەزگاکاندا... فەرقە و جیاوازی لەگەڵدا نەکرێت. کۆمەڵێ خەڵک هاوبەشیی ڕاستەوخۆی ئەمەیان بۆ لواوە. لەم وڵاتەدا خەڵکەکە کۆدەبنەوە و، بەشدارن لە بڕیاردانی ئەو کارانەدا، کە پەیوەندی بە بەرژەوەندییانەوە هەیە.. قسەکانیان سەنگ و کێشی خۆی هەیە و لەمەیانی کاردا جێ‌دەگرێت.. بۆ نموونە لە چۆنیەتیی کردنەوەی قوتابخانە، نەخۆشخانە، باغچەی منداڵان، قیرتاوکردنی ڕێگاوبانی گەڕەک و ناوچەکەیان....هتد بە کورتییەکەی ئەوەی لای تاکەکەس مەبەستەو گرنگە، کار و وەختی نەخۆشی و مافی ناڕەزایی و سکاڵاو ڕەخنەگرتنی بۆ زامن بکرێت. هەروەها ئەمیش، هەر نابێ «کاڵەک خۆر بێ»، دەبێ «بیستان ڕنیش بێ».. ئەو ئەرک و کار و بەرپرسییەی کە کۆمەڵ دەیدا بەسەریدا و چوارچێوەیەکی یاسایی دیاریکراوی هەیە، دەبێ لێیان لا نەدات و جێ‌بەجێیان بکات.

## دیموکراتییەتی گەورە

دامودەزگاسیاسییەکان،ئەوانەی کاروباری کۆمەڵ بەڕێوەدەبەن،ئەم ئەرکە دەگرنە ئەستۆی خۆیان. ئەم دامودەزگایانەش، لەلایەن جەماوەرەوە هەڵدەبژێردرێن و چاودێری لە کاروبار و هەڵس و کەوتیشیان دەکرێ و لێیان دەپرسنەوە. واتە دەبێ دەزگایەکی کۆنترۆڵ و پشکنین هەبێ و بزانێ تا چ ڕادەیەک ئەمانە لە ئاستی ئەو ئەرکەدان، کە هەیانە و چۆن فەرمانڕەوایی دەکەن و کاروبار بەڕێوەدەبەن. بێگومان ئەمەش لەو کاتانەدا دەبێ، کە هاووڵاتیان حکوومەت هەڵدەبژێرن و لەم مەیانەشدا ئازادیی بیروباوەڕ و هەڵبژاردن هەیە. بەشداریکردنی دەنگدان بایەخێکی گرنگ لە نوێنەرایەتیی کردنی جەماوەردا هەیە. ..بۆ

هەواڵنامەی کتێب

نموونە لە وڵاتێکی وەک سویددا ١٠٪ کەمتر یاخود زیاتر خەڵک لە هەڵبژاردندا بەشدارنابێ و لە ١٠٪ باوکان و دایکان ناچن بۆ کۆبوونەوەی قوتابخانە و خێزان و نازانن کاروباری قوتابخانە چۆنە و چۆن نییە، لە ٥٠٪ی کرێکاران پەیوەندیی پێوەیان بە نەقابەوە نییە و هەر ئەوەیە تیایدا ئەندامن. وەک دەردەکەوێ، نزیکەی لە ١٠٪ی خەڵک دەنگنادەن و دوورەپەرێزی ژیانی سیاسین و بە واتایەکی‌تر بەم سستییەیان کارێکی باش لە باری کۆمەڵایەتی و سیاسیی کۆمەڵەکەیان ناکەن، هەروەک مانای ئەوەش دەگەیەنێ، کە لە ١٠٪ی خەڵک لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا نوێنەریان نییە و نوێنەرایەتییان ناکرێ.

چالاکیی سیاسی ئەو بەشداربوونە دەگەیەنێت، کە بە چ ڕێگایەک بتوانی کار بکەیتە سەر سیستێمەکە. ئەم جۆرە بەشدارییوونەش شێوەی جیاواز جیاوازی هەیە، هەر لە بەشداربوونی ڕاستەوخۆوە و بە ئەندام بوون لە پارتێکدا تا نارەزایی دەربڕین و خۆپیشاندان و مانگرتن و لە چاپەمەنیدا نووسین.

بەشدارنەبوونی جەماوەر و سستی و خاویی لەم مەیدانەدا، بۆشایی ماوەی نێوان سەرکردە و جەماوەر هەراو و فراوانتر دەکات. جەماوەر لە پلەیەکی پەستی بێزاریدایە و تەنانەت خەڵک وای لێهاتووە، قێزی لە ناوی سیاسەتمەداران دێتەوە.

## پەرلەمانتاریزم

نیشانە گرنگەکانی پەرلەمانتاریزم ئەمانەی خوارەوەن:

١ - سەرۆکی وڵات (مەلیک یاخود سەرەک کۆمار) دەسەڵاتی سیاسی نییە و تەنها ڕەمزێکە بۆ وڵاتەکە (کاری هەر پێشوازیکردن و سەردانی وڵاتانە).

٢ - دەسەڵاتی حوکم بەڕێوەبردن بە دەستی سەرەک‌وەزیر و وەزیر و ڕاوێژکارەکانیانەوەیە.

٣ - پەرلەمان دەبێ دان بە حکوومەتەکەدا بنێ و متمانەی پێ بکات.

٤ - حکوومەت (سەرەک وەزیر) مافی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردنی گشتی هەیە.


٥ - دادگاکان ڕۆڵی سیاسییان نییە.

خاڵی ٢ و ٣ گرنگترین نیشانەی ژیانی پەرلەمانین، بنەڕەتەکەشی خاڵی سێیەمە بەتایبەتی و هەر ئەویشە دەبێتە بناغەی دروستبوونی پەرلەمانتاریزم. بۆئەوەی حکوومەت فەرمانڕەوایی خۆی بکات پێویستی بە متمانە و دان پێدانانی پەرلەمان هەیە، باشتریشە ئەگەر حکوومەتەکە زۆربەی پەرلەمانی لەگەڵدا بێت، هەر چەندە ئەمە مەرج نییە. بۆ نموونە حکومەتی کەمینە کە لە پەرلەماندا زۆربەشی نییە بۆ کاروبار بەڕێوەبردن پەنادەباتەبەر بەرەدروووستکردن

لەگەڵ پارتییەکانی تردا (واتە، پارتییە بەرهەڵستکارەکانی نێو پەرلەمان).

## ئەنجوومەنی میللیی سوید وەکو مۆدێلێک

ئەنجوومەنی میللیی سوید وەکو مۆدێلێک ناسراوە، چۆن کاروباری تێدا جێبەجێ دەکرێت و پلان دادەنرێت و لە ئامانجەکانی نزیکدەبێتەوە. هێزی بزوێنەری ناوەرۆکی مۆدێلەکە، جەماوەرە. جەماوەر نوێنەرانی خۆی هەڵدەبژێرێ بۆ پەرلەمان و ناوچەکان و شارەوانی. هەروەها جەماوەر بەهۆی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە و ڕێکخراوە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە دەتوانێ هەڵوێست و بۆچوونی خۆی دەربڕێ و کار لە ڕووداوەکان بکات.




## ئەنجوومەنی میللیی سوید

ئەم مۆدێلە بە دەنگدانی گشتی و ئازادیی بیروڕاوە بەندە و بە جۆرێک بۆ دەسەڵات دەڕوانێت کە لە نێو جەماوەرەوە هەڵبقوڵێت و هەروەها لە پەرلەماندا ئاوەهاش لە شارەوانی و ناوچەکاندا دەبێ پیادەبکرێت. دەسەڵاتیش لێرەدا لە چوارچێوەی دەستووری سویدیدا دیاریدەکرێت و پەیڕەوی لێ دەکرێت، کە یاسا بنەڕەتییەکانی وڵات پێکدێنێت و بریتین لەمانە:

١ – شێوازی حوکمڕانیی کردن.

٢ – پاشایەتی پشتاوپشت دێتە خوارەوە.

٣ – ئازادیی وشە و بیروڕادەبڕین.

بۆ ئەوەی یاسا بنەڕەتییەکان بگۆڕدرێت لە ٥٠٪ش بە دەرەنجاو دەبێ دوو بەشی پەرلەمان بڕیاری لەسەربدا، ئەوسا ئەو جۆرە یاسایانە بڕیاری گۆڕانی لەسەر دەدرێت، یاخود بە هەڵبژاردنی گشتیی میللەت ئەم

کارە ئەنجام دەدرێت.

هێزە بزوێنەرەکانی ئەم مۆدێلە ئەمانەن:

پارتییەکان:

بەشداربوونی هەڵبژاردنی گشتی لە ڕێگەی پارتەکانەوەیە. سێ ساڵ جارێک خۆیان ئامادەدەکەن بۆ هەڵبژاردنەکان و نوێنەرانی پەرلەمان وناوچە و شارەوانییەکان هەڵدەبژێرن.

پارتەکان لە کاتی هەڵبژاردندا هەوڵی کۆکردنەوەی دەنگ دەدەن بۆ ئەمەش بانگەشەی بەرنامەی خۆیان لە گۆڕین و جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵدا دەکەن. لێرەشدا کێبڕکێیەکی دیموکراتیانەی ڕەخنە لەیەکدی گرتن دروووستدەبێت و هەر پارتە و دەیەوێ سوودی بەرنامەی خۆی بە جەماوەر بگەیەنێ و لەم پرۆسەیەشدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەورێکی چالاکیان هەیە و گفتوگۆ و دەمەتەقێ لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ ولاپەڕەی ڕۆژنامەکاندا دروووستدەبێت.

پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان دەورێکی باڵایان هەیە لە پەردە لە ڕووهەڵماڵینی کەم و کوڕیی حکوومەتی پێشوو و لە بیرخستنەوەی ئەو بەڵێنە درۆیانەی کە دابوونی و جێبەجێی نەکردوون. پارتە سیاسییەکان پێویستیان بە پشتگیری و دەنگی جەماوەرە و حساب بۆ ئەم مەسەلەیەش دەکەن، کێ بۆ چاکە و بەرژەوەندیی کاردەکات. جەماوەر خۆی دەزانێ دەنگ بۆ کێ دەدا. گرنگدان بە پێداویستی جەماوەر وا لە پارتییەکان دەکات کە تاکتیک و ئامانجی خۆیان بگۆڕن و کەمتر بیر لە مەسەلەی ئیدیۆلۆگی بکەنەوە، بە کورتییەکەی دەزانن پێداویستی جەماوەر چییە و ئەمان خۆیانی لەگەڵدا دەگونجێنن.

شانبەشانی پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانیان کۆمەڵێک ڕێکخراوی ئینسانیو پیشەیی و نەقابی هەن، کە دەتوانن کار بکەنە سەر بڕیاردان. ئەوانە وەک مووی لووتی پارتییە سیاسیەکانن و خەریکی پاراستنی بەرژەوەندیی پیشەیی خۆیانن، بۆ نموونە جووڵانەوەی ئازادیخوازیی کەنیسە، وەرزش، مافی ئافرەتان، نەقابەی کرێکاران، هی خاوەن کارەکان و مووچەخۆران و ...هتد

## دەزگاکانی ڕاگەیاندن

دوو جۆر پەیوەندی هەیە لەگەڵ جەماوەردا، یەکێکیان ڕاستەوخۆ لە ئەنجامی ڕاوێژ و گفتوگۆ و قسە لەگەڵ یەکتر کردندا دروووستدەبێت، ئەم پەیوەندییە ڕاستەوخۆیە وا دەکات، کە جەماوەر و پارتە سیاسییەکان کار لە یەکتر بکەن.

ئەوی تریان پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆیە و لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنی وەکو ڕادیۆو تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکانەوە دەبێت. خێرایی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە شۆڕشێکی بەرپاکردووە، پارتییەکان و جەماوەر، بە خێرایی بیروڕا و خواستەکانیان بە یەکتری

هەواڵنامەی کتێب

دەگەیەنن.

ڕۆژنامەنووسیش چووارچێوەیەکی یاسایی خۆی هەیە و دەبێ بە شێوەیەکی مەوزووعی بیروڕای خۆی دەربارەی دیاردە و ڕووداوەکان دەرببڕێت و نەکەوێتە ژێر تەئسیری هەستی شەخسی و شتی لاوەکییەوە و لایەنێکی نێو گیروگرفت و ناکۆکییەکان بگرێت، یان بە ئەنقەست و بۆ مەبەست ئاوەژووویان بکاتەوە. لە ڕاستیدا ئەمەش کارێکی ئێجگار ئاڵۆز و قورسە، جاری وا هەیە ڕۆژنامەکان، بە بەکارهێنان و خستنەگەڕی هونەرەکەیان، کارێکی بچووک و بێ بایەخ وا گەورە دەکەن، کە جێگەی سەرسامییە. بیریش لەوە دەکرێتەوە، کە زۆرترین ژمارە بفرۆشرێت و بەمەش خەڵکێکی زۆر ئاگاداری ڕووداوەکان دەبن و دەوریان دیارتر دەبێ، لە لابەلاکردن و چارەسەرکردنی دیاردە و کێشەکاندا.

## کاری پەرلەمانی

پێشنیارەکانی حکوومەت هەمووی لە پەرلەماندا گفتوگۆیان لە سەر دەکرێت، بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتاییان لەسەر بدرێت و بخرێنە گەڕ و بە گوێرەیان هەڵس و کەوت بکرێت، دەبێ زیاتر لە ٥٠٪ی ئەندامان پەسندیان بکەن.. ئەگینا ڕەتدەکرێنەوە. ئەمە هەر بۆ حکوومەت نییە، بەڵکو بۆ پارت و ڕێکخراوەکانی ناو پەرلەمان و دەرەی حکوومەتیشە، واتە هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان.

زۆر جار حکوومەت لە پەرلەماندا کەمینەیە، بۆیە بەرە و هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنەکانی تردا پێکدێنێ، بۆ ئەوەی بڕیارەکانی بخاتە چووارچێوەی یاساوە.. خۆ ئەگەر پەرلەمان لە حکوومەتی کەمینە کەوتە تەقە و سەلماندی توانای کاروباری وڵات بەڕێوەبردنی نییە، ئەوا حکوومەت هەڵدەوەشێتەوە هەڵبژاردنی تازە دەستپێدەکات.

لەم ڕۆژگارەدا، کە سەرجەم ئەورووپای ڕۆژئاواش تووشی گەلێ کێشە و باری شلۆق و ناسەقامگیر بووە، لە وڵاتێکی وەک سویددا و بۆ بەرژەوەندیی وڵات و میللەت ڕزگارکردن لە کێشەی ئابووری، .. سۆسیال دیموکراتەکان کە ئۆپۆزیسیۆنی ناو پەرلەمان و گەورەترین حیزبی ئەم وڵاتەن و نزیکەی پەنجا ساڵێک حوکمی وڵاتیان کردووە، وازیان لە کۆمەڵێ بۆچوون و بینۆگەی سیاسیی خۆیان هێنا و لەگەڵ حکوومەتی پارێزگاران و بورژواکاندا پرۆژەیەکی ڕزگارکردنی ئابووریی وڵاتیان داڕشتووە.

## باری ئافرەت لە سویدد دا لە ڕۆژگاری کۆنەوە تا سەردەمی نوێ

ساڵی ١٨٤٥ ئافرەت مافی ئەوەی هەبووە کە هەمان بەشی میراتی وەربگرێ.

١٨٥٨ کچێک کە شووی نەکردبێ و تەمەنی٢٥ساڵ بووبێت حسابی باڵقی بۆ کراوە.

١٨٥٩ ئافرەت مافی ئەوەی هەبووە بخوێنێ و ببێ بە مامۆستا و کاری مامۆستایی بکات.

١٨٦٤ یاسا لێدانی ئافرەتی قەدەغە کردووە.

١٨٧٤ کچێک کە شووی نەکردبێ و تەمەنی ٢١ ساڵ بووبێت مافی هەبووە کە بە باڵق بژمێردرێ.

١٩١٩ ئافرەت هەقی دەنگدانی دراوەتێ.

١٩٢١ ئافرەتی شووکردوو حسابی باڵق و کاملی بۆ کراوە.

١٩٣٥ ئافرەت وەکو پیاو مافی تەقاویتی هەبووە.

١٩٣٩ ئافرەتی سکپڕ دەرناکرێت لەسەر کارەکەی هەر لەبەر ئەوەی سکی پڕە.

١٩٤٧ یارمەتی مانگانە بۆ منداڵی بڕدراوەتەوە.

١٩٥٨ ئافرەت بۆی هەبووە ببێ بە قەشە.

١٩٧١ لە کاتی جیابوونەوەدا ئافرەت هەقی ئەوەی هەبووە لەگەڵ پیاوەکەیدا ماڵەکە بکەن بە دوویەشەوە.

١٩٧٩ نەمانی جیاوازیی نێوان پیاو و ئافرەت لە گشت ڕوویەکەوە.

ئەم نموونەیە ئەوە دەردەخات، کە چۆن پەرلەمان چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی بەڕێوەبردووە و بڕیاری لەسەر داوە. سەردەمی نوێ خۆی لە خۆیەوە نەهاتۆتە کایەوە، لەسەرخۆ و وردەوردە بەکاری پەرلەمان ڕەگی گۆڕانی خۆی داکوتاوە. بەم جۆرە دابەشکردنی و ڕێکردنەوە و کەمکردنەوەی جیاوازییەکانی نێو کۆمەڵ تا وەکو نێو شارەوانییەکان (دەوڵەمەند و هەژارەکان)ی کەمکردۆتەوە، لە ڕێگەی باجدان و یارمەتی و زامنکارییە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە.

## کارگە و دامودەزگا دەوڵەتییەکان

دامودەزگای خزمەت و ئەرکی گشتی بەجێگەیاندن، ساڵی ١٩٠٠، لە سوید ١٠٪ی بوودجە و داهاتی نەتەوەیی بۆ تەرخانکرابوو. ئێستاکە نزیکەی ٥٠٪ی داهاتی نەتەوەیی بۆ دانراوە.

بەشی زۆری ئەم دامودەزگایانە لە کاروبار ڕاپەڕاندن و ئەنجامدانی بەندەکانی یاسا و نهێنیپاراستن و بەرووبووم بەرهەمهێنان و کار بۆ خەڵک دۆزینەوە و خزمەتگوزاریی گشتیدا ـ سەربەخۆن. لە چوارچێوەی یاسادا ناوچەکان خۆیان دەتوانن ژیانی خۆیان ڕێکبخەن و گیروگرفتەکانیان چارەسەربکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە، لەسەرەوە فەرمان و ئەمریان بۆنایە بۆجێبەجێکردن، بە پێچەوانەوە خۆیان فەرمان دەردەکەن. واتە دەستەڵاتی

ناوەندی و مەرکەزی دەبێتە لامەرکەزی.

## شارەوانی خۆبوون و بەڕێوەبردن

لە سویددا جەماوەر لە سێ جێگاوە دەتوانێ کار بکاتە سەر سیستێمی سیاسی.

لە ئاستی دەوڵەتدا لە ڕێگەی پەرلەمانەوە.

لە ئاستی هەرێمدا بە هۆی ئەنجوومەنی هەرێمەوە.

لە ئاستی ناوچەدا شارەوانی. ئەنجومەنی خاوەن دەسەڵاتە، کە بەرپرسی بڕیاردانی بەشی هەرە زۆری چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانن. بەم ڕێگایانە جەماوەر دەتوانێ لە ڕۆژی هەڵبژاردنی گشتیدا نوێنەرانی خۆی هەڵبژێرێ و کاری خۆی مسۆگەر بکات.

شارەوانی: دەوڵەتێکی بچووکی سەربەخۆی لە دوو بەش پێکهاتووە؛ یەکێکیان بەشی سیاسییە و ئەوی تریان دامودەزگای بەڕێوەبردنە. شارەوانییەکان خۆیان بڕیار دەدەن چەند کەس ببێتە ئەنجوومەنی دەسەڵاتداری شارەوانی، ئەگەر دانیشتوان ١٢٠٠٠ کەس بێت ئەوا ئەنجوومەنەکە لە ٣١ کەس پێکدێ. ئەنجوومەنی شارەوانی (وەکو حکوومەتی شارەوانییەکە وایە و ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە تەنها لە هی ئەو پارتانەیە کە پێکەوە بردوویانەتەوە و زۆریەیان لە نێو ئەنجوومەنی دەسەڵاتدارێتی شارەوانیدا هەیە، بۆ نموونە لەو سی‌ویەک کەسە پێنج کەس هەڵدەبژێرێت کە دەبنە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی).

ئەو پێشنیارانەی کە ئەم ئەنجوومەنە دەیخاتە بەردەستی ئەنجوومەنی دەسەڵاتدار دەبێت لە نێویاندا زۆر بە نهێنی جێبەجێ بکرێن و بڕیاری لەسەر بدرێت. ئەنجوومەنی شارەوانی هەڵسووڕێنەری ئەو بڕیارانەیە کە ئەنجوومەنی دەسەڵاتدار بڕیاریان لەسەر دەدات. لێرەدا دەبێت ئەوە ڕوونبکرێتەوە، کە یاسای کۆمەڵایەتی بۆ سەرانسەری وڵات وەک یەک وایە و گۆڕان لەم ئەنجوومەنانەدا ناکرێت.

لە ژێر ئەو دامودەزگایانەوە کە بۆ بەڕێوەبردن هەن دوانزە دائیرەی بچووک هەن، کە هەرلایەنی بەرپرسی شتێکە. بۆ نموونە یارمەتیدانی کرێی خانوو، یارمەتی بەپارەی منداڵ، دائیرەی زامنکردنی کۆمەڵایەتی، قوتابخانە، باخچەی منداڵان بیرۆی کاردۆزینەوە.

بۆ جێبەجێکردنی کاروبارە گشتییەکان، شارەوانی پێویستی بە پارە هەیە، پارەی مووچەخۆری هەیە، لە کۆینەوە ئەم پارەی بۆ کۆدەبێتەوە، هەر دانیشتوویەک کە داهاتی هەبێت و لە سنووری شارەوانییەکەدا بژی و ناونووس‌کرابێ نزیکەی ٣٠٪ (ئەم نیسبەتە لە کەم بوون و زیاد بووندایە و پەیوەندیی بە داهاتەوە هەیە) لە مووچەکەی دەبڕن.

جاری واش هەیە هەندێ شارەوانی

توانای دارایی نییە، کە پیداویستەکان و ئەرکی سەر شانی جێبەجێکات و لە ڕێگای کۆمەککردنی دەوڵەتەوە یاخود قەرزکردنەوە وەزعی خۆی چارەسەر دەکات.

## ئەرکی سەر شانی دەوڵەت و شارەوانی

هەندێ لە ئەرکەکانی دەوڵەت:

١-دەستوور.. دابەشکردن و بەرانبەرکردنی داهاتی خەڵک.

٢-چاودێریکردنی دامودەزگا و کارگە دەوڵەتییەکان، کە ڕاستەوخۆ لەلایەن دەوڵەتەوە بەڕێوەدەبرێن.

بەرگریکردن.

سیاسەتی دەرەوە.

هێمنی وئاسایش، پۆلیس، دادگا.

باجدان.

سیاسەتی ئابووری.

توێژینەوە سەبارەت بە خوێندنی باڵا.

کاردۆزینەوە بۆ کرێکاران.

ڕێگاوبان.

پەیوەندیی هاتوو و چۆکردن (تەلەفون، پۆست، فرۆکە، شەمەندەفەر).

زامنکردنی کۆمەڵایەتی.

کارگە دەوڵەتییەکان.

هەندێ لە ئەرکی سەر شانی ئەنجوومەنی هەرێم:Landsing

١-بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمەکە. (لەلایەن ئەنجوومەنی هەرێمەوە).

٢ - بەڕێوەبردنی لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە. نەخۆشخانە، نەخۆشخانەی دەروون چارەسەرکردن. یارمەتی و کۆمەک کردنی ئەوانەی کە لە ڕووی لەش یان عەقڵەوە پەککەوتەن، یارمەتی کۆمەڵایەتی وەکو نەسیحەت کردنی خێزان.

هەندێ لە ئەرکی سەر شانی شارەوانی:

* دامودەزگای بەڕێوەبردن.
* دەزگای کۆمەڵایەتی چارەسەرکردنی ئەلکهولیست و کۆمەکی کرێ خانوو ...هتد.
* پاککردنەوەی شەقامەکان وکۆکردنەوەی زبڵ و پیسایی.
* وەرزش، کولتوور، پلان، جادەوکۆڵان، باخچەکان.
* یارمەتیدانی خانوو و ژیان بۆ ئەو کەسانەی کە داهات و دەرامەتیان نییە.
* ئاسانکردنی هاتوچۆکردنی پیر و پەککەوتە.

لەجێبەجێکردنی ئەرکی سەر شانیاندا، هەر لایەنێکیان بگرێت دەبێت بە پێی یاساو پەرەگرافەکان دەستەڵات بەکاربهێنێ (ئەمە ئەو بەکارهێنانی دەستەڵاتە دەگرێتەوە کە موچەخۆرێک لەکاتێکدا وەکو نوێنەری دامودەزگایەک پیشەی ئەبێت لە خزمەت کردندا بێت، ئەگەر ئەم مووچەخۆرە کارێک

هەواڵنامەی کتێب

جێبەجێبکات، ئەوا ئەرکی سەر شانییەتی و پێویستی بە سوپاس کردن نییە).

دەزگای ڕاگەیاندن و ڕێکخراوە پیشەییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە، وەکو دەزگایەکی کۆنترۆڵکردن و یارمەتیدەری دانیشتوان لە پەیوەندیکردندا بە دامودەزگاکانەوە.

دەستەڵات جێبەجێکردن دوو ڕوواڵەتی جیاوازن، یەکێکیان دەستەڵاتی وەزیفەکە خۆیەتی ئەوی تریان دەستەڵاتی شەخسییە. واتە کابرایەکی مووچەخۆر بۆی نییە هەست و نەستی شەخسیی خۆی تێکەڵ کارەکەی بکات.

زۆر جاریش ئەم کار و پیشانە هۆکاری تری ئینسانی وایان تێدەکەوێ، کە هەروا ئاسان و ڕوون نابێت. بۆ نموونە خەمڵ و مەزەندە لێدان، کە زۆر جار کورتی دێنێ. شارەوانییەکان زۆرجار بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبار و پرۆژەکانیان دەستی یارمەتی و هاوکاری بۆ یەکدی درێژ دەکەن.

## سیستێمی ئابووری لە سوید

سیستێمیکی تێکەڵاوە لە بازاڕی ئازاد و ئابووریی پلان بۆ کێشراو. مەبەست لە ئابووریی ناو بازاڕ ئەوەیە کە نرخی بەرهەمەکان لە بازاڕدا دیاری دەکرێت و ئابووری پلان بۆ کێشراو دەزگاکانی سەرەوە (بۆ نموونە دەوڵەت) نەخشەی بۆ کێشاوە و بڕیاری لە سەرداوە. (کارگەکان بەپێی نرخی بازار کەلوپەلیان دەفرۆشن و خزمەتە گشتییەکانیش لە سەرەوە نرخیان بۆ دانراوە). خزمەتی کۆمەڵ و کاروبارە گشتییەکان بە چاوی قازانجەوە بۆیان ناڕوانرێت و بە جۆرێکی یەکسان بە گشت لایەکی وڵاتدا دابەش دەبێت. بۆ نموونە لە هەر شوێنێک بژیت یارمەتی نەخۆشخانە، پیر و پەککەوتە، بێئیشی، پەیوەندی و هاتوچۆکردن مسۆگەرکراون. ئەم جۆرە چالاکیە ئابوورییە کە لە سەرەوە پلانی بۆ کێشراوە ڕۆڵێکی ئابووریی کۆمەڵایەتی دەبینێ و ئابووریی بازاڕ دابیندەکات. لە پێویستییەکانی: ئەم دوو جۆرە ئابوورییە خاڵی یەکگرتنیان زۆرە، بۆ نموونە لە نێوان کارگە و کرێکاراندا، پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان وەکو باخچەی منداڵان، ڕێگە، بۆ کرێکاران ئاسان دەکات چ پیاو بێ چ ژن کە ئیش بکات و منداڵەکەی کاتی ئیش کردن لە باخچەی منداڵان بێ. ئەم دامودەزگا دەوڵەتییانە پێداویستی (بەرهەم) لە یەکتری دەکڕن و بازنەیەکی ئابووریی جووڵاو لە نێوانیاندا دروستدەبێت، کە هێزی بەرهەمهێنانی کارگەکان زیاددەکات.

کاتێک بەرهەمی کارگەکان دێتە بازاڕەوە - خەڵکی دەیکڕێ. پارەکە بە قازانجەوە دەگەڕێتەوە گیرفانی کارگە. پارەی کرێکار و کولفەتی بەرکارهێنانی لێ دەدات. لە

هەواڵنامەی کتێب

قازانجەکە کاری تازەی لێ دەبێتەوە. دامو دەزگاکان شت بە یەکتری دەفرۆشن، حکومەت بە شارەوانی لە شارەوانییەوە بۆ هەرێم، لەم دەزگاوە بۆ ئەو دەزگا، لەم کارگەیە بۆ ئەوکارگە لەم گیرفانەوە بۆ ئەو گیرفان یاخود بە مانایەکی تر لەم بانک بۆ ئەوی تریان.

لەو بازنە ئابوورییە ئەم وزانەی دێتە ناو و

| ئەوانەی کە دەچنە دەرەوە | ئەوانەی کە دەچنە ناوەوە |
|---|---|
| پاشەکەوتکردن | خستنەکار و رەنیوهێنان |
| هاوردن | هەناردن |
| باج دان | ئەو کەلوپەلانەی کە لەلایەن کارگە و دامودەزگا گشتییەکانەوە دەکڕدرێن |

ئەوەی کە بزوێنەری ئەم بازنەیە بێت توانای کڕینی خەڵکەکەیە ئەگەر توانای کڕین بەرزبێت ئەوا بە ئاسانی خەڵکی دەتوانێ کەلوپەلی دەرەوەی وڵات بکڕن لێرەدا چوونە دەرەوە بۆ دەرەوەی وڵات زۆرتر دەبێت بۆ ئەوەی کە ئەم توانای کڕینە نزمبکرێتەوە تۆیژاڵێک (باج) پارەی زیادە لەسەر کەلوپەلی بێگانە دادەنرێت (بۆ نموونە ئەگەر بچیت بۆ بازار بەرهەمێک بکڕی بە ١٠٠ کرون، خۆی لەوانەیە بە ٨٠ کرون بێت ئەو پارە زیادەیە دەچێتە گیرفانی دەوڵەتەوە).نیسبەتی پارەی زیادکراو لەسەر ئەو کەلوپەلانەی کە هی وڵاتن جیاوازە لە ئەوانەی کە لە دەرەوە دێن.

هەروەها دانانی مەرجی سەخت لە کاتی قەرزکردنی بانکدایە. ئەگەر توانای کڕینی خەڵکی نزم بوو ئەوا دەوڵەت جاری وا هەیە کار ئاساندەکات مۆمس (تۆیژاڵێک باج) یاخود باج کەم دەکاتەوە، دانی قەرز ئاسان دەبێت،. بەم جۆرە توانای کڕینی خەڵکی بەرزدەبێتەوە.

## پەیوەندیی کرێکار و نەقابەی کرێکاران و خاوەن کارگە

Rehn و Meidners: دوو ئابووریناسی سەر بە سۆسیال دیموکراتبوون. مۆدێلێکی ئابووریان هێنایەکایەوە بە نێوی (رین میدنەش) ئەم مۆدێلە چەند بۆچوونێکی چارەسەرکردنی کێشەکانی سیستیمە ئابوورییەکەیە، بۆ نموونە هی بێکاری و هەڵاوسانیدارایی، بەلای ئەم دوو ئابووریناسەوە مسۆگەرکردنی کار بۆ گشت دانیشتوان و وەستانی بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەل بە دوو جۆر چارەسەر دەکرێت.

یەکەمیان: ئەوەیە کە نوێنەری نەقابەکان داوای زیادکردنی مووچەی کرێکاران نەکەن و کرێکاران گیانی لێبوردنیان بۆ یەکتری هەبێت. بەم جۆرە رێگە لە بێکاری دەگیرێ و گیرفانی خاوەن کارگە پڕتر دەبێت و قازانجەکەش دەخرێتە گەڕ و کاری تازە

دێتە کایەوە.

دووهەمیان: زیادبوونی مووچەی کرێکاران بەستراوە بە ڕادەی گەشەکردنی بەرهەم هێنان و نۆژینەوەی بازاڕەوە بە نیسبەتێک زیادبکات بۆیان. ئەگەر ئەم زیادبوونە کۆسپ نەبێت ئەوا مووچەی کرێکاران بەکورتییەکەی ئەم مۆدێلە بەردەوامە تاکو سەردەمی ئێستا، ئەوە دەگەیەنێ تا خاوەن کار (کارگە) دەوڵەمەنتر نەبێت و قازانجی زیاتر ناکات، ئەوا مەترسی بێکاری دروستدەبێت، چوونکە خاوەن کار سەرمایە ناخاتە گەڕ. بۆیە پێویستە نوێنەرانی نیقابە ئەمەیان لە بیرنەچێت لە کاتێکدا ڕاوێژیان لەگەڵ دەکەن.

## سیاسەتی مووچەی هەرەوەزی
## :Solidariska Lönepoliteken

ئەو کەسەی هەچ کارێک بکات ئەوا عەینەن مووچە وەربگرێت. ئەمە کۆسپدانانە لە ڕێی کرێکاراندا، کە بۆیان نەبێت بە ئاسانی ڕوویکەنە ئەو کارگانەی کە مووچەی زیاتر دەدەن، چونکە ڕێگەنادەن بەوەی کارگەکان بە زەوقی خۆیان مووچە دابەش بکەن. ئەو کارگانەی کە توانای گیرفانیان ئەوە نییە کە مووچەی زیاتر بدەن بە کرێکارەکانیان، ئیمکانی ئەوەی هەیە کرێکارەکان ڕوویکەنە ئەو کارگانەی کە پارەی زیاتر دەدەن(بە کورتییەکەی سیاسەتی مووچەی هەرەوەزی بەشی ڕێگای جوولانی هێزی کارە لە هەر لایەک بێت، دەوڵەتی یاخود تایبەت) ئەمەش لەوانەیە ئیفلاس بەو کارگانە بکات و بێ کاری بخاتە ناوەوە. لێرەدا دەبێت ئەوە بخرێتەڕوو پارەی ئەو وەختانەی کە ناوەختە زیاترە لە پارەی ئەو وەختانەی کە ئاساییە، جیاوازیی هەیە لە پارەی شەو یاخود کاتی پشوو لەگەڵ کاتی ئاساییدا.

زۆر جار باسی ئەوە دێتە ناوانەوە، کە چۆن و لەسەر چ بناغە و پرینسیپێک سۆسیال دیموکرات سیستێمی ئەم وڵاتەی دامەزراندووە؟

ئەگەر یەک پارت دەستەڵاتی هەبێت و کەس کێبڕکێ و ململانێی لەگەڵدا نەکات، ئەوا ئاشکرایە داهێنان و بەرەوپێشەوە چوون لە کاروبار بەڕێوەبردندا کزو لاواز دەبێ، چونکە هەر بوونی چەند پارتێک، خۆی بۆ خۆی پێداویستیی پەرلەمان و گفتوگۆ و پەیوەندیی نێوان پارتەکان و دەمەتەقێی دیموکراتیانەی کاروباری وڵات دێنێتەکایەوە. بۆیە بوونی چەند پارتێک لە هەموو حاڵەتێکدا چاکترە لە بوونی تەنیا پارتێک، با ئەو پارتە خودی سۆسیالدیموکرات خۆشی بێت. گومان لەوەشدا نییە، پارتەکانی تریش هەر لە چەپەوە هەتا ڕاست ڕۆڵی گرنگیان لە ڕێکخستن و بەرەوپێشەوەبردنی باری وڵاتدا هەبووە.

بۆ نموونە ئەگەر دەوڵەمەندەکانی سوید

سەرمایەکەیان لەگەڵ خۆیاندا بەرنە دەرەوە و نەیانەوێت لە سویددا بیخەنە گەڕ، لەبەر ئەوەی قازانجی زیاتریان لە وڵاتەکانی تر دەست بکەوێت، چی لە سویددا ڕوودەدا؟

کاتێک کابرای سەرمایەدار سەرمایەی زۆرتر دەبێ و قازانجی چاک دەکا، ئەو بیر لەوەدەکاتەوە لە پرۆژەی تردا، سەرمایەکە بخاتە گەڕ، کار زۆرتردەبێت، باجی شارەوانی زۆردەبێت،(داهاتی زۆردەبێت) و واتە توانای کڕینی خەڵک زیاددەبێت و سیستێمەکە دەبووژێتەوە. پارەخستنەگەڕ و کاردۆزینەوە دوو لایەنن لە هەمان شت و بەیەکترییەوە بەستراون و یەکێکیان بێ ئەوی تریان ناتوانێ گەشە بکات و بیووژێتەوە.

بە مانایەکی تر ئەم سیستێمەی کە ئەمڕۆ لە سویددا هەیە ئەنجامی هەوڵ و تێکۆشانی گشت لایەنەکانە، نەک هەر تەنیا سۆسیال دیموکرات.

چوونە ناوەوە — سیستێمە ئابوورییەکە — چوونە دەرەوە

ئەگەر سیستێمەکە هەرلێی دەرچێت ئەوا زوو بەتاڵدەبێتەوە و (هەڵدەوەشێتەوە) بە مانایەکی تر زۆربەی کارگەکان ناتوانن تەحەمولی بێ کەرەسەی خاو بکەن و لەهەمانکاتدا هەقدەستی کرێکار و بەکارهێنانی هێزی کاربدەن، یاخود کەرەسەی خاو و هێزی کار ئەوەندە هەرزان بێت هەر بچێتە ناو سیستێمەکەوە و لێی دەرنەچێت، ئەوا بارێکمان بۆ دێتەکایەوە، کە سیستێمەکە نزیکی خنکاندن دەبێتەوە. ئەگەر هیچی تێنەیەت و لێی دەرنەچێت ئەوا سیستێمەکە لە جووڵان دەکەوێت.

سیاسەتی ئابووریی سوید پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ناردنەدەرەوە و سەرمایەخستنەگەڕی بازاری جیهانەوە هەیە. ناردنەدەرەوەیش زیاد بێ و هاوردن کەم بێت، دیسانەوە کێشە درووستدەبێت و هەموو گۆڕانێک لە نێو سوید و دەرەوەیدا کار دەکاتە سەر سیستێمە ئابوورییەکە. ئەگەر بێتو سەرمایەخستنەگەڕیش کەم بێتەوە ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە ئیتر قازانجی زۆری تیا نەماوە. بە مانایەکی تر لەوانەیە کارگەکان چالاکیی بەرهەمهێنانیان کەمبێتەوە و خەڵکێکی زۆر لە کار دەربکرێت.

گۆڕان و گەشەکردنی ئابووری و تەوازنکردنی، بناغەی مافە دیموکراتییەکان و کاروباری گشتیی ئەو خەڵکەیە، بۆ نموونە یەک کەس کە بێکاردەبێت ڕۆژی ٦٠٠کرون دەکەوێت لەسەر کاروباری گشتی (بە مەرجێک ئەگەر لە هیچ لایەک و ئەندامی نەقابە نەبێت). بە کورتییەکەی بۆ ئەوەی مافە دیموکراتییەکان نەکەونە مەترسییەوە و توانا و وزەیان هەبێت و لە مسۆگەرکردنیاندا سیاسەتی دەستگرتنەوە نەیەتەکایەوە دەبێ سیستێمەکە لە بووژانەوەدا بێت، بە مانایەکی

هەواڵنامەی کتێب

تر لێی بچێتە ناوەوە بەهەمان شێوە لێی بچێتە دەرەوە، واتە بە شێوەیەکی زیرەکانە هاوکێشیی سەرمایەخستنەگەڕ و کاروبار و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان دابین‌بکرێ.

## کەموکووڕیی سیستێمە ئابوورییەکە

(١) هەموو شتێک لەسەر بناغەی قازانجکردن دادەڕێژرێت، کۆمەڵ زۆر هەلودەرفەتی لەکیس‌دەچێت، کە پێویستە و خەڵک بە دوایدا دەگەڕێن.

(٢) گیروگرفتێکی‌تر بوون و بڵاوبوونەوەی بێکاری و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی‌ترە.

(٣) کاتێک باری ئابووری ئاڵۆزدەبێت و تووشی کێشە دەبێت، کەرەسەی بەرهەمهێنان، کەمتر بەکار دێ و کرێکار بێکار دەمێنێتەوە و دەردەکرێن. چارەنووسی کرێکار بە قازانجی کارگەکەوە بەندە، چەندێ مەترسی لە وەزعی کارگەکەدا هەبێت، ئەوەندەش کرێکار مەترسیی لە دەستدانی کارەکەی – مایە ژیانی هەیە.

(٤) واتە، سیستێمەکە هەر ئەوەندە مافە دیموکراتییەکان دەپارێزێ، تا قازانج بەرکەماڵ بێ، ئەگینا ئیتر پێشێل کردنی گران نییە. مانگرتن و هەموو جۆرە چالاکییەکی پیشەیی‌تر دەبێ نەقابە نەخشەی بۆ بکێشێ و ئەویش دووای سەرنەگرتنی گفتوگۆی نەقابە و خاوەن کار.

(٥) هۆکارێکی تری هاوکێش و سەنگ ڕاگرتنی ئەم سیستێمە، هەناردەیە، چەندێ شت بنێردرێتە دەرەوە و بازاڕ هەبێ، هێندەش دامەزراوی لە سیستێمەکەدا پتەوتر دەبێ.

(٦) لایەنی ئەخلاقی هێندەی بایەخ پێنادرێ، لە کاتی دانانی بوودجە و داهاتی نەتەوەییدا. بۆ نموونە ئەگەر یەکێک ئوتومبێلەکەی بدزرێ و زامنی کردبێ، ئەوا بڵێین سێ هەزار کرۆن وەردەگرێت و ئەمەش دەبێتە زیادەیەک لە بوودجەی نەتەوەییدا. یان یەکێک لە پیاوێکی پیر بدا بە ئوتومبێل و کابرا سێ مانگ لە نەخۆشخانەدا بکەوێ، ئەوا بوودجە ٧ – ٨ ملیۆن زیاد دەبێت. بە کورتییەکەی دام و دەزگاکان سەودا و مامەڵەیان لەگەڵ یەکدی هەیە.

## سیستێمی کۆمەڵایەتی

کۆمەڵ هەمیشە هەوڵی کەمکردنەوەی گیروگرفتەکان دەدات و کار بۆ خۆشگوزەرانی و ژیان چاکی ئەندامەکانی دەکات. شارەوانییەکان هەنگاوی لەم بابەتە دەنێن. ئەگەر یەکێک لە کارەکەی دەربکرێت‌و ساڵێک ئەندامی نەقابە بووبێت، ئەوا پارەی ساڵێکی بێکاری دەردەگرێت. (زۆرجار کە خەڵک بێکاردەبن و لە ناو چووار دیوارێکدا دادەنیشن، سەری دنیایان لێ دێتەوە یەک و پەنادەبەنە بەر خواردنەوە و بەنگکێشان و

گەلی شتی‌تر... ئەمەش کوشندەترین نەخۆشیی ئەم کۆمەڵەیە و جگە لە رووە ناحەزە کۆمەڵایەتییەکەی، دەبێتە مایەی زیانی دارایش، چونکە تەنیا رۆژێکی چارەسەرکردنی ئەم جۆرە نەخۆشانە ٣ هەزار کرۆنی تێدەچێت. ئاشکرایە خەڵک لە کاتی کارکردندا باج دەدات و کە تووشی ئەم جۆرە حاڵەتانەش دەبێ، پارەکەی خۆی دەوردەبینێ لە یارمەتیدانیدا، بۆیە ئەم جۆرە لایەنانە حیسابی قانزاج و زیانیان تێدا ناکرێت و بەشێکی زۆری ئەو یارمەتییە لەسەر کۆمەڵ دەکەوێ.

لێرەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێ، کە خەڵک و سیستێمەکە تونوتۆڵ بەیەکەوە بەستراون، هەروەها ئەوەش نابێ لە یادبکەین، کە کۆمەڵ یاساکانی خۆی بەسەر ئەندامانیدا دەسەپێنێ، پەیوەندیی خێزان و منداڵبەخێوکردن و ...هتد. بۆ نموونە ئەگەر خێزانێک، بە هۆی ناکۆکی و ناتەبایی دایک و باوک، یان ئەلکهۆلیست و نەخۆشیی لەم بابەتانەوە نەیانتوانی وەک پێویست منداڵ بەخێو بکەن، ئەوا لەسەرەتادا هەموو جۆرە هەوڵێکی ئەوە دەدەن، کە دەستیان بگرن بۆ رزگاربوون لەو بارەی تێی‌کەوتوون. خۆ ئەگەر کار گەیشتە ئەوەی، لە منداڵ بدەن و سەرچەنگ و سزای بدەن ئەوا دەزگا کۆمەڵایەتییەکان منداڵەکەیان لێ دەسەنن و تەنیا هەقی ئەوەیان دەبێ مانگی یەک‌دووجار بیانبینن. هەموو منداڵێک مافی لە باغچەی منداڵان و قوتابخانە وەرگرتنی هەیە و، دەبێ رێزی لێ بگیرێت و لە رووی لەش و دەروونەوە چاودێری بکرێ و ئەزییەت نەدرێت.

## پیر و پەککەوتەکان

شارەوانی لەو پیر و پەککەوتە تەنیا باڵانە بەرپرسە، کە لەناو چووار دیواردا تەمەنی پیری و تەنیایان بەسەر دەبەن. زۆرجار لە شتومەک کرین و بازارکردندا یارمەتی دەدرێن، یان لە هاتووچۆکردندا پارەی تەکسی یان نایدەن، یان شتێکی رەمزی دەدەن.

## خـێـزان

شارەوانی، ژیان و گوزەرانی ئەو خێزانانە مسۆگەر دەکات، کە بێکارن و ئەم کۆمەک و یارمەتییەش ئەوەندەیە کە ژیانی خێزانێک لە هەموو روویەکەوە دەگرێتەوە و لە هیچیان کەم نابێت. خێزانەکە، ئەگەر لای وا بوو، کە هەقی تەواوی نەدراوەتێ، دەتوانێ رەخنە لە بڕیارەکانی شارەوانی، یان دەزگای کۆمەڵایەتی بگرێت و سەیری سکاڵاکەشی دەکرێت و ئەگەر یاسا رێگەی‌دا، هەقی بۆ دەگێڕدرێتەوە.

هەروەها کەسانێک، کە مەترسییەک هەڕەشەیان لێ دەکات، یان مرۆڤێک کە بەجارێ لەبەردەم خواردنەوە، یان تلیاک و



هەواڵنامەی کتێب

بابەتەکانی کێشاندا بەچڕکدا هاتووە و مەترسی هەیە ژیانی خۆی کۆتایی پێ بهێنێ، یاسا هەیە، کە ئەو جۆرە کەسانە بەزۆری، دەخاتە نەخۆشخانە، یان خانووی خزمەتکردنی تایبەتییەوە، بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆیان. لەم رووەوە چەندین یاسا و خاڵ هەیە، کە مافی تەنیا کەس و کۆمەڵ دەپارێزێت.

## نهێنی پاراستن

هەموو فەرمانبەرێک بەرپرسە لە پاراستنی نهێنی ئەو کەسانەی، کە پەیوەندیی کاروبارو باریان پێوە هەیە، نابێ نهێنییەک ئاشکرا بکرێ، کە دوور نییە، کەسێک لە رووی دەروونییەوە یان هەر بابەتێکی ترەوە زیانی لێبکەوێت. ئەگەر کارێکی وا روویدا، ئەوا فەرمانبەرەکە دەبێ هەق بدا بەو کەسەی، کە نهێنییەکەیی ئاشکرکردووە. بەبێ رەزامەندیی کەسەکە خۆی هیچ جۆرە نهێنییەک نابێ ئاشکرا بکرێت (بێجگە لە یاسا ناچارییەکان، کە گوێ بەم مەسەلەیە نادەن).

## رەخنەگرتن و نارەزایی و سکاڵا

لەو دەزگا کۆمەڵایەتییانە و تەنانەت لە دادگاکانیش مرۆڤ بۆی هەیە رەخنەبگرێ و بڕیارەکانیان رەتبکاتەوە، ئەگەر لای وابوو نارەوان.

## بڕیار و مافە دیموکراتییەکان

دەبێ پێداویستیی دانیشتوان چ لە رووی مەرجەکانی ژیانی رۆژانەوە، وەک زامنکردنی هاتووچۆکردن و گەرمکردنی خانوو و ئاو و کارەبا و....هتد تا پاراستنی مافی تەنیا کەس و ئازادیی هەڵبژاردنی ئەلتەرناتیڤە چاکەکان و هەروەها هەوڵدانی کەمکردنەوەی جیاوازیی چینایەتی لە نێو ئەندامانی کۆمەڵدا ـ مسۆگەر بکرێت و ئەمەش لە چوارچێوەی سیاسەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکاندا هەوڵدەدرێ، چارەسەر بکرێت.

ئەگەر ئەم بڕیارانە ناوەرۆکیان دیموکراتییانە نەبوایە نەدەتوانرا ئەو هەموو هەنگاوە گەورانە بنرێن لە مەیانی کەم کردنەوەی جیاوازیی نێوان شار و دێهاتدا، کە لە سوێدا دەتوانرێ بوترێت تەقریبەن نەماوە. پۆست و بانک و نەخۆشخانە و هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەکی تر دابین کراوە، تەنانەت لە حاڵەتی نەخۆشی و کاری پێویست زووراپەڕاندندا، نەک هەر تەکسی، بەڵکو هەلیکۆپتەر بەکاردەهێنرێت.

## کۆمەک کردنی تر

یارمەتیی خێزانی خاوەن منداڵ دەدرێت، بۆ نموونە جگە لە هەندێ پارە، کە بۆ منداڵەکە مانگانە دەبردرێتەوە، یارمەتیی کرێ خانوو و گەلێ لایەنەکانی تری ژیان

دەمرێن.. هەروەها لە کاتی نەخۆشیدا یان لە دەرمان کڕیندا، بۆ نموونە، کە دەچێتە لای دوکتۆر نەوەد کرۆن هەقەکەیەتی، ئەگەر ساڵێکیش لە نەخۆشخانە بکەوێت و دووسێ عەمەلیاتیشت بکەن، هەر هەمان نەوەدکرۆن دەدەی.. چونکە حکوومەت لەو پارەیە دەیدا، کە لە کاتی ئیشکردندا لە مووچەی خەڵکەکە دادەشکێنرێت.

هەروەها شارەوانی بەرپرسی ڕەخساندنی باخچەی منداڵان و هەموو کاروبارێکی ترە، کە پەیوەندیی بە منداڵەوە هەبێت، ئەمیش یەکێکە لەو مەرجە گرنگانەی، کە خێزان بەشداریی پرۆسەی دیموکراتی دەکات.

## مافی پاراستنی کار

یەکێک کە کارێکی لە دەست دەچێت (بە مەرجێک کە خاوەنکار کرێکارەکە دەرکات، یان هەر هۆیەکی تری گونجاو)، ئەوا خاوەنکار دەبێ مووچەی ٦-١٢ مانگی بۆ ببڕێتەوە. یان قاسەی بێکاری لەم ڕووەوە دەتوانێ پارمەتی بێکار بدات و ٩٠٪ی مووچەکەی تا ساڵێک دەداتێ.

## خوێندن

هەموو کەسێک دەبێت نۆ ساڵ لە قوتابخانەدا بخوێنێ، ئەوانەشی، کە لە ڕووی عەقڵ یان لەشیان نوقسانە، یان بە هەر هۆیەکی ترەوەبێ، ئاسایی نین، قوتابخانەی تایبەت و مامۆستای شارەزایان بۆ دەگیرێت، هەتا پێداویستییەکانیان زامن بکرێت.

## کــار

هەر کەسێک لە کارکردندا بەشداری بڕیار و چالاکییەکانی کۆمەڵ بێت، ئەوا بەشداری پرۆسە دیموکراتییەکانی ناو کۆمەڵە. خەڵک هەر جۆرە کارێکی هەبێت، پێی شادمانە و باجی خۆی دەدات. لێرە جۆری کار دەوری نییە لە ڕێزگرتنی خەڵکدا، ڕەووتی کارکردن و ئیش لێرە شێوەیەکی تری هەیە. کار هەر کارە و وەکو یەک سەیری دەکرێت، ئەوەندەش باسی خزمەت و شتی لەم بابەتە ناکەن.. کاردەکەیت و لەباتی ئەوە پارە و پاداشتی وەردەگری.

## شــارەوانی

ئەو ئەوڕێهاتانەی دوورن، لە کاتی گواستنەوە، یان هەناردنە دەرەوەی بەرهەمەکانیاندا، تەنیا سەروپەنجا کیلومتر کرێی گواستنەوە دەدەن و ئەوی‌تری دەوڵەت دەیدا.. جگە لەمەش دەوڵەت بە زۆر شێوەی تر، کۆمەکی جووتیاران دەکات.

## هاتوچۆکردن

لێرە نەخشە بۆ کاری هەموو شێوەکانی هاتوچۆکردن کێشراوە.. مرۆڤ دەزانێ، کەی شەمەندەفەر دەڕوا بۆ شارەکان، کەی پاسەکان دەچن.. هەمووی خشتەیان هەیە.

ئەمەش دەبێتە هۆی وەختمانەوە بۆ خەڵک و مەڵپە و قەڵەباڵغیی نەکردن. نرخی بلیت و چونیەتیی کڕین و دەسخستنیان دیاریکراوە.

## هاوینەکار و مەشق کردن و ڕاهێنان

ئەو لاوانەی دەخوێنن، هاوینان کاریان دەدرێتیٰ.. ئەوانەشیان، لە بیست و پێنج ساڵ کەمترین، ئەوا لە مەیانێکی تردا کارێکی پراکتیکیان بۆ دەدۆزرێتەوە. وەک وترا، ئەوانەی بیکارن، تا کاریان بۆ دەدۆزرێتەوە بیرۆی کاربۆزینەوە مووچەیان دەداتیٰ دوایی خاوەنکار پەسندیان دەکات و مووچەیان دەداتی.

## خانوو

دانیشتوان بە گوێرەی گەورە و بچووکی خێزانەکانیان و ڕادەی داراییان داوای خانوودەکەن. ئەگەر خێزانێک منداڵێکیان هەبێت، ئەوا لە فلاتێکی سێژووریدا دەژین. ئەم خانووانەش زستانان گەرم دەکرێن و هەموودەمێک ئاوی گەرمی هەیە و کارەبا و ....هتد.

## هەندێ زامنکاریی تری کۆمەڵایەتی

ژیانی ئادەمیزاد لە هاتووچۆ و کار و ئاگرتێبەربوون و ...هتددا. زامنکراون.. مرۆڤ دەتوانێ -ئەگەر بیەوێ- ماڵی خۆی زامن بکات.. هەروەها تەقاویتیی زیاتر مسۆگەر بکات.. بە کورتییەکەی، ماقە دیموکراتییەکانە، کە کەسانی لاوازی ناو کۆمەڵ دەپارێزێت..

## تونژاڵی باج

کاتێک ئەو باجەی هاووڵاتییان دەیدەن، بەشی زامنکردنی پرۆگرامی دەوڵەت ناکات، لە ڕەخساندن و هێنانەکایەی ژیانێکی باشدا بۆ خەڵک، دەوڵەت ناچاردەبێ، پارەیەک بخاتە سەر نرخی خواردن و شت و مەک، ئەمیش زیاتر بۆ پشتگیریکردنی پرۆژە و بەرنامەی خزمەتی کۆمەڵایەتی و ژیانی خەڵکەکەیە.

## ڕاست و درووستیی بڕیارەکان

ڕاست و دروستییان لەوەدایە، ئەگەر دامودەزگاکانی دەوڵەت و ناوچە و شارەوانییەکان توانییان هاوکێشیی بوودجەکە ڕابگرن، ئەوا مانای سەر کەوتن و باشی نەخشەکێشانیانە، خۆ ئەگەر کەلێن و کەموکورتیی کەوتە بوودجە و دووایش هەڵسووڕاندنی کاروبارەوە، ئەوە نیشانەی کورتبینی و هەڵنەسەنگاندنی بار و دۆخەکەیە.

## هەندێ سەرئەنجام

خەڵک بە شێوەی جیا لە دیموکراتییەت دەگەن و بۆچوونیان جیاوازە. دیموکراتیەتیش لە ئەنجامی‌کاردا، دەبێ بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ناو کۆمەڵگابێت. هەندێ کەس وای بۆ دەچن، کە



کەواڵنامەی کتێب

مرۆڤ چی ویست و چی بە خەیاڵ و عەقڵیدا هات بێ گوێدانە ئەنجامی کار شکانەوە- بیکا .. جا ئەگەر لە کۆمەڵێکدا، ئازادیی راشکاو و موتڵەق هەبێ، بەم شێوەیەی وتمان .. ئەوا کار بە کوێ دەگا،؟! بۆ نموونە بازرگان و قەساب و دادوەر و مامۆستا و پۆلیس و رۆژنامەنووس و کرێکار چی زەوقیان دەگرێ وا جم و جووڵ بکەن و لەوە نەگەن، کە تەنیا ئەوان و بەرژەوەندیی ئەوان لەو ناوەدا نییە و.. رەنگە و ئەو دەستەی ئەوان بە خەیاڵ بە هەوای ئازاددا رایدەوەشێنن، لووتی یەکێکی نزیکیان بئانگیوێ.. ئەوا جگە لە ئاژاوە و گێرە شێوێنێکی ئەنجامبۆش زیاتر چیدی سەوزنابێ.

## بەرژەوەندیی جیاواز

ئاشکرایە کۆمەڵ لە خەڵک و چین و توێژاڵی جیاجیا پێکهاتووە. هەندێکی نزیک بەیەکن و هەندێکی دژ.. جا لە کۆمەڵگادا، ئەگەر یاسا و لێپرسینەوەیەکی عادیلانە نەبێ و دەستەڵاتدار ملی لاواز بادا، ئەوا دەبێ دیموکراتییەت لە هەڵدێرێ گڵۆر بکەینەوە.. بۆ نموونە گیروگرفتەکانی کۆمەڵ یان پەیوەندیی نێوان خەڵک و توێژاڵی جیاجیا.. رەوت و، میکانیزمی تایبەتیی خۆیانیان هەیە و هەموویان نابێ بە یەک چاو سەیر بکەین و لەیەک چوارچێوەدا چارەسەریان‌بکەین.. چونکە ئەوە چارەسەرکردن نابێت.. لەم کێشە و ناکۆکییانەشدا بەرژەوەندی دەور دەبینێ.

دەتوانین بۆ روونکردنەوەی ئەم رایەی دەرمان‌بڕی نموونەیەکی زۆر ساکاری ژیانی رۆژانەی خەڵک بە بەڵگە بهێنینەوە. هاتوو چۆی ناو شار.. رەنگە لە سەرەتادا سادە لەوحانە بێتە پێش‌چاو. بەڵام با بزانین چۆن دەبێ.. چەند لایەن پەیوەندییان بەم گیروگرفتەوە هەیە.. شۆفێرەکان، هەندێ کەسی پاسکیلبران، ئەوانەی پیادەن - خەڵکەکە.. شۆفێرەکان بۆ ئەوەی شەقام و رێوبان هەراوبێ، داوای کەمبوونەوەی قەڵەباڵغیی و زۆرکردنی شوێنی ئوتومبێل دەکەن، دووچەرخەدارەکان - داوای جادە باریکەڵەیەکی تایبەتی، پیادەکان داوای زۆرکردنی شوێنپەڕینەوە و دەرفەتی زیاتری هاتووچۆی خۆیان دەکەن.. ئەگەر هەر یەکە و ئیسترەم لەسەر داوای خۆی کوت‌ومت بکات،.. ئەوا ناگەنە ئەنجام، دەبێ چارەسەرێک بدۆزرێتەوە، کە رەچاوی بەرژەوەندیی هەموو لایەک بکرێت..... ئیتر لەم جۆرە نموونە ساکارانەی ژیانی رۆژانەی خەڵکەوە بیگرە، تا دەگاتە مەسەلە ئاڵۆز و قورسە کۆمەڵایەتییەکان و هەمووش لە ژێر چەتری سیستێمکدا کۆبوونەتەوە، سائەو سیستێمە دیموکراتی یان فاشی -نازی بێ-و سیستێمەکە بە گوێرەی بینۆگەی خۆی کاروبار رێکدەخا.. جا مەسەلەی



هەوڵنامەی کتێب

باشی و خراپیی ئەم دوو سیستێمە ئەوە ژیان دەریخستوون و سەلماندوونی.

## سیستێمی فاشی - نازی

مۆسولینی ساڵی ١٩٣٢ لە گۆڤاری "فاشیزم"دا نووسیویەتی، فاشیزم وەک ئیدیاڵێک وایە، کە دژی بیری دیموکراتییە چ وەک تیۆری و چ وەک پراکتیک و لە بناغەوە رەتیدەکاتەوە و بەربەرەکانێی دەکات. فاشیزم باکی بە دەنگی زۆربەی خەڵک و جەماوەر نییە ئەوان، کە دەنگیان زیاتر بوو، مانای وا نییە لەسەر هەقن و راستن و دەتوانن کۆمەڵ بەرێوەبەرن. دەوڵەتی دیموکراتی ئەو رژێمانە دەگرێتەوە، کە لە راستیدا سەریەخۆنین. ئەو رژێمەی، کە بە لێهاتوویی راستەقینەی کەسانی خاوەنی هێزی نەناسراوەوە بەڕێوە دەبرێت. هیتلەر لە کتێبی "تێکۆشانی من"دا.. وتویەتی ئەرکی سەرشانی دەوڵەتی نەتەوەییە، کە سەرکردایەتی هەڵوەشێنێتەوە و دەستەلاتییان لێبسەنێتەوە و کەنارگیریان بکات و بە واتایەکی تر، لە جێگەی زۆربە، کەسانی سەرباشقە و سەرتەڵ و هەڵبژاردە دەوربیینن... هیتلەر و مۆسولینی و سەدام حسەین خەڵک و میللەتیان بە خۆیانەوە گرێداوە.. واتە هەست و چێژ و بیروڕای ئەوان چۆنە، دەبێ میللەت بە گوێی ئەوان بکات.. نەک ئەوان بە گوێی میللەت.. ئەم جۆرە کەسانە چۆن پەیدادەبن و بە ملیۆنان کەس دەخەنە ژێرباڕو رکێفی خۆیانەوە، لە کوێی ئەو کۆمەڵەوە پەیدابوون؟ ئایا خەسیەتی کۆمەڵەکە خوڵقاندوونی، یان چۆن؟! ئەی چۆن تاقەکەسێک دەتوانێ و هەرچی بوێ و بەخەیاڵی نەخۆشیدابێت بیکات. بینێرێ بۆ جەنگ ئیمرۆ، سبەینێ بۆ شتێکیتر... چۆن ئاوا بۆی دەلوێ و ماوەیەکی زۆریش دەبێ بە سوڵتان قەرەقووشی رۆژگار و سەردەمی خۆی! ئەمانە هەمووی پرسیارن و دەمەتەقێ و نووسینی زۆریان دەربارە هەیە و لە پرینسیپی «دەووری تاک و کۆمەڵ لە مێژوودا»دا خەستبۆتەوە.

## دەوری داب و نەریت

زۆرجار باسی ئەوە دەکرێ، کە خەڵکی رۆژهەلات بە دیموکراتییەت نامۆن و زەمینەی ئەم بیرە لە رۆژهەلاتدا کرێن و بێپێتە. ئەگەر دیموکراتییەت میراتگیری هەبوایە، دەبوایە یۆنانی ئیمرۆ، کە دوو سەد-سێسەد ساڵێک پێش لە دایکبوونی مەسیح ئەنجوومەنی دیموکراتییانەی هەڵبژاردن و کاروباری کۆمەڵ رێکخستنی هەبووە، بەهەشتی دیموکراتییەت و نموونە و سەرباشقەی ئەم سیستێمە بوایە.. یان عیراقی زێدی حامووڕابی، کە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا یاسای هاوبەشی دامەزراند. دەبوایە کوردستانە ستەمدیدەکەی خۆمان، کە بێشکەی یەکەم

هەواڵنامەی کتێب

شارستانییەتیی مێژووی مرۆڤە و بۆ یەکەم جار و شەش هەزار ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیح ئافرەت تۆوی رووەک و شینایی کۆکردتەوە چاندوویەتی.. ئیمڕۆ لووتکەی شارستانییەت بوایە.. ئەگەر بەم شێوەیە لە دیموکراتییەت بگەین، بمانەوێ و نەمانەوێ، بیروڕاکانمان و هەڵوێستمان دەبێتە ئاو بە ئاشی ئەو دیکتاتۆرانەدا کردن کە ئیمڕۆ وڵاتەکانی رۆژهەڵاتیان لە خەڵکەکەی کردۆتە زیندانی گەورە و دۆزەخ.

چۆن دەتوانین داوای دیموکراتییەت و ژیانی ئازادی لە میللەتێک بکەین، کە سەرەتاکانی ئەم بیروباوەڕەی تێدا نییە، بچووکترین مافی مرۆڤایەتیی تێدا پێشێل کراوە. بۆ نموونە دەستوور، کە یەکێکە لە کۆڵەکە هەرە سەرەکییەکانی دیموکراتییەت نییە، یان بەو جۆرەیە، کە دەستەڵاتدار مەبەستییەتی، یان هەر مەرەکەبی سەر پەڕەی کاغەزە. شەق و زەبروزەنگ، چاو سوورکردنەوە و کوشتن و بڕین بووە بە یاسا و دەستوور. ئەو سیستێمە هەرەمییە (لە سەرەوە بۆ خووار) بووە بە ئایاتی بەیینات و نابێ کەس لێی لادا، بە جۆرێک رەگی لەناو کۆمەڵدا داکوتاوە، کە هەڵکێشان و بنبڕکردنی هەروا ئاسان نییە.

لەم جۆرە دەورووبەرەشدا هەر کەس خۆی دەناسێ و دەزانێ چۆن رەفتاردەکات و لەو جوغزەی بۆی دیاریکراوە ئاودیونابێ. (ئەم جۆرە رەفتار و ژیانە تایبەتە بە ئاژەڵ و گیانلەبەرانی ئاوەزا سنووردار). ئەم جۆرە سیستێمانە هەموو دەستەڵاتێکی سیاسی و ئابوورییان خستۆتە چنگی خۆیان و لەناویەکدا بەشی دەکەن. نزیک بوونەوە و بەرزبوونەوەش هەروا گاڵتە نییە و دەبێ چەردەیەکی باش لە دڕندەیی و نائینسانییەتی خۆت پیشان بدەی.. ئەوانەی فەرمانڕەوای عیراقن، ئەگەر قەدەر هەڵی دانایەتە کۆمەڵگایەکی دیموکراتیی وەک سویسرا، سوید... هتدەوە کە پلەوپایە تا رادەیەکی زۆر و بەرچاو بە زیرەکی و وردی و ئارەقی ناوچاوان و رەنجی بێ وچانەوە درووست دەبێت ئەوا بێگومان کۆمەڵی خەڵکی نەخۆش و تاوانکار و.. نەفرەتلێکراو دەبوون.. بۆیە نابێ چاوەڕوانی چیی لەوە باشتریان لێ بکەی! مێژەکە لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە و هیچ رەوت و پرۆسەیەکی دیموکراتیی لەناویاندا جێگەی نابێتەوە و پووچ دەکرێتەوە.

لە وڵاتێکی وەک سویددا، مافی دیموکراتییانەی خەڵک لە توانای هەڵبژاردن و بڕیار و یاسا دانان و ئەرکی سەرشان جێبەجێ کردن و سوود لە دەوڵەمەندی و سامانی وڵاتەکەدا خۆی دەنوێنێ.. پەرلەمان کە نوێنەرانی میللەتی تێدایە یاسا و دەستوورە کۆمەڵایەتییەکانی دادەنێ. وەک وترا ئەمەش خەباتێکی

هەواڵنامەی کتێب

بەکاوەخۆ و دوور و درێژی بۆ کراوە. هەروەک لەو نموونانەی لەمەوپێشدا لەباسی بەرەوپێشەوەچوونی مافی ئافرەتدا لە نێوان سالأنی ١٨٤٥ - ١٩٩٢دا هێنامانەوە. هەروەها باسی چۆنیەتیی هەڵبژاردن و دەوری دەزگاکانی ڕاگەیاندن کران، کە چ دەورێکیان لە پرۆسەی دیموکراتییەت و ژیانی پەرلەمانیدا هەیە و باسی لە بەرژەوەندیی جیاوازیی خەڵک و پارت و ڕێکخراوەکان کراو چۆن ملکەچی شەرعییەتی هەڵبژاردن و دەنگدانی خەڵکن.

بە کورتییەکەی دەور و جێگەی مرۆڤ لە سیستێمی دیموکراتیدا ئاسمان و ڕێسمانە لە چاو هیفاشی و ڕەفتار فاشیدا، کە تەنیا مەنتیقی «شەق دەزانێ قۆناغ لە کوێیە» پەندی هەرە پیرۆزیەتی.. بەپێچەوانەشەوە لە دنیای دیموکراتییەتدا دەرفەتی هەڕاوی قەناعەت بەیەک کردن و گفتوگۆی هێمن و درووستکەر باوە..

جا لەبەرئەوەی لە کۆمەلأنی دواکەوتوودا، زۆرجار هەندێ پێوانەی وا دەوردەبینێ، کە خوودی کەسەکە خۆی بۆی لواووە یان نەلواوە.. بۆ نموونە دەوری بنەماڵە و ناو و شۆرەت، کە بۆ هەندێک دەبێ بەخێروبێر، یان بەپێچەوانەوە.. یان هەندێ شت دەبێ بە مۆدە و باو.. بۆ نموونە بوون بە دوکتۆر یان ئەندازیار.. کە شەهادە و مەهادە دەبنە پێوانە.. لە کۆمەڵگای پێشکەوتوودا گرنگ ئەوەیە مرۆڤ کارێکی هەبێ.. ئەگەر بناغەی سیاسەتی ئابووری لەسەر سەرمایەخستنە گەڕ بوەستێ، دەبێ ئەندامانی کۆمەڵ هاریکاریی ئەم نەخشەیە بکەن، چونکە سیستێمی باج، کە لە ئەنجامدا بەقانزاجی کۆمەڵ دەشکێتەوە، دەبێتە هۆی بووژاندنەوەی ژیانی کۆمەڵەکە.. بەلأم ئەگەر سیستێمێکی «هەر کەس بۆ خۆی بێت» و کەس ئەرکی سەرشانی جێبەجێ نەکا و هەر لە بەرژەوەندیی تەسکی شەخسی بگەڕێ، ئەوا تواناو مەودای بەرەوپێشەوە چوونی ژیانی کۆمەڵ تەسکدەبێتەوە و ئەمەش کاردەکاتە سەر لایەنەکانی تری ژیانی تاکە کەس و دەرفەتی جۆراوجۆری لەبەردەمدا نامێنێ و کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەبێتە ڕازی بوون بەوەی هەیە..

سیستێمی ئابووریی نەخشە بۆ دانراو، کە بەناوی بەرژەوەندیی زۆریەی گەلەوە سەپێنرابوو.. یان زۆرجار بەندوباوی ئەوەی بۆ بلاودەکرایەوە، کە میللەتی سۆڤیەت هەمووی یەکسانە و وەک یەک دەژی، لەوێ و لە ولأتەکانی تری ئەورووپای ڕۆژهەلأتدا، ئەم عەقڵیەتە فەرمانڕەوابوو، بۆیە شەق و شەلاق و سیستێمی تاکە حیزبی چیتر نەیتوانی خۆی ڕاگرێ و بەوەی ئەمڕۆ شکایەوە.. بۆیە هەروا ئاسان نییە لەو ولأتەدا، کە قەت تەقلیدێکی دیموکراتیی تێدا نەبووە، کۆمونیست و کاربەدەستەکانی تا

دونێنێ قەوانی دیکتاتورییەتی پرۆلیتاریایان لێدەدا.. ئیمڕۆ ببنە دیموکراتیکی دوو ئاتەشەی پەرگیر.. هەر بۆیە ئێستەش لەوێ ڕوویەکیتری مەسەلەکە لە ئارادایە و شووڵ لێ هەڵکێشان و دەمارگیری بە جۆرێکیتر و بە ناوێکی ترەوە دەکرێت.

لێرەدا دەمانەوێ لایەنێکیتری پرۆسەی دیموکراتی باس بکەین، کە ڕەخنەگرتنە.. بێگومان ڕەخنەگرتنیش لە سای ژیانی دیموکراتی و یان نادیموکراتیدا جیاوازە. لەمەی دواییاندا ئەگەر دەرفەت و ماوای هەبێ، ئەوا هەر لەو سنوورەدایە، کە دەسەڵاتی سەرەوە دیاریی دەکات.. بەڵام لە هی دیموکراتیدا شەقڵێکی زیاتر بابەتی و قانزاج لەبەر چاوگری دەبێ.. خۆ ئەگەر لە جیهانی هونەر و نووسیندا لەم باسە بکۆڵینەوە، ئەوا لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکانی وەکو ئەوانەی لای خۆماندا ، ڕەخنە مانای شەڕەجنێو، یان هەر لایەنی خراپ باسکردنی بەرهەمێک دەگرێتەوە.. کە ئەمە خۆی دژی چەمکی ڕەخنە گرتنە، کە پێویستە هاریکار و دەسگری نووسەر، هونەرمەند و خوێنەریش بێت، لە هەمان کاتدا. یان جاری وا هەیە، سرف پەیوەندیی شەخسیی ئەم جۆرە کارانە هەڵدەسووڕێنێ و، یان دەبینێت بە مۆزیقەو نەقارەی مەتح و پیاهەڵدان، یان دەهۆڵی بەدناوی.

## دوا وتە

لە کۆتایی ئەم وتارەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم، کە بە شێوەیەکی فراوان زیاتر باسی هەندێ چەمکی سەرەتایی و بنەڕەتیی دوو جۆر سیستێم کرا، کە لە نێوانیاندا بابەتی وا هەن، نە هی ئەملان و نە هی ئەولا.. بەڵکو ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییانە ئەوەندە ئاڵۆز و بە یەکداچوون، کە زۆر جار لە چوارچێوەی یەکێک لەم سیستێمانەدا سەریان بە ئاسانی لێ دەرناکرێت و دەڕژێنە ناو یەکەوە، بەتایبەتیش لەو وڵاتانەدا، کە تازە بەتازە بەرەو دنیای دیموکراتییەت هەنگاودەنێن.. نموونەی هەرەدیاری ئەم دیاردەیەش هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە، کە مایەی شانازی و سەربەرزیی نەتەوەیەکی ژێردەستە و ئازادی بەخۆوەنەدیوە.. هەموو کەم و کوڕییەکانی سرووشتین، هەرچەندە نابێ لێیان بێ دەنگ بین.. ئەمە نوقتەی گواستنەوەیە.. دەسەڵات لە دەستی چەند سەرکردەی حیزبێکەوە بکەوێتە دەست دەزگایەکی فراوانتر، کە خەڵکەکە دەنگی بۆ داون.. هەروەک ئەرکی سەرشانی هەموو کوردێکی دڵسۆز بە وڵات و میللەتەکەیەتی کە چی دەتوانێ بۆ پشتگیریی بیکات، ئاواش هی هەموو ئازادیخوازێکی جیهان و هی ناوچەکەیە.. کە ئەمە بە دیاردەیەکی مێژوویی دەگمەن لە قەڵەم بدا..

هەواڵنامەی کتێب

بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم باسە،
ئەم سەرچاوانەم بەکارهێناوە:

1-Birqersson Bengt Owe / Westertåhl Törgen "Den Svenska Folk Styrelsen". 1987, Uddevalla.

2- Gustafsson Agne.
kommunal sjläv styrelse, 1979, Lund.

3- Ejvegård Rolf.
"Vad är demokrati". 1991, Stockholm.

4- Mathiesen Thomas.
"Den dolda disciplineringen". 1985, Göteborg.

5- Petersson Olof
"MAKT". 1991, Göteborg.

6- Söder Karin MM.
Bättre Samhälle tryggare människor.

7- Par-Erik och Gustafsson Agne.
"Modern demokrati".
1980,Stockholm.

8- Barrinqton Moore Jr.
"Demokrati och diktatur".1971 Stockholm.

9- Eklund Allan.
"Vår ekonomi". 1990, Stockholm.

10- Delander Lennart / Edebalk Per.
"Samhällets ekonomi". 1979, kristanstads.

11-Axelsson Roger och Kari och Lars--Gunnar.
"Den svenska arbets Marknads politiken under 1900- talet". 1983, Stockholm.

12- Bohman Gosta.
"kors mot Framtiden". 1981, Stockholm.

13- Norström Carl och Thenved Anders.
"Nya Social Lagarna". 1990, Stockholm.

14- Wahlström och Widstrad.
"Barnens rättigheter". 1991, Stockholm.

15- Intervjue med Eva Stenström.
"System vetenskap".

## لە پاشماوەی زمانی مادەکان

# زمانە ئێرانییەکانی ـ هەڵەمووت و ڕووباری هەڵەمووت و کوهپایە[١]

نووسینی دوکتۆر ئیحسان یارشاتر
فوئاد عەبدولڕەحمان
لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی

لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێراندا، ئیمڕۆ زمانی باوی زۆربەی ئێرانییەکان تورکییە، بەڵام لە گۆشە و کەناری ئەو ناوچانەدا چەند کۆمەڵانێک خەڵکی هەن، کە تاکو ئێستا بە کۆنترین سامانی زمانی ئێرانی دەپەیڤن. لە ڕاستیشدا زۆر لەو زمانانەی کە گرنگن تاکو ئێستا بایەخیان پێنەدراوە و لە بارەیانەوە شتی ئەوتۆ بڵاونەبۆتەوە. لەم بارەیەوە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابوردوودا، لە ئەنجامی گەڕان و پشکنین بۆ دۆزینەوەی پاشماوەی زمانە ئێرانییەکانی سەرزەمینی کۆنی مادەکان گەلێک شتم بۆ ڕوونبووەوە و زۆر شتم لەبارەی ئەو زمانانەوە بە دەستکەوت.

ئەو زمانانەی کە لە قەڵەمڕەوی نێوان ڕووباری ئاراس لە باکوور تا سمنان و سەنگسەر لە ڕۆژهەڵات و تا سنووری ساوە و هەمەدان لە باشووری ڕۆژئاوادا بوون پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ یەکتردا هەبووە، کە بە ڕادەیەک دەتوانین زۆربەی زۆریان بە یەک کۆمەڵە زمان بژمێرین. لەوێڕا کە سەرزەمینی ئەو زمانانە لە مادی کۆندا بوون و «فۆنەتیک و ڕێزمان و یاسای دەنگی»یان جیاوازییان لەگەڵ ئەو زمانە مادیانەی کە دەزانین نییە، دەبێ ئەوە بڵێین کە ئەو زمانانە ــ جگە لە «تاتی»[٢] ــ زمانی مادی بن، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی لە مێژووی ئێران بەڵگەیەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە ئەوە بسەلمێنێ کە «تات زمانەکان»ی[٣] ئەو ناوچانە لە جێگایەکی ترەوە بۆ ئەو قەڵەمڕەوە کۆچیانکردبێ. جێی گومانیش نییە کە زمانە ئێرانییەکانی ئەو قەڵەمڕەوە، بێجگە لە فارسی و کوردی، پاشماوەی زمانەکانی مادن، کە تاکو ئێستا لەو ناوچانە دوور

هەواڵنامەی کتێب

کەوتوونەتەوە و لە دامەنی کێوەکان یاخود لە نێو ئەو کۆمەڵگایانەدا دەژین کە لە کۆندا دەسەلاّت و سەربەخۆیی پتریان هەبووە.

لەو زمانانەی کە لەم بارەیەوە پێشتر لە چەند گوتارێکدا ڕوونمکردوونەتەوە، بۆ نموونە زمانی شال (لە شاهرودی خەلخاڵ) و زمانی گجەل و عەلانەدین. (کاغەزکەرانی خەلخاڵ) و ڕاند و ئەشتەهارد (لە باشووری ڕۆژئاوا و باشووری قەزوین) و زمانی ئەلوێرو ویدەر (لە خەرقانی ڕۆژهەلاّت)ن (٤) لێرەشدا دەمانەوێ باسی ئەو زمانانە بکەین کە لە ڕووباری هەڵەمووت(٢) و هەڵەمووت و کوهپایەدا باون و تاکو ئێستا هیچ شتێک لە بارەیانەوە نەنووسراوە و بلاّونەبۆتەوە.

لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی لایەنێک لە تایبەتێتیی ئەو زمانانە ڕوونبکەینەوە پێویستە ئاماژە بۆ چۆنیەتیی دیاریکردنی ڕەگەزی نێرومێ لەو زمانانەدا بکەین؛ واتە دەستنیشانکردنی ئامرازی نێر و مێ لە ڕێزمانی ئەو زمانانەدا. هەڵەمووت و ڕووباری هەڵەمووت و کوهپایە کە پەیوەندییان بە یەکترەوە هەیە و کەوتوونەتە ڕۆژهەلاّت و باکوورو باکووری ڕۆژهەلاّتی قەزوین و دامەنی کێوەکانی ئەلبورزەوە، زمانی زۆربەی خەڵکەکەی زمانی ئێرانییە و لە نێو ئەو زمانانەشدا بەپێی دەستنیشانکردنی ئامرازی نێر و مێ دەتوانین سێ کۆمەڵە شێوەزمانی سەرەکی دیاری بکەین.

دیارترینی ئەو شێوەزمانانە مەراغییە.

ئەوەش شێوە زمانێکە کە خەڵکی حەوت هەشت گوند لە گوندەکانی ڕووباری هەڵەمووت قسەی پێدەکەن. ئەوانەی کە بەو زمانەش قسەدەکەن خۆیان بە «مەراغی» دەزانن کە گرۆهێکی هەڵبژاردە و دیار و تایبەتین ئەگەرچی شیعەمەزهەبیشن. چەشنی یەزیدییەکانی عیراق جگە لە گرۆهی خۆیان پەیوەندی بە کەسانی ترەوە نابەستن و بیروباوەر و داب و نەریتی تایبەتیی خۆیان بە توندی پەیڕەوکردووە(٦)، خۆراکی بێگانە ناخۆن و چەردەیەک داب و نەریت و بۆنەی تایبەتیی خۆیان هەیە، کە لەگەڵ خەڵکانی دیی ئەو ناوچانەی ڕووبار جیادەکرێنەوە. هەندێک لە داب و نەریتەکانیشیان بە نهێنییە، جگە لە خۆیان لە لای کەسی‌تر ئاشکرا نییە. مەراغییەکان پەیمانیان‌داوە و سوێندیان‌خواردووە کە نهێنیی ئەو داب و نەریتانەیان بۆ کەسانی دی نەدرکێنن. هەندێک هەن کە کەم و زۆر زانیویانە کە مەراغییەکان ئاژەڵی ئاوس سەرنابڕن و ژنیشیان ئەگەر ئاوس‌بێت تاکو چل ڕۆژ دوای منداڵبوونی نابێ کەس بیبینێت و بە حەرامی دەزانن. بەجیا خواردنی تایبەتی بۆ دادەنێن، پەنیر و شیری مانگا و مەڕ بە جۆرێکی تایبەتی بۆ دروست‌دەکەن و جگە لەوە خواردنی تری بۆ دانانێن. پێنج ڕۆژ لە کۆتایی هەر ساڵێکدا بە

هەواڵنامەی کتێب

ڕۆژانی تایبەتیی خۆیان دەزانن و لە ماوەی ئەو ڕۆژانەدا بۆنەی تایبەتیی خۆیان هەیە و هەر هەموویان بەرات بۆ مردوەکانیان دەکەن. بە شێوەیەکەی ئاشکراش ماریفەت و بۆنەی تایبەتییان هەیە بۆ تەنشوری و مەلەکردن لە کاتی گەیشتنیان بە (هەرزەکاری). ئەو ماریفەتەشیان دەبەستنەوە بە داب و نەریتی تایبەتییانەوە بۆ پاراستنی یاسا و سفەتی مەراغی و ڕازە نهێنییەکانیان. مەراغییەکان بە ڕاستگۆیی و خاوێنی و پەیڕەوکردنی نوێژ و نزای ئاینیی خۆیان بەناوبانگن. ئاکاری فرەژنی و ڕابواردنیان تیا نییە و ژنبەرداریشیان لەلا قەدەغەیە، لە نێوانیاندا ئەوەی باوە کە بەپێی فەرمایشتی ئیمام (ڕەزا)، ئیمامی هەشتەمی شیعەکان ــ کە ئاشێ لێرەدا بە درێژی باسی لێوە بکەین ــ هاتۆتە ڕووباری مەراغە و لەوێ نیشتەجێ بووە. ئەم ئەفسانەیەش ڕەنگە هەر بە هۆی کارتێکردنی بیروباوەڕی مەزهەبی شیعەکانەوە لەو ناوچەیەدا باوبووبێت. هەروەها سێ ئیمامزادەی بەناوبانگشیان کە ئیمامزادە قاسم و ئیمامزادە یوشع و ئیمامزادە یەعقوب بوون، لە نزیکی (دکین)دا کە گەورەگوندی مەراغییەکانە نیشتەجێبوون. دووریش نییە کە هەندێ بیروباوەڕ و داب نەریتیان بگەڕێتەوە بۆ مەزهەبی (ئیلتقاتی) و (باتنی)ی [٧] پێش ئیسلام. خەڵکیتر لەو ناوچەیە گاڵتە بە مەراغییەکان دەکەن و پێیان دەڵێن «کلەپزی»یەکان، هەرچەندە خەڵکی لە هەموو ناوچەکەدا بە «ئەهلی حەق»یش ناویان دەبەن.

زمانی مەراغی وەکو هەندێک لە شێوە زمانەکانی «تات»ی تارمی (هەزاررودی و نوکیانی) و ئەشهاردی و چالی (لە ڕامز) و کرنی و کرلقی (لە خەلخال) بە ڕێژەیەک پارێزراوە و زۆر لە خاسییەتی کۆنترین شێوە زمانەکانی مادی تیا ماوەتەوە. ئەم دیاردەیە کە لە نێو مەراغییەکاندا هەیە بەلای زنوار و دەوروبەرەکانیانەوە سەیر و نامۆ نییە.

یەکێک لەو تایبەتییانە ئەوەیە، لە ڕێزماندا دیاریدەکەن (واتە ئامرازی مێ لە زمانەکەیاندا دیارە- وەرگێڕ) ڕەگەز نەک تەنها لە ناو و ئامرازدا دەردەکەوێ بەڵکو هەروەکو ئەو زمانە مادیانەی تریش کە ڕەگەزیان دیاری کردووە، لە کەسی سێی تاکیشدا بەکاریدەهێنن. بۆ نموونە (لە زمانی دکین):

| بە فارسی | بە مەراغی |
|---|---|
| می افتد | migena |
| می افتد | migeneā |
| افتاد | genestia |
| افتاد | genesteyā |

* بە کوردی(٨): دەکەوێ (بۆ نێر) – دەکەوێ (بۆ مێ) – کەوت (بۆ نێر) – کەوت (بۆ مێ).

هەروەها ئاوەڵناوی کەسی سێیەم بۆ مێ و نێریش جیادەکرێنەوە:

| بە فارسی | بە مەراغی |
|---|---|
| او | av |
| او | avâ (n) |
| اورا | ävi |
| اورا | avâ |
| مال او | cey |
| مال او* | ca |

کۆتایی ناوەکانی مێ لە حاڵەتی (بکەر–فاعل) ân و لە حاڵەتی (کراو–مفعول) â یە:

| بە فارسی | بە مەراغی |
|---|---|
| قوچ رفت | nav şiâ |
| بز رفت | biz-an siân |
| بز را ببر | bezâ beba |
| بیل افتاد | bil genésta |
| پارو افتاد** | xuyân genestiân |

بەڵام ئەگەر هاتو (مێ) بە شێوەی هاو ڕەگەز بەکاربێت (ئامرازی مێ) یەکەی نامێنێ و ناوی (نێر) وەردەگرێ.

بەفارسی: این سیب پوسیدەاست

بە مەراغی: em asif püsüstâ

بەهەمان ڕوانین بۆ ناوی هەموو شتێک کە نەژمێردرێ: بۆ نموونە: ئاو، شیر، ئار نێرن (واتە ئامرازی نێر وەردەگرن – وەرگێر). لە لایەکی تریشەوە هەموو جۆرە میوەیەک و هەموو جۆرە درەختێک (مێ)یە (واتە ئامرازی مێ وەردەگرێ). ژمارەش لەگەڵ ڕەگەز و لەگەڵ ژمێردراوەدا هاوتا دەکرێ. بۆ نموونە ü (یەک) و dö (دوو) و sa (سە–سێ) ژمارەی نێرن. adonâ, dönna,ünney یەک بە دوای یەک بۆ ژمێردراوی مێ بەکار دێن. پاش ژمارەی وشەی مێ ئیتر هێمای (ئامرازی مێ) وەرناگرێ و ڕەگەزەکەی لە ڕووی هەمان ژمارەوە دیاریدەکرێ. کاتێکیش لە پاش ناوی مێیەوە ئاوەڵناوی لکاو بێت، ئامرازی مێ نییە، وەکو لە هەندێک لە شێوە زمانەکانی تردا هەیە، ناو جیا دەبێتەوە و لە پاش ئاوەڵناوی لکاوەوە دێ، بۆ نموونە:

| بە فارسی | بە مەراغی |
|---|---|
| دختر رفت | kinän şiân |
| دخترم رفت*** | kin-m-ân şiân |

---

* بە کوردی: (ئەڤ) ئەو (بۆ نێر) – ئەو (بۆ مێ) – (ئەڤی) ئەوەی (بۆ نێر) – (ئەڤا) ئەوەی (بۆ مێ) هینی ئەو (بۆ نێر) – هینی ئەو (بۆ مێ).

** بە کوردی: نێرەکە (بەرانەکە) ڕۆشت – بزنەکە (بۆ مێ) ڕۆشت) – بزنەکە ببە – بێڵەکە (بۆ نێر) کەوت خوانەکە (بۆ مێ) کەوت.

*** بە کوردی: ئەم سێوە گەنیوە (کاتێ کە مەبەست لە سێو دەبێ بە گشتی بۆ نموونە: گەنیتی سێو).

**** بە کوردی: کچەکە ڕۆیشت – کچەکەم ڕۆیشت

لە ڕووباری هەڵەمووتدا بەشێک لەو مەراغییانەی کە لە گوندا پابەندی ئایینی مەراغییە کۆنەکان بوون، ئایینی کۆنی خۆیان فەرامۆش کردووە و ڕێ و ڕەسمی شیعەکانی ئەو ناوچەیەیان گرتۆتەبەر. دانیشتوانی «موشقین»یش هەر لەم دەستەیەن. کە مەراغییە ڕەسەنەکانیان دەریانکردوون و پەیوەندییان لەگەڵدا نابەستن و تێکەڵاویان نەبوون. شێوە زمانی موشقین کە نموونەیەکی باشی مەراغییە دەرکراوەکانە، لەگەڵ زمانی دکیندا کە نموونەیەکی باشی زمانی مەراغییە ڕەسەنەکانە زۆر بە کەمی جیاوازییان لە نێواندا هەیە. بۆ نموونە ڕەگەز لە زاری موشقیندا دیار نییە.

جۆری دووەم لە زمانەکانی ئەو ناوچەیە، شێوە زمانێکە کە لە گوندەکانی هەڵەمووت و هەندێ لە گوندەکانی ڕووباری هەڵەمووت قسەی پێ دەکەن. مەراغییەکان خاوەنی ئەم زمانە بە پشائی دادەنێن. لەم زمانەدا بە پێچەوانەی مەراغییەوە ڕەگەز دیاری ناکرێ. بۆ نموونە لە زاری کوچنانی هەڵەمووت:

تەسریفی ناو و ئاوەڵناو و کردارەکانیش سادەترن. لە هەندێ لە گوندەکانی ڕووباری هەڵەمووت وەکو دکین و وشتە، دانیشتوانیان نیوەیان مەراغین و نیوەی تریشیان پشائین و هەر یەکەیان بە شێوە زمانی خۆیان دەئاخڤن. زمانی پشائی نەک تەنها سادەترە لە زمانی مەراغی، بەڵکو تەنانەت لە زمانی فارسیشەوە نزیکترە، هەر چەندە ئێستا وەکو شێوە زمانەکانی کە لە ڕووباری گیلان و تالقاندا باوە، لە ژێر کارتێکردنێکی زۆری زمانە دراوسێکانی بە تایبەتی فارسی نەبووە. زمانی باوی ناوچەی هەڵەمووت (گوندەکانی گازرخان، معلم کلایە، کوچنان، کندانی سەروو و زۆر گوندی تر) و هەروەها ژمارەیەک لە گوندەکانی کوهپایە و ڕووباری «پشائی»یە.

جۆری سێیەم شێوە زمانێکە کە هەندێ لە گوندەکانی کوهپایە و لەوانە (رزەجرد) بەو زمانە گفتوگۆ دەکەن. لە زمانی (رزەجرد) بە پێچەوانەی زمانی پشائییەوە کە لێیەوە نزیکە، ڕەگەزەی نێر و مێ دیاری‌دەکرێ، بەڵام تەنها لە ڕووی کەسەوە، بۆ نموونە:

| به فارسی | کوچنانی | فارسی | رزەجرد |
|---|---|---|---|
| پدر حسن رفت | Hasan-i piav boşşo | پسر کجاست؟ | sav-et aşgā dare? |
| زن حسن رفت* | Hasan-i zanag boşşo | دختر کجاست؟** | tav-i-t aşgā daria? |

* بە کوردی: باوکی حەسەن چوو – ژنی حەسەن چوو

** بە کوردی: کوڕەکەت لە کوێیە؟ – کچەکەت لە کوێیە؟

هەوارنامەی کتێب

لە ناوی شت و ئاژەڵدا دیاریکردنی ڕەگەز نامێنێ، بەڵام خاڵێک کە لە زمانی (رزەجرد)ی نوێدا هەیە ئەوەیە کە ڕەگەز نەک تەنها لە کردار و ئاوەڵناوی کەسی سێیەمی تاکدا (ئەگەر پەیوەندیی بە مرۆڤەوە هەبێت) دیاریدەکرێ، بەڵکو لە کەسی دووەمیشدا ڕەگەز هەر دیاریدەکرێ، واتە جگە لە «ئەو» و «تۆ» وێنەی جیاکردنەوەی بۆ مێ هەیە:

| فارسی | رزەجرد |
|---|---|
| تو | tö |
| تو | ta |
| أو | u |
| أو | ūna |
| مال تو | östa |
| مال تو | eşta |
| مال أو | cü |
| مال أو | cüna |
| تو افتادی | tö kati |
| تو افتادی | tö katây |
| أو افتاد | u kat |
| أو افتاد* | una kâta |

هەروەها لەم زمانەدا، تا ئەوێ کە لەم لایەنەوە ئاگادارم و لێی شارەزام. بەتایبەتی کە بۆ دەستنیشانکردنی ڕەگەز لە کرداری فرماندا دەبینرێ و ئەوەش کە لە کرداری رابوردوودایە:

| فارسی | رزەجرد |
|---|---|
| برو | béşö |
| برو** | béşa |

بێجگە لە زمانەکانی تاتی کە لە ئازربایجاندا باوە ئێستا لە نزیکەی سێ سەد گوند و ئاوایی لە دەوروبەری زنجان و قەزوین و دەشتەکانی باکووری تاران و فیرۆزکوە و ساوجبلاغ و ڕووباری هەڵەمووت و کوهپایە و فشگلاره و ساوە و ئاشتیان و هەمەداندا بە زمانی مادی پەیڤدەکەن و لەوانە بەشێکی کەم نەبێ کە نەپارێزراوە و بلاونەبۆتەوە. هەڵبەت بلاوبوونەوەی ئەو زمانانەش پێویستیی بە بەرەوپێشچوونی تایبەتی دەبێ لە زانستی زمانە ئێرانییەکاندا.

* کوردی: تۆ (بۆ نێر) – تۆ (بۆ مێ) – ئەو (بۆ نێر) – ئەو (بۆ مێ) – شتی تۆ (بۆنێر) – شتی تۆ (بۆمێ) – شتی ئەو (بۆ نێر) – شتی ئەو (بۆ مێ) – تۆ کەوتی (بۆ نێر) – تۆ کەوتی (بۆ مێ) – ئەو کەوت (بۆ نێر) – ئەو کەوت (بۆ مێ).

** کوردی: بڕۆ (بۆ نێر) – بڕۆ (بۆ مێ).

## پەراوێزەکان

(١) ئەم وتارە: "دکتور ئیحسان یارشاتر" نووسیویەتی کە مامۆستای دانشگای تاران بووە و سەرۆکی بەشی زمانەکان و کەلەپووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە دانشگای کۆڵۆمبیا «کتابخانە» پهلوی - نشریە ایرانشناسی(١) بهمن ماه ١٣٤٦. از انتشارات دبیرخانە مرکزی اتحادیە جهانی ایرانشناسان» ل١٦٩-١٧١. (وەرگێڕ)

(٢) بڕوانە وتاری Tat لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامی، چاپی ١٩٣٩، لە نووسینی ڤلادیمیر مینۆرسکی.

(٣) بە بۆچوونی زمانناسەکان، زمانی کوردی و تاتی پاشماوەی زمانی مادین و تاتیش ئێستا لە لای قەزوین و پاکستان ماوە و قسەی پێدەکرێ. ئەم زمانە زۆر لە کوردییەوە نزیکە. بڕوانە گۆڤاری سروە، ژمارە، ٣٦ ساڵ ١٣٦٨ (وەرگێڕ).

(4)"The dialect of Shaharud (Khalkhal)" BSAOS, XXII, I, 1959;
The dialect of Kajal "ibid, XXIII, 2, 1960;
The Täti dialect of Romand "A Locust's Leg, London, 192;
The dialect of Alvir and Vidar," Mélange présenté â Georg Morgenstierne, Wiesbaden, 1964.
Distinction of Feminine Gender in Southern Täti Dialects" Annali Instituto Oriental di Napoli, 1967.

(٥) هەڵەمووت: بە زمانی فارسی دەنووسرێ (آلموت) .. بەڵام بەڕای من هەڵەمووت ڕاسترە کە لە بنچینەدا واتای جێگای بەرز و هەزار بە هەزار یاخود لووتکەی هەرە بەرزی چیا دەگرێتەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی سەرچاوەی خواستنی ئەم ناوە بڕوانە کتێبی «خوداوندی هەڵەمووت» لە نووسینی نووسەری فەرەنسی (پۆڵ ئامێر). شیاوی باسە ئەم کتێبە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی و زیاتر لە شانزە جار لەچاپدراوەتەوە. جگە لەوە هەر بۆ باسی سەرچاوەی ئەم وشەی هەڵەمووتە بەش بە حاڵی خۆم جگە لە کتێبەکەی پۆل ئامێر بە وەرگێڕانە فارسییەکەی چووار سەرچاوەی ترم هەر بۆ فارسی بینیوە کە بەتایبەتی دەربارەی حەسەن ئەلسەباح ـ شاهین سفید ـن و ئەم سەرچاوانە لایەنێکی گرنگ لە مێژووی ناوچە و شوێنەوارەکانی هەڵەمووت ڕووندەکەنەوە بەتایبەتی کتێبەکەی پۆل ئامێر کە لایەنێکی گرنگیشی لە مێژووی کورد لە سەرەتای سەردەمی ئیسماعیلیەکاندا ڕوون کردۆتەوە و تاکو ئێستا مێژوونووسانی کورد هیچ ئاماژەیەکیان بۆ نەکردووە و پەییان پێ نەبردووە، یاخود ئاوڕیان لێ نەداوەتەوە.(وەرگێڕ).

(٦) بە ڕای من بنەچەی ئەم بیروباوەڕەی

هەواڵنامەی کتێب

ئەو گروهانە پەیوەندیی بەو ناوچانەوە هەیە کە مەزهەبی ئیسماعیلییەی تیا بڵاوبۆتەوە بەهۆی حەسەن ئەلسەباحەوە کە ئێستا جێمەزارەکەی کێوی قەڵای هەڵەمووتە لە دەشتی کەویر لە ئێران و قەڵای قەرەمەسین کە کەوتۆتە سەرچیایەکی نزیک کرماشانەوە. (وەرگێڕ)

(٧) مەزهەبی باتنی وەکو عەرەب پێی دەڵێن (الباطنية) لە وڵاتی سووریاوە سەری هەڵداوە. جۆرێک بووە لە مەزهەبی ئیسماعیلی کە مەزهەبێکی سۆفییانە بووە هەر دوو مەزهەبەکەش لە سەدەی سێهەم و چووارهەمی کۆچییەوە واتە پاش پەیدابوونی ئیسلام نەک پێش ئیسلام پەیدابوون.

(٨) ڕاستییەکەی ئەم نموونە کوردییانەی پەراوێزەکان من بۆ نووسینەکەم زیاد کردووە. تەنها بۆ مەبەستێکی زمانەوانی کە خوێنەری کورد لە ڕووی بەراوردی زمانەوە لەگەڵ زمانی مەراغی و فارسی دیاردەی دوور و نزیکی زمانەکەمانی لەگەڵ ئەودوو زمانەی تردا بۆ دەربکەوێت. ئەم کارەشم لە چەند جێگیەکی تری نووسینەکەدا دووبارە کردۆتەوە.(وەرگێڕ)

هەواڵنامەی کتێب

به بۆنەی یادی

سەدساڵەی لەدایکبوونییەوە

# ساڵنامەی بەهرە و ئازارەکانی مارینا تسڤیتایەڤا*

*"دە ئێوە ئاسـودەیی و خۆشـیم بۆ بڕەخسـێنن، ڕێگام بدەن بەختەوەر بم، ئەوسا دەبینن من چۆن دەتوانم بژیم"*

م.تسڤیتایەڤا

شیروان مەحموود محەمەد

لە ڕووسییەوە ئامادەی

کردووە و وەریگێڕاوە

بەداخەوە سەردەمی دژوار و پڕ لە ناکۆکیو خوێن و مەرگ، ڕێگای ئەو ئاسودەیی و بەختەوەرییەی نەدا ورگەر سالآنی یەکەمی منداڵی و سەرەتای لاوێتی لێ دەرکەین، کە تا ڕادەیەکی باش لەباربوون بۆ گەشانەوە و پەرەسەندنی بەهرەی کەمهاوتای ئەم شاعیرەی نیوەی یەکەمی سەدەکەمان، ئەوا سەراپای ژیانی ڕێگایەکی پڕ دڕکی نائومێدی و جامێکی پڕ ژەهری دوورەوڵاتی و گێنگڵدانێکی بێوچانی گومان و کێشە و مەرگەساتی نیشتمانەکەی بووە.

مارینا تسڤیتایەڤا ڕۆژی ٢٦ی سیپتامبەری ١٨٩٢ لە شاری مۆسکۆ و لە خێزانێکی زانست و هونەر پەروەردا لە دایک بووە.

باوکی کە بە بنەچە لە خێزانێکی کارگەر بوو، ببووە پرۆفیسور لە زانکۆی مۆسکۆ و مامۆستای زمان و هونەرناسی بوو. پاشان بووەبەڕێوەبەری مۆزەخانەی ڕومیانتسیفسکی و دامەزرێنەری مۆزەخانەی هونەرە جوانەکان (ئێستا ناوی مۆزەخانەی دەوڵەتیی هونەرەجوانەکانی پووشکینە).

دایکی لە خێزانێکی پۆڵۆنی ـ ئەڵمانی بە ڕووسیبوو بوو، خاوەنی مەیلێکی بەرزی هونەری و پیانۆژەنێکی بەهرەداربوو. هەر لە تەمەنی لاوێتیدا و لە ساڵی ١٩٠٦دا کۆچی دوایی کردو، پەروەردەکردنی مارینا و ئەنەستاسیای کچی کەوتە ئەستۆی مێردەکەی. ئەویش هەوڵێکی زۆریدا کە خوێندنێکی باش بۆ منداڵەکانی مسۆگەر بکات و فێری زمانە ئەورووپاییەکانیان بکات و بەهەموو شێوەیەک پاڵیان پێوە بنێت کە ئاشنایی لەگەڵ کلاسیکەکانی ئەدەب و هونەری ڕووسی و بیگانەدا پەیدا بکەن. هەر بۆیە ماڵەکەیان لەو سالآنەدا ببوە یانەیەکی

هەوارنامەی کتێب

ڕۆشنبیری و، بەردەوام نوێنەرانی دیار و شایستەی کۆڕ و کۆمەڵە ئەدەبییە ناسراوەکانی مۆسکۆ بۆ دەمەتەقێ و لێدوانی ئەدەبی و گوێگرتن لە مۆسیقا لایان کۆدەبوونەوە هاوینانیش دەچوونە شوێنە دڵگیر و جوانەکانی دەوروبەری مۆسکۆ و شاری "تەرۆس" و هەندێ جاریش لەدەرەوەی وڵات کاتیان بەسەردەبرد.

هەر ئەم جۆرە ژیانەش بوو کە ژیانی ڕۆحیی سەردەمی منداڵی و لاوێتیی مارینای پاراوکرد بوو، وای لێکردبوو لە شێوەی ژیان و چێژی ئەدەبی و هونەریدا را و بۆچوونی خۆی هەبێت و، بەوپەڕی پشت بەخۆقایلییەوە داکۆکیان لێ بکات. ئەمە ئەو تۆیشووە لەبن نەهاتووە گیانییە بوو کە لە سەفەری پڕ لە ناسۆر و برسێتی و ماندووبووندا هەردەم بەهانای ماریناوە دەهات و، وزە و بڕستی پێ دەبەخشی.

مارینا تسڤیتایەڤا هەر لە تەمەنی شەش ساڵییەوە دەستی‌کرد بە شیعر نووسین، نەک هەر بە زمانی ڕووسی، بگرە بە فەرەنسی و ئەڵمانیش و، کە تەمەنیشی بووە هەژدە ساڵان یەکەمین کۆمەڵە شیعری خۆی بە ناوی "ئەلبومێکی ئێوارە وەختە"وە لە چاپدا و بڵاوکردەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە بابەتی شیعرەکانی ئەو دیوانە لە بازنەیەکی تەسکی ڕووداو و هەست و سۆزی ناو ماڵدا دەسووڕایەوە، بەڵام لەناو لێشاوی ئەو دەیان و سەدان دیوانە شیعرەدا کە ساڵانە دەردەچوون بزرنەبوو، بگرە چەند لێکۆڵینەوە و ڕەخنەیەکیشی لەسەر نووسرا، کەسێکیش لەو ڕەخنە گرانە سەرنجی گومانی بۆ تەمەنی کەم و تاقیکردنەوەی تازە سەرهەڵداوی شاعیر ڕانەکێشا. دوورنییە "خۆماڵێتی" بابەتەکانیش وەک جۆرە تەکنیکێکی داهێنەرانە لە قەڵەم نەدرابن.

لە پێشەوەی ئەو کەسانەی لەم دیوانە بەدەنگهاتن "برووسەف" بوو، کە ڕەخنەگرێکی لێهاتوو و قسە ڕۆیشتوویەکی دیاری چێژ و ڕەوتە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمە بوو. ئەو لە ساڵی ١٩١١دا لەسەر مارینا و شیعرەکانی نووسی و، هەر زوو ئەم شاعیرە لاوەی لە ژمارەیەکی زۆری لایەنگرانی لە ڕادەبەدەری ئیستێتزم و بەخەیاڵ فریو و لەواقیع دابڕاو جیاکردەوە و، نووسی: "بە پێچەوانەوە شیعرەکانی مارینا تسڤیتایەڤا هەردەم لە فاکتێکی واقیعییەوە، لە شتێکی بەڕاستی ڕوداو و تاقیکراوەی خودی خۆیەوە سەرچاوە هەڵدەگرن".

لەوەش زیاتر شاعیر و ڕەخنەگری ناسراو "ماکسیمیلیان ڤەلۆشین" پێشوازیی لە دیوانەکەی مارینا کرد و، بگرە بە پێویستی زانی بۆ پیرۆزبایی لێکردن سەردانی ماڵەوەی مارینا تسڤیتایەڤا بکات.

تسڤیتایەڤا لە ساڵی ١٩١٢دا دیوانی

"چرای ئەفسووناوی" و لە ساڵی ۱۹۱۳دا "لە دوو کتێب"ی بڵاوکردەوە و، لەم کارەشدا سیرگێی ئێفرون کە دۆستی لاوێتیی مارینا بوو یارمەتیی‌دا. هەر ساڵی ۱۹۱۲ش بووە هاوسەری مارینا. ئەم دوو دیوانەی مارینا ئەگەرچی درێژە و پەرەپێدانی بابەتی لیریکای یەکەمین دیوانەکەیەتی، بەڵام هەر لەم دوو دیوانە شیعرەدا بناغەی توانا و لێهاتوویی مارینا، لە بەکارهێنانی زمانی شیعری رووسیی دەوڵەمەند بە مەودایەکی بەرفراوانی هەست دەربڕین، دارێژراوە و راگەیاندنێکی بێ چەندوچوونی کامڵبوونی وەستایەتیی شاعیرانەی بوون.

ئەمە یەکێکە لەو شیعرانەی کە لە ساڵی ۱۹۱۳دا و لە تەمەنی ۲۱ ساڵیدا نووسیویەتی:

*هۆنراوەکانم، ئەوانەی وا زوو نووسراون*
*تەنانەت خۆشم نەمزانیوە کە شاعیرم..*
*ئەوانەی وەک پریشکی فوارە،*
*وەک گڕی رۆکێت پەرش‌دەبنەوە.*
*ئەوانەی وەک ئەهریمەنی بچکۆلانە،*
*خۆیان دەکەن بەنزرگەی خەو و بخوورەکاندا*
*هۆنراوەکانم، ئەوانەی باسی لاوێتی و مەرگ دەکەن*
*– ئەوانەی ناخوێندرێنەوە–*
*هۆنراوەکانم، کە لەناو تۆزی کتێبخانەکاندا فڕێدراون*
*(کەس نەیکڕیون و ناشیانکڕێ)*
*ئەو هۆنراوانەم .. هەر وەک مەیی گرانبەها*
*کات و رۆژی خۆیان دێت!*

هەر لەم دوو دیوانەیەوە، دێڕە شیعرییەکانی پتەوتردەبن و، مەودای ئەو وشانەی راستیی هەستونەست بەرجەستەتر دەکەن، فراوانتردەبێت و، بە ئاشکرا دیارە کە شاعیر بەدوای شێوازێکی تێکچڕژاو، کورت و، هەست دەربڕی ئەوتۆدا دەگەڕێت کە هەموو شت تێیدا روون و، کتومت و ، تەواو لەگەڵ کێشی شیعرەکەدا گونجاو بێت، لەهەمان کاتیشدا ئەوپەڕی شاعیرانە و هەست بزوێن بێت.



هەواڵنامەی کتێب

*وەک دەستی ڕاست و دەستی چەپ*
*گیانت نزیکی گیانمە،*
*وەک باڵی ڕاست و باڵی چەپ*
*گەرم و پڕئاسوودە پێکەوە بەستراوین*
*بەڵام گێژەڵووکە هەڵدەکات و*
*– هەڵدێرێکی بێئامان دێتەپێشمان*
*هەر لەو پەڕی ڕاستی دنیاوە تا هی چەپی.*

زۆر هەڵبەستی دیکەی تسڤیتایەڤا وەک "ڕەوت دەکەی، ئەی ئەو کەسەی لە من دەچی"، "بۆ نەنکم"، "یەکێک لە باپیرانم کەمانژەن بووە" و "وا دیسانەوە پەنجەرە" هەمان خەستبوونەوە و وزەی هەستیان تێدا دیار و ئاشکرایە.

هەردەم پرۆسەی سەرهەڵدان و خۆگرتنی شاعیر بەقوناغێکی حەتمیی لاساییکردنەوەی ئەو ڕەوتە ئەدەبییانەی لەسەر دەمەکەیدا باوو دانپێدانراون دەڕوات، بەڵام مارینا تسڤیتایەڤا هەر لە یەکەمین هەنگاوی سەربەخۆییانەیەوە نەیویستووە بچێتە ژێر ڕکێفی ئەم جۆرە یاسایەوە و، لەگەڵ هەمەجۆریی ڕەوت و قوتابخانە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمەدا و، سەرباری ئەو هەموو مشتومڕ و ناکۆکییەی لە نێوان لایەنگرانی درەنگوەختی سیمبۆلیزم (1) و ئەکمێیستەکان(2) و فوتوریستەکاندا (3) دەکراو، ئەدیبان و ئەدەبدۆستانیان جەنجاڵ کردبوو، دەنگی مارینا تسڤیتایەڤا سەرنجی هەڵسەنگێنەرانی شیعری ڕاستەقینەی ڕاکێشاو، جێگای شیاوی بۆ خۆی دەکردەوە.

ئەو پرنسیپی ژیانەی کە هەر لەسەر دەمی لاوێتییەوە، بەهێزێکی سەرسوڕهێنەرەوە ئاشکرای کردبوو، ئەوە بوو بڕیاری دابوو: "کە هەردەم گەوهەری کەسایەتیی خۆی لەدەست نەداو، بێ چاوبڕینە سەردەم و هەلومەجی دەوروبەری هەمیشە هەمان تسیڤیتایەڤەی شاعیر و مرۆڤ بێت".

کاتێک باسی ئەم قۆناغەی ئەشونمای شاعیرانەی تسڤتایەڤا دەکەین کارێکی ئاساییە کە ئەم پرسیارە بێتە گۆڕێ: ئایا تسیڤیتایەڤا چۆن پێشوازی لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر کردو، بۆچی دوای بانگەوازی بلۆک نەکەوت کە دەیگوت: "بە هەموو گیانتان، بە هەموو دڵتان، بە هەموو هۆشیاریتانەوە گوێ لە دەنگی شۆڕش بگرن"، یان بۆ وەک یەسینین پیرۆزبایی لەو هێزە میللییە بەرپێنە

گیراوە نەکرد کە دەیویست ڕووی جیهان بگۆڕێ و گەل ئازاد و بەختەوەر بکات، بۆ گوێی بۆ شیعر و پۆیەمەکانی مەیاکۆفسکی شلنەدەکرد کە بانگیان بۆ جیهانێکی نوێ رادەهێشت.

تا ناوەڕاستی هەشتاکانیش لێتوێژەرەوە سۆڤێتییەکان کاتێک باسی داهێنان و ژیانی تسفیتایەڤەیان دەکرد، لەگەڵ هەموو ستایشکی بەهرەو لێهاتوویشیدا هەموو بە یەک دەنگ بەوە تاوانباریان دەکرد کە لە ڕووی سیاسییەوە کوێر و سەرلێشێواو بووە و، بەخسیری ئەو جیهانە خەیاڵی و ڕۆمانتیکییە بووە کە زادەی کتێبەکان بووە و لە جیهانی واقیع دابڕاوە. ئەوەتا ـرەژدێنستڤێنسکی نووسیویەتی:

"کاتێک چاو دەگێڕیت بەو ڕێگایەی مارینا تسفیتایەڤا لە ماوەی ژیانی کەم خایەنیدا بڕیویەتی، ناتوانیت ئەم پرسیارە لە خۆت نەکەیت: چۆن ئەوێک کە هەر لە لاوێتیدا ڕایگەیاندبوو کە" لە دەورەوەی سیاسەتدا دەژی" و، سەرباری ئەمەش نەک هەر هەڵوێستێکی بەرهەڵستکارانە بگرە دوژمنانەشی بەرامبەر هەر شتێکی نوێ و سۆڤێتی گرتەبەر و، چۆن ئەوێک کە خۆی لە جیهانی دروستکراوی پڕ ڕومانسێتی کتێبەکاندا مەڵاس دابوو، توانی ئەو ماوە دوور و درێژە بە کوێری بمێنێتەوە؟ هەر هیچ نەبێت ئەو شاعیر بوو - شاعیرێکی ئێجگار دیاریش - شاعیری ڕاستەقینەش هیچ کاتێک بێ بەری نییە لە گوێچکەی مێژوویستانە و، لەچاوی پەیبینەری ڕاستی. ئەگەر ئەو هەموو بەسەرهاتە شۆڕشگێڕانەو، گۆڕانکارییە کۆمەلایەتییە مەزنانەش کە بە بەرچاوییەوە ڕوویاندەدا، بوونی کلیلدراوی ئەویان نەبزواندبێت، بەلام خۆ ئەو تا ناخ خاوەن گیانێکی ڕووسانەیە و ناشێ گوێی لە "غەلبەغەلبی سەردەم" نەبووبێت .. با لە سەرەتاوە زۆر ڕوون و ئاشکراش بۆی نەبیسترابێ.

لە ڕاستیشدا ئەوەی وامان لێدەکات وا بیربکەینەوە جۆری پەیوەندیی شاعیرە بە کەسایەتی و شیعری مەیاکۆفسکییەوە. چونکە لەو شیعرەیدا کە بۆ مەیاکۆفسکی نووسیوە و تێیدا سلاو لە وشەی پڕ هێزی داڕمێنەری ئەو دەکات، نازناوێکی سەیری دەداتە پاڵ و ناوی دەنێت" فریشتەی هەنگاو قورس" بێ ئەوەی هیچ شتێک سەبارەت مانا و بایەخی ئەو هێزە بڵێت".

بەلێ تسفیتایەڤا نەک هەر لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر نەگەیشت، بەڵکو قبووڵیشی نەکرد و ئەو هێزەی تێدا بەدی‌نەکرد کە چاوەڕێی لێدەکرا هەرچی هەیە لە مرۆڤدا، چ کەسایەتی و چ کۆمەلایەتی بیگۆڕێ.

هەر لە یەکەمین ڕۆژەکانی دوای شۆڕشەوە ئەو خۆی لە بار و دۆخێکی نامۆ و دژ بە خۆدابینییەوە و، هەموو دەوروبەری بە

هەواڵنامەی کتێب

شێوەیەکی سەیر گۆڕدرا. وا دیارە تەنیا سەبووری و ڕزگارییەک بۆ ئەو هەر نووسین بوو، بۆیە بە لەخۆبووردنێکی لە ڕادەبەدەرەوە دەینووسی و هەرگیز ڕێگای بەخۆی نەدەدا گازندە لە نەهامەتییە گیانی و مادییەکانی خۆی بکات، ئەگەرچی ئەو گشت ئازار و ئەشکەنجەکانی ئەو سەردەمەی لەگەڵ سەرجەمی خەڵکەکەدا چێشت. لەگەڵ ئەوەشدا شیعرەکانی هەردەم بانگەشەی خۆشبینیان دەکرد و، بە دەنگێکی زوڵاڵەوە نووسرابوون. لە هۆنراوەکانیدا بە جۆرە ڕوویەڕووبوونەوەیەکەوە بەرامبەر واقیعی ئەوسەردەمە دەوستایەوە، کە ئەمەش تا ڕادەیەک ڕەنگدانەوەی ڕەوشت و حاڵەتی دەروونیی بوو، کە توانای هیچ جۆرە سازش‌و چاوپۆشییەکی نەبوو، لە لایەکی تریشەوە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شاعیر پێش شۆڕش لەدایک ببوو، لە هۆش و ویژدانیدا زۆر بۆچوونی خۆی و ئەو دەورویەرەی هەڵگرتبوو کەتێیدا سەری هەڵدابوو.

لە ١١ی دیسامبەری ١٩٢٠دا و، لە ژێر چاودێری ڤالێری برووسەڤدا ئێوارەیەکی شیعر بۆ "ژنەشاعیرەکان" سازکرا. پاشان تسڤیتایەڤا بە پێکەنینەوە یادی ئەو ئێوارەیەی دەکردەوە، کە چۆن کراسێکی بۆری گوێنی‌ئاسای ئاودامانی لە بەرابوو، پشتێنێکی چەرمی ئەستووری لەسەر بەستبوو، بە توورەکەیەکی سەربازییەوە کە ڕاست و چەپ کردبووی بە شانیدا و، بە سەرۆقژێکی کورتبڕاوی بژەوە و بە جزمەوە هاتبووە سەر شانۆکە. هەموو دیمەن و هەڵسوکەوتی گاڵتەیان بە ژنە شاعیرەکانی دی و ئەو خەڵکە دەکرد کە هۆڵەکەیان پڕکردبوو، تینووی قسە و قسەڵۆک و ڕیسوابوونی ئەدەبییانە بوون. کاتێکیش دەستیکرد بە شیعر خوێندنەوە هەر زوو زەردەخەنە و لاقرتی خەڵکەکە بوو بە لێزمەی چەپڵە ڕێزان و هاواری ئافەرین. ئەو خەڵکە گوێیان لە دەنگی ئافرەتێکی بە هەق شاعیر بوو.

لە ئایاری ١٩٢٢دا ڕێگای درا کە لەگەڵ کچەکەیدا بچنەدەرەوەی وڵات و خۆیان بگەیەننە سیرگێی ئیفرۆنی مێردی کە ئەو کاتە وەک کۆنە ئەفسەرێکی گاردی سپی لەگەڵ کۆچکردووە سپییەکاندا بوو. ئەو پاش تێکشکانەکانی دینکین و فرانگێل (کە دووسەرکردەی سوپای تسار بوون و دژی سۆڤێت دەجەنگان) بڕوای بە بزووتنەوەی سپی نەمابوو، ببوە قوتابی لە زانکۆی پراگدا. بە گەیشتنی ماریا تسڤیتایەڤا ماوەیەک خێزانەکەیان لە بەرلین و پاشان لە دەورو بەری پایتەختی چیکوسلۆڤاکیا (پراگ) دەژیان. لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٥ یشدا گواستیانەوە بۆ پاریس.

تسڤیتایەڤا هەر زوو تێگەیشت کە

بزووتنەوەی کۆچکردووە سپییەکان پاش پێشوازیکردنی بە گەرمی وەک هاوبیر و هاوئامانجێکیان لە سەرەتادا و، ئاوالا کردنی دەرگای گۆڤار و ڕۆژنامەکانیان بۆی زوو هەڵوێستی خۆیان گۆڕی و لێی ساردبوونەوە، بە تایبەتی، کاتێک تێگەیشتن کە تسڤیتایەڤا نایەوێ زوڕناژەنی هیچ تاقم و کەسێک بێت و، بگرە کەوتوتە ڕەخنەگرتن و بەرهەڵستکاریکردنیان.تسڤیتایەڤا ئامادەنەبوو ناپاکی لە پەیامی شاعیرانەی خۆی بکات و بەردەوام بەسۆز و جۆشێکی بێ سنوورەوە خەریکی نووسین بوو، ئەگەرچی نووسینەکانی دەنگوسەدایەکی نوێ و تراژیدیانەیان بە خۆوەگرتبوو، کە لە ڕەگەوە ناوەڕۆکی شیعرەکانیان گۆڕیبوو.

لە سەرەتادا توانی چەند دیوانێک چاپ بکات وەک "لیکدابران"، "پسیخیا" "پیشەی دەستی". شەش ساڵ دواتریش کتێبی "پاش ڕووسیا"ی لە چاپ دا کە شیعری ساڵانی نێوان ١٩٢٢-١٩٢٥ی گرتبووە خۆی. ئیتر لەم کاتەبەدواوە بەرهەمە شیعرییەکانی لەسەر لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان بەدەرنەدەکەوتن.

لە ساتێکی هێجگار دژواردا تسڤیتایەڤا نووسیویەتی: "خوێنەری من لە ڕووسیایە کە شیعرەکانی منی پێناگات. لەناو کۆچکردووەکاندا سەرەتا "تۆزی پەلەیان کرد"و کەوتنە چاپکردنی بەرهەمەکانم، کاتێکیش بەخۆیاندا هاتنەوە دەستیانکرد بە شاردنەوە و ڕێگالێگرتنیان، چونکە هەستیان کرد کە ئەمە هی ئەوان نییە و بۆیان دەست نادا"..

تسڤیتایەڤا نەک هەر ڕەخنەلێگری سپییەکان بوو بەڵکو دوژمنێکی سەرسەختی ڕاسیزم و، فاشیزم و، هەموو بیرێکی کۆنەپەرستانەبوو. ئالەم کاتەدا دەڵێت: "بۆ ئێرە نانووسم (لێرە تێم ناگەن.. بەهۆی دەنگمەوە)، من بۆ ئەوێ دەنووسم، بە زمانی کەسانێکی یەکسان".

ئەم هەڵوێستەی سپییەکان جۆرە هەستێکی پەشیمانی لا دروستدەکات و دەنووسێ:- "شۆڕش - جا حەزدەکەی دانی پێدابنێ، یان خۆتی لێ لادە، یان ڕەتی بکەرەوە- شۆڕش لە خودی خۆتدایە هەر لە سەرەتاوە (وەک هێزێکی سرووشتی بەرپێنەگیراو) و لە ساڵی ١٩١٨ی ڕووسیاشەوە، کە بتەوێ و نەتەوێت ساڵێکی وا لە ژیانتا بووە. شۆڕش دەیتوانی هەرچی شتێکی کۆن هەیە لە گیانی شاعیردا وەک خۆی بهێڵێتەوە و دەستی لێنەدات، تەنیا مەودا و خێرایی ڕەوت نەبێت" بەلام گەڕانەوەو پاشەکشە کارێکی سانا نەبوو.

نرخی ئەم چاوگێڕانەوەیەی بەهەڵوێستی خۆیدا زۆر کەوت لەسەری، چونکە هەستی قووڵی تەنیاییەکی هیوالێبڕاوی لەگەڵ خۆیدا هێنا. تسڤیتایەڤا لە یەکێک لە نامەکانی ئەو

هەواڵنامەی کتێب

سەردەمەیدا دەنووسێت: "لێرە زۆر دزێوانە ئازارم‌دەدەن و لە هەستی شانازی و کەسایەتیم کەمدەکەنەوە و، هەلی خراپ لە نەداری و بێ مافییتم وەردەگرن". "هیچ جۆرە داڵدە و پەنایەکم نییە". پاشان دەنووسێت:- "ئەو نەدارییەی من تێیدا دەژیم، ئێوە ناتوانن تەنانەت بیریشی لێ بکەنەوە، من هیچم نییە، جگە لە نووسین، کە پێی بژیم. مێردەکەم نەخۆشە و کاری پێناکرێ. کچەکەم بە کڵاوچنین رۆژی پێنج فرانک پەیدا دەکات و، هەر چووارمان (کوڕێکی هەشت ساڵانەشم هەیە، ناوی گیۆرگیە) لەسەر ئەوپارەیە دەژین. چاکتر وایە بڵێم هەمووومان لەسەرخۆ لە برسانا دەمرین". بەڵام هەر دوا بەدوای ئەمەی نووسیووە:

"نازانم چەندم ماوە لە ژیاندا و، ئایا ڕۆژێک لە رۆژان چاوم بە رووسیا دەکەوێتەوە، بەڵام هێندە دەزانم کە تا دوا دێڕی شیعرم شتی بەهێز دەنووسم و، شیعری لاواز و کاڵ‌و کرچ نادەم بەدەستەوە".

تسڤیتایەڤا ئەم قسەیەی هێنایە دی بە درێژایی ساڵانی دژواری ژیانی بەردەوام بوو لە نووسینی شیعر و پۆیەمای ئەوتۆ کە گەیاندیانە لووتکە.

ئەو سەردەمی دژواری شەڕی فراوانکارانەی هتیلەر ژیا و، بینی چۆن چیکۆسلۆڤاکیای خۆشەویست و ئاشنا بە دڵی کەوتە ژێر پۆستاڵی ڕەوەی فاشستەکانەوە، ئەم بەسەرهاتە ناخی دەهەژێنێ و زنجیرەیەک شیعری پڕ هێز و بەرهەڵستکاری دژی داگیرکەران و، بۆ ستایشی گەلی ئازای چیک دەنووسێ.

پەرەسەندنی هێزی فاشیزم بە شێوەیەکی وا گیانی نیگەران‌کرد کە دیاریبوو گەڕانەوەی تسڤیتایەڤا بۆ ژیانی پێش ڕۆژانی شەڕ کارێکی مەحاڵە و تاکە ڕێگایەکی رزگاربوون، گەڕانەوەیەتی بۆ نیشتمانی جێهێڵراوی، بۆیە هەر لە ساڵی ١٩٣٩دا و، پاش ١٧ ساڵ دەربەدەری دەگەڕێتەوە بۆ مۆسکۆ و، ڕێگای دەدرێت کە خەریکی کاری وەرگێران بێت و، لە هەمان کاتیشدا دیوانێکی نوێ بۆ چاپ ئامادە دەکات. بەڵام بەسەرهاتەکان ڕەوتێکی دژتر دەگرنەبەر و، فاشستەکان پەلاماری یەکێتیی سۆڤێت دەدەن و، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە مۆسکۆ نزیکتردەبنەوە. لە تەمووزی ١٩٤١دا تسڤیتایەڤا لەگەڵ کوڕەکەی و هەزاران ژن و منداڵی دیکەدا مۆسکۆ جێدەهێڵن و، دەنێردرێنە شوێنێکی دارستاناوی بە ناوی (پریکامیا)و، لێرەش چەند جارێک جێگۆڕکێیان پێ دەکەن. تسڤیتاڤای شەکەتی دەستی نەخۆشی‌و ماندووبوونی چەند ساڵە دەگاتە ئەو پەڕی بێ دەرەتانی و داڕمانی هێزی گیانی و، لە ٣١ی ئابی ١٩٤١دا کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنی و خۆی دەکوژێت.



هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوە کۆنەکانی سۆڤیێت لەم بارەیەوە بێدەنگیان لە زۆر شت دەکرد کە ئێستا و پاش ئەو گۆڕانکارییانەی دوایی ڕووسیا بڵاودەکرێنەوە. بۆ نموونە باسی ئەوەیان نەدەکرد کە سیرگێی ئیفرۆنی مێردی شاعیر پێش گەڕانەوەیان بە چەند ساڵێک چوو بووە پاڵ دەزگای جاسووسیی ستالین و، لەناو سپییەکاندا بە چاوی ناپاک و خیانەتکاری سەیریان دەکرد، کە ئەمەش بێگومان هۆیەکی تری نیگەرانی و نائاسودەیی تسڤیتایەڤا بووە، با دڵیشی لە سپییەکان ڕەنجابێت و لێیان بێ هیوا بووبێت. باسی ئەوەیان نەدەکرد کە مێردەکەی و کچەکەشی نێردرابوونە ئیسپانیا و، باری ئەوکاتەی ئیسپانیاش جێگای دڵنیایی و ئارام نەبوو. هەروەها باسی ئەوەیان نەدەکرد لەو ساڵانەدا کە تسڤیتایەڤا گەڕابووەوە بۆ ڕووسیا چۆن سەیری ئەوانەیان دەکرد کە ڕابووردوویەکی دژ بە سۆڤیێت و لایەنگریی سپییەکانیان هەبووبێت و، ئایا تسڤیتایەڤا پاش ١٧ ساڵ دووری چۆن ڕووسیای ژێر دەستەی تیرۆر و دیکتاتۆرێتی ستالینی کۆتایی سییەکان هاتە بەرچاوو، چۆن لەو تێشکانە گەورانەی سوپای سۆڤیێتی دەڕوانی لە سەرەتای شەڕەکەوە، کە دیسانەوە ئاکامێکی دیکەی سیاسەتی ستالین و کوشتوبڕکردنی سەرکردە لێهاتووەکانی ئەو سوپایە بوو. بێ باسکردنی هەموو ئەمانەش ئەستەنگە وەلامێکی یەک لایەنی و ڕاستڕەوان بۆ ئاکامی دڵتەزێنی شاعیر بدۆزینەوە.

مارینا تسڤیتایەڤا میراتێکی گەورەی داهێنەرانەی پاش خۆی جێهێلا:

چەندین دیوانە شیعر و، ١٧ پۆیما و، ٨ درامای شیعری و، ژمارەیەکی زۆریشی پەخشان سەبارەت ژیان و یادگارەکانی خۆی و مێژووی ئەدەب و، چەندین پارچەی ڕەخنەگرانەی فەلسەفی. ئەمە جگە لەو ژمارە زۆرەی نامە و یادداشتەکانی.

تسڤیتایەڤا بووە بەشێکی لێدانەبڕاوی شیعری ڕووسی. هەر یەکسەر خوێنەران و ڕەخنەگرانی شیعری هەستیان بە بەهرەی پڕهێز و خۆرسکانەی کرد، ئەگەرچی ئەم بەهرەیە تایبەتمەندیی ئەوتۆیشی هەبوو کە ڕەنگە هەماهەنگ و هاو ئاواز نەبووبێ لەگەڵ ئەو سەردەمەدا کە تێیدا دەژیا و، لێکدانەوەیان، بێ تێگەیشتنی جیهانی ناوەوەو ئاکاری شاعیر، کارێکی سانانەبێت.

جیهانی هونەریی تسڤیتایەڤا، لە سەرەتای دەستپێکردنیدا، تا ڕادەیەکی زۆر جیهانێکی خەیاڵی پڕ بە کەسانێک بوو، کە لە دوو تۆیی ئەو کتێبانەوە سەریان دەرکردبوو شاعیر دەیخوێندنەوە و لای خۆشەویست بوون. شاعیر دەمارگیرانە ئەو جیهانەی دەپاراست لە کنەکردنی واقیع بۆ ناو سنوورەکانی.

هەواڵنامەی کتێب

ف.ئەرلۆف، کەیەکێکە لە توێژەرە بەناوبانگەکانی داهێنانی تسڤیتایەڤا، بە وەکارهێنانی ئەرشیفەکان و، ڕێنووینیەکانی "ئەریادنا ئیفرۆنی" کچی شاعیر و، بەگەڕانی بەناو دەستنووسەکانی شاعیردا، زۆر زانیاری سەیری بۆ کۆکردووینەتەوەو زۆر ڕای خودی تسڤیتایەڤەمان دەخاتە پێش چاو لە مەڕ قۆناغەکانی ژیان و داهێنانی تسڤیتایەڤا لە نێوان ئەو شتانەدا و، لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەو کتێبانەی خوێندونیەتییەوە، ناوی ئەوانەیان دەبات کە هەر یەکەیان، بە قسەی خۆی "سەردەمێک دەخەنە بەردەمی خوێنەر" (بۆ نموونە "اوندینا" – لەسەرەتای منداڵیمدا – "گاوف – لیخینشتین" – سەردەمی هەرزەکاری – "ڕۆستان" – لەسەرەتای لاویمدا –، پاشانیش و تا ئێستاش ئەمانەم خوێندۆتەوەو دەخوێنمەوە: "هاینە-گۆتە-هویلدرن"، لە نووسەرە ڕووسەکان "لیسکۆف و ئەکساکەف" – لە شاعیرانی ڕووس "دیرژاڤین و نیکراسەف"، لە نووسەرانی هاوچەرخیش پاسترناک") هەروەها ناوی ڕومان ڕۆڵان و ڕینیرماریاریلکەش براوە .پاشان تسڤیتایەڤا دەڵێت: (خۆشەویسترین شیعری منالیم "بۆ دەریا" کەی پووشکین و "کانیاوی گەرم"ی لێرمەنتەڤ بووە. هەر لە حەوت ساڵیشەوە و تا ئێستاش" قەرەجەکان"ی پووشکین بەتاسەوە دەخوێنمەوە. بەڵام "یڤگێنی ئەنیگین"م هیچ کاتێک خۆش نەویستووە. ئەو کتێبانەی لەم جیهانەدا لام خۆشەویستن و لە گەڵیاندا دەمسووتێنن: "نیبیلۆنگی" ، "ئیلیادە"، "وشەیەک دەربارەی لەشکرەکەی ئیگەر".

دەتوانین ناوی داستانی ناپلیۆنیش ببەین کە هاوشان لەگەڵ میتۆلۆژیای سەردەمەکۆنەکاندا خولیای لاوێتیی شاعیر بوون. هەروەها کەسایەتیی دۆنجوان و بایرۆن و کازانۆڤا و، شانۆگەرییە ئیتالیاییەکانی سەردەمی گۆتسن- گەڵدونیش جێگای خۆیان لەم حەز و چێژە بەر فراوان و، ڕەنگە هەندێک جاریش دژ بە یەکانەدا، گرتۆتەوە. بەڵام هەر لەتەک ئەمانەدا و، بە تێکەڵاوییەکی تا ڕادەیەک سەیر لەگەڵیاندا، کەسایەتیەکانی چیرۆکی میللی ڕووس و، گۆرانی قەرەجەکان و جەردە ڕووسەکان و، پەند و بالۆرەی میللی دەبینران.

هەر بۆیە شیعری سەرەتاکانیش، لەگەڵ هەموو ساکارییەکی ڕۆمانسیانەدا، پڕن لە نموونەی درەوشاوە و، هێزی دەربڕین و، هەمە چەشنێتی دیرە شیعرییەکان و، لە کێش و قافیەدا دەوڵەمەندن و، دەنگی لە کەس نەچووی تسڤیتایەڤا دەخەنەڕوو.

لەم ساڵانەدا هەموو سەرنجی شاعیر بۆ لای نیشانە خێراگۆڕدراوەکانی دۆخی گیان و، جۆراوجۆری دەنگی ژیان و، لە

هەواڵنامەی کتێب

ئاکامیشدا بەرەو خودی خۆی وەک بوونی ئەم جیهانە، ڕاکێشراون:-
بەرجەستەبوونی خەستبوونەوەی هەموو

*هەن لە بەرد درووستکراون، هەشن لە گڵ،*
*منیش زیو ئاسا بریسکەم دێ و دەدرەوشێنمەوە*
*پیشەم گۆڕینە، ناوم مارینایە*
*من-کەفی بێ ئاکامی دەریام*
*کاتێک بە تاشە بەردی ئەژنۆت لەت لەت دەبم*
*لەگەڵ هەر شەپۆلێکدا سەر لە نوێ دەژێمەوە،*
*دەهەر بژی کەف!-کەفی پڕجۆش و خرۆش*
*کەفی بەرزی دەریا.*

کاتێک ئارمایی دۆنجوان لە کرێوەی مۆسکۆدا و، ژەنەراڵە لاوەکانی ساڵی ١٨١٢و، ئەنکە پۆلۆنییەکەی و، باپیرە گەورەی کەمانژەنی کەسەبەکاری قژلوول و لووت خواری، ئەم کارەساتەمە" و ستێنکارازینی یاخی بوو "کە شازادە فارسەکە و لە تەکیشیدا گیانی پڕ جۆشی خۆی دەفەوتێنی"... کاتێک ئەمانە هەر وەک سێبەری ناو چرای ئەفسووناوی بە شیعرەکانی تسڤیتایەڤادا تێدەپەڕن، ئەوانە هەر هەموویان خودی شاعیرن لە بەرگی جۆراوجۆری ڕۆمانسییەتە بەربەست نەکراو و هەڵچووەکەیدا دژ بە هەموو شتێک. ئەو بەرجەستەکار و چەسپێنەری ئارەزووی لاوێتییە.

هێزی شیعرەکانی تسڤیتایەڤا لە وێنە کێشانی بەچاوبینراودا نییە، بەڵکو لە شەپۆلی سیحراویی هەردەم گۆڕاو، نەرم، دڵفڕێنی ئیقاعەکانیدایە، کە دەمێک دەنگیان بەرز و زوڵاڵ دەبێت و، دەمێکیش قسەئاسا هێوردەبنەوە و، هەندێک جاریش دەبنە ئاوازی گۆرانی، یان شەقڵێکی گاڵتە جاڕییانە بە خۆیانەوە دەگرن و، لەم دەوڵەمەندی و مەودافراوانی دەنگەیاندا گشت بەپێزی و فراوانی و توانای نیشانە پێکانی زمانی ڕووسی دەخەنەڕوو (بەڵام لێرەدا دەبێت ئەوەش بڵێین کە هەر ئەم تایبەتمەندییەی شیعری تسڤیتایەڤا وا لە شیعرەکانی دەکات کە بۆ گۆڕین بۆ سەر زمانێکی دی ئاسان نەبن و، لە کاتی وەرگێڕاندا زۆر لە چێژ و جوانییان بزربکەن. ئەمە جگە لەوەی، کە وەرگێڕانی شیعر، هەر شیعرێک،

بەشێوەیەکی گشتی تاوانێکە و لە شیعر و شاعیرەکە دەکرێت!)

شیعرەکانی تسڤیتایەڤا نەخشەکێشێکی وردی لێدانی دڵ و، بزووتنی بیر و، هەر هەڵچوون و داچوونێکن کە گیانی شاعیر دادەگرن:-

*بە هەموو بێداریمەوە خۆشم دەوێیت،*
*بە هەموو بێداریمەوە گوێت بۆ شل دەکەم،*
*لەوساتەدا کە لە هەموو کریملیندا*
*زەنگیدەران بێداردەبنەوە.*
*بەڵام ڕووباری من و ڕووباری تۆ،*
*دەستی من و دەستی تۆ،*
*ئەی خۆشیی ژیانم، بەیەک ناگەن*
*تا بەرەبەیان، بە بەرەبەیان نەگات..*

یان سەیری ئەم چەند دێڕەکە:-

*گەر چارەنووس ئێمەی یەک دەخست*
*بەزمێکی خۆش ڕووی زەمینی دەگرت*
*چەندین شار کڕنووشی بۆمان دەبرد*
*هۆ برام، برای سرووشتیم، برای لەدایک نەبووم!*

هەواڵنامەی کتێب

بەڵام ئەم بە دەنگ و ساز ڕازاندنەوەیەی شیعرەکانی کارێکی دەرەکی و فورمالیستانە نین، بەڵکو شیعرەکانی زادەی ڕووداو و بەسەرهاتی ریالیستانە و هەڵچوونی ناوەوەی شاعیرن. بەرزترین درووشمی شاعیرانەی ئەو هەردەم: "ڕاستگۆیی هەست و دەستپاکیی وشە" بووە.

شیعرەکانی هەمیشە ڕاگەیاندنی خۆشەویستین، خۆشەویستی بەرامبەر جیهان. خۆشەویستییەک کە بەوپەڕی داخوازکاری و سۆزەوە، بگرە هەندێک جاریش بە لە ڕووداوەستانەوەیەکی چاوقایمانەوە، دەخرێتە ڕوو.

دەکرێت شیعرەکانی تسڤیتایەڤا بەسەر کۆمەڵە زنجیرەیەکدا دابەش‌بکەین وەک زنجیرە شیعری "مۆسکۆ"، "بێ خەوی"، "ستێنکارازین" "شیعر بۆ سونیچکا" شیعر بۆ بلۆک"، "شیعر بۆ ئەخماتەڤا".

ئەگەر چاوێک بگێڕین بە زنجیرە شیعرەکانی تسڤیتایەڤەدا بۆ بلۆک، کە

نیوەی زیاتری پێش مەرگی بلۆک نووسراون، دەبینین ئەو شیعرانە بریتین لە مۆنۆلۆگێکی خۆشەویستی و حەزلێکردن، هەرچەندە ئەو بلۆکی هەر لە دوورەوە دیبوو؛ تەنانەت یەک وشەش قسەی لەگەڵ نەکردبوو. بەلای ئەوەوە بلۆک وێنە و بەرجەستەکاری رەمزییانەی شیعر بوو. جا ئەگەرچی لەو شیعرانەدا وەک دۆستێکی نزیک قسە لەگەڵ بلۆکدا دەکات، بەڵام روون و ئاشکرایە کە بلۆک بەلای ئەمەوە مرۆڤێکی زیندوو نییە، کە ژیانێکی ئاسایی و ریالیستانە بەسەربەرێت و جیهانێکی بێ ئارامی لە گیانی خۆیدا حەشار دابێت، بەڵکو تارماییەکی نەزۆکە و، زادەی گەرداوی خەیاڵی تسیڤیتایەڤا خۆیەتی.

هەمان شت لەو زنجیرە شیعرەیدا بەدی دەکرێت کە بۆ "ئەخماتەڤا"ی نووسیوە. تسڤیتایەڤا و ئەخماتەڤا بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٤١دا و، کاتێک هەردووکیان خاوەنی تاقیکردنەوەیەکی دەوڵەمەندی ژیان و داهێنانی خۆیان بوون، چاویان بە یەکتری کەوت و وتووێژێکی دوور و درێژیان لەگەڵ یەکتریدا کرد. ئێستا ئەستەنگە بزانین باسی چییان کردووە و، تا چ رادەیەک توانیویانە لەیەکتری بگەن، چونکە دوو کەسی هێجگار جیاواز بوون لە یەکتری. بەڵام لە ساڵی ١٩٦٣دا و، کاتێ ئەخماتەڤا ئەو چاوپێکەوتنەی یادکەوتبووەوە گوتبوی کە تسڤیتایەڤا لە سەرەتادا زۆر شتی بێ تامی هەبووە: ئەو – واتە تسڤیتایەڤا – رۆستانی لاپەسەند بوو.. کە لە زۆر لایەنەوە بێ تام و بۆیە.. لەگەڵ ئەوەشدا توانی ببێتە شاعیرێکی گەورە!"ئەگەرچی پاشان لە نامەیەکدا بۆ ئەریادنای کچی تسڤیتایەڤا ئەو مەسەلەیە روون‌دەکاتەوە و دەڵێت: "مەسەلەکە مەسەلەی بێ تامی نەبوو، بەڵکو ئەو هەردەم لە جیهانی ئەندازە و پێوەرەکاندا بێ ئەندازە و پێوەر بووە". واتە لە کاتێکدا کە ئەخماتەڤا بەرجەستەی هارمۆنیا و تەبایی بووە، تسڤیتایەڤا کەسێکی بێ ئەندازە و سنوور بووە. هەر ئەمەش هۆی جیاوازیی تێڕوانینیانە بۆ داهێنانی یەکتر. چونکە بێ‌سنووریی یەکێکیان توانیویەتی هارمۆنیای ئەوی‌تر پەسەند بکا و خۆشی بوێ، بەڵام هارمۆنیا ناتوانێ بێ ئەندازەیی قبووڵ بکات.

گرنگ ئەوەیە لە سەرجەمی لیریکای تسڤیتایەڤادا ئەوە دەستنیشان بکرێت، کە بەلای خودی شاعیرەوە بناغە و دیاریکەری گشت لایەنەکانی دیکەیەتی. ئەویش ئەوەیە کە تسڤیتایەڤا شاعیری سەرەتا و بنەچەی نەتەوەیی رووسە. لە شیعرەکانیدا رووسیای دێرین وەک هێزێکی بێ بەربەست و، ئیرادەسواری و، غاری بێ جڵەوی گیان دێتە پێش چاو. وێنەی ئافرەتێک دەنەخشێنن کە گیانی پڕە لەیاخیبوون و، هەردەم بە

سەرکەشییەکی ئەوتۆوە خۆی دەدات بەدەم حەز و ئارەزووەکانی دڵییەوە، وەک بڵێیت هەر ئێستا لە کۆت و زنجیری سەدان ساڵەی رزگاربوویێ و سەربەستی وەدەست هێنابێتەوە. خۆشەویستی ئەو خۆشەویستییەکی بێ ئامانە و، هیچ کەند و کۆسپێک نابنە تەگەرە بۆی و پڕە لە هێز و چاونەترسی. شاعیر دەمێک دەبێتە تیراندازی یاخیبووەکانی کەنار ڕووباری مۆسکۆ و، دەمێک ئافرەتێکی فاڵگر و جادووگەرە و، دەمێک ڕێبواری ڕێگا دوورەکانە و بەشداری لە هێرشی جەردەگەرییانەدا دەکات و، جاری واش هەیە هێندەی نامێنی ببێ بە "مارینەڤا"ی خانزادەی بەناوبانگ. ڕووسیای ئەو گۆرانی دەچڕێت، شیوەن دەگێڕێ، سەما دەکات، بێدەنگی دایدەگرێت و، بە هەمووگیانی رام نەکراوی ڕووسیکەوە دڵرەقی دەنوێنێ.

تسڤیتایەڤا لە تەمەنی سی ساڵیدا شاعیرێکی کامڵ و بە بڕست و پڕ لە هێزی داهێنەرانە بووە و، ڕەنگە گەر ناچاری لانەوازەیی و کۆچکردن نەبوایە و، لە وڵاتی خۆیدا ژیانێکی شایستەو ئاسوودەی بۆ برەخسایە، توانای بە جۆرێکی دی پەرەی بسەندایە و شاگوڵی بەهرەی بە جۆرێکیکە بکرابایەوە.

شیعری ساڵانی پڕئازاری نائومێدی لە بزووتنەوەی سپییەکان پڕن لە هەستی تووڕەیی و سووکایەتی پێکردنی کوشندە.

هەر بۆیە شێوازی نووسینی ئەو شیعرانەش زۆر بە ئاشکرا دەگۆڕدرێ و، دیارە کە هەژانی ناخ هێندە توند و تیژە کە لە سنووری چووارینەکاندا جێگای نابێتەوە و سەردەکات و، جاری وا هەیە رستەکە لە شوێنێکی چاوەڕوان‌نەکراودا دەپچڕێت و، ملکەچی ئیقاعێکی پلدەر و کڵپەسەندوو دەکرێت. هاوشانێتیی ئەو وشانەی بە دەنگ یان بە مانا لە یەک دەچن دەبنە ئامرازێکی شاعیرانەی بەهێزکردنی تەقینەوەی سۆز و هەست و نەستی شاعیر. تۆڕی وشەکان بە نەخش و نیگارێکی زمخرەفیانەی وا چنراون کە زۆر جار بیرۆکەی سەرەکی شیعرەکە لە یەکەمین خوێندنەوەدا خۆی نادا بەدەستەوە، بە ئاسانی لە تێگەیشتن نایەت. تسڤیتایەڤا هۆشمەندانە ئەم کارە دەکات و دەڵێت: "ئەی خوێندنەوە مانای چییە؟ گەر هەڵهێنان و لێکدانەوە و هەڵێنجانی ئەو نهێنییە نەبێت کە لە دەرەوەی دێڕەکان و لەو دیو سنووری وشەکانەوە شاردراونەتەوە.. خوێندنەوە بەر لە هەمووشتێک هاوبەشیکردنە لە کاری داهێناندا". ئەو هەروەها ئەو شیعرانە ڕەتدەکاتەوە کە وەک مۆسیقا بە نەرم و نیانی هەڵدەرێژرێن: "من بڕوام بەو شیعرانە نییە کە هەڵدەرێژرێن ... شتێکیترە گەر تەکان بدەن و خۆیان بکوتن".

بەم شێوەیە تسڤیتایەڤا دێرە شیعرەکانی خۆی کوت کوت دەکات و، لە پێناوی

چڕکردنەوەیەکی برووسکە (تەلگراف) ئاسادا گشت شتە زەق و دیارەکان وەلا دەخرێن و، تەنیا ئەو شتانە دەهێڵرێنەوە کە زۆر پێویستن و، بەشێک لە بیرۆکەی شیعرەکەیان گرتۆتە خۆ و، ئەمەش دەبێتە نیشانە و تایبەتمەندی شیعرەکانی و، هەردەم گیانی پڕ لە گازەندە و ئامادەی داکۆکی کردن لە "من"ی تایبەتی خۆی بەم جۆرە دەهاتە قسەو خۆدەربڕین. بەم شێوازەش نەبوایە تسڤیتایەڤا، بەو سرووشتە پڕ لە ئاڵۆزی و ناکۆکییەی داهێنانییەوە، شیعری هەر بۆ نەدەنووسرا.

نائاسایی ڕازی هەڵچوو و پەلهاوێژی شیعرەکانی تسڤیتایەڤا لەوەدایە کە دۆخی گیانی شاعیر، دەمو دەست و یەکسەر لەو ساتەدا کە باسی لێدەکرێت، بەرجەستە دەکەن. دێڕەکانی ئەو شیعرانە بە چاپ کراویش لەوەدەچن کە هێشتا سارد نەبووبنەتەوە و کڵوکۆی ئەو ئاگرەیان پێوەبێت کە لە ناخی شاعیردا کڵپەی سەندووە. هەر بۆیە هەنسکەبڕکێ و کەرت و پەرتبوون و تەقینەوەی سۆزییان پێوە دیارە.

نموونەیەکی ئەم جۆرە شیعرە هەڵبەستی "هەوڵێکی ئیرەیی" یە کە بەیەکێک لە چاکترین شیعرەکانی تسڤیتایەڤا دەژمێردرێت لە ڕووی نەرمی و بزوێنی دەنگەوە.

*ژیانتان چۆنە لەگەڵ شمەکی ناو بازاڕدا*
*یان باجێکی قەبەیە؟*
*پاش مەرمەڕی کەراری*
*ژیانتان چۆنە لەگەڵ وردە گەچی هەڵوەریودا؟*
*(خوای لە گڵ خولقێنراو – سەرتاپا وردوخاش کراوە)*
*ژیانتان چۆنە لەگەڵ سەری سەدەمین هەزارەدا؟*
*بەڕێزتان، کە لیلیت تان دەناسی!*

.. هەروەها گاڵتەپێکردنێکی ژەهراوی و کوشندە لە دوو توێی هەڵبەستی "سروودی ستایش بۆ دەوڵەمەندان" ١٩٢٢ و "سروود بۆ مرۆڤی پیادە"دا دەبینرێ.

بۆیەماکانی تسڤیتایەڤا شوێنێکی دیاریان هەیە لەسەرجەمی داهێنانی ساڵانی کۆچکردنیدا، کە لە ڕاستیدا هەر یەکەیان مۆنۆلۆگێکی گەرمی پڕ جۆش و خرۆشن، کە ڕەوتیان ساتێک خاو و، ساتێک خێرا دەبێتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

سۆژێتی "پۆیەمای چیا" ١٩٢٤ زۆر ساکارە و، باسی شوێنێکی لاتەریک و بێدەنگی دەورووبەری شاری "پراگ" دەکات کە بەگردی پیتەر دەناسرێت و، چۆن ئەو پارچە زێکەلە و نازدارەی سرووشتی وڵاتی چیک وردەوردە لەلایەن موڵکدارە بێفەڕو چاوبرسییەکانی شارەوە داگیردەکرێت. خودی وشەی "گەرا"- واتە چیا لە زمانی رووسیدا یارمەتی شاعیر دەدات کە ژمارەیەکی زۆر مەفهووم و دەنگی تەبا و نزیک بەو وشەیە بێنێتەوە و، لە نێوان پیتی «گ» و «ر»دا جۆرە مۆسیقا و ئیقاعێکی سەیر درووستبکات (کە بە داخەوە لە کاتی گۆڕیندا بزر دەبێت).

هەر لە ساڵی ١٩٢٤دا "پۆیەمای کۆتایی" دەنووسێت، کە دیالۆگێکی فراوانە دەربارەی لێکدابران و، تێیدا بەدەم گفتوگۆیەکەوە کە ساتێک پچڕ پچڕە و، ساتێک ناسک و پڕە لە گاڵتەکردنێکی دڵڕەقانە، ئەو دوو دڵدارەی بۆ هەمیشە لێک جیادەبنەوە دوا پیاسەیان بەشەقامەکانی شاردا دەکەن.

دارشتنی شیعری "پۆیەمای پەیژە" (١٩٢٦) زۆر ئاڵۆزترە- لێرەدا پەیژەی ماڵێکی پڕ لە خێزانی نەداران و بێ دەرەتانانی شار رەمزی گشت ناهەمواری و تاڵی ژیانی هەژارانە لە بەرامبەر بەختیاری و ژیانی پڕ کەیف و خۆشی دەوڵەمەنداندا. ئەم پۆیەمایە پڕە لە نیشانەی ریالیستانەی ژیانی بێئاسۆی ئەو کەسانەی لەسەر پەیژەکە جێ پێی ماندووبووی کار و سەختییەکانی ژیان جێدەهێڵن. بەو پەیژەدا شتی بێ بایەخ و هەژارانەی نەداران و، کەلوپەلی گرانبەهای خواپێداوان دەهێنرێن و دەبرێن. ئیقاعی دوو دوو، سێ سێ و، چوارچوارەی دێڕە شیعرەکان دووبارە دەبنەوە و، وەک بڵێیت هەنگاوی کابرایەکی شەکەت بن و پلەی پەیژەکە بژمێرن. ئەم کارەش تا دێت پەرەدەسەنێت و بەهێزتر دەبێت تا دەگاتە کۆتایی رەمزییانەی خۆی، کاتێک لە ئاکامدا پەیژەکە گڕی تێبەر دەبێتو دەبێتە قەرەبرووت.

گرنگترین و رەنگە سەختترین پۆیەمای تسڤیتایەڤا "پۆیەمای راوکەری جرجەکانە"ە کە شاعیر لە ساڵی ١٩٢٥دا نووسیویەتی و، تێیدا سۆژێتی داستانێکی ناسراوی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپای رۆژئاوای بەکارهێناوە، کە چۆن لە ساڵی ١٢٨٤ مۆسیقاژەنێکی ڕێبوار شاری "گەمیلن"ی ئەڵمانیای لە هێرشی رەوەی بێ شوماری جرجەکان رزگارکرد و، توانی بە ئاوازی فلیتەکەی جرجەکان دوای خۆی بخات و لە رووباری ڤیزێردا نوقمیان بکات. بەڵام کاتێک کیسە پڕ و ناودارەکانی شارەوانی پەیمانەکەیان دەشکێنن و، ئەو پارەیەی نادەنێ کە لەسەری ڕێککەتبوون، بڕیاردەدات تۆڵەیان لێبکاتەوە و، لە رۆژێکی یەکشەمەدا

کە دانیشتووانی شار لە کڵێسە سەرقاڵی خواپەرستین و، منداڵەکانیان لە ماڵەوە جێهێشتووە، کابرای مۆسیقاژەن بە ئاوازێکی خۆش هەموویان لە ماڵ دەردێنێ و بەرە و شاخی "کوپێنبێرگ"یان دەبات و هەڵیان دەدێرێت.

بێگومان ئەمە تەنیا ڕواڵەتی دەرەوەی بەسەرهاتەکەیە، کە بە تەنز و گاڵتەپێکردنێکی بێ پەرواوە دژی هەموو چەوتی و بێ فەڕی و پەیمانشکێنییەک تەنراوە. بەسەرهاتەکە لە ڕەوتێکی خێرادا باسدەکرێت و پڕە لە ئیقاع گۆڕین و، لەتکردنی ڕستەکان بۆ چەند کوتێک کە هەر یەکەیان تۆزقاڵێکی بیرۆکەکەیان گرتۆتە خۆ، بەردەوام قافیەکان لە گۆڕانێکی وا دان کە هەست و چێژی سیمفۆنیا دەدەن بە خوێنەر.

لە ڕاستیدا تسفیتایەڤا هەر مەیلێکی زۆری لە بەرهەمی درێژبووە و، لە زۆر لە هۆنراوەکانیدا هەوێن و چەکەرەی پۆیەما بەدی دەکرێت. هەروەها دڵی بە شیعری شانۆگەرییانەوە بووە و، هەر لە سەردەمی لاوێتیدا چەند شانۆگەرییەکی نووسیوە. لە ساڵی ١٩٢٩دا ترازیدیای "ئەریادنا" دەنووسێت کە بابەتێکی میتۆلۆژیایی کۆنە. ئەمەش نەریتێکی پەیڕەوکراوی شیعری ڕووسییە هەر لە سەدەکانی لۆمۆنۆسەڤ و دێرژاڤینەوە.

لێرەدا ناتوانین کۆتایی بەم باسە بهێنین ئەگەر باسی پەیوەندیی مارینا تسفیتایەڤا بە دوو کەڵە شاعیری سەردەمەکەیەوە نەکەین. مەبەستمان مەیاکۆفسکی و بۆریس پاسترناکە.

لە سەرەتادا لایەنێکی پەیوەندیی شاعیرمان بە مەیاکۆفسکییەوە باسکرد، بەڵام پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە شاعیر لە هەندەران چاوی گێڕاوەتەوە بە هەڵوێستی خۆیدا و بە جۆرێکی تر ڕوانیویەتیە مەیاکۆفسکی. تسفیتایەڤا لە ساڵی ١٩٢٨دا لە یادگارەکانیدا دەنووسێت:-

"ڕۆژی ٢٨ی نیسانی ١٩٢٤ و تۆزێک بەر لە کۆچکردنم، لە کۆڵانێکی چۆڵدا چاوم بە مەیاکۆفسکی کەوت و لێم پرسی:

- ئێ مەیاکۆفسکی چیت دەوێ لە تووە بیگەیەنم بە ئەورووپا؟

لە وەڵامدا گوتی: پێیان بڵێ ڕاستی لێرەیە.

ڕۆژی ٧ی نۆڤەمبەری ١٩٢٨ درەنگ وەختێک ئێوارە لە قاوەخانەی ڤۆلتێر دەهاتمە دەرەوە لێیان پرسیم:

-پاش خوێندنەوەی شیعرەکانی مەیاکۆفسکی رات چییە بەرامبەر بە ڕووسیا؟

یەکسەر و بێ ڕامان گوتم:

- هێز لەوێیە."

دووەم شاعیر کە زۆر بە توندی سەرنجی تسفیتایەڤای ڕاکێشاوە بۆریس پاسترناکە کە پاراویی گیانێکی نوێخوازانەی تیابەدی

هەواڵنامەی کتێب

دەکردو، هەستی دەکرد کە شێوازی بینای شیعریی هەردووکیان هاوگیانی و نزیکییەک کۆیان‌دەکاتەوە. هەردووکیان– مەیاکۆفسکیش لە پاڵیاندا– بۆیان هەبوو خۆیان بە نوێکەرەوەیەکی شێلگیرانەی گشت نەریت و قاڵبە شیعرەکانی پێش خۆیان بژمێرن، ئەگەرچی نوێکاری مەیاکۆفسکی و پاستەرناک –هەریەکەیان بە شێوەی تایبەتی خۆی– ئامانج و مەبەستی جیاوازیان هەبووە. مەیاکۆفسکی بە دوای مانای نوێ و پڕ بە پێستدا دەگەڕا بۆ دەربڕینی تێگەیشتن و بۆچوونە ئاشناکانی سەردەمی شۆڕشگێرانەی نوێ و، بە بێ ئەوەی یاسا بنەڕەتییەکانی زمانی ڕووسی کەل بکات وشەکانی دەخستە ژێر تاقیکردنەوەوە، وزە و هێزێکی دەربڕینی تایبەتی پێ دەبەخشین. ئەمەش لە داتاشینی پڕ جورئەت و چاوەڕوان نەکراوی ئەو وشانەدا بەدی‌دەکرا کە لە شیعرەکانیدا بەکاری دەهێنان. (لێرەدا زۆر زەحمەتە نموونەی ئەو وشە داتاشراوانە وەرگێڕدرێتە سەر زمانێکی دی، بەڵام هەر زات دەدەمە بەرخۆم و ئەم چەند نموونەیە پێشکەش دەکەم کە لە پۆیەمای ١٥٠,٠٠٠,٠٠٠دا مەیاکۆفسکی بەکاری هێناون:

«ئێمە نافرین، دەبرووسکێنین» «چووم بە هەورەگەرمەی گەردوونی سەریان بسوڕێنم»، «شیکاگۆ لە خوارەوە بە زەوی بۆقێندراوە» – واتا وەک بۆق پانکراوەتەوە).

بەڵام لای پاستەرناک سەرجەمی مەسەلەکە شێوەیەکی دی هەیە. نوێکردنەوەی وشەکان لای ئەو ئاراستەی ژمارەیەکی زۆری خوێنەران نەکراوە، بەڵکو ملکەچی شێوازێکی هێجگار کەسایەتی کراون کە مەبەستیان ئاوێنە کردنەوەی ئەم، یان ئەو، دۆخی گیانی شاعیرە بە بەکارهێنانی سیستێمێکی زۆر سوبیکتیڤیانەی هاودەنگییە وێنەیی و وشەییەکان.

*لەو ڕۆژەدا تۆم، هەر لە شانەی سەرتەوە تا قاچەکانت،*
*وەک ئەکتەری دوورە شارێک لە شانۆگەری شکسپیردا،*
*لەگەڵ خۆمدا هەڵگرتبوو، هەمووتم لەبەر بوو،*
*بە شاردا دەسووڕامەوە و پرۆڤەم دەکرد.*

شاعیر بە هەموو جەستەیەوە لە شیعرەکەیدا دەژی و هەناسەیەکی بزۆز و بێ ئارام دەبەخشێتە ئیقاعەکەی.

هەرچی تسڤیتایەڤەشە سیستێمی وێنەکان و تەنانەت لەتکردنی دێڕەکان و شێوازی بیردەربڕین و فەرهەنگی وشەکانی زۆر ئاڵۆزترە و، بەشێوەیەکی ئۆرگانی ئامێتەی سەرجەمی بوونی شیعری شاعیرن. شتەکان

هەواڵنامەی کتێب

وەک بیرەوەری و گەڕانەوە بۆ رابووردوو سەرهەڵنادەن، بەڵکو ئا ئێستا لەم ساتەدا لەدایکدەبن. شاعیر بە هەموو جەستەیەوە لە شیعرەکەیدا دەژی و هەناسەیەکی بزۆز و بێ ئارام دەبەخشێتە ئیقاعەکەی.

---

* بۆ ئامادەکردنی ئەم باسە بە شێوەیەکی سەرەکی سوود لەو پێشەکییە وەرگیراوە کە ڤ.رەژیستڤینسکی بۆ کتێبی (مارینا تسڤیتایەڤا .. هۆنراوە و پۆیەماکانی) نووسیویەتی و، لە ساڵی ١٩٧٩ لە مۆسکۆ لە چاپ دراوە.

١- لە وشەی symbolonی یونانییەوە وەرگیراوە، واتە رەمز. رەوتێکی ئەدەبی و هونەری ئەورووپاییە لە کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠دا سەری هەڵداوە.

٢- ئەکمییزم (لە وشەیakmeی یونانییەوە وەرگیراوە، واتە بەرزترین پلەی شتێک، یان هێزێکی گەشەسەندوو.) رەوتێکی مۆدێرنیزمانەی شیعری رووسی بوو لە دەیەکانی ئەم سەدەیەدا سەری هەڵدا.

٣- فوتوریزم(لە وشەیfuturumی لاتینییەوە وەرگیراوە، بە واتای داهاتوو) یەکێکە لە رەوتە سەرەکییەکانی پێشڕەوانەی هونەری ئەورووپا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، زیاتر لە ئیتالیا و رووسیا برەوی هەبوو.

هەواڵنامەی کتێب

# ئاهەنگە گەورەکەی لەندەن

هونەرمەندوگۆرانیبێژە هەرەناسراوەکانی جیهان، بە هۆی «ڕەوی بە کۆمەڵی نەتەوەی کورد»ەوە لە کوردستانی خواروو و بۆ دەنگی نارەزایی دەربڕین لە دژی شەڕی لەناوبردنی کورد لە لایەن رژێمی فاشیی سەددام حسەینەوە، لە ١٢/مایسی/١٩٩١دا ئاهەنگێکی گەورەیان لە «یاریگەری ویمبلی لە لەندەن» گێڕاو پارەی ئاهەنگەکەش، کە دەبێ نزیکەی ٦٠٠ ملیۆن تا ملیاردێک کرۆنی سویدی بووبێت، بۆ لێقەوماوان و ئاوارەکانی کوردستانی خواروو تەرخانکرابوو. شایانی باسە، نووسەری ئینگلیز و جاران ئەندامی پەرلەمانی بەریتانی و دۆستی کورد چیڤری ئارثەر سەد ملیۆن کرۆنی بۆ ڕێکخستنی ئەم ئاهەنگە کۆکردبۆوە. جۆن مێجەری سەرەک وەزیران و شازادە دیانا و دەیان لە ناوداران و گەورەپیاوانی سیاسەت و هونەرو جەماوەرێکی زۆر لەم ئاهەنگەدا ئامادە بوون. کۆمەڵێک لەم هونەرمەندانە ساڵی ١٩٨٥یش ئاهەنگێکی ئاوایان بۆ یارمەتیدانی برسییەکانی ئەفریقا ڕێکخستبوو.

ئەمانە ناوی هەندێک لەو هونەرمەندانەن:
گلۆریا ئیستیفاند، پیتەر گابریێل، ستین، ڕود ستیوارت، پۆل سیمۆن، کریس دوبورگ، م.س.هامەر، شناید کۆنۆر و گەلێکی‌تر. شناید کۆنۆر و کریس دوبورگ دوو گۆرانییان بۆ یارمەتیدانی کورد تەرخانکردبوو (واتە بە هەچ شێوەیەک و لە کوێ بڵاوبکرێنەوە).. ئەم ئاهەنگە هەمان کات، لەلایەن دەزگاکانی تەلەفزیۆنی ئەمەریکا و ئەورووپاوە بۆ بڵاوکردنەوە کڕابوو و بڵاوکرایەوە.

گۆرانییەکەی کریس دوبورگ ناوی : "THE SIMPLE TRUTH"ە و کاک حەسەنی قازی لە ئینگلیزییەوە بۆ گۆڤارەکەی کردووە بە کوردی و ئێمەش بە سوپاسەوە بڵاوی دەکەینەوە.

*"ڕووناکبیری"*

# راستیی ســـانـــا

کریس دوبورگ

حەسەنی قازی

لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بە کوردی

منداڵێک لە شەرگە چاوی بە دنیا دەپشکوێ
مێرد منداڵێکی سەرباز چۆک دادەدا و دەکەوێ
و
ژنێک لە خۆشیان و لەبەر دەربوژان هاواردەکا
کەنگێ ئێمە جارێکی دیکە لە ئاشتیدا دەژین؟

بەدەم هەڵکردنی بای تۆفەوە، منداڵێک چاوی بە دنیا دەپشکوێ،
لە وڵاتێکدا کە لە بنەوە تا سەرووی لەبەر یەک هەڵدراوە
و خێزانێک هەر لەئەمڕۆ وە تا بەیانی کاری دەگەڕێ و (دەڵێ):
کەنگێ ئێمە جارێکی دیکە چاومان بە ماڵی خۆمان دەکەوێتەوە؟

کەنگێ ئێمە ڕاستیی سانا دەبینین
تەنیا شتێکی کە دەبێ بەهێند بگیرێ.

ژیانی منداڵێک لە جەنگەڵێک زیادترە
ژیانی منداڵێک لە سنوورێک زیادترە
دەکرێ و دەبێ هەر دەم ئاوا بێ.

منداڵێک لە سوورەتاوی سارادا چاوی بە دنیا دەپشکوێ
ژیانێکی بچکۆلە هەر ئێستا دەستپێکردووە،

هەواڵنامەی کتێب

و
دایکێک بۆ منداڵە برسییەکەی دەگرێ
و هاوار دەکا:
کەنگێ جارێکی دیکە (دەتوانم) شیر بدەم بە کۆرپەکەم؟

منداڵێک لە ماڵێکی ئاساییدا چاوی بەدنیا دەپشکوێ
چ لە ڕۆژهەڵات، چ لە ڕۆژئاوا، دەکرێ لە هەردوو لا بێ.
بەڵام ئێمە هەموومان دەمانەوێ بزانین
داخودا منداڵەکەمان بەرگە دەگرێ و دەمێنێتەوە چاوی
بە تیشکی ڕۆژ بکەوێ؟
و
کەنگێ دیسان دنیا هێمن‌دەبێتەوە؟

کەنگێ ئێمە ڕاستیی سانا دەبینین
تەنیا شتێکی کە دەبێ بەهێند بگیرێ

ژیانی منداڵێک لە جەنگەڵێک زیادترە
ژیانی منداڵێک لە سنوورێک زیادترە
ژیانی منداڵێک لە دین زیادترە
نێوان ژیانی منداڵێک تا هەتاهەتایی هەر بستێکە
ئێمە دەبێ لە پێناو مرۆڤایەتیدا بڕوامان هەبێ
ئێمە دەبێ بڕوامان هەبێ
لە پێناو مرۆڤایەتیدا، ئێمە دەبێ بڕوامان هەبێ.

ژوویەی ٩١

هەواڵنامەی کتێب

# کورتە لێکۆڵینەوەیەکی
# مفاوەزاتەکانی شۆڕشی ئەیلوول

مەلا بەختیار

## لەمەڕ مفاوەزات

مفاوەزات، بەشێکە لە خەباتی سیاسی کە دوو یان چەند لایەکی دژ و دوژمن بەناچاری یان بە خوایشت بۆ چونیەتیی چارەسەرکردنی کێشەکانیان پەنای دەبەنەبەر.

میللەتان و دەوڵەتان، پێشڕەو و پاشڕەویان، لە قۆناغەکانی خەباتیاندا، ئاشکرا یان نهێنیی مفاوزات بەشێک بووە لە مێژوویان.

مفاوەزات.. یان لە کاتی لاوازی و نوشستیدا دەکرێ یاخود لە گەرمەی سەرکەوتن و زاڵیدا. هەموو کاتێکیش ڕێبەرایەتیی کارامە بەپێی دۆخی سیاسی و تەرازووی هێز و ڕەوایی کێشەکان و لێکدانەوەی سەرجەم دیاردە و دەرکەوتەکان و گۆڕانیان، لە کاتی نووشستیدا یان زاڵیدا دەتوانن بە مفاوەزاتێکی زیرەکانە، دەوڵەت و میللەتەکانیان، یان شۆڕش و حیزبەکانیان، لە کارەسات و بەسەرهاتی خەتەرناک بپارێزن و سەرکەوتنیش مسۆگەربکەن؛ بە مەرجێ خۆیان نەفرۆشتبێ، یاخود لە خەبات نائومێدنەبووبن، یان خۆیان دووچاری بنبەستی ئەوتۆ نەکردبێ سازشی گەورە بکەن.

ئەزموونی زۆر هەن لە مێژوودا کە ڕێبەرایەتیی کارامە لە تەنگانەدا بە مفاوەزات و مانۆڕی (مناورە) زرنگانە میللەتەکانیان لە کارەسات دەربازکردبێ؛ بەپێچەوانەشەوە، ئەزموونی ئەزۆکی ئەوتۆش هەن سەرکەوتنی عەسکەری گەورە و هەڵکەوتی سیاسیی کاریگەیان بە مفاوەزاتێکی خراپ لەدەست داوە.

کورد لەو میللەتانەیە بە زۆری ژێرکەوتووی نەبوونی زانست و نەخشەی عەسکەری و نزمیی ئاستی سیاسییە، کە پێمان وایە دوای ڕووداوەکانی جیهان دەبێ لێکدانەوە کۆنەکان لەمەڕ مەسەلە تیۆرییەکان و نەبوونی پارتی پێشڕەو .. تاد سەر لەنوێ تەتەڵەبکرێنەوە و لەبەر ڕۆشنایی دیاردە نوێکانی کۆتایی جەنگی ساردا.. هۆیەکانی شکستی کورد دابڕێژرێنەوە.

لەم گوتارەدا، زۆرتر هۆیە سیاسییەکان،

کوردستان بەگشتی و هی شۆڕشی ئەیلوول بەتایبەتی شیدەکەینەوە؛ بە هیوای ئەوەی بتوانین لە گوتارێکی دیکەدا مفاوەزاتەکانی دوای سەرلەنوێ بەرپا کردنەوەی بەرەنگاریی چەکداری دوای هەرەسی (١٩٧٥) یش، هەڵسەنگێنین.

## سیاسەت و ئایین و مفاوەزاتەکانی رابوردوو!

گەر بمانەوێ بۆ سەرەتای مفاوەزات بگەڕێینەوە، پێویستە ئاوڕێ لە سەرەتای راپەڕینەکانی رزگاری کورد و ستراتیژی راپەڕینەکانی کوردستان بدەینەوە، هەتا لەژێڵاوە هۆیەکانی سەرهەڵدانی مفاوەزات دیاری بکەین.

میرنشینە کوردستانییەکان لەناو قەڵەمڕەوی ئوتوکراتیەتی عوسمانی و سەفەویدا خاوەن دەسەڵاتی سەربەخۆ بوون. کە ئەو ئیمپراتۆرانە کەوتنە ویزەی ئەمارەتەکان، کورد لە هەنگینەوە خەباتی سیاسی - عەسکەریی خۆیی لە پێناوی رزگاری و یەکگرتنی کوردستاندا دەست پێکردووە.

بە هۆی ئابووری و بازرگانی بەهێز و کشتوکاڵی بەدەرامەت و سیستیمێ سیاسی بەربڵاوی ئیمپراتۆرەکانەوە، ئەمارەتەکانی کوردستان توانییوویان سەربەخۆییەکەیان هەرچی چۆنێ بوویی بەڕیوەبەرن. بۆیە، دووای پەلاماردانیان و بەرەنگاریکردنیان، یەکسەرە سەربەخۆیی کوردستانیان رادەگەیاند. هەر لەبەرئەوەی ئەمارەتەکان نەیاندەویست لە سەربەخۆیی کەمتر بەدەستبهێنن، بۆیە لە کاتی پەلامار دانیاندا، پەیوەندییان بە هەموو دوژمنانی ئیمپراتۆرەکانەوە دەکرد بۆ پاراستنی سەربەخۆییان و نەگەڕانەوەی سەرلەنوێیان بۆ ژێر رکێفی دوژمنەکانیان. هۆی بنەڕەتیی ئەو راستییانەش ئەوە بوو کە ئەمارەتەکانی کوردستان پێویستییەکی ئەوتۆی ئابووری و پیشەسازی و سیاسی و عەسکەرییان بە ئیمپراتۆرەکان نەبووە، بەڵکو ئیمپراتۆرییەکان هەم بۆ سەرانەسەندن و ، هەم بۆ لەشکرکێشی، پێویستییان بە ئەمارەتەکان هەبووە، لەم سۆنگەیەشەوە، سەرەتای سیاسەتی رزگاریی کوردستان بە زۆری لەپێناوی قەبارەی سەربەخۆدا بووە، زۆر جاریش بۆ یەکخستنەوەی کوردستان و پێکهێنانی قەڵەمڕەوێکی یەکگرتوو بووە. کاتێ راپەڕینەکانیش پەرەیان سەندووە و شاران و شوێنان رزگارکراون، بزاڤی میللەتەکەمان و داگیرکەرانی بەچەشنێ لێک دابڕاون کەمتر هۆی ئابووری و سیاسیی هاوبەش ماون کورد بە ئێرانی سەفەوی و تورکیای عوسمانییەوە ببەستنەوە. تاقە بواریش بە دەست ئیمپراتۆریەتەکانەوە مابێ.. ختوکە دانی هەستی ئایینی بووە دژی سەردارانی

هەڵنامەی کتێب

کورد، ئەمیش یان بۆ دەستەمۆکردنیان یاخود بۆ فریودانیان.

کاتێکیش بزاڤی میللەتان لە ئەنجامی پەلاماری ناڕەوادا دەکەوێتە جۆش نەک پێویستییەکانی گەشەکردن و ڕزگاری ئەو میللەتانە بەسەر هەستی ئایینیدا زاڵدەبن، بەڵکو خودی ئایینیش لەو پێویستییانە جوێ ناکرێتەوە.

هیچ ڕێبەرو سەردارێکی کوردیش لە مێژوودا نابینینەوە کە بەرژەوەندیی کورد و چارەنووسی دەسەڵاتی خۆی کردبێتە فیدای باوەڕی ئایینی دابڕاو لە پێویستییە ئابووری و سیاسییەکان. هەروەک چۆن زۆربەی ڕێبەرانی میللەتانی موسڵمان لە ڕۆژهەڵات و جیهاندا... هەر وایان کردووە.

زۆربەی ڕاپەڕینە خوێناوییەکانی کوردستان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە هەتا ڕووخاندنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، دژی سوڵتانی عوسمانی بوون کە بە خەلیفەی موسڵمانان دەزانرا، بەڵام سەردارانی کورد کە دۆخی کوردستانیان بۆ بەرپەرچدانەوەی پەلاماری داگیرکەر یان بۆ ڕزگاری سەرانسەر بە شیاو زانیبێ، دژی خەلافەتەکە ڕاپەڕیون و لە هەڵمەت و جەنگیشدا درێغیان بەرامبەر لەشکری (خەلیفەی ئیسلام !) نەکردووە. کاتێکیش ڕاپەڕینە چەکدارەکانی کوردستان سەرکەوتنی عەسکەرییان بەدەستهێناوە، بەندوباڵۆرەی ئیسلام و موسڵمانێتی خەلیفەکان هەڵمەتی ڕاپەڕینەکانی خاو نەکردۆتەوە، بگرە هەتا توانیویانە هێزشی عەسکەرییان بەهێزتر کردووە.. بەڵام کە ڕاپەڕینەکان لە ئاکامی نەبوونی نەخشەی عەسکەری و گرفتی ناوخۆو نەبوونی چەک و پیلانی دوژمنانی کوردستاندا دووچاری شکستی عەسکەری هاتوون، هەنگێ سەردارە ئازادیخوازەکانی ڕاپەڕینەکان وایان نواندووە لەگەڵ داگیرکەراندا هەقە لە ڕێی شەرع و موسڵمانێتییەوە کێشەکان چارە سەربکەن و مفاوەزاتێکی (سیاسی - ئیسلامی) یان سەلماندووە.

لێرەدا بەشێوەیەکی ڕاگوزاری و بۆ چوونە ناو باسەکە سەرەتایەکی کورت دادەڕێژین. یەکێک لە نموونەی ڕاوێژکاری کورد لەگەڵ دوژمناندا – میری سۆرانە (١٨١٣ – ١٨٣٩) ، کە دوای پەرەسەندنی دەسەڵاتی، گوێی لە سوڵتان نەدەگرت و لە کاتی نوشستیدا، (مەلای خەتێ) توانی میر ڕازیبکا بکەوێتە گفتوگۆ. بگرە میر محەمەد نەک گوێی نەدەدایە خەلیفەی عوسمانی بەڵکو بۆ یەکخستنی ئەمارەتەکان و فراوانکردنی دەسەڵاتی پەلاماری سەردارانی کوردی ناوچەکانی دیکەی کوردستانیشیدا.. کە هیچ یەکێ لەو سەردارانە لە میر محەمەد کەمتر موسڵمان نەبوون.

هەروەها بەدرخان بەگ (١٨٣٩ - ٢٧/ی

ئەمموزی/١٨٤٧) نەخشەی رزگاریی سەراپای کوردستانی لە دەس داگیرکەری خەلافەتی موسڵمانەکان دانا و کەوتە راپەڕین و زۆربەی ناوچەکانی کوردستانیشی هەتا مووسڵ رزگارکرد، بەڵام کەزانی (یەزدان شێر) ی ئامۆزای خیانەتی لێ کردوە و پشتی گیراوە، خۆی و شەش هەزار چەکدار لە قەڵای (ئاروخ) دا بەرەنگاریانکرد.. کە بۆی دەرکەوت ئەمەش بێهوودەیە، ئەوسا لەسەر بەڵێنی موسڵمانانەی خەلیفە خۆی دا بەدەستەوە.

عوبێدوڵلای نەهری (١٨٨٠ – ١٨٨٢) پایەدارترین شێخی نەقشبەندیی ناوچەکانی کوردەواریی سەردەمی خۆی بوو، تەنانەت هەزاران موریدی لەناو گەلانی دیکەشدا هەبووە. کە هەڵوێستی رزگاریی کوردستان لە دۆخێکی نالەباری کوردەواریدا زاڵدەبێتە سەری و کورد بۆ راپەڕین سازدەدا، هیچ جۆرە هەوڵێکی ئایینیانەی عوسمانییەکان لەو هەڵوێستەی ساردی‌ناکەنەوە و لەو پێناوەشدا زیرەکانەترین دیپلۆماسییەتی سیاسیش بە پێی زەمان و زەمینەی هەلومەرجەکە لەگەڵ رۆژهەڵاتناسە (کافرەکانی!) رۆژئاواش بەکاردێنێ و دۆستایەتیش لە تەک گاورەکاندا دژی خەلیفەی موسڵمان بە هێز دەکا. دوو جاریش راپەڕین بەرامبەر سەفەوی و عوسمانییەکان بەرپادەکا، دووای شکان، ئەوسا بە گفتە ئایینییەکانی خەلیفە باوەڕدەکا و دەچێتە ئەستەمبووڵ. هەردوو جارەکەش دەست بەسەری دەکەن و دوواجار بۆ سعودییەی دووردەخەنەوە.

شێخ مەحموود (١٩١٧ ـ ١٩٣١) لە پێناوی سەرخستنی راپەڕینەکاندا بە پێی بەرژەوەندیی سیاسی خەباتی کورد چۆنی بە چاک زانیبێ.. دوور لە هەستی ئایینی، لە گەڵ هەموو لایەک وای کردووە؛ تاوێ لەتەک ئینگلیزو تاوێ لەتەک رژێمی پاشایەتی و تاوێ لەتەک کەمالییەکاندا پەیوەندیی هەبووەو، هەتا هەوڵی داوە لەگەڵ بۆلشەویکەکان (کافری موتڵەق!)یشدا پەیمان‌ببەستێ.

لە رۆژگارێکی دوواتریشدا قازی محەمەد (١٩٤٥ – ١٩٤٦) کە لە پێشدا بەهۆی پایەی ئایینییەوە ناوبانگی سیاسیی دەرکرد، کەچی بەپشتیوانیی شوورەوی (کۆمۆنیستی کافر!) بانگی کۆماری کوردستانی راگەیاند؛ ئەوەندەش وێنەی ستالین لە دەزگاو مالانی کاربەدەستانی کۆماردا هەڵواسرابوون، کە کرابووە (کرملین) ێک بۆخۆی.

جگە لە شوورەوی، پێشەوا پەیوەندیی بە ئەمریکا و ئینگلیزیشەوە کردووە، لە سەرجەمی پەیوەندییە سیاسییەکاندا.. مفاوەزات و گفت و گۆکاندا – ئیسلامی نە کردووە بە کۆسپ.

بارزانیش (١٩٣٦ – ١٩٧٥) بە کردەوە رووبەڕووی رژێمی پاشایەتی و قاسم و

عەبدولسەلام و عەبدولڕەحمان و دووچار بەعسییان، بۆتەوە. بۆ سەرخستنی بزووتنەوەی کورد سەرجەم پەیوەندیی بە شووروەی، ئەمریکا، ئێران، ئیسرائیل و دەوڵەتانی دیکەشەوە کردووە و ئایینیش نەبۆتە کۆسپی بەردەمی. بە موسڵمانێتی ڕژێمەکانی عێراقیش نەخەڵەتاوە.

بەو شێوانە دەبینین بە درێژایی ڕاپەڕینە چەکدارییەکانی کوردستان، ئامانجی سەرداران و ڕێبەرانی بزووتنەوە و حیزب و شۆڕشەکانی کوردستان هەر ڕزگاری بووە، باوەڕی ئایینی، مەگەر لە کاتی شکستەکاندا پەنای برابێتە بەر، یان کرابێتە هۆیەکی مفاوەزاتەکان، یان لە مفاوەزاتەکاندا لە ڕووی مەعنەوییەوە باسکرابێ، سەرەڕای ئەوەی، بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و عەسکەرییەکان هەمیشە زاڵبوون و ئایین، هەرگیز سوودێکی سیاسی ئەوتۆی بۆ شۆڕشەکان نەبووە. داگیرکەرانی کوردستان گوێیان نەداوەتە ئیسلام و سەردارانی کوردیش لەم ڕاستییە باش تێگەیشتوون، بۆیە کە ڕاپەڕیون گوێیان لە فیلْ و تەڵەکەی لە ژێر پەردەی ئاییندا شاراوەی داگیر کەران نەگرتووە.

کەچی سەیر ئەوەیە هەتا ئێستاش، زۆربەی ڕۆژهەڵاتناس و مێژوونوسان و دکتۆرەکانی کورد و بیگانەش، ئایین و سیاسەتیان لە خەبات و سیاسەت و مفاوەزاتەکانی کورد جوێنەکردۆتەوە و زۆربەش هۆیەکانی شکستی ڕاپەڕینەکانیان بۆ هۆکاری بەهێزی ئیسلام گێڕاوەتەوە، ئەمەش، هەڵەیەکی گەورەی لێکۆڵەرانی مێژووە.

لە ڕابووردوشدا، ناتوانین تاقە مفاوەزاتێک بە ڕێکوپێکی ببینین و هەڵیسەنگێنین. ئەوەی بووشە، کوتومت ناچێتە خانەی مفاوەزاتی ئوسووڵیی نێوان دوو لایەن، کە لەسەر پرنسیپێکی یاسایی لە سەر کێشەی کورد لەگەڵ داگیرکەراندا لە ئاکامی هاوتایی عەسکەری و جەنگی-کرابن. بەشێوەیەکی گشتیش، بە حوکمی دۆخی کوردستان و پشتیوانی کردنی ئیمپراتۆر و داگیرکەرانی کوردستان دوای ئەوەش، لە لایەنی دەوڵەتانی ئەورووپاوە، کورد هەم لە ڕاپەڕینەکاندا تێکشکاون و ، هەم، لە گفتوگۆ، یان پەیک و پەیام گۆڕینەوەکاندا، مانۆر و تاکتیکی سیاسیی لاواز بەرانبەر داگیرکەران پەیڕەو کراوە، تێکڕای هەوڵە سیاسیەکانیش بە قازانجی دوژمن‌شکاونەتەوە.

## پرنسیپی مفاوەزاتەکانی شۆڕشی ئەیلوول

پێش شۆڕشی ئەیلوول، تەنها ڕاپەڕینی چەکدارانەی بارزانییەکان توانی دوای تۆ مانگی بەردەوام (ئەیلوولی١٩٤٣ - ئەیاری

هەواڵنامەی کتێب

١٩٤٤) لەنێوان ڕاپەڕیوان بە ڕێبەرایەتیی بارزانی و هێزی ڕژێمی پاشایەتی عێراق بە سەرۆکایەتی ژەنراڵی ئینگلیزی (پرۆمیلۆ) سەرکەوتنی عەسکەری بەر چاو بهێنێتە دی و دەوڵەت بە سەرۆکایەتیی (نوری سەعید) بهێنێتە سەر چۆکی مفاوەزات. لە سەر ئاستی بەرزی دەوڵەتیش لەگەڵ نوێنەری ڕاپەڕینەکە و بارزانی چەند جارێک مفاوەزاتیان کردووە.

تەنانەت لە کۆماری مەهابادیشدا مفاوەزاتی ڕەسمی نەکرا و ئەوەی هەشبوو، بۆ دەستخەڕۆکردنی و پاشان بۆ لە ناوبردنی کۆمارەکە بوو.

لە شۆڕشی ئەیلوولدا ـ مفاوەزات بە چەمکە سیاسییە ـ دیبلۆماسییەکەی لەنێوان دوو لایەنی سیاسی کە نوێنەری دوو هێزی ڕەسمی بوون، ئاشکرا هەبووە و جیهانیش ئاگای لێیان بووە. بۆیە دەهێنێ مفاوەزاتەکانی شۆڕشی ئەیلوول هەتا هەرەسی (١٩٧٥) هەڵسەنگێندرێن و تاو و تووی لایەنی گەش و ڕەشیان بکرێ. بە تایبەتی لەبەرئەوەی بزووتنەوەی کورد لە شۆڕشی ئەیلوولەوە چەندین جار مفاوەزاتی لەگەڵ هەندێ ڕژێمی جیاوازدا کردووە، بەڵام ئێستاش پەندەکانی مفاوەزات هەڵنەگوزراون و هەتا دوێ مفاوەزاتی کۆچە جەرگبڕەکەی بەهاری پاریش، سەرکردایەتیی ڕەسمیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کەم بەرنامە دەچێتە سەر مێزی ڕاوێژ لەگەڵ ڕژێمە دوژمنە لە مفاوەزاتدا دەوڵەمەندەکەی عێراق.

بۆ ئەوەی بابەتەکەشمان بابەتی بێ، دەبێ کورتەباسێک لە ستراتیژی کێشەی گەلەکەمان بخەینە ڕوو هەتا پێوەندیی ستراتیژەکە بکەینە پێوانەی ڕاستی و ناڕاستی مفاوەزاتەکان...

کاتێک شۆڕشی ئەیلوولی (١٩٦١) بەرپاکرا، عێراق چوارەمین ساڵی کۆماری دیموکراسیی بۆرژوازی تەواونەکردبوو. کۆمارەکەش، لە ڕژێمی پاشایەتی چێتر دانی بە بوون و هەندێ خواستی کورد دا نابوو:

(قەوارەی عێراق لەسەر بنەمای هاوکاری نێوان تێکڕا هاونیشتمانەکانی و بە ڕێز لێگرتنی مافەکانیان و ئازادیان پێکدێ، عەرەب و کوردیش لەم نیشتمانەدا هاوبەشن و ئەم دەستوورەش مافی تەواویان لەناو یەکێتی عێراقدا دەسەلمێنێ) (١).

پارتی دیموکراتی کوردستان پێشەنگی بزووتنەوەی سیاسیی کورد بوو لە کوردستانی بەشی عێراقدا. پارتی... هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، بەحوکمی لە قاڵبدانی زۆردارانەی ئابووریی کوردستان لە ناو قەوارەی ئابووریی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان و سەپاندنی سیاسەتی (ستالینی) لەمەڕ کێشەی گەلان و شەتەکدانی نادیموکراسیانەی مەسەلە دیموکراتییەکان بە کێشە نیشتمانییە جیاوازەکانی وڵاتانی

هەواڵنامەی کتێب

وەکو عێراقی فرە نەتەوەوە، ستراتیژی دیموکراسیی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی کردبووە ئامانجی خۆی. کە ڕژێمی کۆماری لە ترسی چارەنووسی خۆی، لە سەرئەنجامی قووڵبوونەوەی خەباتە دیموکراسی و چینایەتییەکان، پشتی کردە دیموکراسی، ئاشکرایە کەوا ئۆتۆنۆمیش ناسەلمێندرێ. بە هۆی هەڵگەڕانەوەش لە دیموکراسی لە سەر ئاستی عێراق، خەریک بوو خەباتیش بۆ ڕێلێگرتنی هەڵگەڕانەوەکە و سووربون لەسەر بەدیهێنانی ئەرکەکانی دیموکراسی لەناو خەڵکی عێراقدا بە گیانێکی سیاسیی وشیارانەتر دەبووژایەوە؛ بەڵام پێش ئەوەی نۆخی شۆڕشگێرانەی خەباتەکە بخەملێ، تەنگ و چەڵەمەکانی کوردستان هەم بەهۆی کێشەی نەتەوایەتی و هەم بەهۆی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، زووتر لە مەڵبەندەکانی دیکەی عێراق لە بن بەست نزیکدەکەوتەوە. پێش پێگەشتنی نۆخی شۆڕشگێرانە لە عێراقدا بەبن بەست گەیشتنی سیاسییانەی هەلومەرجی کوردستانیش، بەبێ ئەوەی دەستکاریی درووشمی سیاسی و ئامانجی ستراتیژیی پارتیش لە عێراق و کوردستاندا کرابێ پەلە لە بەرپاکردنی خەباتی چەکداری لە کوردستانداکرا. تەنها شێوەی خەباتی پارتی لە خەباتی سیاسیی ناو شارەکانەوە بۆ خەباتی چەکداری لە شاخەکان، گۆڕدرا.

ئەم خەباتە چەکدارییەش، بەدەرنەبوو لە ڕەوتی زاڵی خەباتی چەکداری لە جیهانی ئەوسادا!

شۆڕشێک دوو ئامانجی پێکەوە گرێدراوی لە عێراق و کوردستاندا هەبێ:

أ- دیموکراسیی بۆ عێراق؛

ب- ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان.

ڕێک ئەوە دەگەیەنێ کە شۆڕشەکە بەرپەرچدەرەوەی ڕژێمە بۆرژوا لە دیموکراتییەت و ئۆتۆنۆمی هەڵگەڕاوەکەیە، بۆ ئەوەی ئەو ئەرکانە لە ژێر فشاری خەباتدا بێنێتە دی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئامانجی پارتی لە دیموکراتییەتدا ریفۆرم کردنی باری دیموکراتیی وڵاتەکە بووە، نەک گۆڕانی سستێمی دیموکراتی بۆرژوازی بە هی دیموکراتی یان سۆشیالیستی. بۆ کوردستانیش، مافی چارەنووس و سەربەخۆیی و...تاد ئامانج نەبووە، بەڵکو پارتی هەر ئۆتۆنۆمیی کردبووە درووشمی خۆی کە ئەمیش ئامانجێکی ریفۆرمی گەلانی جیهانە. ئەگەر ئامانجەکانیش بۆ عێراق و کوردستان ریفۆرم بووبن، هەڵبەتە، ڕێبازی هەردوو ئامانجەکە وێڕای توندی و شەڕی چەکداریش، هەر دەگەنەوە سەر مێزی مفاوەزات. جا ئیتر چەشن و زەمان و زەمینەی مفاوەزات و سیاسەتمەدارانی مفاوەزاتەکان؛ ڕادەی هێز و هاوتایی و لاسەنگیی هێزەکان، سەرکەوتن و ژێر کەوتن،

درێژ و کورتی، چاکە و خراپەی مفاوەزەتەکان دیاری دەکەن. نووسەری گەورەی عەرەب لەم بارەیەوە جوانی گوتووە:

(جەنگ و مفاوەزات هەردووکیان رووکاری ململانێی هێزن لە نێوان ئەو لایەنانەی بەرژەوەندییان دژە و پێداویستیی ئاساییشیان ناکۆکە:

جەنگ تەرازووی هێزی عەسکەری دەنوێنێتەوە.

مفاوەزاتیش دیپلۆماسییانە نواندنەوەی تەرازووی هێزەکانە)(٢).

نموونەی شۆڕشی ئەیلوول، کە بۆ گەلێک بەرپابکرێ و بیەوێ لە ناو قەوارەی وڵاتە داگیرکەرەیدا بمێنێتەوە و شۆڕشیش بکاو بە ریفۆرمیش رازی بێ.. لە مێژوودا زۆر کەم و دەگمەنە. چونکە شۆڕش بە چەمکە زانستییەکەی یان دەبێ سستێم و پەیوەندیی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی رادیکالانە بگۆڕێ .. یان میللەتی ژێردەستە لە داگیرکردن رزگاربکا. دیارە شۆڕشی ئەیلول لەو چەشنە شۆڕشە رادیکالانە نەبوو. لێرەدا جێی خۆیەتی بپرسین ئەگەر وا بێ. ئەدی بە چ پێوانەیەکی شۆڕشگێرانە دەبێ پێی بگوترێ شۆڕش..؟

گرنگترین مەسەلە، کە سیمای شۆڕشی پێ دەبەخشێت تەنها مەسەلە نەتەوایەتییەکەی کوردە کە بێگومانە ئەم شۆڕشە نوێنەرەوەی پەرەسەندنی مێژوویی بزووتنەوەکە بووە لە پێناوی رزگاری و سەربەخۆییدا، بەڵام پارتی ئەو راستییە نەتەوایەتییەی کردۆتە قوربانی ئۆتۆنۆمی!

گەر مەسەلەی نەتەوایەتی لە ناوەڕۆکی شۆڕشی ئەیلول دەرهاوێن، دەبێ پێناسەی شۆڕشی لێ بسەنینەوە. وەلێ، لەبەر ئەوەی مەسەلە نەتەوایەتییەکە وێڕای ستراتیژی ریفۆرمی ئۆتۆنۆمی بە کردەوە ناوەڕۆکەکەی و لە ناخی خەڵکدا، ماکێکی کاریگەر بووە. هەر بەهۆی مەسەلە نەتەوایەتییەکەشەوە توانی جەماوەر لە دەوری خەباتی سەختی شاخ، سەرباری کارەساتەکانیش، کۆبکاتەوە. بۆیە ئەمە شۆڕش بووە.

## ئامانجی مفاوەزاتەکان

شۆڕشێک.. ئامانجەکانی ریفۆرم بن، هەڵبەتە مفاوەزاتەکانیش بۆ هەمان مەبەست دەکرێن. کاتێک بەرنامەی داهاتووی دووری هێزێکی سیاسیش ریفۆرم بێ، بێگومان لەو مفاوەزاتانەی بۆ لایەنی دووری بەرنامەکەشی بیکا، پاشەکشەی تێدا دەکا.

لە دووای کودەتا شوومەکەی شوباتی (١٩٦٣)، لەسەر ئەو بنەمایەی دوژمنی پێشوو لەناوچوو، سەرکردایەتیی پارتی دەستپێشکەری مفاوەزاتی لەگەڵ رژێمە کودەتاچییەکە کرد، سەرەڕای ئەوەی بەعسە کودەتاچییەکان شۆڕشەکەی پێ کۆنەپەرستانەی سەر بە بێگانەش بووە!

دوای دەستپێشکەریی پارتی، رژێم

وەفدێکی باڵای بە دیاریی (لامەرکەزییەوە!) ناردە لای سەرکردایەتیی شۆڕش. ئەو پرۆژەیەی ڕۆژی (٩/ی ئازاری /١٩٦٣) بۆ لامەرکەزییەکەی گەلاڵەکردبووە.. تەنانەت لە پرنسیپی لامەرکەزیش کەمترە. تەنها چوارچێوەیەکی نوێی بەڕێوەبردنی پارێزگاکانی عێراقە.لەمیشیاندا، گۆشەگیرانە تەماشای پارێزگاکانی کوردستان کراوە. (هەولێر، سلێمانی و دهۆک) کراونەتە یەک پارێزگا.

لە بەرامبەر پێشنیارەکەی ڕژێمدا، پارتی گەلاڵەی پرۆژەیەکی سیاسیی دەوڵەمەندی داوەتە ڕژێم، کە شێوەیەک بووە لە فیدراڵ و تەنیا ناو نەنراوە فیدراڵ. ڕژێم بەتوندی ڕەتیکردۆتەوە. دوای ئەمە بارزانی یاداشتێکی بۆ ئۆتۆنۆمیی کەمتر لە گەلاڵەکەی پێشتر داوەتە ڕژێم.. ئەمیش ڕەتکراوەتەوە. ئینجا ڕژێم وەفدێکی بەناوی (وەفدی پەیوەندیی میللی)یەوە ناردۆتە لای سەرکردایەتیی شۆڕش. ئاکام پارتی لە زۆربەی هەڵوێستەکانی پێشووی کە لە گەلاڵەی یەکەم و یاداشتی دووەمدا دەربڕاون، پاشگەزبۆتەوە. بەلایەنی کەمی خواستەکانی کورد ڕازیدەبن، کە باسی ئۆتۆنۆمیش نەکراوە. تەنها باسی (الادارة الذاتیة - خۆ بەڕێوەبردن) کراوە. کەچی کودەتاچییەکان بەمەش ڕازینابن و ڕۆژی (٩-١٠/ی حوزەیرانی/١٩٦٣) جەنگی لەناو بردنی کوردیان بەو پەڕی قینی بەعسیانەوە ڕاگەیاند.

## هەڵسەنگاندنی مفاوەزاتەکە

ئەم مفاوەزاتە یەکەمین ئەزموونی ڕەسمیی نێوان ڕژێم و شۆڕشە، لە شۆڕشی ئەیلوولدا. لێرەوە، بناغەی دیپلۆماسییەتی سیاسەتی کوردی لە مێژووی نوێماندا دادەڕێژرێ.. بۆیە هەڵسەنگاندنی هەمە لایەنەی ئەم مفاوەزاتە ڕەوتی مفاوەزاتەکانی دیکەش دەردەخا.

پێشەکی دەبێ بگوترێ کەوا بەعس، ڕاستە دوژمنێکی شۆڕشی کوردی رووخاند، بەڵام خۆیان لە ڕژێمی قاسم باشتر نەبوون. بە ئەندازەی ڕژێمی قاسم نە دیموکراتی و نە باوەڕیشیان بە نیمچە چارەسەری کێشەی کورد نەبووە:

[چەپەڵیی دەستە و تاقمی بەعس و (حەرەس قەومی)یان، هەتا لەلایەن (میشیل عەفلەق)ی سکرتێری گشتییشیانەوە نەفرەتی لێکراو بە خوێنڕێژ تاوانباری کردن][٣].

وێڕاش، سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد بەو مەبەستانەی بۆ بزووتنەوە چەکدارییەکە بە چاکی زانیووە و دەستپێشکەری مفاوەزاتی لەگەڵ کودەتاچییەکاندا کردووە. یەکەمین گەلاڵەی پێشکەشکراوی پارتی بۆ ڕژێم لە ڕووی سیاسییەوە تەسەلە، بەڵام ڕاستەوخۆ باسی گرنگیی دیموکراسیەت و بەدیهێنانی ئەرکەکانی دیموکراسیی

هەواڵنامەی کتێب

لەعێراقدا نەکردووە. بەرە بەرە پاشەکشە لە زۆربەی هەڵوێستەکانی پارتیدا زەقتر دیارە. هەتا کار گەیشتۆتە رادەیەک کەوا کاتێ (وەفدی پەیوەندیی میللی) لەگەڵ (بارزانی، برایم ئەحمەد، جەلال تاڵەبانی و نووری شاویس..هتد)دا لە (چووار قورنە) دانیشتوون، کێشەکەیان لە شەش خاڵدا ساغ کردۆتەوە. لە خاڵە ساغکراوەکاندا نەک باسی دیموکراسی بگرە باسی ئۆتۆنۆمیش نەکراوە. سەرەڕا.. ڕژێم بە پاشەکشەکە رازی نەبووە. لەم مفاوەزاتەدا، جگە لە چاوپۆشین لە گەوهەری شۆڤێنیی ڕژێم، لە سەر زۆربەی ئامانجە ریفۆرمییەکانی پارتیش، سەرجەم سەرکردایەتی پارتی (پێش قووڵبوونەوەی ناکۆکیش) سازشیان کردووە. بە بێ ئەوەی ڕژێمی بەعس زۆر بەهێزبووبێ، یان پەیوەندیی عەرەبی و جیهانیی کاریگەریشی هەبووبێ؛ جگە لەوەی کە بزووتنەوەی سیاسیی ناو عێراق و خەڵکی عێراقیشی لە خۆی کردبووە دوژمن. تەنانەت دۆخی شۆڕشی کورد لەناو هێزە سیاسییەکانی عێراق و لای میسر و لای شوورەویش .. باشتر بووە. کەچی سەرەڕای ئەم هەلومەرجەش سەرکردایەتیی پارتی و بارزانی زۆر نەرمییان لەگەڵ بەعسدا نواندووە. بەم نەرمی نواندنەش، ڕەنگڕێژی دیپلۆماسییەتی چۆنیەتیی مفاوەزات کردنی شۆڕشی کورد دووای سێ ساڵ شەڕی خوێناوی .. بۆ ڕژێم کرا. سەنگی مفاوەزات کە هەر بەوە سووکبووە کە شۆڕش خۆی داوای مفاوەزاتی لە کودەتاچییەکان کردووە؛ ئەگەر لە سەرەتاوە بەرنامەی پارتی تەسەلیش بووبێ، ئەوا سەرەنجامی دانیشتنەکان گەیشتۆتە رادەیەکی ئەوتۆ بۆ ڕژێم دەرکەوتبێ ئەو دەستپێشکەرییەی پارتی بۆ مفاوەزات قابیلی سەپاندنی ڕێکەتننامەیەکی لاوازە .. لاوازتریش لەوە کە پارتی لە تەک (وەفدی پەیوەندیی میللی) ساغیکردۆتەوە. چونکە لە کاتی مفاوەزاتدا مەترسییەکی گەورەیە دوژمن دڵنیابێت شۆڕش ئامادەی پاشەکشە و سازشە.

## دووەمین کودەتا و دووەمین مفاوەزات و دووبەرەکی!

دوای دووەمین کودەتای (عەبدولسەلام عارف) بەسەر بەعسدا (١٨ / تشرینی دووەمی ١٩٦٣) پاش دوومانگ بارزانی بەیاننامەیەکی بۆ ئاشتبوونەوە دەرکرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:

(بۆ بەدەنگەوەهاتنی ئارەزووی سەیدای سەرۆک کۆمار موشیر روکن عەبدولسەلام محەمەد عارف و بۆ پاراستنی ریزی یەکگرتووی نیشتمان و ڕاگرتنی خوێن ڕشتنی بێ تاوانان و کۆتایی پێهێنانی شەڕی براکوژی، و بۆ سەلماندنی نیەتی پاک لای دەسەڵاتداران بڕیارمان‌دا:

دەستپێشکەری راگرتنی شەڕبکەین و داوا لە براکانم بکەم بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان و تەرخانی کاروباری چاکخوازیان بن.

بەمەش بوار بۆ دەسەڵاتی نیشتمانی دەکرێتەوە دەستپێشکەری هەنگاوە پێویستەکان بۆ گێڕانەوەی تەبایی و ئاسایی و ئاسایشی سەقامگیر لە ناوچەکەدا بگاو هەل بۆ سەلماندنی مافی میللیی هاوولاتی کورد لە ناو گەلی عێراقدا لە یەکێتییەکی نیشتمانیدا برەخسێ و بنەمای برایەتیی کورد و عەرەب لە سەر پتەوترین ڕێسا دابڕێژرێ، کە لە خراپەی بپارێزێ و لە دەسیسەی کۆلۆنیالیزم و تێکدەران و چاوچنۆکانیشی بپارێزێ و بە دووریخاتەوە.

هەموانیش بزانین کەوا چەسپاندنی یاساو دابینکردنی ئاسایش و رژێم لە ناوچەکەدا دەستەبەری چارەسەرکردنی هەموو کێشەیەکە چەند ئاڵۆز بێ.

یەزدان ئاراستەکەری هەنگاوی دڵسۆزان بێ. کۆششەکانیان بۆ چاکەی گەل و نیشتمان و یەکێتی و ئاسودەیی و نەش و نما سەربخا.

خواش لە مەبەست بە ئاگایە. مستەفا بارزانی (١٠/ی شوباتی/١٩٦٤)(٤).

دوای ئەم بەیانە رژێم بەناوی سەرۆک کۆمارەوە بەیاننامەی (ڕاوەستانی کاری عەسکەری) بلاوکردەوە و تیایدا ئاماژە بۆ (گەلی کورد) و (کوردستان) و (شۆڕش و پارتی) نەکراوە.

بەوەش.. درزە سیاسییەکانی ناو پارتی قڵیشان و لە ناو پارتیدا، قڵیشایەوە !

کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دژی هەڵوێستەکەی بارزانی بوون، ناکۆکییەکانی پێش و کاتی مفاوەزاتەکە قوڵبوون و گەیەندرانە بەستنی کۆنفرانسی پارتی لە (٤/ی نیسانی/ ١٩٦٤) کە تیایدا پێشنیاری دەرکردن و تەرەکردنی بارزانی هاتە ئاراوە.

دووای مشت و مڕێکی زۆر لەگەڵ رژێم و لەناو پارتیدا، لە (١١/ی تشرینی یەکەم/ی ١٩٦٤)دا، بارزانی هەڵوێستێکی دیکەی دەربڕی و خواستەکانی کوردی بە درێژی لە ئۆتۆنۆمیدا خستە ڕوو. بەمەش، جیاوازییەکی زەق لەنێوان هەردوو هەڵوێستەکەدا لە مەڕ چۆنیەتیی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەدیدەکرێ. جیاوازییەکانیش، لە رووی ئسوڵی سیاسییەوە دەبێ ڕاستییەکی گشتی سیاسی بگەیەنێ؛ ئەویش ئەمەیە کەوا بارزانی لە هەڵوێستی نەرمی یەکەمیدا بەرامبەر رژێم مەبەستی ئەوە بووە رایانبکێشێ بۆ مفاوەزات و لە رێی راگەیاندنی خۆیانەوە هەم خەڵکی عێراق و هەم رای گشتی جیهان بزانن کەوا کورد شۆڕشی کردووە نەک یاخیگەریتی کۆنە پەرستانە، وەکو رژێم بوختانیان بۆ دەکا. دووای ئەوەی بارزانی ئەم مەبەستەی بۆ

چۆتە سەر پاشان گەلاڵەی دووەمی دەوڵەمەندو بەپێزتر بڵاوکردۆتەوە. ئەمە لێکدانەوەی گشتی دیاردەکەیە بە پێی ئسوڵی سیاسەت و مانۆڕی دیبلۆماسییەت، بەتایبەتی بارزانی داخی بێدەنگی چلەکانی نابێ بیرچووبێتەوە، کە بەرامبەر راپەڕینەکانی بارزان هەبوون. بەلاّم ... هەموو مەسەلە سیاسییەکان لە چووار چێوەی ئەو لێکدانەوە گشتییەدا دەرناکەون بە تایبەتی کە دەزانین هەڵویستی بارزانی لە لایەن مەکتەبی سیاسی و زۆربەی کۆمیتەی ناوەندیی پارتییەوە رەتکراوەتەوە.

دوای بەیاننامەی یەکەمی بارزانی لەناو پارتیدا گرفتەکان زەق بوون؛ گەلاڵەی پرۆژەی دووەمی بارزانی مشت و مڕی خستە ناو رژێم. رژێم فشاری دەبرد بارزانی بەرامبەر خۆیان نەرمتر و لەناو پارتیدا رەقتر بێ، پارتیش فشاریان دەکردە سەر بارزانی لەناو پارتیدا نەرم و دژی رژێم رەق بێ.

رژێمیش.. ئاگای لە ناکۆکییەکانی ناو پارتی هەبوو، پارتیش ئاگای لە تەنگ و چەڵەمەکانی رژێم هەبوو. هەردوو دەیانویست خاڵە لاوازەکانی یەکدی بقۆزنەوە.

دوای رەتکردنەوەی گەلاڵەی دووەمی بارزانی، رژێم عەبدولرەزاق سەیید مەحموود- پارێزگاری سلێمانی - یان نارده لای بارزانی و هەردووکیان پرۆژەیەکی مۆرکراویان لە حەوت خاڵدا راگەیاند؛ باسی (گەلی کورد) و (پارتی) و (کوردستان و شۆڕش) لە پرۆژەکەدا نەهاتوون.

ئەم رێکەوتنە دۆخی نە شەڕ و نە ئاشتی لە کوردستاندا هەتا ساڵی (١٩٦٥) خوڵقاند، ئەمەش لە مێژووی شۆڕشەکانی کوردستاندا بێ هاوتایە. بێگومان بە نەخشە، یان هەردوو لا بۆ پیادەکردنی نەخشەکانی ناو خۆیان و بەرامبەر یەکتریش - لە راگرتنی ئەو دۆخەدا بەرژەوەندییان هەبوو. لەو ماوەیەدا کورد نەک لە رژێم هیچ دەستکەوتی سیاسی و یاسایی نەبوو، بەڵکو زیانیشی بەرکەوت. گەورەترین زیانیش، تەقینەوەی ناکۆکییەکانی نێو پارتی و شۆڕشەکە بوو هەتا گەیشتیشە رادەی یەکەمین شەڕی شوومی براکوژی لە (١٢/ی تەممووزی/١٩٦٤)دا.

تەقینەوەی ناکۆکییەکانی ناو پارتی لەسەر مفاوەزات ئەو دەردەخەن کە پێش مفاوەزاتەکە و هەڵوێستە نەرمەکەی بارزانیش، ناکۆکی لەناو سەرکردایەتیی پارتیدا بووبێ، بەلاّم مفاوەزاتەکە زەقی کردۆتەوە. باشترین بەڵگەش ئەوەیە کە (مەکتەبی سیاسی) لە کاتی مفاوەزاتەکەدا رەخنەیان تەنها لە نەرمیی لە رادەبەدەری بەیاننامەکەی بارزانی نەبووە، بەڵکو باسی تاکرەویتی و خێڵەکێتی و پێشێلکردنی گیانی دیموکراسی و حیزبایەتیشیان کردووە.

هەڵسەنگاندنی ئەم مفاوەزاتە.. ئەوە

دەردەخا کە جگە لەوەی ئەسڵەن باسی دیموکراسی بۆ عێراق هەر نەکراوە (بەشی یەکەمی ئامانجی پارتی)، تەنانەت ئۆتۆنۆمیش فەرامۆشکراوە (بەشی دووەمی ئامانجی پارتی) - دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان - . سەرەڕای ئەوەی ئەو ئامانجانەش فەرامۆش کراون، بەلای شەڕی برا کوژیش سەری هەڵداوە.

مێژووش سەلماندی کەوا.. چەند نەرمییەکەی بارزانی لە مفاوەزاتەکەدا بێ ئەنجام بووە، رەقییەکەی (مەکتەبی سیاسی)ش بەرامبەر نەرمییەکەی بارزانی نەک پارسەنگی زیانەکەی نەدایەوە، بەڵکو بارەکەشی هەڵدێرا! بارزانی کە نەرم بوو لە شاخدا مایەوە و درێژەشی بە جەنگی بەرگری دا.. مەکتەبی سیاسیش کە رەق بوو لەگەڵ رژێمدا رێک کەوت و رەقییەکەشی کردە بارووتی شەڕی ناوخۆ لەگەڵ باڵە نەرمەکەدا.. ئەویش لەپاڵ هەمان رژێمەوە کە رەق بووە بەرامبەری!!

دوای بیست ساڵی رەبەق لەو رووداوانە لە کارەساتی تەقینەوەی ناکۆکیی لاوەکی ناوخۆ، جەلال تاڵەبانی ئەو ئەنجامە ئاوا هەڵدەهێنجێ:

(شتێکی لێرەدا پێویستە باسی بکەین ئەوەیە کە (م.س)ی ئەوسای پ.د.ک کەوتە هەڵەیەکەوە کە گوایە بارزانی ئیتر ئاشبەتاڵی کرد و تەواو، ئیتر شۆڕشەکەی بڵاوەپێدەکات و پارتیش هەڵدەوەشێنێتەوە ..تاد)(٥).

ئەم هەڵەیە سەبارەت بە بارزانی؛ لە لایەکەوە دەری دەخا کە نەرمییەکەی بارزانی چەند پەیوەندی بە شۆڕش و رژێمەوە بووبێ هێندەش بۆ یەکالاکردنەوەی ناکۆکییەکانی ناو پارتی بووە؛ لەلایەکی دیکەشەوە دەیسەلمێنێ کە رەقییەکەی مەکتەبی سیاسیش کاردانەوەی سیاسەتی حیزبایەتی بووە نەک زەرورەتی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی پرۆسەیەکی سیاسی.

## شەڕی سووتماک و دیسان مفاوەزات!

بەهۆی زاڵیی سیاسەتی شۆڤێنیستانەی رژێم و قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانی ناو پارتییەوە، دۆخی کوردستان ئاڵۆزا. پارتی کرایە دوو پارتی و بە ناوی هەردوو پارتیشەوە گفت و گۆ لەگەڵ رژێم کرا. (پێش ئەوەی باڵی مەکتەبی سیاسی بچێتە پاڵ رژێمیش).

دوای نائومێدیی سەرکردایەتی بارزانی لە رژێم، لە (١٩٦٥/٢/١٠)دا، مانگرتنی گشتی لە کوردستاندا سازدرا. ئەمیش بێهوودەبوو، بۆیە شەڕ بەلام شەڕی سووتماکی کوردستان سەپێنرایەوە سەر کورد و کوردستان. ئەمەش زایەڵەی کێشەی کوردی زیندەتر لە رابوردوو ناساندە رای

گشتی جیهان. پێشمەرگەش.. سەرەڕای مفاوەزاتە نەزۆکەکان و تەقینەوەی ناکۆکییە لاوەکییەکانی ناوخۆ، بەرەنگاریی جوامێرانەی دەکرد.

لە گەرمەی ئەو ڕووداوانەدا (عەبدولسەلام عارف) و بڕێ لە کاربەدەستە ڕقاوییەکانی بەرامبەر بەکورد لە کەوتنی کۆپتەرەکەیاندا بوونە قەقنەس و دیسان بارزانی.. یەک لایەنە، بۆ ماوەی مانگێک شەڕی ڕاگرتەوە. کەچی سەرباری گرفتە قووڵەکانی ڕژێم و دەرقەت نەهاتنی پێشمەرگە، ڕژێم سووربوو لەسەر درێژەپێدانی شەڕ. گومانی تێدا نییە ئەم سووربوونەی ڕژێم بەشێکی زۆری بۆ تەقینەوەی ناکۆکییەکانی ناو پارتی دەگەڕێتەوە ! ئەمجارەش.. شەڕی سووتماک دژی کورد بێهوودە بوو. دووای سرتە سرت و گۆڕانی ئەنجوومەنی وەزیران و فشاری ڕووداوەکان، ڕژێم پرۆژەی (٢٩/ی حوزەیرانی/١٩٦٦)ی لە (١٢) خاڵی (لامەرکەزیدا) بڵاوکردەوە. بارزانی دەست بەجێ پەسەندی کرد.

ئەم پرۆژەیە زیندەتر لە هەوڵەکانی پێشووی ڕژێم ناوبانگی دەرکرد و کێشەی کوردی ڕاگرت، بەڵکو بزووتنەوەی کورد تێکڕا ئومێدی زۆریان بەم پرۆژەیە هەبوو، هاندەرەکەشی تەقینەوەی ناکۆکییەکانی ناوخۆ بوو، بۆیە هەردوو لا بە دووای چارەسەردا گەڕاون.

لە کاتێکدا پرۆژەکە زۆر لە ئۆتۆنۆمی کەمتر و زیاتریش کوردستانی لە قاڵبی عێراق و هی نەتەوەی عەرەبیش دەدا؛ بۆ تەسکینی دەروونیش باسی (کوردستان) و (شۆڕش و پارتی)ی نەکراوە، سەرەڕاش، پارتی سەرجەم بە ڕوانگەی جیاوازیشەوە، پرۆژەی (٢٩/ی حوزیران) یان پەسەندکرد.

لەسەر ئەم مفاوەزاتە.. سووکە ئومێدێک هەبوو کێشەکانی ناو پارتی خاوێنکرێتەوە، بەڵام نەچووە سەر. دووای ئەوە ناکۆکییەکان ئاڵۆزێندران و تاوانی زل زل خرانە پاڵ یەکدی، بەکورتییەکەی: گەیاندیانە بنبەست!

کاتێک لە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی میللەتێکدا دیموکراسی نەبێ و دەنگی تفەنگ زاڵبێ، نەهامەتییەکانی ئەو میللەتە (تاعونی شەڕی ناوخۆ) بڵاودەبێتەوە.

کوردستان لەو ساڵانەدا، کرایە شانۆی ڕووداوی عەسکەری و سیاسیی سەمەرە: هاوکاتی دنەدانی شەڕی ناوخۆ، کەناڵەکانی مفاوەزاتیش لە ڕووی هەرتک باڵی پارتیدا دانەدەخران:

- شەڕی لەناوبردنی کوردو کاولکردنی کوردستان.
- مفاوەزاتی تەفرەدان و چەواشەکردنی گەلەکەمان.
- قووڵکردنەوەی شەڕی ناوخۆ و بێ بایەخکردنی خەباتی ڕزگاری.
- فراوانکردنی تەعریب و تەهجیر و ..

پاشان تەبعیسیش.. تاد سیما دزێوەکانی پاش سەرنەگرتنی مفاوەزاتی (٢٩)ی حوزەیران لە کوردستاندا.

لە شاخ و دێهاتدا شەڕی سەخت دەکرا، کەچی لە پایتەختدا رۆژنامەی (التآخی-پارتی) رێگە دەدرا. هاوشانی (التآخي)یش، هەر بەناوی پارتییەوە، رۆژنامەی (خەبات-پاشان «النور») بڵاودەکرایەوە. پەیتا پەیتاش ئەم و ئەو لە کاربەدەستان دەکرانە (فریشتەی ئاشتی) و بۆ (ئاشتی!) دەنێردرانە کوردستان.

لەو ماوەیەدا کە پرۆژەی (٢٩)ی حوزەیران دەرکرا، بەسەربەکەوە لە پاش مردنی (عەبدولسەلام)یش، هەمدیس پارتی و بارزانی، دەستپێشکەرییان لە مفاوەزاتەکان و شەڕ راگیران کرد:

هەڵسەنگاندنی ئەو زنجیرە سیاسەتەی مفاوەزاتیش.. ساغی‌دەکەنەوە کەوا هەموو دەستپێشکەرییەکانی مفاوەزات و شەڕ راگیران، لە سنووری مانۆر چۆنەتە دەرەوە و رژێم ئەم راستییەی چاک زانیووە. بۆیە، لە هەموو مفاوەزاتێکدا، وێڕای لاوازیی رژێم و مەترسیی کودەتاو ئاستەنگی ئابووری و سیاسی و جیهانی .. تاد هەر رژێم پاڵە پەستۆی کردۆتە سەر شۆڕش و شۆڕشیش بەردەوام پاشەکشەی لە هەڵوێستەکانی کردووە.. لە پێشەوەی هەموو پاشە کشەیەکیشدا، وازهێنان لە درووشمی دیموکراسی بۆ عێراق کراوەتە سیاسەتێکی ئاسایی سەر مێزی مفاوەزاتەکان. باسنەکردنیش لە ئۆتۆنۆمی گران نەبووە. هیچ جارێکیش بیر لەوە نەکراوەتەوە، کەوا ئەو هەموو دەستپێشکەرییە لە گەڵ حکوومەت بۆ مفاوەزات و ئاشتی و شەڕ راگیران.. هەڵوێستی شۆڕش لای رژێم لاوازدەکاو سەرەنجام دەشبێ پاشەکشە بکرێ. بە کردەوەش پاشەکشە کراون، بەڵام رژێم ئامادەی رێکەوتنی (لامەرکەزیش) نەبووە و شەر هەڵگیرساوەتەوە. کوردی پەروەردەی کوێرەوەریش.. هێندەی رق لە داگیرکەر بووە.. ئیدی لاوازیی مفاوەزات و پاشەکشە لە هەڵوێست و هەڵەکان کە دەکران کەمتر کاریان لە ناو خەڵکدا دەکردو دوای هەموو سازشێک خەڵکێکی زۆر لە دەوری شۆڕش کۆبوونەتەوە. چونکە هەموو جارێک بە هیوای رزگاری نەتەوەیی خەڵک بێ وردبونەوە دەخرانەوە جۆش !

## یانزەی ئازار و سارێژی ئازارەکان

١١/ ئازاری/١٩٧٠/ لە چاو ئەو مفاوەزاتانەی لە ساڵی (١٩٦١) وە کراون، گرنگترین رێکەوتننامەی دانپیانراوی رژێمی عێراقە بە مافەکانی گەلی کوردا.

رێکەوتننامەکە زۆر گەورە کراوە. لە راستیشدا وا نییە. یان با وردتر بڵێین: راستە لە چاو مفاوەزاتەکانی رابوردوودا، ئەم رێکەوتننامەیە گرنگە، بەڵام ئەو

کاریگەرییەی ڕێکەوتننامەکە هێندەی پەیوەندیی بە هەلومەرجی سیاسیی عێراق و کوردستان و ناوچەکەوە هەیە، هێندە پەیوەندیی بە گەوهەری خودی ڕێکەوتننامەکەوەنییە.

ئەگەر بە وردی سەرنجی بەیاننامەکە بدەین و دوورکەوینەوە لە کاری سیاسی ڕۆژگاری بەیانی ئازار، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە نەک هەر کەموکووڕی، بەڵکو لە دو توێی ڕێکەوتنەکەو لە نەخشەکانی بەعسدا، مەترسیی ترسناک خزیان مەڵاسداوە؛ ڕووداوەکانی دوای (١٩٧٤) دەریان خست کە بەعس لە بەیانی ئازاردا دیماگۆگیەتییەکی بەر فراوانی بۆ شۆڕشی چەواشە بەکارهێناوە.

لە ڕێکەوتننامەی (١١)ی ئازاردا سێ مەسەلەی هەرە گرنگ بە ئەنقەست و بە مەبەست فەرامۆش کراون:

یەکەمیان: بەدیهێنانی دیموکراسیی بۆ عێراق و دوور خستنەوەی سیاسەتی تاک حیزبی.

دووەمیان: یاسنەکردنی بڕیاردانی خۆیی مافی چارەنووسی گەلی کورد.

سێیەمیان: دانپیانەنانی ڕۆڵی پارتی لەناو بزووتنەوەی کورد دا بۆ چۆنیەتی چارە سەرکردنی کێشەی گەلەکەمان.

بەعس ڕژێمێکی بە ئەزموون بووە، کاتێک ڕێکەوتننامەی ئازاری ئیمزاکردووە باش زانیویەتی بەیاننامەکە لە ڕووی پراکتیکەوە چ کارێک دەکاتە سەر نۆخی عێراق و کوردستان و.. چەندیش ڕۆڵی پارتی و بارزانی لە جیهان و ناوچەکەو لەناو گەلی کورددا بەرزدەکاتەوە.

کاتێک دیموکراسی بۆ عێراق پێوەندگی چارەسەرکردنی سەرجەم گیروگرفتەکان نەبێ و..؛ ڕۆڵی پارتیش کەم بایەخ بکرێ و.. ؛ مافیچارەیخۆنوسینیش فەرامۆش کرابێ.. کە ئەوانە لە بەیانی ئازاردا وابن.. کەواتە..

چووار ساڵ زۆرە بۆ بەعس تا بتوانێ سوپاکەی تەیاریکاتەوە، گرفتەکانی چارە سەربکا، مەترسییەکانی بڕەوێنێتەوە و پاشان بکەوێتە جێبەجێکردنی پیلانەکانی، بەڕاستی بەعس بە پای پیلان پەیمانی لە گەڵ پارتیدا بەستووە. لەپێشەکیی بەیاننامەکەدا ئامانجیان لە دەرکردنی بەیانی یانزەی ئازار ئاوا دەردەبڕن:

(سەرەڕای پاشماوەی زۆری گرفتە ئاڵۆزەکان کە ڕووبەڕووی شۆڕش لە سەرەتای لە دایک بوونییەوە بوونەوە بەڵام بە لێبڕاوی و بڕواوە بەردەوام بوو لە پێناوی ڕزگاریی عێراق لە پاشماوەی کۆلۆنیالیزم و بەکرێگیراوی و هەڵگەڕانەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەستی کرد بە کارکردن بۆ دابینکردنی سەرجەم مەرجە گرنگەکانی بینای نوێی عێراق، کە تیایدا هاونیشتمانیان

بەڕاستی و یەکسانیی راستەقینە ماف و ئەرک و هەلی چوون یەکیان بۆ برەخسێ و ئاسۆی بەردەم جەماوەری گەل بە کۆمەڵ بە گیانی نیشتمانپەروەرێتیی دڵسۆزانە بۆ یەکێتی خاکی نیشتمان و یەکێتی گەلەکەی و ئامانجە بنەڕەتییە گەورەکانی لە (الوحدة القومیة والحریة والاشتراکیة) ئاوەڵا بکرێ*(٨).

ئەم دەقە، سەلمێنەری ئەو راستییەن، کە بەعس لە روانگەی بەعسییانەی تەسکی خۆی و لە پێناوی ستراتیژی ناسیۆنالیستی عەرەبیدا بەیانی (١١)ی ئازاری مۆرکردووە و مەبەستیشی بووە لەو ماوەیەدا تەواوی گەلانی عێراق بە کورد و کەمینەکانیشەوە لە قاڵبی بەعسیانە بدا.

هاوشانی ئەو نەخشەیەی بۆ پاشەڕۆژ بەعس کێشاویەتی، ئەوەی بەدیدەکرێ وەکو رژێمەکانی پێشوو، هەروا وەکو ئەزموونی (١٩٦٣)ی خۆشیان ئەمجارەیان نەهاتونەتەپێش، بەڵکو سیستیماتیکیانە سیاسەتەکانیان داڕشتوە و گفتی زۆرتریان داوە هەتا نۆخەکە بە چەشنێ دابین بکەن لە پەنایەوە بیانپەڕژێنە سەر نەخشەکانی پاشە رۆژیان.

بزووتنەوەی کورد .. و سەرکردایەتی (پارتی - بارزانی) لە مفاوەزاتەکانی رابوردوودا بەکەمترین خواستی سیاسی رازی بووین، دیارە ئەمجارەش گەرمتر بە (١١)ی ئازار رازی بوون. جگە لەوەی بەیانی ئازار دەستکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاسایی و رۆشەنبیریی هێنایەکایەوە، پێمان وایە گەورەترین دەستکەوتی بزووتنەوەی کورد چارەسەرکردنی سیاسییانەی ناکۆکییەکانی ناوخۆی کوردایەتی بوو.

بەیانی ئازار دووای شەش ساڵی رەبەق لە کێشەی سیاسی و جەنگێکی ناوخۆی خوێناویی بێهوودە سەرکەوتن بوو. زۆربەی خەڵک، لە بەیانی ئازاردا چاوەڕێی هەڵمەتێکی فراوانی تۆڵەسەندنەوە لە (پارتی شۆڕشگێڕ) بوون، پێشم وایە هەم هێزی پارتی و هەم سایکۆلۆژییەتی ئەوسای جەماوەر ئامادەی هەڵمەتێکی وا بوون، بەتایبەتی لە مانگەکانی یەکەمی راگەیاندنی بەیانی ئازاردا، .. ئا لێرەدا دەرس و پەندێکی گەورەی مێژوویی بۆ مێژوو جێی خۆیەتی بۆ نەوەکانی نەتەوەی کورد و ئایندەی بزووتنەوە سیاسییەکەی باسبکەین، بەتایبەتی جەنگی ناو خۆی شەستەکان، دەورانێکی سیاسیی ئاڵۆز و سەختی گەلەکەمانە و هەتا ئێستا، جگە لە بڕیار و بیروڕای جەمسەرەکانی ناکۆکییەکە باسێکی بابەتیانەی لەسەر نەنووسراوە. هەردوو لایەنیش، هەتا ئێستاش، لە بەرژەوەندیی

*هێڵی تۆخکراوەی ژێر دوا دێڕەکان بە مەبەست کێشاومانن و ئامانجەکانی بەعسیشمان وەرنەگێڕاوە.

حیزبایەتییەوە دەڕواننە ڕابوردوو، تەنانەت بەڵگەنامەکانیشیان نەخستۆتە ڕوو، بێگومان، ئەو دەورانە، گەلێ ڕاستی شاراوەی هەن باسنەکراون، گەلێکیشی چەواشەکراون، هەندۆکەیەکیشی زانراون!

لێرەدا، تەنها سێ ڕاستی باسدەکەین، دووانیان تایبەتی هەردوو لایەکەی پارتی و دوو بەرەکییەکەن ، یەکێکیشیان سیاسی و گشتییە.

یەکەمیان: بڕیاری ئاشتبوونەوەی گشتیی بارزانی لەگەڵ (پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان)دا، ئەوپەڕی دووربینیی سیاسی و ئاستی ڕێبەرایەتی هەڵسووڕاندنی بزووتنەوەی گەلەکەمان و کوردایەتیەکەی، دەردەخا.

بەم بڕیارە، بارزانی خەتەرترین بواری خوێناوی لە بەردەم بەعسدا تەنییەوە و ئەمەش بەڵگەیەکی گرنگە کە بارزانی وێڕای گەورەکردنی بەیانی ئازار، متمانەی بە بەعس نەبووە و زانیویەتی ڕێکەوتنی تەواو لەگەڵ بەعسدا مەحاڵە. بێگومان.. هەر ئەم متمانە نەکردنەشی بە بەعس هۆ بووە بۆ سەرنەدانی بەغدا و بینینی کاربەدەستان.

دووەم: (پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان)یش، ڕاستە دوای بەیانی ئازار تێک شکابوون و توانای عەسکەرییان نەمابوو بەڵام لە بەعس و پیلانەکانی گەیشتوون و دووریش نییە لە پەناوە پەیمانیشیان درابێتی کە لە ئایندەدا پشتیوانییان دەکەنەوە، وەلێ، چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆیان هەڵبژاردووە و نەیانویستووە دوژمن بە پێی پیلان جارێکی دیکەش وازی بە ناکۆکییەکانەوە بکا. دەریش کەوت بەعس نەک لەگەڵ ئەماندا، بەڵکو لەگەڵ کەسانی کەم توانا و بێ پایەش لەناو میللەتەکەماندا، هەوڵی بووژاندنەوەی ناکۆکییەکانی ناو پارتی و کوردایەتی دایەوە (مەلا ماتوڕ، شێخ سەتار)، دوای ئەمان، هی نوێنشی قوت کردەوە!!

سێیەم: بڕیاری ئاشتبوونەوەی بارزانی لەگەڵ پارتی شۆڕشگێڕ و بە دەنگەوە چوونی بڕیارەکەش، جگە لە تەنینەوەی بوارەکانی پیلان گێڕانی دوژمنانی گەلەکەمان، دەریشی خست کەوا کێشە سیاسییەکانی ناو بزووتنەوەی میللەتێکی ژێردەستە، بەقینەبەرایەتیی تفەنگ چارە سەرناکرێ، هەروەک بە تۆمەت و دوژمنایەتیی خوێناویش یەکالا ناکرێتەوە. سەرەنجامی جەنگە

هەواڵنامەی کتێب

ناکرێتەوە. سەرەنجامی جەنگە ناوخۆییەکان، هەر ناو و ناتۆرەیەکی لێنرێ و، پاساوی تیۆری و سیاسی و ئایدیۆلۆژی بۆ دارێژرێ.. گفتوگۆ و ڕێکەوتنەوە، دەبێ لەسەر حسابی خوێنی دەیان و ... سەدان و ... هەزاران قوربانییەگەل وزەحمەتکێشانی گەل.

## گوشراوێکی چڕی مفاوەزاتەکان

لە سەرجەم مفاوەزاتەکانی رابوردوودا، چەندین ڕاستی سیاسی و مانۆڕی دیپلۆماسی دەکرێ هەڵگۆزین، لەوانە:

١- سەرەڕای ئەوەی پارتی بە درێژایی مێژووی دامەزرانی دروشمی دیموکراسیی بۆ عێراقی بەرزکردۆتەوە، بەڵام کاتێک بڕیاری سیاسی و عەسکەری لە شۆڕشی ئەیلول بەدواوە کەوتۆتە دەستی پارتی، بۆ تاقە جارێکیش لە هیچ مفاوەزاتێکدا بارزانی و سەرکردایەتی پارتی سووربوون لەسەر دابینکردنی دیموکراسی و بەبێ هیچ زەمانێک لەسەر دیموکراسی ئامادەی ڕێکەوتن‌بوون لەگەڵ حکومەتەکانی دژی دیموکراسی عێراقی؛ لە حکومەتی قاسمەوە هەتا بەعس.

٢- هەموو حکومەتەکانی عێراق، بە جیاوازیی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و پەیوەندیی عەرەبی و جیهانییانەوە، ئامادەنەبون کێشەی کورد چارەسەربکەن و لە هیچ مفاوەزاتێکدا ڕاستگۆ نەبوون.

٣- هەموو چەشنە نەرمییەکی پارتی و بارزانی، بۆ دەستپێشکەری مفاوەزات یان بۆ تەقەوەستاندن، لە لایەن حکومەتە کینە لە دڵەکانەوە بەرامبەر بە کورد خراپ لێک دراوەتەوە و کراوەتە خاڵێکی لاوازی شۆڕشی ئەیلوول، بۆیە هەمیشە حکومەتەکان لە مفاوەزاتەکاندا مەرجیان سەپاندووە و پاشەکشەیان بە پارتی کردووە.

٤- سیاسەتی دیپلۆماسیی کورد لە مفاوەزاتەکاندا لاواز بووە و نەخشەی ورد و هەمەلایەنە بۆ چۆنیەتیی سەرخستنی مفاوەزاتەکان دیاری نەکراون، بۆیە، تاوێ پرۆژەی گەلێ باش پێشکەش کراون و تاوێکیش بەیانی لاواز.

٥- لە زۆربەی مفاوەزاتەکان و دانیشتنەکاندا بارزانی خۆی وەکو ڕێبەری شۆڕش ئامادەی گفتووگۆکان بووە، تەنانەت جاری وا هەبووە لەگەڵ پارێزگارێک کاربەدەستێکی کەم بایەخی ڕژێمیش دانیشتووە و بەیانی هاوبەشیشی لەگەڵدا دەرکردوون.

٦- خاڵێکی گەشی مفاوەزات ئەوەیە کە زۆرترین جار وەفدی حکومەت سەردانی کوردستانی کردووە، چەند جارێک سەرەک وەزیران و سەرۆک کۆمار و چەندین جار وەزیر و پایەداری عەسکەری گەورەش هاتونەتە کوردستان.

٧- دیبلۆماسییەتی شۆڕشی کورد. چ لە کاتی مفاوەزات و چ ئاشتیدا، لەسەر ئاستی جیهان، بە پێی سەنگی کێشەی گەلەکەمان نەبووە و ئێستاش نەخشەی دیبلۆماسی و دیبلۆماسییەتی بزووتنەوەی گەلەکەمان لاوازەو دیبلۆماسیی شارەزای بۆ پەروەردەو قاڵ نەکراوە.

* * * * *

بەهیوام لە لێکۆڵینەوەیەکی دیدا، باسی مفاوەزاتەکانی سەرلەنوێی خەباتی بەرەنگاری گەلەکەمان لە دووای هەرەسی شۆڕشی ئەیلوولەوە بکەم و بەراوردێکی لەگەڵ ئەم مفاوەزاتانەدا بکەم.

١٩٩٢/١٠/١٠

## سەرچاوەکان


١- الزبیدی، لیث عبدالمحسن. ثورة ١٤ تموز ١٩٥٨ في العراق، بغداد، ص٢٢٨.

٢- هیکل، محمد حسنین. الحل والحرب. بیروت، ١٩٧٧، ص١٤٦.

٣- نەبەز جەمال. کوردستان و شۆڕشەکەی وەرگێرانی کوردۆ عەلی ١٩٨٥ ستۆکهۆڵم.

٤- دیڤید ادامسن وجرجیس فتح الله. الحرب الکردیه وانشقاق ١٩٦٤، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٠.

٥- گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری. یەکێتی نیشتمانی کوردستان. (الملحق الرابع. ص٣٥). کانوونی دووەم ١٩٨٥، ل١٠.؟

٦- لکی یصان السلام وتعزز الوحدة الوطنیة.منشورات الثورة،بغداد ص١٤٠.


هەواڵنامەی کتێب

**ڕانانی دوو کتێب**

## یی.ئی. ڤاسیلێیاڤا

# کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات

## لە سەدەی حەڤدەیەم تا سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم

## کورتەیەکی مێژووی میرنشینەکانی ئەردەڵان و بابان

مۆسکۆ ۱۹۹۱

۲٦۰ لاپەڕەیە

بە زمانی ڕووسی

### ڕانانی ڕەشاد میران

هەواڵنامەی کتێب

خاتوو ییڤگێنی ئیلینچنا ڤاسیلێیڤا ناوێکی هەرە دیاری دونیای کوردناسییە. ئەم زانا کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسە ڕووسە پێویستی بە ناساندن نییە، چونکە هەر یەکێک تۆزە ئاگایەکی لە مێژووی کورد و کوردستان هەبێ، ئەوا ئاشنای ئەم ناوەیە و دەزانێ کە، جگە لە وتاری زۆر و بەرهەمی تر، شەرەفنامەی کردۆتە ڕووسی.

لێرەشدا، دەبێ دان بە کەمتەرخەمی خۆماندا بنێین دەرهەق بەم زانایە کە زۆربەی بەرهەمەکانی و بەتایبەتیش پێشەکییە بەنرخەکەی بۆ «شەرەفنامە» نەکراونەتە کوردی.

نووسین و لێکۆڵینەوەکانی یی.ئی.ڤاسیلێیڤا، پێش هەمووشتێک، بەوە لە هی هەندێ زانا و پسپۆڕانیتر جیادەکرێنەوە، کە خوێنەر هەر زوو هەست بەوە دەکات، چەندە کوردی خۆش دەوێ و ڕێز لە مێژوو و کولتووری دەگرێ. ئەم هەست و ئەستە بەرزەی نووسەر، شانبەشانی سەرنج و شیکردنەوەی ورد و قووڵ و ڕاوێژچوونە بەپێزەکانی، بۆ نەتەوەیەکی بندەست و لێقەوماوی وەکو کورد لە نان و ئاو پێویستترە. ئەمەش لە بەرهەمی «کورتەیەکی مێژووی ئەردەڵان و بابان»دا بەدی دەکرێ، هاتووە، گوتەی زانا و نووسەر و شاعیرانی بێگانە و کورد، کە پڕن لە خۆشەویستی کورد و شانازی بە کوردستانەوە کردنی هێناوە و سەرباسەکانی پێ ڕازاندۆتەوە.

بۆ پێشەکییەکەی خۆی ئەم وشانەی د.نا.شمیدتی هەڵبژاردووە: «لەیەک رووەوە ئەم میللەتە چیاییە بردووبەتییەوە، ئەویش ئەوەیە کە رۆژی شکۆیەتیی خۆیی هێشتا هەر نەدیوە».

لە بەشی یەکەمی کتێبەکەشدا شیعرە بەناوبانگەکەی شێخ رەزای تاڵەبانی هێناوەتەوە:

*لەبیرمە سلێمانی کە دارولولکی بابان بوو*
*نەمەحکوومی عەجەم نەسوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو*

لەگەڵێ شوێنی تریشدا شیعرو گوتەکانی شەرەفخانی بەتلیسی هێناوەتەوە.

نووسەر لەپێشەکیدا باسی رەوشی گشتیی کوردستان دەکات، لە رووی چۆنیەتیی گەشەکردنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە، ئەمەشی بە تایبەتییەتیی باری جیۆسیاسی ناوچەکەوە بەگشتی بەستۆتەوە.

بەهۆی ئەوەوە ئەم وڵاتە شاخاوییە کەوتۆتە نێوان دەستەڵاتدارێتی ئێران و تورک و عەرەبەوە بۆیە هەمیشە مەیدانی پێکدادانی ئەمانە بووە و کورد و کولتوورەکەی بە ئاگرەکەی سووتاون.

«دەستنووسەکان، پیش ئەوەی بەدەستی ئەوەکانی دواتر بگەن، سووتاون و ئەوانەی مابوویشنەوە مات و لاتەوازبوون و تا ئەم دواییە ئینجا وەدەنگ هاتوون» ل٣.

بی.ئی.ڤاسیلیێڤا ئاماژەی پرۆسەی کامڵبوونی نەتەوەیی (ئێتنی) کوردی کردووە و لای وایە لەسەرەتادا لە هزر و عەقیدەی کەسانی ناوداری کوردی، وەکو مێژوونووسی سەدەی شازدەیەم شەرەفخانی بەتلیسی و شاعیری سەدەی حەڤدەیەم ئەحمەدی خانیدا رەنگیداوەتەوە رەگ و ریشەی ئایدیۆلۆگیای نەتەوەیی لە بەرهەمەکانی ئەماندا سەری‌هەڵداوە. نووسەر دەڵێ شەرەفخان بەرهەمە بەناوبانگەکەی خۆی بۆ کورد نووسیووە و هەموو ئەو خێڵە زۆر و جۆراوجۆرو لێکدابڕاوانەی کە بەدیالێکتی جیاواز دەدوان و ئەوانەیش کە تەنانەت لەسەر ئایینی وا بوون کە ئیسلام دژایەتی‌دەکرد وەکو ئایینی ئێزیدی، هەمووانی بە میللەتی خۆی زانیوە» ل٤.

لەراستیشدا ئەمە سەرنجدانێکی وردە، هەم بۆ شەرەفخانی مەزن و هەم بۆ خاتوو ڤاسیلیێڤا کە دەستنیشانی ئەمەی کردووە؛ چونکە ئەمەیە نیشتمان و نەتەوە پەروەریی راستەقینە، کە بەرزتریێت لە هەموو جیاوازییەکی ئایینی و دیالێکت و خێڵایەتی، بە پێچەوانەی ئیمڕۆوە، کە حیزبایەتی و «ئایدیۆلۆگیا» و ناوچەگەرێتی جێگەی بەرژەوەندیی گشتی نەتەوەی گرتۆتەوە.

لەهەمان جێگەی پێشەکیدا، نووسەر ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە لەبەر لێکدابڕانی سیاسی کوردستان یەک ترادیسیای مێژوویی کوردی درووستنەبووە و ئەمەش لێکۆڵینەوە لە

هەواڵنامەی کتێب

مێژووی کورد ئاڵۆزدەکات. جا بەڕای ئەو بۆ نووسینەوەی مێژووی کۆنی میللەتی کورد پێویست بە بنکەی سەرچاوەیی هەیە و ئەوەی لە هەمووشی زێتر جێگەی باوەڕبێ، دەستنووسی (خرۆنیکا)ی ناوچەکانی کوردستانن، کە لەسەر ناوچە و خێڵی جیاواز نووسراون. هەر لەم ڕووەشەوە، نووسەر ئەم لێکۆڵینەوەیەی خۆی بە هەوڵدانێک دادەنێ بۆ گەڕان بەدوای هەندێ ڕاستیدا دەربارەی دوو میرنشینیەتی و توێژینەوەیان لەسەر بنچینەی ترادیسیای مێژوویی تۆمارکراو؛ واتە لە بەرهەمی مێژووییدا دەربارەی ناوچە جیاوازەکان. بە ڕای نووسەر، ژمارەی ئەو دەستنووس و بەیازانەی کوردستانی خوارووی ڕۆژهەلات، ڕێگەدەدەن بەوەی بوترێ قوتابخانەیەکی تەواوی مێژوونووسان هەبووە. ئەوەی تاکو ئێستاش چەسپاوە ئەوەیە کە کۆمەڵێک دەستنووس دەربارەی ئەردەلان هەیە، هەربۆیە هەندێ نووسەر پێیی دەڵێن «لانەی کولتووری کوردی». ل٥

بایەخی ئەم دوو میرنشینییەتە، بەبڕوای نووسەر، بە جۆرێکی سەرەکی لەوەدایە، کە بوون بە مەڵبەندی هەرەگرەنگی کامڵبوونی نەتەوەیی ئێتنۆسی کورد. ئەم دوو ناوچەیە، واتە ئەردەلان و بابان، گەلێ شتی هاوبەشیان هەبووە؛ شانبەشانی هاوپەیوەندارییەتیی ئابووری، سیاسی وکولتووری، رابوردوویەکی مێژوویی هاوبەشیشیان هەبووە. لە سەدەی دوازدەوە تا ساڵی ١٦٣٩ لەم دوو ناوچەیەدا یەک قەوارەی کۆمەلایەتی ـ سیاسی هەبووە، ئەویش میرنشنییەتی ئەردەلان بووە. بۆیە لێکۆڵینەوەی مێژوو و ستروکتوورەی کۆمەلایەتی و سیاسیی ئەردەلان و بابان دەتوانێ ببێت بە ئەلقەیەکی گرنگی بە یەک گرتنەوەی، یان سەر لە نوێ نووسینەوەی، مێژووی کوردان. ل٥

دەستنووسەکانی نووسەرانی ئەردەلان، ئەوانەی خاتوو ڤاسیلیێڤا لە کتێبەکەیدا پشتی پێ بەستوون ئەمانەن: «زوبدەت ئەلتەواریخی سەنەندەجی»ی موحەمەد شەریفی قازی ١٨٠٠-١٨٠١؛ ئەو پاشکۆیەی موحەمەد ئیبراهیمی ئەردەلانی ساڵی ١٨١٠ بۆ «شەرەفنامە»ی نووسیووە؛ دەستنووسی خوسرەو کوڕی موحەمەدی ئەردەلانی ١٨٣٣-١٨٣٥؛(*) «حەدیقەی ناسرییە»ی میرزا عەلی ئەکبەر خانی سادیق ئەلمولک ١٨٩١-١٨٩٣.

دوای هەڵسەنگاندنی هەر دەستنووسە و بەجیا، نووسەر جەختی ئەوە دەکات، کە بە شێوەیەکی فراوان «شەرەفنامە»ی بەکارهێناوە، هەر وەکو چۆن بووە بە سەرچاوەی بنەڕەتیی دەستنووسەکانیش. ئینجا نووسەر دێتە سەر

هەواڵنامەی کتێب

(*) یی.ئی.ڤاسیلیێڤا ئەم دەستنووسەشی کردۆتە ڕووسی و پێشەکی بۆ نووسیوە و پەراوێزی بۆ کردووە. لەژێر ناوی «تاریخ خسرو بن محمد بنی اردلان»دا، ساڵی ١٩٨٤ لە مۆسکۆ چاپکراوە.

ئەوەی کە چۆن نووسراوەکانی کۆشکی شای ئێرانی بەکارهێناوە، وەکو: ئەحسەن ئەلتەواریخی سەدەی شازدەیەم، تەئریخی ئومەرای عەباسی ـ ئەسکەندەر بەگ تورکمان (سەدەی حەڤدەیەم)، تەزکەرەی ئەللووک هی سەدەی هەژدە و گەلێکی تریش. هەر لێرەشدا باسی بەنرخیی کتێبەکەی شێخ موحەمەد مەردوخی کوردستانی «تەئریخی مەردوخ» دەکات، کە سوودی زۆری لێ وەرگرتووە.

پاشان، یی.ئی.ڤاسیلییڤا گرنگی و بایەخی کتێبەکەی ک.ج.ریچ نیشاندەدا، کە لە شێوەی گەشتنامەی رۆژانەدایە و سەرچاوەیەکی لە زۆر رووەوە، ئێتنۆگرافییە. ئینجا بە راشکاوی باسی گەشتەکەی ریچ دەکات بە کوردستاندا، کە ساڵی ١٨٢٠ وەک مەحموود پاشای بابان باسی کردووە، گەیشتۆتە ئەوێ. لەم رووەوە ڤاسیلییڤا دەڵێ، کتێبەکەی ریچ پاشکۆیەکی بەنرخە بۆ دەستنووسەکانی ئەردەلان، سەرەرای بەهاونرخی زۆرلایەنی، سەیرکردنێکی بابان و ئەردەڵانە بەچاوێکی ئەورووپاییانە ل١٤. سوودی لە کتێبەکەی ئەمۆنتزیش وەرگرتووە هەروەها کتێبەکەی بازرگانی فەرەنسی ژ.ب.تاڤێرنییە، کە زانیاریی زۆری دەربارەی ئەردەلان و شارەزوور تێدایە و بۆتە سەرچاوەیەک بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە. جگە لەمانە، نووسەر گەلێ ناوی ئەورووپایی دەهێنێ، کە لێرە و لەوێ بۆ باسەکەی خۆی زانیاریی لێ هەڵێنجاون، لەمانە: مالکۆلم، پۆرتێر، میگنێن، رۆوتوون، سۆن، بێگومان بەرهەمەکەی پیسپۆری مێژووی بابان لۆنگریکیش. هەروەها لیچ، هانسن، بارت، بروینسن. لە بەشەکانی کتێبەکەدا نووسەر گەلێ جاران دەمەتەقێی ورد و بەرفراوانی لەگەڵ ئەم دووانەی دواییدا کردووە. نووسەر بەرهەمی ئەم زانا رووسی و سۆڤیەتییانەشی بەکارهێناوە، – ڤ.ف. مینۆرسکی، ڤ.نیکیتین، پیترۆشێڤسکی، ئۆ.ڤیلچێڤسکی و مینتە شێشڤیلی. لە زاناو نووسەرانی کوردیش ئەم ناوانە جێگەی خۆیان لە کتێبەکەیدا گرتووە – ئەمین زەکی، کەمال مەزهەر، مەلا کەریمی مودەریس، جەمال بابان، تەوفیق قەفتان، هەڵکەوت حەکیم وەی‌تر.

لە لاپەرە ١٩–٢٠ دا، نووسەر دێتە سەر پێویستی و گرنگی باسەکەی و دەڵێ: دیراسەکردنی مێژووی ئەم دوو ئەمارەتە گرنگییەکەی هەر بۆ دارشتنەوەی مێژووی کورد نییە، بەڵکو بۆ ئەوەشە کە بەبێ گەرانەوە بۆ مێژووی کۆن ناکرێ رەوشی ئێستای وڵاتی کوردان هەڵسەنگێنی..... مێژووی رابووردوو توخمە هەرە گرنگەکانی باری ئێستای کوردانی دارشتووە و بەبێ مێژووی میرنشینەکانی ئەردەڵان و بابان ناتوانین بەچاکی لەباری کوردستانی ئێران و کوردستانی عیراق بگەین.

دواتریش نووسەر دەڵێ: ئەرکی ئەم

لێکۆڵینەوەیە ئەوە نییە، کە بۆشاییەکی مێژووی ئەم دوو ئەمارەتە پڕ بکاتەوە. بەڵکو ئەم کارە تیۆریایەک بەکاردێنێ و، تیایدا ئەمارەتی کوردی وەکو ستروکتورایەکی کۆمەڵایەتی- سیاسی دەخاتە ڕوو کە، هەرچەندی ئەردەڵان سەر بە ئێران و بابان سەر بە دەوڵەتی عوسمانی و لەناو سنوورەکانی ئەم دوو دەوڵەتەدا بوون، بەڵام خۆیان نیوەسەربەخۆ بوون و کاروبار و ئیدارەی خۆیانیان ئازادانە هەڵدەسووڕان. ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەوڵدانێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە: چۆن و چەند سەخت بووە دامەزراندنی ستروکتورایەکی وا و لەبارێکی چەند ئاڵۆزدا ئەمە ئەنجامدراوە؟ ئایا دەکرێ وەکو جۆرە دەوڵەتێک سەیری هەر یەک لەم دوو میرنشینییەتە بکرێ ؟ ل٣٠

یی.ئی.ڤاسیلیێڤا هەر لە پێشەکیدا بەشێکی بۆ ڕووبەڕوو سروشت و ئاووهەوا و دانیشتوانی ئەردەڵان و بابان تەرخانکردووە. لەمەشدا، ڕەنگە / زێدە ڕۆیی / نەبێ ئەگەر بڵێین نووسەر گەلێ شارەزایانەو وەستایانە پێ بەپێ باسی سنوور و ناوچەکانی ئەم دوو میرنیشینیەی کردووە. ناوی هەموو، ڕیز و تاقە چیایەک، ڕووبار، دۆڵ و دەشتێکی هێناوە و جێگەی دیاریکردوون. هەروەها، ناڵێم ناوی هەموو گوندو لادێیەکی بردووە، بەڵام شارو شارۆچکە نییە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەناو سنووری یەکێک لەم دوو میرنشینەدا بوویێ و نووسەر پشت گوێی خستبێ. جگە لەمەش وەسفێکی تەواوی ئاووهەوای کردووە، ئینجا درەخت و دارستان و لەمەشەوە نووسەر دێتە سەر جوانی و قەشەنگی کوردستان و لە دەمی پ.کێرپۆرتێرەوە دەگێڕێتەوە کە ماوەت، سەرووی ئیمارەتی بابان، بەهەشتی سەرچیایە.

مخابن خاتوو ڤاسیلیێڤا- ئەم دۆستە دڵسۆزەی کورد، کوردستانی بەچاو نەدیوە، خۆزگە ئەم ڕۆژە زوو دەهات کە ڕۆڵانی میللەتی کورد پێشوازی و میوانداریی‌ەتی دڵسۆزێکی وەکو یی.ئی.ڤاسیلیێڤایان دەکرد و سوپاس و مننەتباریی خۆیانیان نیشاندەدا.

لە باسی زمانی دانیشتوانی ئەم دوو میرنشینیەدا، نووسەر ڕای ژ.دی مۆرگان دەهێنێتەوە کە بەلایەوە دیالێکتەکانی خەڵکی هەردوو بەری زاگرۆس زۆر لێک نزیک بوون و هەموو دیالێکتەکانی بەناوی Sahnan ناو بردووە. لە بەراوردکردنی زارەکانی ئەردەڵان و سلێمانیشدا، هەر بەڕای مۆرگان، ئەمەی یەکەم وەکو ئەویتر «پاک» نەبووە وژمارەیەکی زۆری وشەی فارسی و عەرەبی تێدا بووە ل٢٨. سەبارەت بە دیالێکتی گۆرانیش نووسەر ڕای ناکۆک بەیەکی لێکۆڵەرەوان دەهێنێتەوە، کە هەندێکیان، بەپێچەوانەی هی تر، گۆرانی بەکوردی دانانێن؛ پاشان ڕێک و ڕەوان ڕای خۆشی دەربڕیووە ودەڵێ «گۆرانی یەکێک لە توخمە گرنگەکانی ڕەوشی لینگڤۆکولتووری بوو لە دوو میرنشینیی

هەواڵنامەی کتێب

کوردستانی خوارووی رۆژهەڵاتدا، نەک لە ناوچەیەکی دووریاندا» ل٢٨ - هەر بۆ ئەم مەبەستەش، واتە سەلماندنی سەر بەزمانی کوردیبوونی دیالێکتی گۆرانی، نووسەر چۆتە ناو زانستی ئێتنۆگرافیا و تیۆریای ئێتنۆسەوە، دەربارەی ئەمە نووسەر ئاماژەی بۆ بۆچوونی ئێدمۆندز کردووە کە دەڵێ:«پسپۆرە بەناوبانگەکانی ئەورووپا هەرگیز گۆرانەکان بە کورد دانێن، بەڵام خۆ ئەم خەڵکە لەهەموو روویەکەوە خۆیان بە کورد حسێب دەکەن». ئینجا یی.نی.ڤاسیلیێڤا دەڵێ :«تەنانەت ئەوکاتە هێشتا پرۆسەی کامڵبوون و یەکگرتنەوەی نەتەوەیی کورد تەواو نەبوو بوو، ئێدمۆندز وای گوتووە، هەروەها هێشتا یەکیتی خێڵەتی لەناو یەکیتی خاک و رووبەردا نەتوابووەوە، کەچی ئەوساکەش گۆرانەکان خۆیان هەر بە کورد زانیووە و بە کورد خۆیان بەخەڵک ناساندووە. گۆرانەکان هەرگیز بەپێی مەبدەئی «ئێمە - ئەوان» یان «خۆمان - بیگانە» مامەڵەیان لەگەڵ کورد نەکردووە، یان بەپێچەوانەوە. ئەوەش، بە رای نووسەر، ناڕەوایی ئەوە دەردەخات کە لینگڤۆکولتووری گۆرانی لە ئێتنۆسی کوردی جیابکرێتەوە». ل٢٩

نووسەر بەشی یەکەمی کتێبەکەی بۆ مێژووی سیاسیی هەردوو میرنشینییەتەکە تەرخانکردووە.

لە گەڕان بەدوای بنەچە و رەسەنی خانەوادەی ئەردەڵان و رۆژگاری پەیدابوونی بابە ئەردەڵان لە شارەزوور، نووسەر لایەنی ئەوە دەگرێ، کە وشەی «بابە» نازناوێکی ئایینییە و وەکو ئەمین زەکی بەگ ئەو رۆژگارە بۆ کۆتایی سەدەی یازدە دەباتەوە، واتە، کاتی لەناوچوونی بنەماڵەی مەروانی ودەوڵەتەکەیان لە دیاربەکر. بابە ئەردەڵان، کە خۆشی لەم بنەماڵەیە بووە، رووی کردۆتە شارەزوور و هاوکاریی لەگەڵ هێزەکانی جەنگیزخاندا کردووە و لەبری ئەمەش شارەزووری پێ بەخشراوە. ل٣١ بەقسەی نووسەر، هەموو سەرچاوەکان لەسەر ئەوە رێکن. کە لە سەرەتادا ئەردەڵانییەکان لە شارەزوور دامەزراون، بەڵام دواتر دەسەڵاتدارییەتی خۆیان بۆ ئەودیو زاگرۆس گواستۆتەوە.

دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەردەڵان هەر پەرەی سەندووە و رووبەرەکەیان فراوانبووە تا لە سەدەی پازدەیەمدا، بە قسەی لۆنگریک، هیچ هاوسێیەکی ئەردەڵانیان بە شکۆی ئەوان نەدەگەیشت. ل٣٣

وەکو ئاشکرایە ئێران، بەپێی پەیمانی ساڵی ١٦٣٩ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا، شارەزووری لەدەست چوو و ئەردەڵانییەکانیش تەنها ئەودیو زاگرۆسیان بۆ مایەوە. لەوساکەوە شارەزوور بوو بە موڵکی بابان. ناودەرکردن و بەرزبوونەوەی بنەماڵەی بابان بە سلێمان بەبەوە بەندە، یان بابە سلێمان، کە لە کۆتایی سەدەی حەڤدەیەمەوە ئێتر، بەقسەی

هەواڵنامەی کتێب

مینۆرسکی، وەکو پاشایەکی سەر بە سوڵتانی عوسمانی خۆی دەنواند.

بنەماڵەی بابان، کە لە کۆتایی سەدەی شازدەدا هێز و دەسەڵاتێکی فراوانی هەبوو، لەسەرەتای سەدەی حەڤدەدا بوو بەدوو بەشی دوژمنی یەکتر : کاکە میر لە پشدەر و کاکە شێخ لە مەرگە. دوای یەکدی قڕکردن، فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەیی، نەوەی کاکە شێخ، توانی کاکە میر لەناوبەرێ و پشدەر و مەرگە یەک بخات. بەقسەی نووسەری کورد توفیق قەفتان، مێژووی بنەماڵەی بابان لە فەقێ ئەحمەدەوە دەستپێدەکات. فەقێ ئەحمەد، لەپێشدا، لە دارەشمانە دادەنیشت، بەڵام دوای زنجیرەیەک بەیەکدادان و داگیرکردنی یەک لە دوای یەکی ناوچەکان، ساڵی ١٦٦٩ قەڵاچوالان بوو بە پایتەختی بابان.

لە باسکردنی نزیکەی هەموو فەرمانڕەوایانی ئەردەڵان و بابان و گێڕانەوەی هەموو شەڕ و پێکدادانەکانیاندا، یی.نی.ڤاسیلیێڤا گەلێ فاکت و زانیاری و شیکردنەوە و ئەنجامی وردی خۆی خستووینەتە بەردەم. بۆ نموونە، ئەردەڵانییەکان ناوی «کرمانج» یان بۆ بابانەکان بەکارهێناوە ل.٤٠.

شەڕوشۆڕی نێوان ئەم دوو میرنشینە و پەنابردنی هەر یەکێکیان بۆ هێزەکانی بێگانە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەویتردا، مرۆڤ تووشی دامان‌دەکا. وەکو، یەکێک لە میرەکانی ئەردەڵان، خەسرەوخان کە شاعیرانی کۆشکی خۆی بە پاشا ناویان بردووە، دوو جاران ملی بۆ بابانەکان کەچکردووە. ساڵێ ١٧٥٢ بۆ سەلیم پاشا، ساڵی ١٧٦٣ بۆ سلێمان پاشا، سەلیم پاشا بە یاریدەی ئازادخانی ئەفغانی، ئەردەڵانی بۆ ماوەی ساڵێک گرتووە تا خەسرەو خان بەیاریدەی محەمەد حەسەن خانی قاجاری، کە داواکاری تەختی پاشایەتیی ئێران بووە، وڵاتی خۆی وەدەست هێناوەتەوە. هەرچی سلێمان پاشایە، دوای مردنی پاشای بەغدا ئەبولەیلا، چیتر ملی بۆ جێگری ئەو - عەلی پاشا نەدا، بۆیە پاشای بەغدا لەشکری خۆی نارد و لە ناوچەی کفری بەسەر سلێمان پاشادا سەرکەوت و ئەمەی دوایی بۆ ئێران ڕایکرد و لە ئەنجامدا بەیارمەتیی فەرمانڕەوای کرماشان وڵاتی خۆی گرتەوە. هەردوای ئەمە، ساڵێ ١٧٦٣ سلێمان پاشا هێرشی بردە سەر ئەردەڵان، بەڵام لە شەڕدا بەدەست خەسرەو خانەوە خراپ شکا. ل٤٦.

لە ئەنجامی ئەم ڕەوشە سیاسییە ئاڵۆزەدا، دوو تەوەرەی جەنگی- سیاسی سەریان هەڵدا. لەلایەکەوە تەوەرەی ئەردەڵان ـ قاجاری، لەلایەکی تریشەوە تەوەرەی بابان- زەندی. بێگومان ناوەرۆکی سەرەکی و ئامانجی شەڕ و جەنگی ئەم دوو تەوەرە بەرژەوەندیی قاجار ـ زەندی بوو کە هەردووکیان داواکاری تەختی پاشایەتیی

ئێران بوون. تای تەرازوو، لە زۆربەی حاڵەتدا، بەلای زەند و باباندا دەشکایەوە و بۆماوەی دوو ساڵان ۱۷٦۳-۱۷٦٤ بابان حوکمی ئەردەڵانیان کرد، تا سلێمان پاشای بابان بەدەستی فەقێ برایم کوژرا، ئینجا رۆژگاری شەڕ و زۆرانبازیی ناوخۆی بابانەکان دەستپێدەکات. دوای فەرمانڕەوایەتیی دوو پاشای بابان سەلیم و سلێمان، کە هەندێ جاران سەرتاسەری کوردستانی خوارووی رۆژهەڵاتیان دەکەوتە ژێردەست، لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە تا کۆتایی هەشتاکانی سەدەی هەژدە، هێز و دەسەڵاتی بابان بەرە و لێژی بووەوە. بەپێچەوانەی ئەردەڵانەوە کە خەسرەو خان و ئەمانوڵلا خان وەکو بڵێی «لە ریزی مەلیکاندا بوون». ل٤٨

ساڵی ۱۷۷۹ کەریم خانی زەند کۆچی دوایی کرد و شەڕ و زۆرانبازندا لەسەر تەختی ئێران لەنێوان زەند و قاجار و ئەفشاردا دەستیپێکرد، ئەردەڵانییەکانیش دەوریان بینیوە و هەر جارە و لایەنی یەکێکیان گرتووە،(*) تا لە ئەنجامدا خەسرەو خانی ئەردەڵان هێزەکانی زەندی تێکشکاند و ئاغا محەمەد خانی قاجاری توانی تاران و قوم وکاشان و ئەسفەهان بگرێت. ل٥٤

ساڵی ۱۷۸۹ ئەوڕحمان پاشا دەسەڵاتداریەتیی بابانی گرتەدەست و بە هەڵگیرسێنەری یەکەمین بزووتنەوەی گەورەی دژ بە تورکان ناوی دەرکردووە. ئامانجی ئەوڕحمان پاشا، وەکو عەرەبەکانی حیجاز و شام، رزگارکردنی وڵاتەکەی بوو لەدەست تورک. ساڵی ۱۷۹٤ سوپای ئەوڕحمان پاشا چیای سنجاری گرت و گەیشتە ئورفە، پێنج ساڵ دواتر بەهێزێکی ۳ هەزار کەسییەوە هێرشیکردە سەر کوردە ئێزیدییەکان. ل٥٦

(*) جێگەی سەرنجە کە هەرچەند خەسرەو خان «لەریزی مەلیکاندابووە بەڵام خۆی بە شایانی تەختی پاشایەتیی ئێران نەزانیوە و تەنها بیگاریی بۆ قاجارەکان کردووە. مرۆ لەوە ناگات بۆ قاجارێک یان ئەفشارێک لە کوردێک بەجەرگ تر بێت و خۆی بۆ تاران و ئەسفەهان هەڵکوتێ، لە کاتێکدا بەبێ یاریدەی کوردان ئەمەیان بۆ نەدەلواو ڕەنگە ئەو هێز و دەسەڵاتەی ئەمانیشیان نەبووبێ. کاتێک وەزیرێکی خەسرەو خان بەبنگوێیدا دەچرپێنێ کە کاتی ئەوە هاتووە خۆی بە شای هەموو ئێران بزانێ، لە وەڵامدا خەسرەوخان، دوای ئەوەی جەختی ئەوەدەکات کە دەتوانێ ئەمەبکات و کەس ناوێرێ رێگەی بگرێت، دەڵێ کە ئەم «پێی بەقەدەر بەڕەی خۆی ڕادەکێشێ» ل٥٢. سەلاحەدینی ئەیوبیش خاوەنی ئیمپراتۆرییەت بوو کەچی هەر سەر بە خەلیفەی بەغدا بوو و خۆی بە برا بچووکی نووردەدین زەنگی دادەنا؛ کەریم خانی زەندیش کە حوکمی هەموو ئێرانی دەکرد، گوایە بەرەگەز کورد بووە، خۆی بە نایبی شا دادەنا نەک شا. ئەم جۆرە خۆ بەکەم زانینە نموونەی لە مێژووی نوێی کوردی و هەرەتازەشدا هەیە. تۆ بڵێی ئەمە پەتایەکی تەکوینی نەفسیی مرۆی کورد بێت؟ بەرای من، پسپۆڕ وشارەزایانی کورد دەبێ بانگبکرێن بۆ لێکۆڵینەوەی ئەم دیاردەیە.

هەواڵنامەی کتێب

ساڵی ١٧٩٩ بە فەرمانی بەغدا، ئەوڕەحمان پاشا کرا بە حاکمی حەریر و کۆیە و ئامۆزایەکی دەسەڵاتی بابانی پێ بەخشرا. دواتر بۆ حیللە دوورخرایەوە، بەڵام زوو ئازادکرا. ئەوڕەحمان پاشا لەشکرکەشییەکی بردە سەر زەوی و موڵکی «پاشایەتی» بەغدا و سەرپێچیی و یاخی بوونی خۆی ڕاگەیاند، بەڵام دیسان خۆی لەبەردەم سوپای بەغدادا نەگرت و ڕای‌کرد بۆ لای ئەمانوڵڵا خانی ئەردەڵان. ل٥٦

دوای نەمانی دەسەڵاتی زەند و هاتنی قاجارەکان، واتە هاوپەیمانەکانی ئەردەڵان، ئەردەڵان ماوەیەک ئارامی بەخۆیەوە بینی. سەبارەت بە بابانیش، وەکو دەرکەوت، شەڕ و ڕاپەڕینی دژ بە تەبەعیەتی بەغدا دەستی پێکرد و بابانیش هەر لە ئێران نزیک دەبوونەوە - کەواتە ئەگەر ئەو پاشایانەی بەغدا بۆ ماوەی کورت کورت دایدەنان لە حسێب دەرکەین، ئەم ڕەوشە سیاسییە تا بەستنی پەیمانی تورکی-ئێرانی ساڵی ١٨٤٧ بەردەوام بوو.

دوای گێڕانەوەی باسی دەسەڵاتدارییەتی میرە بەناوبانگەکانی ئەردەڵان و بابان و ڕووداوەکان بەڕاشکاوی، نووسەر دێتە سەر ڕۆژگاری پاشاگەردانی و لە ناوچوونی ئەم دوو میرنشینییەتە و دەڵێ :«سەدەی نۆزدە نەک هەر لەناوچوونی ئەردەڵان و بابان، بەڵکو هی هەموو ئەمارەتە کوردییەکانی تریشی دیت؛ جگە لەم دووانە ئەمارەتی هەکاری، بەتلیس، سۆران، بۆتان. هاوکاری‌کردنی ئێران و تورکیا بۆ لەناوبردنی ستروکتووری ئەم میرنشینیانە تەنها هەر ئارەزووییەک نەبوو، جارانیش ئارەزووی لەناوبردنی ئەمانە هەر هەبووە. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، ڕۆژگاری ئارامبوونەوەی ڕەوشی سیاسی سەر سنوورەکانی ئێران و تورکیا بوو، ئیتر پێویستیی ئەو «دیوارەی لە گۆشت وئێسقانی کوردان هەڵدەچنرا»» ئەما کە سوڵتان سلێمانی قانوونی لەبەرامبەر ئێراندا قووتی کردبووەوە. جگە لەمەش، کوردەکان، واتە هاوپەیمانەکانی تاران وئەستەمبووڵ، بۆ ئەمانە هەمیشە جێگەی نارەحەتی بوون - لە جەنگی تورکیا - ڕووسیای ١٨٢٨-١٨٢٩ فەرمانڕەوایانی ڕەواندز، بۆتان و بادینان بەشدارییان لە شەڕەکاندا نەکرد. میری هەکاریش دوورەپەرێزیی خۆی ڕاگەیاند، هەرچی پاشای بایەزیدیشە هەوڵی دا یارمەتی ڕووسان بدات. ل٦٨

بەبڕوای نووسەر، پێکهاتەوەی تورکیا و ئێران و لەناوچوونی میرنشینەکانی کورد پێویستییەک بوو بۆ وەستان لەبەرامبەر ئەو پرۆسە سیاسییە بەهێزەی لە هەموو سەدەی نۆزدەدا لە کوردستاندا خۆی نواند - واتە بەرهەڵستی‌کردنی پرۆسەی یەکێتیی ئێتنیکی و سیاسیی کورد. بەداهاتنی سەدەی نۆزدە هەوڵدان بۆ هاوکاری و هاریکاری کردنی

هەواڵنامەی کتێب

یەکدی جێگەی ناکۆکی و شەڕ و پێکدادانی بنەماڵە سەرکردەکانی کوردی گرتەوە- یی.ئی.ڤاسیلێنیڤا ئەم گوتەیەی میلینگینی هێناوەتەوە کە لەسەدەی نۆزدەدا، گەلێ سەرکردەی کوردی بینیوە :«هەستی نەتەوەپەروەری و هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی بەقووڵایی دەروونی کورداندا چۆتە خوارەوە ......وەکو بڵێی گیانی شۆڕشگێری مێشکی هەموو نەتەوەی کوردی تەنیووە». سەبارەت هەر بەو رۆژگارەش ئۆ. ڤیلچێڤسکی سەرکەوتووانە، بەقسەی نووسەر، رەوشی سیاسیی کوردستانی وەسفکردووە کە دەڵێ : تارمایی نەخشەی «کوردستانێکی نەتەوەیی» کێشراوە ل٦٩.

کەچی نەخشە و لێکدانەوەی ولاتان، کە ئەوساکە ئەورووپاییەکانیش هاتبوونە مەیدان، بۆ ملکەچکردنی کوردان بە خەون دەرچوو کردنی میرنشینە کوردییەکان بە ناوچەی ئیداریی تورکیا و ئێران لەڕاستیدا «یارمەتی بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوە پەروەریی دا» - ساڵی ١٨٨٠ بەدرخانییەکان لە کوردستانی ناوەڕاستدا راپەڕینیان بەرپاکرد و سلێمانیش لەژێر ئیدارەی عوسمانیدا، بەقسەی مینۆرسکی «، بوو بە «نەمامگەی بزووتنەوەی کوردایەتی بۆ سەربەخۆیی».

بەڵام لە خەباتی سیاسیدا سەرکردەی سیاسیی تر جێگەی بنەماڵەی میرنشینەکانیان گرتەوە، کە پشتیان بە یەکێتیی خێڵەتی و رێکخراوی ئایینی بەستبوو. ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ولاتی کورداندا ئیتر بۆ قۆناغێکی تر پەڕییەوە. ل٧٠

ئەمەش کورتەی سەرئەنجامەکانی نووسەرە بۆ بەشی یەکەمی ئەم کتێبە:

بە حوکمی ئەوەی میرنشینانی ئەردەڵان و بابان کەوتبوونە سەر سنووری ئێران و تورکیا، بۆیە کوردەکان هەمیشە لە خەبات دابوون و لەناو جەنگەی رووداوی سیاسیی توندوتیژدا دەژیان. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەدا، رەوشی سیاسی ئاڵۆزتر بوو، بەوەی ولاتانی ئەورووپاییش هاتنە ناو مەیدانەکە. لەوساتەوە گیروگرفتە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کوردستان لەناو پەیوەندییەکانی نێو دەوڵەتاندا رەنگیان دەدایەوە، ئەمارەت و خێڵە کوردەکانی هەردوو بەری زاگرۆس، بەرێگەی سیاسەتی جۆراو جۆرەوە، سەربەخۆیی خۆیان پاراستبوو. لەبەرامبەر ئەم سەربەخۆییەی ئەماندا هەموو پەیمانێکی نێوان تورکیا و ئێران پووچ دەبووەوە هێڵی ئەوسنوورانەش، کە دەکێشران، لە ناوچە کوردییەکاندا رەشدەبوونەوە. لەجێگەی ئەم سنوورانە، تا دەهات روونتر و روونتر تارمایی ولاتی کوردان درووست دەبوو. ل٧١

یی.ئی.ڤاسیلێنیڤا بەشی دووەمی کتێبەکەی بۆ ژیانی ئابووریی ئەم دوو میرنشینییە تەرخانکردووە، بەڵام دەگاتە

لۆز و ئەنجامی وا کە بۆ سەرجەمی کوردستان بشێ. نووسەر دوای ئەوەی باسی ئەو لێکۆڵەرەوانە دەکات کە ئاژەڵبەخێوکردنیان بە تاقە بوارێکی سەرەکیی چالاکی ئابووریی کورد داناوە، لە لاپەڕە ٧٤دا دەڵێ: لە ستروکتورای ئابووریی ئەردەڵان و کوردستاندا بە گشتی ئاژەڵبەخێوکردنی کۆچەری نە سەرەکی و نە تاقە چالاکیی ئابووریی کورد بووە. ژیانی ئابووریی زۆربەی زۆری دانیشتوانی بابان و ئەردەڵان لە ئاژەڵبەخێوکردن و کشتوکاڵ پێکهاتبوو. سەبارەت بە داهاتی کشتوکاڵی لە دۆڵەکانی عیراق و سووریادا، کە کوردیان لێ دەژین، ئێستاش «بە عەمباری ئەم دوو وڵاتە دەژمێردرێن». ئینجا نووسەر دەچێتە سەر باسی بەرهەم و داهاتی کشتوکاڵی، چۆنیەتیی چاندن، دروێنەکردن و ئامێرەکانی، کوتان و لە ئاشکردنی، باران بارین، ئاودێری و هەموو ئەمانەش بە شێوەیەکی ئێتنۆگرافی باسکراون. دوای ئەمەش، نووسەر باسی ئاژەڵبەخێوکردن و شوانکارەیی دەکا و بایەخی ئاژەڵ، بەتایبەتیش مەڕ و بزن، بۆ رەوەندو شوانکاران نیشاندەداو جۆرەکانی ئاژەڵی کوردستان دەژمێرێ. جێگەی سەرنجە، کە نووسەر، لەدەم مێژوونووسی ئەردەڵانەوە، محەمەد شەریفی قازی، دەگێڕێتەوە، کە ئەو گامێشانەی بۆ دەغڵکوتان بەردەناشیان پێ دەگێڕان، بۆ یەکەم جار لە سەرەتای سەدەی حەڤدەوە لە موسڵەوە بۆ ئەردەڵانیان هێناون، کاتێک خان ئەحمەد خانی ئەردەڵانی بابان و سۆران و ئاکۆ و ئامێدی گرتووە ل٧٧. یان لەوانەیە کەم کەس لە ئێمە زانیبێتی کە کۆچەر و رەوەندی وڵاتی ئێمە وشتریان هەبووبێ، بەڵام دیارە ئەمە راستییە و کوردە رەوەندەکان لە قۆناغەکانی کۆچکردنیاندا شەوان وشترەکانیان بەشێوەی ئاڵقە دەکرد بە پەرژینێک بۆ ئاژەڵی ورد. ئەسپیش نیشانەی ناوداری بووە وەهەرگیز بۆ بارکردن بەکار نەهێنراوە - تەنها جەنگاوەر و خانەوادەی سەرکردەی خێڵ سوارەبوون، کە زین و لغاوی زێڕینیان بۆ ئەسپەکانیان دەکرد.

لە کوردستانی خوارووی رۆژهەڵاتدا، وەکو لە پێشەوە گوترا، کشتوکاڵ و ئاژەڵبەخێوکردن پێکەوەو لەیەک کاتدا بەرقەرار بوون. بەڵام لە شوێنێکەوە تا ئەوی دی تای تەرازوو بەلای یەکێکیاندا دەشکایەوە. لە ئەردەڵان – ناوچەکانی سنە، ئەسفەندئاباد و مەریوان کشتوکاڵ زێتر دەکرا. کەچی لە هەورامانی تەخت و هی لهۆن و بانەشدا ئاژەڵبەخێوکردن زاڵبوو. جا هەرچەندە، لە ئەردەڵان و بابان، ژمارەی ئەو خەڵکەی کشتوکاڵ پیشەیەی کە ئاشنای ئاژەڵبەخێوکردن نەبوون گەلێ کەم بوو، بەڵام بەگشتی کشتوکاڵ لە ئەردەڵان زۆر پێشکەوتووبوو، بەرادەیەک کە هەندێ

هەواڵنامەی کتێب

نووسەر ئەردەڵان بە «مەڵبەندی نیشتەجێی کورد» ناودەبەن. ل٧٨

یی.ئی.ڤاسیلیێڤا لە دەمەتەقێی لەگەڵ نووسەری هۆڵەندی ڤان برویننسن بە توندی زاراوەی نیوە کۆچەر transehumance رەتدەکاتەوە، کە بەکاری‌هێناوە. بەڕای ڤاسیلیێڤا، لەم جۆرە کۆچکردنەی ئاژەڵ‌بەخێوکەراندا تەنها شوانەکان ئاژەڵ بۆ سەرچیا دەبەن، کەچی خاوەنەکانیان هەر لە جێگەی خۆیان دەمێننەوە. ئەمانە هەرگیز کۆچەرنین بەڵکو ئەم جۆرە ئاژەڵ‌بەخێوکردنە بەشێکی جیانەکراوەی سیستێمی ئابووریی نیشتەجێییە. ل ٨١

بۆ ئەم مەبەستە نووسەر چۆتە ناو باسێکی تیۆری قووڵ دەربارەی کۆچ و کۆچەری و نیوەکۆچەری. لەمەشدا بەجۆرەکی سەرەکی پشتی بە کۆچەریناسی سۆڤیەتی بەناوبانگ گ. مارکۆڤ بەستووە. بەقسەی گ. مارکۆڤ زاراوەی نیوە کۆچەر هەڵەیە چونکە هیچ نیشانەیەکی جیاکەرەوە لەنێو کۆچەراندا نییە بۆ ئەوەی بەسەر گرووپەی جیاوازدا دابەش‌بکرێن. لە بارو دۆخی کوردستاندا، بە ڕای یی.ئی.ڤاسیلیێڤا، زاراوەی «کۆچەری» مانای شێوەیەکی ژیانی ئابووری لە هەلومەرجی بزووتنەوەی هەمیشەیی نادات. بەڵکو لێرەدا مەبەست بەڕێوەبردنی ئابوورییە لە بارو دۆخی «ئۆردووگای ڕەشماڵی»دا. هەرچی کۆچەریشە بە مانای «بزووتنەوە» دەبێ گواستنەوە بێت لە ئۆردوگایەکەوە بۆ ئەوی‌تر ل٨٣-٨٤. هەر لەم ڕووەشەوە، نووسەر پێشنیار دەکات کە دۆزینەوەی ئەو هەموو زاراوە نوێ و جۆراو جۆرانە بۆ کۆچەریی و نیو کۆچەری لە زمانی ڕووسیدا بێ مانایە، چونکە «کۆچێڤنیک»ی ڕووس و «کۆچەر»ی کوردی یەک ڕەگی هاوبەشیان هەیە - «کۆچ» و هەردووکیان پڕ بەپێستی خۆیانن.

سەبارەت بە پەیوەندیی کۆچەری و نیشتەجێ نووسەر بەگیانێکی ڕەخنەگرانەوە هەڵوێستی لێکۆڵەرەوانی نیشانداوە کە لەبەرهەمەکانیاندا ڕەنگی‌داوەتەوە. نووسەر دەڵێ ئەمانە تەنها سەرنجی جیاوازی و ناکۆکی نێوان کۆچەر و نیشتەجێکانیان داوە و هەموو جۆرە بەریەستێکی یەکگرتنەوەی ئەم دوو بەشەی دانیشتوانیان خستۆتەکار: چینایەتی، ئێتنیکی و تەنانەت ڕەگەزیش. لە زۆربەی حاڵەتدا دانیشتوانی نیشتەجێ نەدەخرایە نێو قەوارەی ئێتنۆسی کوردی. لەم ڕووەوە، دۆزی ڕێچ دەربارەی کوردنەبوونی گۆرانەکان تاکو ئێستەش لە نووسینەکاندا خۆی دەنوێنێ. هەروەها مەلا مەحموودی بایەزیدیش ئەم لێک جیاکردنەوەی بەشەکانی دانیشتوانی کوردستانی بەو ڕازاندنەوە ئێتنیکییە ڕەنگکردووە. ل٩٢-هۆیەکانی جیاوازی و ناکۆکی و شەڕ و پێکدادانی ئەم

هەواڵنامەی کتێب

دوو گرووپە خەڵکەی کوردستان، کۆچەر و نیشتەجێ، زۆرن و بەتایبەتیش لە کاتی کۆچکردندا دەردەکەوتن. ئەو کۆچکردنانەی بەبێ خوێنڕشتن تێدەپەڕین دەگمەنبوون و نووسەر دەیانژمێرێ. بەلام مەبەستی نووسەر لە یەکێتی و پەیوەندیی هاوبەشی ئەم دوو گرووپی دانیشتوانە ئەوەیە کە ئابووریی ناوچەکە لەسەر چالاکیی جووتیارە نیشتەجێکان و شوانکارە ڕەوەندەکان چەسپی بوو، کە پیشەی دوو گرووپەی کۆمەلایەتی بوون لە نێو قەوارەی یەک و تاقە ستروکتورای ئابووریدا؛ ئەم هەردوو چالاکیە ئابوورییە یەکتری تەواودەکەن و یەکێتییەکی تەواو پێکدێنن .... لەمەدا ڕای نووسەر و هی ڤان بروینسن یەکدەگرنەوە. ل٩٤

نووسەر، لە بەشی دووەمدا، لایەنێکی بۆ خاوەندارییەتی زەوی و پەیوەندییەکانی دەرەبەگایەتی تەرخانکردووە. نهێنی هەرە گەورەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و فیۆدالی شاردۆتەوە، بەڕای نووسەر، دیاردەی تەبەعیەتی تەواوی کەسایەتی و نەبوونی کەمترین سەربەخۆیی تاقە کەس بوو. ئەوەش زۆر بە زەقی لە کوردستاندا بەدیدەکرێ، بەهۆی ئەوەوە نەک هەر تاقە کەسی ئاسایی لە هەرەمی کۆمەلایەتیدا ئازاد نەبوو، بەلکو میر و فەرمانڕەواش سەر بە شای ئێران یان سولتانی عوسمانی بوون.

مەئموون بەگی دووەم لە نامەیەکیدا بۆ سولتان موورادی سێیەم خۆی بە عەبدی ئەو دادەنێ؛ نازناوی دوا فەرمانڕەوای بنەماڵەی ئەردەلان غولامشاخان بوو، واتە خانی خزمەتکاری شا.

بۆ شیکردنەوەی ئەو فاکتەرانەی دەوری سەرەکییان لە مولکییەت و پەیوەندییەکانیدا دەبێ، نووسەر پشتی بە بۆچوونەکانی ی.پ. پترۆشیڤسکی بەستووە کە دەڵێ: «مولکییەتی زەوی لە کۆمەڵگای فیۆدالی پێشکەوتوودا شێوەی هەرەمیی هەیە: یەک پارچە زەوی دوو یان چەند خاوەنێکی دەبێ کە تەبەعیەتیکی هەرمییان لەبەیندا دەبێ». ئاڵقەی سەرووی ئەم زنجیرەیەی خاوەندارییەتیی زەوی لە بابان - سولتانی تورکی و لە ئەردەلانیش شای ئێران بوو. ل١٠١

بەشی سێیەمی ئەم کتێبە بۆ لێکۆڵینەوە لە ستروکتورای کۆمەلایەتی - سیاسیی ئەم دوو میرنشینە تەرخانکراوە کە، بەڕای نووسەر، پێکهاتووە لە میرنشینی و خێڵ.

نووسەران لە باسەکانیاندا دەربارەی میرنشینەکان ناوی جۆرا و جۆریان بۆ بەکارهێناون : ئەمارەت، مەملەکەت، میری دەوڵەت و هیتر. بەڕای خاتوو ڤاسیلییڤا ڕەوشێکی باو و چەسپاو (ستروپۆتیپی) بۆ جێگە و پایە (ستاتووس)ی میرنشینەکان پەیدابووە وەکو ڕێکخراوی سەربەخۆ و ئازاد.

جا کامەیە ئەم رەوشە ستریۆتیپە، نووسەر لەم بەشەدا لێی دەکۆڵێتەوە.

لە سەرەتادا، نووسەر، ئەمە یەکالا دەکاتەوە کە خێڵەکانی کوردستانی خوارووی رۆژهەڵات هەمان خێڵی قۆناغی رەمەکی (مەشاعیەت)ی سەرەتایی نەبوون - واتە هی کۆمەڵگای بێ چین نەبوون، کە خزمایەتی و بنەماڵەیی بنچینەی سەرەکیی بوون – بەڵکو ئەمانە خێڵی چەرخ و رۆژگارێکی تری پێشکەوتووتر بوون، بنچینە و تەرکیبیان ئاڵۆزتربوو. ئەمانە خێڵی قۆناغی دەرەبەگی بوون، کە جیاوازیی کۆمەڵایەتی تیایاندا روون و ئاشکرا بوو و دەسەلات لە دەستی توێژاڵی ئەرستۆکراتی «بەگزادە»دا کۆبیبووە، بناغەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانی خێڵ، خزمایەتیی هاوبەش و خوێن نەبوو، بەڵکو خێزانی بچووک یەکەمین شانۆچکەی ئەم خێڵانە بوو، کە پەیوەندیی مۆلکدارییەتی تیادا زاڵبوو. ل١٥٤ لە باروودۆخی هەمیشە دابەشبوونی وڵاتی کوردان بەسەر خێڵ و میرنشینیدا، بە رای نووسەر، ئەم دوو ئینستیتووتە، کەم تا زۆر، دەوری مینی - ماکسی تەکامولبوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردیان بینیووە. نووسەر لەگەڵ ئەو رایەدا نییە، کە گوایە تورکیا و ئێران لە رێگەی میرنشینەکانەوە کاری خۆیان دەکردە سەر خێڵەکان. بەڵکو ئەم دەڵێ کە هەرچەندێ ئەم دەوڵەتانە ئەو هەوڵەیان دەدا، بەلام هەرگیز نابێ میرنشینەکان وەکو جۆرە بەرێوەبەرایەتییەکی ئەم دەوڵەتانە سەیر بکرێن، میرنشینەکان بە ماوەیەکی زۆر پێش دابەشبوونی کوردستان لە ئارادا بوون، جگە لەوەش، نابێ زێدەرۆیی لە دەستەلاتی میرنشینەکان بەسەر خێڵەکاندا بکرێ ل١٧٤. میرنشینەکان بەرای نووسەر، کە پەیدابوون جێگەی خێڵەکانیان نەگرتەوە، بەڵکو هەردووکیان پێکەوە ژیان و دەرکەوت، کە خێڵ لە هەلومەرجی سیاسیی سەخت و ئاڵۆزدا توانای زێتر مانەوەی هەیە.

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا، دوای پاشاگەردانیی بنەماڵەی میرەکان، ستروکتورای خێلایەتی هاتە خانەی یەکەمی ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسییەوە؛ کوردستان پڕبوو لە ئاژاوە و بەرەڵلایی فیۆدالی و خێڵەتی، بەجۆرێک کە ملکەچکردن و بەرێوەبردنیان تەنانەت لە دەسەلاتی تورکیاو ئێرانیشدا نەبوو ل١٧٥.

لە بەشی چووارەمی ئەم کتێبەدا، کە بۆ ستروکتورا (هەیکەل)ی کۆمەلایەتیی میرنشینەکان تەرخانکراوە، نووسەر سەرنجی ئەوەی داوە کە لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆگی لەسەر کورد دەمێک نییە سەری هەڵداوە و لێکۆلەرەوانیش زۆر بە ئاسایی رێکخراوە کۆمەلایەتییەکانی کوردەوارییان بەسەر دوو بەشدا بەشیوەوە ــ خێلایەتی (تریبالی) و ناخێلایەتی (ناتریبالی) و بەلای

ئەوانەوە دوو توخمی سۆتسیوومی کوردی پێکدێنن. لەم ڕووەشەوە، نووسەر دەکەوێتە دەمەتەقێیەکی تیۆریی قووڵەوە لەگەڵ زانا و لێکۆڵەرەوانی بەناوبانگی وەکو نیکیتین، ڤیلچێڤسکی، بارت و ڤان بروینسن هیترەوە نووسەر دەڵێ: جیاوازیی لە ڕەسەنی ئێتنیکیی ئەوانەی «سەرخان» ـ واتە خێڵەکان و ئەوانەی «ژێرخان» واتە بێ ئێنتیمای خێڵەتی تەنانەت کەوتبووە ناو کارەکانی ناودارترین کوردناسی سۆڤیەتی ئۆ.ڤیلچێڤسکیشەوە. لە ڕاستییدا بۆچوونی ئەم دەربارەی فیۆدالیزمی کورد هەر لەمەوە دەستیپێکردووە، چونکە بەڕای ئەو، هاوپەیوەندیی فیۆدالی لە کوردستاندا لە نێوان سەرکردەی بنەماڵەی خێڵە کۆچەرەکان و خەڵکی جێنشینی پیشەکشتوکاڵ هەر لەو ناوچانەدا گەشەیسەندبوو. بە قسەی ڤیلچێڤسکی «هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدەش، کوردەکان لەلایەنی ئابوورییەوە، ئەو بنەمایەیان دانەمەزراندبوو کە دەرەبەگ بتوانێ زۆر پشتی پێ ببەستێ» ل١٧٧.

هەرچی فریدریک بارتە، ویستوویەتی شۆرەت و ناوداری بکات بە نیشانەدەری پلە و پایەی کۆمەڵایەتی لە کوردەواریدا. بەڵام ڤان بروینسن و مینتەشینشڤیلی لە دابەشکردنی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردەواریدا ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیان بەلاوە بایەخدارتر و سەرەکیتربوو و تا ستروکتورە کۆمەڵایەتییە چینایەتییەکان.

دەمەتەقێیەکەش زێتر لەگەڵ بارتدایە یی.نی ڤاسیلیێڤا، بەپشتبەستن بەو زانیاری و زاراوانەی لە دەستنووس و فەرهەنگی ئەردەڵانیاندا هەیە، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە: «نەجیبزادەیی» مەرج نییە سەر بە چینی دەسەڵاتدار بێت، هەروەها بۆ نەجیبزادەیی تەنها دەوڵەمەندیش بەس نییە. بۆ ئەمەش، نووسەر نموونەی کوڕە گەورەی ئەمانوڵلاخانی یەکەم دەهێنێتەوە کە نەیتوانی جێگەی باوکی بگرێتەوە، چونکە لە دایکەوە «ڕەسەنی نزم بووە» ـ واتە دایکیشی وەکو باوکی نەجیبزادە نەبوو. لە کۆمەڵگای کوردەواریدا نەجیبزادەیی تەفسیرێکی قانوونیی نەبوو، سەر بە نەجیبزادەبوون Nobilis هوشیاریی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات نەک قانوون. ئەگەر چی نووسەر دەڵێ نەجیبزادەیی کورد لە ڕووی تیۆرییەوە توێژالێکی داخراو و دوورە پەرێز نەبوو، بەڵام ڕوونیشیدەکاتەوە کە لە پراکتیکدا لە هەموو توێژالێکی کوردە فیۆدالەکاندا دەتوانین بنەماڵەی نەجیبزادەی وا دەستنیشان بکەین کە بۆ ماوەی چەند سەدەیەک دەسەڵاتیان گرتۆتەدەست. جا نووسەر لەمەوە دەگاتە ئەوەی کە ستروکتورای بنەماڵەیی، لە خانە کۆمەڵایەتییەکانی هەرەبەرزدا، بە ناوی ڕەسەنی بەرزەوە دەرگای توند داخرابوو

هەواڵنامەی کتێب

ل.١٨٠. هەر لەم بوارەشەوە نووسەر دەچێتە ناو ئەو هۆیە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی وایان لە کەسان و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان کردووە کە رەسەنی خۆیان بەرنەوە سەر کەسان و بنەماڵەی ناوداری وەکو: ساسانی، عەباسی، پێغەمبەر و هی تر. هەر بە پەیوەندیی بەم باسەوە نووسەر ئاماژە بۆ بێ بنچینەیی ئەو لێکۆڵینەوانە دەکات کە پشت بە چیرۆک و گێڕانەوەی ئەم جۆرە گینیالۆگیایانە (شجرة العائلة) دەبەستن بۆ روونکردنەوەی رەسەنی و نەژادی کورد بەگشتی، وەکو، بۆ نموونە، گ.ب.ئاکۆپۆڤ. ل.١٨١.

دوای ئەمە، نووسەر دەچێتە سەر شیکردنەوەیەکی وردی ئەو زاراوە کۆمەڵایەتی و چینایەتییانەی کۆمەڵگای کوردیان بەسەر چەند بەش و نیوەبەشدا دابەشکردووە، وەکو: میر، ئاغا، بەگ، بەگزادە؛ لەقەبی سیاسی و دەوڵەتی – سوڵتان، پاشا؛ لەقەبی ئایینی – مەلا، عالیم، سەیید، شێخ، مورید، نووسەر بە روونی بایەخ و دەوری هەریەک لەمانەی نیشانداوە لەم دوو میرنشینەدا.

لە ئەنجامدا یی.ئی.ڤاسیلیێڤا کورتەیەکی بۆچوونەکانی خۆی لەم بەشەدا دەخاتە روو: میرنشینەکانی ئەردەڵان و بابان ستروکتورای کۆمەڵایەتیی تەواویان هەبووە، ئەوەی کە ناتوانرێ سەبارەت بە خێڵە کۆچەرەکان بگوترێ – میرنشین و خێڵ، هەردووکیان پێکەوە، شێوەی سەرەکیی کامڵبوونی کۆمەڵایەتی – سیاسیی ئێتنۆسی کوردی بوون لە ماوەی مەبەستی نووسەردا. ل.٢١٠.

یی.ئی.ڤاسیلیێڤا بەشی پێنجەمی کتێبەکەی بۆ رەوشی ئایدیۆلۆگی داناوە و بە دوو دێڕ شیعری شەرەفخانی بەتلیسی دەستیپێکردووە.

ئینجا نووسەر دەڵێ: هێزی راستکردنەوە، پەروەردەکردن و زیندووکردنەوەی وشە، ئەرکی یەکەم و سەرەکیی داڕشتووە، کە ئەویش – ئیلهامە. وشەی «ئیلهام» لە کوردەواریدا بانگاشە بۆچی دەکات و پشتی بەچی بەستووە، نووسەر هەوڵدەدات لەسەر بنچینەی ئەو کۆمەڵە ئینیایانەی لە میرنشینەکانی ئەردەڵان و باباندا زاڵبوون وەڵامی ئەمە بداتەوە.

سەبارەت بە رۆڵی ئایین، کە بەشێکی گرنگی ئایدیۆلۆگیای ترادیسیۆنی کوردانە، نووسەر دەڵێ، کەوا هۆشیاریی کۆمەڵایەتی سیمایەکی ئایینی هەیە، ئەوەش دەبێتە زەمینەیەک بۆ لێکجیانەبوونەوەی پرۆسەکانی ئیدولۆگی و کۆمەڵایەتی – سیاسی هەتا رۆژانی ئیمرۆش. دوای ئەوەی نووسەر دەوری یەکەم و سەرەکیی فیکری ئیسلامی لەناو سیستێمی فیکری ئایینەکانی کوردەواریدا دەردەخات و ئەوە روونەکاتەوە کە ئیدیۆلۆگیای ئیسلامی زاڵ و بەرکەماڵە، زووش بەرپەرچی ئەو رایانە دەداتەوە گوایە

هەواڵنامەی کتێب

کوردەکان موسڵمانی خراپن، واتە هەر بە ناو موسڵمانن، یان ئیسلامەتی کوردان جێگەی باوەڕنییە و شتی لەم بابەتە!

ئیسلام، وەکو ئایینی دەسەڵاتداری کوردستان، بە قسەی نووسەر، تەنها هەر دەسەڵاتی تەواویی فیکری ئایینی ـ ئیدیۆلۆگی دیاری نەکرد، بەڵکو، وەکو هەموو ئایینێک، ڕووە و تەقدیس‌کردنی دەسەڵات و دەست پێوەگرتنیەوە بوو. دوای کورتە گەڕانێک بە ناو دوگما و عەقیدە سەرەکییەکانی ئیسلامدا بەگشتی، نووسەر دێتە سەر چۆنیەتیی سەر هەڵدانی تەریقەت و سۆفیزم لە کوردستاندا و بە کاریگەرێتیی دوو فاکتەری ئیدیۆلۆگیی ئیسلامەوەی دەبەستێتەوە ـ بانگەواز بۆ ملکەچبوون و سزای پاداشدانەوەی «وەهمی» .... ئینجا نووسەر دەڵێ، کە لە کوردستاندا بەهۆی پارچە پارچەیی سیاسی و نەبوونی مەڵبەندێکی بەهێزەوە، کە بتوانێ پرۆسە سیاسییەکان بەرەو ڕێچکەیەکی هاوبەش بیات، زەمینەیەکی لەبار بۆ بڵاوبوونەوەی فراوانی زوهدی ئیسلامی ڕەخسا و سیستێمی سۆفیزم، بەقسەی ئیدمۆندز، بوو بە ئایینی جەماوەری کوردان. ئینجا، نووسەر دێتە سەر باسی تەریقەتە سۆفییەکانی کوردستان و پێش هەمووشیان تەریقەتی قادری و نەقشبەندی و ژیان و چالاکیی ناودارەکانیان باس دەکات.

سەبارەت بە دەور و جێگەی مەولانا خالیدی نەقشبەندی لە ئیدیۆلۆگیای کوردەواریدا، یی.ئی.ڤاسیلیێڤا دەڵێ کەوا ئەم بۆ ڕابەرایەتیی ئیدیۆلۆگی دوو بنچینە سەرەتاییەکەی هەبوو: یەکەم لە دایکەوە سەیید بوو و، دووەمیش، پلەی مەلایەتیی هەبوو. بەڵام بۆی دەرکەوت هەر ئەوەندە بەس نییە، بۆیە ڕووی‌کردە سۆفییەت و گەڕان بە دووای حەقیقەتدا، دوای بەراوردکردنێکی تەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندی و نیشاندانی لایەنەکانی جیاوازی و هاوبەشیان، نووسەر لە لاپەڕە ٢٢٦دا دەڵێ، کەوا ڕەوشی ئیدیۆلۆگی لە ئەردڵان و باباندا، هەروەکو لە هەموو کوردستاندا، تەنها بۆ فاکتەری ئایینی ناگەڕێتەوە، هەر چەند فاکتەری سەرەکیشە. ئایین لە ئیدیۆلۆگیای کورداندا هەمیشە لەگەڵ فاکتەری ترادیسیۆنی تردا هاوبەشی‌کردووە، وەکو فیکر و نەریتی گیانی، ئەخلاق و پێوەرەکانی تری ژیان کە لە ماوەی چەندین سەدەدا دروستبوون. شان‌بەشانی خوا،کوردەکان پشتیان بە خووو داب و نەریتی، وەکو وەسیەت و گفتی باو و باپیران دەبەست، کە لە ماوەیەکی دووروودرێژدا چەسپابوون و بە چاوی ڕێزەوە سەیرکرابوون.

ترادیسیا، ئەو توخمە چەسپاوەی هوشیاریی کۆمەڵایەتی، هەروەکو ئایین،

هەموو ژیانی کۆمەڵایەتیی گرتبووە: هەر ئەم دوو ئینستیتووتەی ئیدیۆلۆگیا، واتە ئایین و خوو و داب نەریت، دەیانتوانی کار بکەنە سەر هوشیاریی کۆمەڵایەتی و عەفەوییەت لەناوببەن ل٢٢٦.

هەڵسەنگاندنی دەوری هۆکاری تەقالیدی ماوە و باوی ژیانی کورد، بە رای نووسەر، لەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسییە هەمیشە لەق و پڕ شەڕ و ترادیژیاییە لەبن نەهاتووەدا، کە کوردەکان لەماوەی ئەو هەموو سەدەیەدا، تیایدا ژیاون ـ کارێکی سەخت و زەحمەتە. لەم بارودۆخەدا هەموو ئامانجەکانی ئیدیۆلۆگی و ترادیسیۆنی ملیان بۆ تاقە ئەرکێکی سەرەکی دانەواندبوو، ئەویش مانەوە و خۆڕاگرتن‌بوو. کۆمەڵگای کورد تەنها بەرێگەی خۆ رێکخستنێکی ترادیسیۆنی توند و تیژی هەموو ژیانی کۆمەڵایەتی توانیویەتی ئەم ئەرکە ئەنجام بدا و وەکو رێکخراوێکی کۆمەڵایەتی خۆی بپارێزێ.

سەبارەت بە رەوشی ئیدیۆلۆگی و بنچینەکانی لە ئەردەڵان و باباندا، نووسەر، دوای هێنانەوەی نموونە و رووداوی زۆر دەگاتە ئەو ئەنجامە: ئەگەر ئیدیۆلۆگیای رەسمیی بابانەکان لەسەر بنەڕەتی هاوکاریی خێڵایەتی دامەزرابوووبێت ئەوا هی ئەردەڵان، پێش هەموو شتێک، پشتی بە دێرینیی بنەماڵەی دەسەڵاتدار و مێژووی رابووردووی بەستبوو.... جا کاتێک ساڵانی ٣٠ و ٤٠ی سەدەی نۆزدە کە خوسرەو خانی ناکام کچی شای هێنا، لە کۆشکی میری ئەردەڵاندا «بێگانە» جێ‌پێی خۆیان‌کردەوە‌ئەوانەی بە فارسی دەدوان»، هەر ئەوساکەش خوسرەوی کوڕی محەمەد و ماهشەرەفخانمی کوردستانی بەرهەمەکانی خۆیان نووسی و زنتریش بۆ ئەوەبوو تا هەستی نیشتمانیی خەڵکی ئەردەڵان بجووڵێنن و بەرامبەر بە «بێگانان» بووەستن. ل٢٣٤

ئێتیکێت و داب و نەریت و چۆنیەتیی رەفتار و هەڵسوکەوتیش پەیوەندیی بەهێزی بە رەوشی ئیدیۆلۆگییەوە هەیە. شایانی سەرنجە کە نووسەر، لەم رووەوە، دەقێکی نووسینی ئەکادیمیک لیخاچۆڤی هێناوەتەوە لەمەڕ رووس و وەکو فاکتێک بۆ کوردیش دەشێ. لیخاچۆڤ گوتوویەتی: «لە فیۆدالیزمدا، بەهۆی نەبوونی دەوڵەتێکی مەرکەزییەوە، ئێتیکێت کاریگەریەتیی ئیدیۆلۆگیای دەبێت. کەچی لە دەوڵەتی مەرکەزیدا کە سەرخانێکی سیاسی بەهێزی هەبێت، ئێتیکێت ئەو دەورەی نابێت، چونکە دەوڵەت شێوازی جۆراوجۆری مل پێ کەچکردن و ناچارکردنی ئاشکرا و راست و رەوانی هەیە». ئەوەش، بەقسەی یی.ئی.ڤاسیلییڤا، کتومت بۆ کوردان دەشێ، هەرچەندە ئێتیکێت تەنها بەشێکی،

هەواڵنامەی کتێب

ئەگەر چی زۆر گرنگی، کۆمەڵە ئینستیتووتی ترادیسیۆنییە. ل٢٣٥

دەربارەی پەیوەندیی هاوبەش و کارلەیەککردنی دوو فاکتەری گرنگ ـ ئایین «سۆفیزم» و خێڵایەتی «تریبالیزم»، نووسەر چەند نموونەیەک دەخاتە ڕوو وەکو شێخ مەحموودی بەرزنجی و مەلامستەفای بارزانی، کە هەرچەند پیاوی ئایینی و سەرکردەی سیاسی بوون بەڵام هەموو خێڵەکان پشتگیرییان نەکردن کەواتە، بە رای نووسەر، سۆفیزم نەیتوانی ببێت بە تاقە ئیدیۆلۆگیا و ئاوێیوی تخووبی خێڵەتی ببێ. ل٢٣٩

لەکۆتایی ئەم بەشەدا، پی.ئی.ڤسیلینیڤا، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە دڵسۆزیی خەڵکەکە بۆ سەرکردە ئایینی و خێڵەکییەکان لە کوردستاندا ئەوەندە بە هێزبوو کە، دوای تیاچوونی میرنشینەکانیش، توانیان سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کوردایەتی بۆ سەربەخۆیی بگرنەدەست. بەڵام ئیدیای یەکێتیی سیاسی کوردستان و لەهەمان کاتدا سەر بە خێڵ و شێخ بوون، رەوایانە ڤان برویینسن گوتەنی، ناچار دوو هەستی بەهێزی دژ بە یەک Ambivalent لای مرۆڤ پەیدادەکا: «ڕکەبەرایەتی و پێشبڕکێی سەرکردە تەقلیدییەکان ڕێگە لە یەکێتی راستەقینە دەگرێ».

کەچی ئەم فاکتە، بە رای نووسەر، بەڵگەی ئەوە نییە، کە ئیدیای هاوکاریی پشتگیریی نەتەوەیی، وەکو ڤان برویینسن بۆی چووە، هێشتا نەبۆتە هێزێکی کۆکەرەوە. ئیدیای خێڵایەتی، رەنگە، هێشتا لەناو بۆتەی خەباتی نەتەوەیی و سەربەخۆییدا بە تەواوی نەتوابێتەوە. بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، ئیدیای سەربەخۆیی نەتەوەیی لای کوردان، لەناو کۆمەڵی ئیدیای باودا، جێگەی سەرەکی گرتووە و ئەوەش، وەکو نووسەر پێی لەسەر دادەگرێ، دەمەتەقی هەڵناگرێ. ل٢٤٠

نووسەر لە لاپەڕەکانی ٢٤١-٢٤٥دا کورتەی ئەو ئەنجامانەی خستوتە ڕوو کە لە لێکۆڵینەوەکەیدا بەگشتی پێیان گەیشتووە:

- میرنشینەکانی ئەردەڵان و بابان، هەروەکو ئەمارەتە کوردییەکانی تریش، ڕێکخراوی دەوڵەتیی بوون و هەموو ستروکتوورایەکی پێویست بۆ ئینستیتووتی دەوڵەت تیایاندا هەبووە. تەبەعیەتی ئەمانە بۆ تورکیا و ئێران ڕێگەی ئەوەی نەگرتبوو کە میرەکان لە ناوچەکانی خۆیاندا سەرکردە و خاوەنی راستەقینەی زەوی بن. ئەردەڵان، بابان،هەکاری و بۆتان بۆ ئەوەکانی دواتر بوون بە سیمبۆلی دەوڵەتی کوردی.
- ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووریی میرنشینەکان نەدەچووە ناو چووارچێوەی سیستێمێکی دەرەکی، بەڵکو بە پێی یاساکانی پشت بەخۆبەستن و خۆژامن کردن بەڕێوە دەچوون.

هەواڵنامەی کتێب

– لەبەر ڕۆشنایی هەلومەرجی کوردستاندا چەوتی و بێ بنچینەیی ئەوە دەرکەوت کە ئاژەڵبەخێوکردنی کۆچەری لە کشتوکاڵ و خەڵکی نیشتەجێییەوە جیابکرێتە و بەم بۆنەیەشەوە ئەوەی یەکەم بە ئاستی نزمی گەشەسەندنی هێزی بەرهەمهێنەر و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە قەڵەم بدرێ. لە کوردستاندا بەگشتی و لە ئەردەڵان و بابانیشدا بەتایبەتی هەردوو ئەم چالاکییە ئابوورییە پێکەوە لە ستروکتووری ئابووریدا یەک ئاڵقە بوون.

– سیستێمی پشتبەخۆبەستن و خۆزامنکردنی سەربەخۆ، لەم دوو میرنشینەدا، لایەنی کۆمەلایەتی و سیاسیشی گرتەوە و ئەو ستروکتوورانەی ئەم ئەرکەیان بەجێ گەیاند ـ میرنشینی و خێڵ بوون.

لە کوردستاندا بەگشتی پرۆسێسەکانی کۆمەلایەتی و سیاسی بەرێگەی پەیوەندیی هاوبەشی توند و بەهێزی ئەم دوو ستروکتوورایە بەڕێوەدەچوون. نابێ خێڵ و ئەمارەت لێکجیابکرێنەوە، هەموو میرنشینێک بە «قۆناغی خێلایەتی»دا تێپەڕیووە... و خێڵ، وەکو بڵێی، سنووری پارێزەری هەمیشەیی بووە و ڕێگەی هەڵوەشانەوە و ڕووخانی ستروکتوری کۆمەلایەتی و سیاسی بڕیووە.

لە لێکۆڵینەوەکاندا دەربارەی مێژووی نوێی کورد خێڵ بە «نەفرەتی مێژوویی کورد» لە قەڵەم دەدرێ. ئەگەرچی ئیدیۆلۆگیای خێڵەتی «تریبالیزم» هەمیشە بۆ لە ناوبردن و کپکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بەکار دەهێنرێ و ئەمە قسەی لەسەر نییە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا، خێڵ وەکو یەکێتییەکی ئێتنۆـکۆمەلایەتی و سیاسی لە بنەڕەتدا گەلێ دیالیکتیکانە و پلاستیکییە.

– دەتوانین میرنشینەکانی ئەردەلان و بابان وەکو یەک ناوچەی ئابووری – کولتووری سەیربکەین. خێڵە کۆچەرەکان هیچ بایەخێکیان بۆ سنوورەکانی ئێران و تورکیا و ئەردەلان و بابان دانەدەنا. هەموو گۆڕانکارییەکی ڕەوشی سیاسی و سنوور و ڕووبەر لەبەردەم کۆچەر و ئاژەڵبەخێوکەراندا دەستەوسان و بێهێزبوون.

– نە ئەردەلان و نە بابانیش هەگیز نە بوون بە ناوچەیەکی پەرگەی دەوڵەتی عوسمانی، یان ئێران، کوردستان هەر بە کوردستانی مایەوە. ل٢٤٥

لە کۆتایی ڕانانی ئەم لێکۆڵینەوە بەرز و پڕ زانیاری و سوودبەخشەی خاتوو ڤاسیلییڤادا دەڵێم، حەزم دەکرد ئاماژە بۆ گەلێ ڕا و بۆ چوونی بەپێزی تری نووسەر بکەم، بەلام هەر ئەوەندە لوا. ڕاستیەکەشی هیچ دێرێک لەم کتێبە نییە شایانی ڕامان و لێ وردبوونەوە نەبێ، هەر چەندە هەندێ بۆ

چوونی نووسەر، لەگەڵ ئەوەیش کەبێ بنچینەنین، دەمەتەقێ هەڵدەگرن وەکو، سەبارەت بە خێڵ و دەوری ئێتنۆ-کۆمەڵایەتی و یان هەندێ زانیاری لەسەر مێژووی نوێی کورد پێداچوونەوە هەڵدەگرن.

لە کۆتاییشدا دەڵێم ئەم چەند لاپەڕەیە گەلێ دوورە لەوەی ناوەڕۆک و بایەخی تەواوی ئەم بەرهەمە بەنرخەی خاتوو ڤاسیلێیڤا نیشانبدات. ئەنجامدانی ئەم ئەرکە پیرۆزە، واتە گەیاندنی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بە خوێنەری کورد، تەنها بە وەرگێران دەبێ کە پێویستە ئەنجام بدرێ.

هەواڵنامەی کتێب

## مارتین ڤان بروینسن

# ئاغا وشێخ ودەوڵەت

بەرلین

١٩٨٩

٥٤١ لاپەڕەیە

بەزمانی ئەڵەمانی

رانانی فازیل کەریم ئەحمەد

پێنووسی من، هەرچی بکات، ناتوانێ شتێکی پووخت و شیا و لەسەر رادەی کوردناسی، رادەی زانایی، ماندووبوون و بەتەنگەوەهاتنی ئەم کورد ناسە گەورەیە دەربڕێت. ئەوەی ئەو بۆ ئێمەی کردووە قەرزێکی گەورەیە و بەم دەم ودەستە بە ئێمە نادرێتەوە. وەنەبێ بروینسن هەر ئەم کتێبەی نووسیبێت و بە بەردی ئیسراحەتەوە پاڵی دابێتەوە. هێشتا هەر بەئەوپەڕی گەرمییەوە چالاکە لەسەر لێتوژینەوە و گەڕان و خۆ هیلاک کردن. هەرچەند کورد بەختی یار نەبووە بتوانێ چووار پێنج زانای وا لەئامێزبگرێ و ئەو لە بواری تردا سەرقاڵە و رەنگە هەروا بەئاسانی نەیەڕژێتە سەر گێرمەوکێشەی کوردان. ئێستاش کە لە جاکارتایە و لە زانکۆی ئەوی دەرس دەڵێتەوە، بەلام بابەتە خۆشەویستەکەی خۆیی فەرامۆش نەکردووە و هەر جارێ شتێکی نوێ لەسەر کۆمەڵ و پۆلەتیک لە کوردستاندا بلاودەکاتەوە. جاری واهەیە بەرامبەر نووسینەکانی ئەو مرۆڤ تووشی رامان دەبێ، سەبارەت ئەو بابەتە نەزانراوانەی ئەو دەیاندۆزێتەوە. هەر بۆ نموونە کێ هەیە نێوی ئیبراهیم کوردی ئەلشەهرەزووری و جەعفەر بەرزنجی بیستبێت، کە زانایانی ئایینی ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەن و لە مەدینە قوتابی ئەندەنووسیان هەبووە و لە رێگەی ئەمانەوە نووسین و شێوەی تەسەوفی ئەوان لە ئەندەنووسیا بلاوبۆتەوە؟

گرنگیی کتێبەکەی بروینسن لەوەدا نییە، رۆژ هەلاتناسێک لەسەر کورد لێکۆڵینەوەیەکی خەست و خۆڵی نووسیبێت. رێکەوت رێنیشاندەری ئەو بووە، لە خوێندکارێکی

بەشی فیزیک و زانستی سرووشتییەوە لە دەورووبەری ١٩٦٧ وە خۆی هاویشتۆتە نێو جەنگەی کۆڕی دەروێشان و دیوەخانی ئاغایان و دەستەی پێشمەرگە و کۆبوونەوەو ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. مارتین هەر بەسەر چاوەی هۆڵندی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەرەنسی دڵی ئاوی نەخواردۆتەوە، فێری عەرەبی و فارسی و تورکی و کوردیش بووە، هەر بۆ ئەوەی بتوانێ بەقووڵی فیزیکزانێک بۆ ناخی دەروونی کۆمەڵی کورد شۆڕبێتەوە، لە شێوەی پێکهاتن و پەیوەندییە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و کولتوورییەکان بەوردی تێ بگات و ئەنجامی بابەتی وەدەست بهێنێ. کە دوودڵی و پێنج و شەشی لەسەر نەبێ.

ئەم کتێبە (٥٤١) لاپەڕەیە و بۆ زمانی ئەڵمانی وەرگێڕدراوە، بەڵام لەبنەڕەتدا نامەی دکتۆرا بووە و بە ئینگلیزی نووسراوەو ساڵی ١٩٧٨ پێشکەشی زانکۆی ئووتریشت (هۆڵندا)کراوە.

دەقە ئەڵمانییەکەی نووسەر خۆی پیاچۆتەوە و پێشەکی و سەرنجی نوێی بۆ نووسیوە.. بۆ بە ئەنجامگەیاندنی پرۆژەی نووسینەکە، بروینسن چەند جارێک سەری کوردستانی داوە و لە نزیکەوە پشکنین و لێپێچانەوەی فراوانی کردووە و لەگەڵ کەسانێک دانیشتووە کە زۆر لەنزیکەوە ئاگاداری ڕووداوە سیاسییەکانی ناوەڕاستی بیستەکانی کوردستانی باکوور بوون، وەکو مەمدوح سەلیم و مەلاحەسەنی هۆشیار..هتد.

کاتی هەرەسی ١٩٧٥ لە کوردستانی باشوور بووە و بە چاوی خۆی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەی بینیوە و دەنگی زۆر لە بەشدار بووانی ڕووداوەکەی تۆمار کردووە. بۆ زانینی ژیانی کولتووری و ئاینیش، هەر بەوە نەوەستاوە چاوێک بە نووسینەکانی مینۆرسکی و نیکیتین و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسدا بگێڕێ، بەڵکوو ڕووی کردۆتە تەکیەی شێخان و خانەقای سۆفییان لەهەر کوێیەک بووبن و لە نزیکەوە لە گەڵیاندا دواوەو زانیاری وردی لەسەر کۆکردوونەتەوە..

کتێبەکەی (ئاغا وشێخ ودەوڵەت) پێکهاتووە لە شەش بەشی سەرەکی و شەست لاپەڕە تێبینی و چواردە لاپەڕە سەرچاوە و چەندین وێنەی جۆراو جۆر.. هتد.

١- زانیارییەکی گشتی دەربارەی کوردستان.

٢- عەشیرەت، سەرۆک عەشیرەت، گرووپی بێ عەشیرەتەکان.

٣- عەشیرەت و دەوڵەت.

٤- شێخ: سۆفییەکان، زاتە پیرۆزەکان و سیاسییەکان.

٥- ڕاپەڕینی شێخ سەعید.

٦- سەرنجی کۆتایی.

داوودەزگای عەشیرەت شوێنێکی بنەڕەتی لە هەموو کتێبەکەدا گرتۆتەوە ل(٥٩- ١٦٣). لەم ڕووەوە ئەو شێوەی کلاسیکی

هەواڵنامەی کتێب

ڕۆژهەڵاتناسەکانی دووبارە نەکردۆتەوە، تەنیا لە دیوی دەرەوەوە ئەم دیاردەیە ببینێ و چۆنیتی سەر هەڵدان و پێکهاتن و دەرکەوتن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەلاوەنێ. بەپێچەوانەوە، لەسەر بنچینەی بەراوردکردنی چەندین هۆز و عەشیرەت و خێڵ و بنەماڵە، هێڵە سەرکییەکانی گۆڕان و گەشەکردنی ئەم ئینستیتووتەی Institution نووسیوە، هێزە بزووێنەرەکانی دەستنیشان کردووە و تیشکدانەوەی لە ژیانی سیاسیدا ڕوونکردۆتەوە.

لەم کتێبەدا بەدوورودرێژی باسی داوودەزگای میرنشین کراوە و پەیوەندیی نیوان عەشیرەت و میرنشین و دەوڵەت خراوەتە بەرچاو. چۆن میرنشینەکان بەراستەوخۆ لەبن کارتێکردنی ئەو ئیمپراتۆرییەتانەدا بوون، کە خاکی کوردستانیان داگیرکردبوو.

بایەخێکی زۆریشی داوە بە دەوری ئایین لە کوردستاندا و بەتایبەتی شێوەی پێکهاتن و بڵاو بوونەوە و چالاکیی تەریقەتی قادری و نەقشبەندی و لق پۆپەکانیان (شێخانی تەوێڵە، بارزان، شەمدینان.. تاڵەبانی و بەرزنجی و کریچنە ..هەقە ..هتد). بەوردی باسی زۆر زاراوەی تەسەوفی کردووە وەکو تەریقە و مورشید و مرید و کەرامات .. هتد. بە فراوانیش باسی ئەو شێخانەی کردووە کە سەرکردایەتیی ڕاپەڕینی‌سیاسیی چەکداریان کردووە وەکو شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحموودی حەفید و شێخانی بارزان ..

بروینسن بۆ تێگەیشتن و لێکدانەوەی هەڵس و کەوت و ڕەفتاری تاک و کۆمەڵی خەڵکی کورد، پەنای بردۆتە بەر «تێزە» کەی حەمزە عەلەوی کە نووسەرێکی پاکستانی بەناوبانگە و بە «لایەنگریە بنچینەییەکان - Primordial Loyalties» یا لایەنگری بنچینەیی نێوی ڕۆیشتووە. مەبەستیش ئەوەیە پەیوەندیی نێوان دەستەیەک وەکو پەیوەندی خزمایەتی و عەشیرەتایەتی، زاڵدەبێ بەسەر بەرژەوەندیی تایبەتی و چینایەتیدا. جووتیارە هەژارەکان کە ناکۆکی و دوژمنایەتیی چینایەتیان لەگەڵ سەرەک هۆز و بەگزادەکاندا هەیە، دوای «براگەورە» و «ریش سپی» دەکەون، بەبێ سەیرکردنی هەڵوێست و بۆچوونی نەتەوایەتی و سیاسی و نیشتمانی ئەو سەرەک عەشیرەتە. هاتە ناو شۆڕشەوە هەردوای دەکەون و ئەگەر دژی شۆڕشیش وەستا هەر لەتەکیدان. تەنانەت بۆ جێبەجێکردنی یاسای ڕیفۆرمی کشت و

هەواڵنامەی کتێب

کاڵ پشتگیری شێخ و ئاغاو خاوەن موڵک دەکەن، نەک بەرگری لە مافی چینایەتی بکەن .. هتد ل١٦. (ئەز لە شوێنێ تردا کەم و کووڕییەکانی ئەم تێزەیەم روونکردۆتەوە).

بروینسن ئاماژەی بۆ دیاردەیەکی تری نێو کۆمەڵی کوردی کردووە، کە بوونی دوو دەستەگەری، دووبەرەکی، دوو بەرەییە لە گوند و شارۆچکەکانی کوردستاندا «Konzeptionellen Dichotomie». ئەو هەر بۆ نموونە میرنشینی هەکاری دەهێنێتەوە، کە عەشیرەت و هۆزەکان بەسەر دەستە راست و چەپدا دابەش ببون. لە هەر بەشێکدا کۆنفدراسیۆنێکی عەشایەری پێکهاتبوو. ئەرتووش لەرۆژاوا و پنیانش لە رۆژ هەڵات بووە. تیرە و تایەفە و عەشیرەتە چکۆڵەکانی ئەم ناوەیەش، هەر یەکەی خۆی بە لایەکیانەوە گرێ دابوو .. میر خۆی سەر بەهیچ لایەک نەبووە، بۆ مانەوەی دەسەڵاتیش، لە سەر تەنافی گەمەی سیاسی، ناکۆکی و ئاشتکردنەوە. پشتگیری و پشت بەردان نیش وکاری بەرێوەچووە..

ئەمرۆش پاش تێپەڕ بوونی ١٣٠ ساڵ(*) لە دەرکردنی دوا میری هەکاری، هێشتا ئەم دوو بەرەکییە هەر بەردەوامە. بەتایبەتی لە کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی تورکیدا دەردەکەوێ: بۆ ناوچەی هەکاری یەک نوێنەر دانراوە. پنیانش و ئەرتووش هەر یەکەیان هەڵبژێردراوی خۆیان دادەنێن، بەنێو یەکێک لەو پارتییە تورکانەی لیستەی هەڵبژاردنی خۆیان بۆ پەرلمان هەیە .. هتد ل ٩٤.

نووسەر بایەخێکی گەورەی بە "شەرەفنامە" داوە و بە فارسیش خوێندوویەتییەوە و زانیاریی مێژوویی و کۆمەڵایەتی سەیریشی لێ هەڵێنجاوە. هەرچەند دەیتوانی وەرگێڕانە فەرەنسییەکەی بخوێنێتەوە و خۆی لە ئەسپە رێی شاخێکی هەزار بە هەزار بپارێزێ. بەمەشەوە نەوەستاوە سەرچاوەی ئەرمەنی بەکار هێناوە، کە لە هەمان سەردەم ورووداو دواون، کە شەرەفخان تۆماری کردوون. رەنگە بروینسن یەکەمین کەس بێت، کە لە گرینگی شەرەفنامە بۆ کۆمەڵناسی گەیشتبێت و بۆ نووسینەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی ئەو کاتە نەیتوانیبێت دەستبەرداری ببێت.

بروینسن بە پێچەوانەی مێژوونووسە کوردەکانەوە بە وردی و بابەتییانە هۆی لایەنگیریی میرنشینە کوردەکانی بۆ دەوڵەتی عوسمانی و دژایەتی دەوڵەتی سەفەوی، روون کردۆتەوە، کە مەلا ئیدریسی بدلیسی ئەندازیارەکەی بووە. مێژوو نووسە کوردەکان بە ناهەق و ناڕەوا تاوانی خیانەت و

(*) ـ مەبەست لە «ئەمرۆ» روون نەکراوەتەوە، ساڵی نووسینی کتێبەکەیە (١٩٧٨) یا ساڵی بلاوکردنەوە وەرگێڕانەکەیەتی(١٩٨٩).

ناپاکیان خستۆتە ئەستۆی ئەو، بەبێ لێکۆڵینەوە و سەرنجدانی بارو دۆخی ئەو قۆناخە. هەر بۆ نموونە سەفەوییەکان بەزەبروزەنگ ، پەلاماری سوپایی بیست میرنشینی کوردیان داگیر کردووە و بنەماڵەی میران و چینی ئۆروستۆکراتیان دەرپەڕاندووە و کابرایەکی قزڵباش لە جێگەی هەر میرێک دانراوە. باشە ئاغا و میرەکوردەکان لەو سەردەمەدا چییان بکردایە، رازی بوونایە بە (de facto) ولە «دووەرولاتی» بمردنایە، یا پشتیوانیکی بەهێزیان بدۆزایەتەوە و هێزی داگیرکەریان راماڵیبایە؟ کەس بەلای ئەوەشدا نەرۆیشتووە، سوپای ئاق‌قۆینلۆ و قەرەقۆینلۆ چ کارەساتێکیان بەسەر کوردستاندا هێناوە وچۆن - بەگوێرەی قسەی شەرەفخان - ویستوویانە بنەماڵە گەورەکانی کوردستان تەفروتوونابکەن و لە نێوانیان بەرن.. هتد ل.١٨٠-٢٢٠ بروینسن لە روانگەی رووداوەکانی سەرەتای سەدەی ١٦ وە هەڵوێست و کاری مەلا ئیدریسی بدلیسی دەسنیشان کردووە، نەک کردەوەکانی ئەوگە چووارچێوەی مێژوویی بترازێنێ و بە چاویلکەی بارودۆخی سیاسی، و وشیاری ئەمڕۆوە سەیری رووداوەکانی چووار سەدە لەمەوپێش بکات.

ئەم کارەی بروینسن لە هەندێ هەڵە و کەم و کووڕی بەدەر نییە، وەکو هەموو کارێکی مرۆڤانە، کە بە لووتکەی کەماڵ ناگات. بۆ نموونە: ئەو سەنگ و مەحەکەی بۆ مەلا ئیدریسی بدلیسی بەکارهێناوە، پێچەوانەکەی بۆ مەلای خەتێ داماو بەکارهێناوە، ئەویش وەکو حوسێن حوزنی موکریانی رەحمەتی، رووخاندنی میرنیشینی سۆرانی یا راستر بنووسم خۆ بەدەستەوە دانی پاشا کۆرەی گێڕاوەتەوە بۆ فەتواکەی مەلای خەتێ ل ٢٧١. ئەم هەڵەیەش بە رای من لەوەوە هاتووە، کە نووسەر بە وردی دەوروشوێنی مەلا و زانا ئایینیەکانی لە داوودەزگای میرنشینەکاندا هەڵنەسەنگاندووە. ئەگەر ئەو دەسەڵاتی موتڵەق یا نیمچە موتڵەقی میر و دەسەڵاتی ئەدەبی لایەکەی تری لەتای تەرازوو دانایە، رەنگە بەم شێوەیە دووی قسەکەی فرایزەر نەکەوتایە. هەروەکو چۆن زۆربەی زۆری رووناکبیرانی ئەمڕۆی کورد دەست لە بەرۆکی قسەکەی موکریانی بەرنادەن.

یەکێک لەو شتانەی بەخەیالمدا نەدەهات، ئەوە بوو بروینسن بێ لێتۆژینەوە و لێپێچانەوەیەکی هەمە لایەنە، تاوانی دەست خستنە خوێنی ئەرمەنیان بخاتە پاڵ کورد. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە تا رادەیەک لە نێو رۆژهەڵاتناس و کوردناس وهەندێ نووسەری ئەوروپایی تریشدا باوە. هەر وەکو بڵێ کورد دەوڵەتێک یا دەسەڵاتێکی سیاسی هەبووە و بڕیاری کوشتنی گشتی و قەلاچۆی ئەرمەنیانی دابێ. ئەمە هەر وەکو ئەوەیە

هەواڵنامەی کتێب

یەکێک بیەوێ لایەنێکی بڕیار ساز decision maker بێبەری بکات ولایەنێکی هەڵخەڵەتاوو تێوەگلاو پێوە بکات. ڕەنگە گومان لەوەدا نەبێ کە هەندێ کورد دەوری جاشیان بینیبێ و بەشداریان لەو تاوانەدا کردبێت. هەروەکو چۆن لە ئەنفالەکاندا ڕژێمی فاشستی بەعسی بڕیاری قەلاچۆکردنی میللەتی کوردیدا و هەندێ جاشی خۆفرۆشیش بەشدارییان لەم جەریمەیەدا کردووە. ئیدی دەبێ ڕۆژ هەڵاتناس و نووسەر و ڕۆژنامە نووسە ئەوروپاییەکان گەلی کورد بە بڕیاردەرو تاوانباری ئەنفالەکان دانێن یا هەر تاوانێکی تر کە خەڵکی بەکرێگیراوی کورد کردوونی ؟! کارەساتی ئەرمەنییەکانیش پێویستە لەم چوارچێوەیەدا سەیربکرێ، نەک بە ئاوەژوو. ئەز دژی ئەوە نیم ئاماژە بۆ دەوری ئەو کوردانە بکرێ و نەک مەسەلەکە وەکو چەکێک بۆ دوژمنایەتیی گەلی کورد بەکاربهێنرێت .. ئەی بۆ کەس باسی بانگەواز و هاواری ڕۆژنامەی «کوردستان» ناکات و چاوی لە هەوڵ و تەقەلای هاریکاری و هاوخەباتی ڕۆژنامە و ڕێکخراوە کوردییەکانی سەرەتای ئەم سەدەیە نییە، کە بۆ یەکخستنی خەبات دژی دەوڵەتی عوسمانی هەوڵیان داوە؟

ئەم هەڵە وکەم وکووڕییانە هەر زۆر کەم و بێبایەخن لەچاو ئەو بابەتانەی لەسەرجەمی کتێبەکەدا باس کراون.

«ئاغاو شێخ ودەوڵەت» * پێویستە بکرێتە کوردی، بە مەرجێ وەرگێڕانێکی ئەمینی ورد بێت. خوێندنەوەی سوودێکی گەورەی هەیە بۆ تێگەیشتنی کۆمەڵی دوێنێ و ئەمڕۆی کورد. بەم کارەش مارتین ڤان بروینسن کۆڵێک قەرزاری کردووین و ئەمەکدار و پێزانینی ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکە.

(*) - Bruinessen, M. M. Van: AGHA, SCHEICH UND STAAT. Berlin. 1989.

# پێرست


* قەڵاچوالان و شوێنەوارەکانی . عەبدولرەقیب یوسف ........................................ ٣
* دابەشبوونی ئیداریی کوردستان . عەبدوڵڵا غەفوور .................................. ١٧
* هۆی درووستنەبوونی دەوڵەتێکی
سەرانسەری لە کوردستاندا . فازیل کەریم ئەحمەد ................................ ٣٦
* چەند لاپەڕەیی کە لە ژووری
ئوتێلێکدا دۆزراونەتەوە . ژاک پرێڤێر ...................................... ٤٢
* دێرێک وڵکۆت . فازیل جاف ...................................... ٤٧
* دەربارەی پێکهاتنی دیالێکتەکانی
زمانی کوردی . زاری ئوسپ ...................................... ٥٦
* دیموکراتییەت و پەرلەمان . محەمەد قەرەداخی ................................ ٧٥
* زمانە ئێرانییەکانی – هەڵەمووت و
ڕووباری هەڵەمووت و کوهپایە . د.ئیحسان یارشاتر ................................ ١٠٦
* ساڵنامەی بەهرە و ئازارەکانی
مارینا تسڤیتایەڤا . شیروان مەحموود محەمەد ........................ ١٠٤
* ئاهەنگە گەورەکەی لەندەن .................................................................. ١٣٣
* ڕاستیی سانا . کریس دوبورگ ...................................... ١٣٤
* کورتە لێکۆڵینەوەیەکی
مقاوەزاتەکانی شۆڕشی ئەیلوول . مەلا بەختیار ...................................... ١٣٦
* ڕانانی دوو کتێب –
کوردستانی خوارووی ڕۆژهەڵات . یی.ئی.ڤاسیلیێڤا ................................ ١٥٦
ئاغا و شێخ و دەوڵەت. مارتین ڤان بروینسن ................................ ١٧٧


هەواڵنامەی کتێب

# RUNAKBIRY

## A KURDISH CULTURAL MAGAZINE

Editor- in - Chief : Anwar Kader Muhammad
Editorial Board : Rashad Miran
Fadil Jaf
Fadil Karim Ahmad

هەواڵنامەی کتێب

**2**

DECEMBER 1992
STOCKHOLM